# دوماهنامەی بەیان

گۆڤارێکی دوومانگانەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە

مدیرمسئول و صاحب امتیاز: **د. اسماعیل مصطفی‌زاده**
شورای نویسندگان:
کوردی ژووروو: **عبدالکریم سروش (ئاریاس)، اوزال اسکندرزاده**
کوردی نێوەڕاست: **د. ابراهیم اسماعیل‌پور (شەماڵ)، پروانه احمدین**
**شیوا میرکی، قرنی امین‌پور، د. خالق جلیل‌نژاد، کریم رحمانی**
**علی محمودی (ئاودێر)، علیرضا محمدنژاد (دیار) ،نسرین کریمی**
کوردی هورامی: **داود غفاری**
کوردی‌کلهوری: **طاهر ویسی (کۆچەر)**
ویراستار کوردی نێوەڕاست: هۆمەر نۆریاوی
مدیر سایت: **امیر بیژنی** (www.beyangowar.ir)
طراحی و گرافیک: جلال محمودزاده، سیران بختیارپور
تایپ و حروفچینی: **آزاد اسماعیلی**

■ تکایە بابەتە کوردییەکانتان تەنیا بە فۆنتی یونیکورد و لە ڕێی بەرنامەی وۆردەوە بۆ «بەیان» بنێرن.
■ بابەتێک بۆ «بەیـان»ی دەنێرن، با لە هیچ گۆڤار و بڵاڤۆکێکی دیکەی کوردیدا بڵاو نەبووبێتەوە چونکە لێرە بڵاو ناکرێتەوە.
■ بابەتی وەرگێڕدراو، پێویستە سەرچاوە و دەقی زمانە سەرەکییەکەی دەگەڵ بێت.
■ ئەوەی لە «بەیـــان»دا بڵاو دەبێتەوە، ئاوێنەی بۆچوون و ڕوانینی نووسەرەکەیەتی.
■ گۆڤاری «بەیان» لە پێداچوونەوە، سڕینەوە و لابردنی هەڵە و پەڵە یان کورتکردنەوەی بابەتەکان، سەربەست دەبێت.

سەروتار/ شیوا میرەکی ٢
نالی دەگەڕێتەوە بۆ «خاک و خۆڵ»/هۆمەر نۆریاوی ٣
زمانی کوردی، زمانی زانست و یاسایە/فەرەیدوون سامان ٦
خاک و هونەر لە پەنجەکانی«خاتووزین»دا / شـەماڵ ئیسـماعیل‌پوور ٩
خاتووزین / مەسعوود ڕەحیمی ١١
موفیدە مەزهەر لەبەر ئاوێنەی زەمەندا/ زاهید ئارمی ١٣
پرتەقاڵەکەی کاکە زیادی حەماغای کۆیە / فازیل شـەورۆ ١٦
پرسی ژن لە ڕوانگەی پاسایی و سیاسییەوە / بەناز حدێ ساڵح ١٧
ژنە پێشڕەوەکانی کۆمەڵ / خەلیل عەبدوڵلا ئەحمەد ١٩
حاجی ژنی باغلووجە، کانیاوی شیفا / ئەمین گەردیگلانی ٢٣
لە هەگبەی بیرەوەریی ئەختەری ژیان /لەتیف عەلەوی ٢٥
خوێنەر لە ئاوێنەی مەرگی خوێنەردا / چیمەن سانیار ٢٦
کولسووم عوسمان‌پوور لەبەر ئاوێنەی ڕۆژگار / نەسرین کەریمی ٢٩
ژنی کورد و ئینتەرسێکشناڵیتی / چنوور فەتحی ٣١
ئافرەت و تیۆریی سیاسی / ناسک سەعید ٤٠
لە هەگبەی یادەوەرییەکان / ئامینە عەزیزی ٤٥
سلێمانیی جاران / ڕزگار خدر مستەفا ٤٨
مێجەرسۆن، (دوژمن)ێکی خزمەتگوزار! / ڕێبوار حەمەتۆفیق ٥٠
خاتوو شیرین جەهانگیری و ئافرەتی شنۆیی / زێنەب سەید لاهیجانی ٥٤
نووربەخشی / د.ئاراس محەممەد ساڵح ٥٦
لێکچواندن، گوڵێکی قەشەنگ لە بەرۆکی ڕەوانبێژیدا / هەمزە عەباس فەقێ ٥٩
شاخەوانان / حاجی عەبدوڵلا هەمزە ٦٠
گوڵدانی بەتاڵ / سەفییە تاها ٦١
ڕاوچی /کەماڵ کۆکەیی ٦٢
وێژەوانانی موکریان / سەید نووح عینایەتی (نەبەز) ٦٤
کاک ئاوات حەکیم‌زادە ٦٧
خرێ هەنجیران / حەسەن سینا ٦٨
دیدارێک لەگەڵ خاتوو دونیا شەهیدی/ زانیار سۆفی ئەمینی ٧٠
ب بۆنەیا سەرکەڤتنا تیما فوتسالا ملیتان/ ڕەسوول گەلەبان ٧٣
ئاورێك لە زانستی کۆمەڵناسیی ژنان / عەلی هادیزادە، فەریدە ئەمینەدار ٧٥
ئاشتی و سەقامگیری و مافی ژنان / کەریم ڕەحمانی ٧٨
بیرکاری بە کوردی / عەباس جوامێری ٨٠
ماڵە بابم / پەروانە ئەحمەدێن ٨٢
ژنێن ناڤداریێن کورد (مەریەم خان) / عەبدولکەریم سورووش ٨٥
ژنی کورد و دنیای ئۆنلاین / دهۆک بارزانی ٨٦
تاریخچه رادیو های کردی در ایران و جهان / سالینا سروش ٨٧
قضاوت چیست؟ / سیدمحمد صمدی ٩٢
تاثیر ورزش و تحرک در بهبود سیستم ایمنی بدن در دوران کرونا/ دکتر ناهیده پروین ٩٥
مسئولیت و نقض قوانین / شریف عظیمی ٩٦



وێنەگر: بەهار ڕیسمانی

آدرس: مهاباد، میدان شهرداری،
مهاباد مال، طبقه ٢- اتاق ٨٧/ تلفن:
اسماعیل مصطفی‌زاده ٠٩١٤١٦٨٣٢١١
Email: beyangovar@gmail. com

عبدالکریم سروش (ئاریاس)/ ارومیه: ٠٩١۴١۴٢١۵٧۴
د.ابراهیم اسماعیل‌پور(شەماڵ)/ سقز: ١٨٣٧۶٣۴٠٨
کریم رحمانی/ بانه: ٠٩١٨٩٧۴٨۴٢٧
علیرضا محمدنژاد (دیار) / اشنویه: ٠٩١۴۴۴٧٨۴۶۵
شیوا میرکی/ قروه: ٠٩١٨٠۶٢٧۶۵٠
داود غفاری/ پاوه: ٠٩١٨٩٩٢١٠۶٣
طاهر ویسی (کۆچەر) / کرمانشاه: ٠٩١٨۶١۶٨٠٩٩
نسرین کریمی/ سنندج: ٠٩١٨٨٧١٣٧٩۵
قرنی امین پور/ مهاباد: ٠٩١۴٣۴٢۶٣٠٠

شماره کارت بانک ملی
(اسماعیل مصطفی‌زاده)
۶٠٣٧٩٩٧۴٧۴٣٠٨٧٨١

# سەروتار



## ژیانی ژنان

شیوا میرەکی - قوروە

یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی کە نیشاندەری بەهێز یان لاوازبوونی هەر نەتەوەیکە؛ چۆنیەتی ڕوانینی ئەو نەتەوەیەیە بۆ ژن! تا لەم ڕێگەوە پـەی بە قوولایی بـاوڕ و تێڕوانینی ئەو کۆمەڵگا بە ژن ببەین. سـەرنجدان لە کەلتووره باوەکان و یاسـاکانی هـەر کۆمەڵگایەک، یەکێک لە ڕێگاکانـی ناسـینی دۆخی ژنانی ئەو کۆمەڵگایـە. ژن وەکوو نیوەی کۆمەڵگا، بـە درێژایی مێژوو لە پەراوێزی کۆمەڵگا و لە ژێر دەسـەڵاتی پیاواندا بووە . یاساکان لە ژێر چاوەدێری پیاواندا نووسراون بۆیە پیاوانەبوونی ئەم یاساگەلە زۆر بەرچاوە. یاسادانەر و یاسا جێبەجێ کەریش هەر پیاوە. سیسـتەمی پیاوسـالار بە پشتیوانی دەسەڵاتی خۆی لە یاسـادانەریی ، پەروەردەیی ، میدیایی و ... وەکوو ڕەگەزی سەرتر و خاون ڕا هەوڵی پاراستنی دەسەڵاتی خۆی ئەدا .

دووچاوەکی لە دنیای کاروپیشـە بۆ ژن و پیاو ، لە تایبەتمەندییەکانی بازاڕە کە لەسەرانسـەر دونیا ، لە هەر دۆخێکی کەلتووری و ئایینی و کۆمەڵایەتی‌دا هەیە و زۆر بەرچاوە .نایەکسانی بازاڕ کار ، هۆکاری جیاوازی هەیە و بۆتە هۆی لێهاتوونەبوونی ژنان و ناکارامەیی . لەسەردەمی جیهانی‌بوون بەرچاونەگرتنی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگا بە مانای لەدەست‌دانی هزری ئینسانییە . ناسەربەخۆیی ئابووری بووە هۆی وابەستەیی ژنان و جگە لە هەوڵی بن‌دەست‌ڕاگرتنی ژنان ڕێگرە لەسەرخستنی توانا و لێهاتووییەکانی ژن کە کونترۆڵکردنی گشت کاروباری ژنانی بەدواوە بووە .کارگەلێک کە بە ژنان ئەسپێردرێ، حەقدەستی کەمتر و پلەوپایەی نزمتر و هیچ چەشنە پێشکەوتنێکی ئەوتۆی تێدا نییە .

دووچاوەکی ڕەگەزی لە کاروپیشـە کاریگەری زۆری لەسـەر ژنان هەیە و ئەبێتە هۆی لەدەسـت‌دانی متمانەبەخۆی ژنان ، ڕوانینی پیاو بە ژن و ژن بە خۆی لاواز ئەکات و لەسـەر پلە و پایەی ژنان و فێرکاری و ڕاهێنانی ژنان ئاسـەواری زیانبەخشی هەیە بە چەشنێک کە نایەکسانی ڕەگەزی لە بەرەی داهاتووش سـەقامگیر دەکات .جیا لە هەموو کێشـەکانی دنیای ژنبوون، ژنان لە جیهـان هەوڵی خۆیان بۆ داواکاری ماقی بەرانبەر دەست پێکردووە و بۆ گەیشتن بە یەکسانی خەریکی تێکۆشانن. یەکێ لە مێژوویترین چالاکییەکانی یەکسانی‌خوازانە ڕۆژی هەشتی مارسـە کە وەکوو ڕووداوێکی مێژوویی و گرینگ لە خەباتی ماڤخوازانەی ژنان دێتە ژمار . هەشتی مارس ئەگەرچی بۆ یەکیەتی ژنان پیرۆز و شایەنی ڕێزە، بەڵام بۆ ژنی کورد چۆن لەسەر بناغەی نێوخۆیی نەبووە ناتوانێ هەڵگیری ئەو مانایە بێت کە بۆ ژنی ڕۆژاوایی پێشینیەی خەباتی گەلە. کۆمەڵگای کوردی بۆ گەیشتن بە ئازادی دەبێ هەوڵ بدا یەکسانی نێوان ژن و پیاو پێکبێنێت. کۆمەڵگای کوردی پێویستی بە جۆرێ لە یەکسانیخوازی هەیە کە هاوکات تێکەڵ بە خەباتی نەتەوەیی و ئینسانی بێت و بە جۆرێک هەڵاتووی مەڵبەندی خۆمان و کەلتووری خۆمان بێت.

لە کۆمەڵگای کوردی وەکوو باقی وڵاتەکان خەباتی یەکسـانیخوازی ژن و پیاو لە لایەن ژنان و پیاوانی یەکسـانیخواز دەسـتی پێکرد و لە بەشـە جۆراوجۆرەکان تێکوشـانی باشـیان لە پێناو پێکهێنان کۆمەڵگای ئازاد و پێشـکەوتوو دەس پێکردووە. یەکێ لە نموونە بەرچاو و جێ شانازییەکان خەباتی ژنانی ڕۆژاوای کوردستان بوو کە شان‌بەشان پیاو ، لە گۆرەپانی شەڕ بۆ ماڤە ڕەواکانی گەل خۆیان سەلماند. هەر چەند کە لەم بابەتەیش هێشتا خاڵگەلێکی لاواز بوونی هەیە بەڵام ئەتوانێ بەڵگەی هەوڵ و تێکۆشانی گەل بێ لە پێناو کۆمەڵگای ئازاد و یەکسانی‌خواز.

لە مێژووی گەلی کورد ژنانی سیاسەتوان، خەباتکار ، هونەرمەندی زۆر بووە وەکوو فاتە ڕەشی گەڵواخی، عادیلەخان و ... کە سەرنجدان بە ژیانی ژنانی لێهاتوو ڕۆڵی ژنی کورد لە کۆمەڵگای کوردی نیشان ئەدات .سەرنج لە کەلتووری کوردی نیشاندەری پێگەی ژن لە کۆمەڵگای کوردییە و لە ئەفسانە ، مەتەڵ و قسە باوەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دیارە . یەکێ لە ئەفسانە زۆر کۆنەکانی کوردی ئەفسانەی شامارانە .شاماران هێمای زانایی و یەکێ لە خواوەندە مێیینەکانی کوردی لە دەورەی ژن‌سالاری بووە . سەری شاماران وەکوو ژن و باقی لەشی وەکوو مار بووە کە هێمای مار بە مانای گەنج ، زانایی ، ڕەمز و ڕاز ، پارێزەریی ژیان و ... هاتووە . ئەم ئەفسانەیە ئەتوانێ نیشاندەری پێگەی گرینگی ژن لە باوڕی کۆنی کوردی بێت .

فەیلەسـووفی گەورەی جیهـان هانا ئارێنت ئاماژەی بـەوە کرد کە زمان و هێماکانی زمانـی پیاوانەن و نابەرابەری ڕەگەزی لە وشـەکاندا هەیـە کە لە کەلتووری کوردیـش پیاوانەبوونی زمان دیارە . مەتەڵێک لە کوردی هەیە: وە گیس داڵگم، واتا بە قژی دایکم سـوێند کە جیا لە خۆشەویسـتی دایک مانای شـاراوەی وشـەی ناموس و ناموس پەرەستی و جەخت لە دەست‌بەسـەرداگرتنی ژنانە کە بووە هۆی بەشێ لە کارەسـاتەکانی ژنکوژی لە کۆردسـتان . هەر چەن کارەساتی ژنکوژی لە کوردستان سیستمیک ، بەرساختی ، ئایدۆلۆژیکە. دۆخی ژنی کورد پەیوەسـتە بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، مێژوویی و سیاسـی کوردەوە و تەنانەت وشەی ناموس کە خەسـاری زۆری بۆ ژنان لێ دەکەوێتەوە وەک بەرسـازکراوێکی کۆمەڵایەتییە، پێویسـتە دۆخی ژنان و لایەنی سیاسـی و نەتەوەیی کورد لێک دانەبڕێن و هاوکات بە چاوێکی ڕەخنە گرانە خوێندنەوەیان بۆ بکرێ.

لە کەلتووری فارسـی ژنی دووگیان بە ژنی «حامله» بانگ ئەکرێ واتا کەسـێک کە بارێ حەمل ئەکا ئەم بارە دیار نییە گیاندارە یا بێ گیان کە خۆی سـووکایەتی بە مرۆڤە لە سـەرەتای خێلقەت، لە حاڵێکدا لە کۆمەڵگای کوردی بەم ئافرەتانە دەڵێن دووگیان واتە ژنێک کە خاونی دوو گیانە و خاونی ڕێزی دوو مرۆڤە کە ئەوپەڕی ڕێز و حورمەت بۆئینسـانە لە کۆمەڵگای کوردی. لێکۆڵینەوەکان نیشان ئەدات منداڵ کاتی دووگیانبوونی دایک لە گەڵ زمانی دایکی ئاشنا دەبێ و لە گەڵ شیری دایک هێماکانی ئەو زمانە ئەڕژێتە ناو ڕۆح و لەشیەوە .نەزمی هێمایین لە ڕێگای زمانەوە لە دەروونی ناخودئاگادا جێگیر دەبێ و زمان یەکەم قۆناغی چوونە ناوەی منداڵ بە فەرهەنگە . لاکان دەڵێت ئێمە بەرە بەرە لە گەڵ نەزمی هێمایین سازگار دەبین و کۆڵ دەدەین بە یاسای باوك وەک - مناسباتی اجتماعی. بەڵام ژنان لەم نەزمی هێماییە غایبن و دەکەونە پەراوێزی زمانەوە و ژنایەتی تووشی سەرکوت دەبێ چون زۆربەی وشەکان پیاوانەن .هەر بۆیە تەنیا زمانێك کە ژنان دەتوانن بیری پێ بکەنەوە و قسـەی پێ بکەنە پیاوانەیە و بەم زمانە ناتوانن ئەو شـتانە کە هەستی پێ دەکەن و وەك ژنێك ئەزموون و تەجروبەی دەکەن دەری ببڕن . دەبێ زمانی هێمایینی پیاوسـەروەرانە برووخێت و نووسـین و دەقێکی ژنانە دابڕێژرێ کە لە گشت خورافە جنسـییەتی و ئەندیشەی پیاوسەروەرانە دابماڵـرێ و ئەمەش مسـۆگەر نابێ مەگەر لە ڕێگای رووخانی زمانـی نێرینە کە ژنان ڕۆڵی بکەر واتە - فاعل- بگێـرن لەو زمانە و ژیان چۆن هەست پێ دەکەن و ئەزموونی دەکەن رایبگوێزن تا باشترین گوزارشت لە خۆیان بدەن و کۆمەڵگای کوردی بەدەر لەم ڕێسایە نییە.






# نالی دەگەڕێتەوە بۆ «خاک و خۆڵ»

## (شارۆیەک بە نێو ڕۆمانی «میرنشینی خاک و خۆڵ»دا)

**هۆمەر نۆریاوی - هەورامان**

سەردەمانێک لە هەر هەموو پارەکانی کوردستاندا دەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ نووسین، یاساخ و قەدەغە بوو بەڵام مرۆ پەرۆش و خەمخۆرەکانی زمان و کولتووری کوردی هەرگیز لە تاریک و نووتەکترین ڕۆژگاردا لە هەمبەر ئەو مافە ڕەوا مرۆییەدا بێدەنگ نەبوونە و سەرەڕای کەند و لەندەکانی بەردەم، بە درێژایی دیرۆکی کوردان، ڕاژە و خزمەتی زمان و چاندەکەی خۆیان کردووە. ئەم ڕەوتە هەتا هاتووە بەرچاوڕوونیی زێتری بەخۆوە بینیوە و سەرباری هەموو ئاریشەکانیش، بەردەوام بەرەو پێشەوە ڕێی بریوە. لە ڕۆژگارێکدا حەزی مرۆی کورد بۆ خوێندنەوە و نووسین بە زمانەکەی خۆی لەبەر باڵادەستبوونی زمانی دەستەڵاتە زاڵەکانی نێو کوردستان فرەتر لە ڕێی شیعرەوە خۆی دەردەخست، ڕووناکبیرانی کورد بەردەوام لە هەوڵی بەرفرەوانترکردنی بازنەکەدا بوونە تا زمانی زەنگینی کوردی هەر لە چوارچێوەی شیعردا قەتیس نەمێنێتەوە. هەر بۆیە ئەرچی ناحەزان هەمیشە کۆسپ و لەمپەری بەردەم گەشەسەندنی زمان و فەرهەنگی کوردی بوونە لێ،لە سای مرۆ پەرۆش و زانستوەر و ڕووناکبیرەکانەوە، ئەم ڕەوتە بەردەوام گۆڕانی بەسەردا هاتووە و هەنووکە ئەم زمانە دەوڵەمەندە لە ئاستی زمانە زیندووەکانی جیهاندا هەژمار دەکرێت و خاوەنی سامانێکی فرەوانی ڕۆشنبیرییە. کەچی جێی داخ و کەسەرە وەک پێویست خزمەتی زانستیی نەکراوە هەر بۆیە زمانی کوردی کەوتۆتە بەر فەرتەنە و باهۆزێکی ترسناک و لەبەر خەمساردیی و کەمتەرخەمی بنکە و ناوەند و لایەنە زانستییە بەرپرسیارەکان، ئێستاکە بە تووش گێژاوێکەوە هاتووە و کەسیش لەو نێوانەدا خۆی لە هەمبەر ئەم دۆخە هەژێنەرەدا بە بەرپرسیار نازانێت. ڕۆژانە بە دەیان پەرتووک و کتێب بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو دەبێتەوە کەچی چاودێرییەکی ئەوتۆی زمانیی و تەکنیکی بەسەرەوە نابینیرێت و هەر ئەم پرسەیش زمانی کوردی تووشی پاشاگەردانی و خوێنەریش بە تووش چەواشەییەوە دەکات. لەو بەینەدا گەلێک کتێبت بەردیدە دەکەوێت کە تەمەکە دەرەوێنێتەوە و ئۆخژێنێک بە دڵ دەدات.

یەکێک لەو پەرتووکە گرانباییانە کە ئەم ماوەیە بە خوێندنەوەی،ئۆقرە و سوکنایەکم بە دڵ بەخشی و چێژێک بە گیان،ڕۆمانێکە لە ژێر ناوی «میرنشینی خاک و خۆڵ» بە قەڵەم و خامەی شاعیر، ڕۆژنامەوان و ڕۆماننووسی زمانپاراو «نەبەز گۆران».

نەبەز گۆران،بە زمانێکی سادە و ساکار لێ،کاریگەر و لە ڕێی هونەری گێڕانەوەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی میرنشینەکان و یەک لە شائەستێرەکانی نێو ئەدەبی کلاسیکی کوردی.

زمانی گێڕانەوەی نووسەر لەم ڕۆمانەدا،ئەوەندە پاکژ و لە دڵەوە نزیکە،خوێنەر نایهەوێت هەتا دواپەڕ دەستبەرداری خوێندنەوەی کتێبەکە ببێت. ڕەنگە هۆکاری سەرەکیی ئەم پرسەیش،ڕووی لەو کەسایەتییە بێت کە نووسەر تیشکی خستۆتە سەر.

«میرنشینی خاک و خۆڵ»،ناونیشانێکی باڵکێش و پڕ بە پێستی ئەو گەوهەرەی نێو تۆرەی کوردییە کە نەبەز گۆران بۆ ڕووبەرگی ڕۆمانەکەی دەستنیشانی کردووە. ڕووناکبیر و وێژەوانێکی وردبینی نێو میرنشینێک تا لە نزیکەوە دەبێت و خاکەڕایانە و خۆبەخشانە خزمەت بە زمانەکەی خۆی دەکات،ڕۆژانە بە تووش دەیان ئاریشەوە دێت و بە هەزاران تیر و توانجی تێدەگرن و سەدان تۆمەتی دەدرێتە پاڵ و بە دژە دین و لادین و ئاژاوەگێڕ ناوزەد دەکرێت. ئەمە هەمان پەندی کوردییمان وەبیر دێنێتەوە کە «دار هۆرەی لە خۆی نەبێت،ناقەڵیشێت» یان «دار بە پوازی خۆی ئەقلیشێ».

نەبەز گۆران، بە خوێندنەوەیەکی ورد و قووڵ بۆ زمان و کەسایەتی و سەردەمی ئەم گەوهەرە درەوشاوەیە،لە ڕێی پێنووسێکی خەیاڵاوییەوە،تابلۆ ڕاستینەکانی ئەو سەردەمەی ناو کۆمەڵی کوردییمان دەخاتە پێش چاو. سەردەمێک،کۆمەڵ نوقمی نێو کۆنەپەرستی و نەخوێندەواری و گیرۆدەی دەست بتەکان دەبێت و ئەوەی ڕووناکاییەک بە کۆمەڵەکە ببەخشێت،هەزاران تۆمەتی دەدرێتە پەنا.

ڕاستە ڕۆمان،بەرهەمی بیرێکی بەرفرەوان، هزرێکی داهێنەر و خەیاڵێکی قووڵە لای نووسەر لێ،زۆر جاریش لە دنیای واقیعەوە گەلێک نزیکە و دەڵێی خودی ڕاستییەکان دەگێڕێتەوە. بۆیە نەبەز گۆران لەم ڕۆمانەدا دەڵێی پەردە لەڕووی ڕاستییەکانی ژیانی ئەو سیما پرشنگدارەی نێو ئەدەبی کوردی هەڵدەداتەوە و ئەوە وانەیەمان بۆ دەگوێزێتەوە کە مرۆی خەمخۆر تا لە پەناماندا دەبێت، ڕۆژانە تیری ژەهراوی تێدەگرین و لە ڕێی کۆمەڵە مرۆیەکی نەخوێندەواری دژە فەرهەنگەوە، شاربەدەر دەکرێت.

هەوێنی ئەم ڕۆمانە زەنگینە،خودی سەرگورشتەی حەزرەتی «نالی»یە کە هەمیشە هەگبەکەی، نیشتمانی تێدایە و لە کوێ بێت،هەر دڵی بۆ نیشتمانەکەی لێ دەدات.

ڕۆماننوس زۆر ورد و ژیرانە و بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش و ئاوێتە بە زمانێکی زەنگینی کوردی و پانتاییەکی بەرفرەوانی خەیاڵ،دیوە شاراوەکانی ژیانی نالیی مەزنمان بۆ دەردەخات.

باس لە خۆشەویستی و توانەوەی نالی لەنێو زمانی کوردییمان بۆ دەکات،وێنەی ئەوین و ئەشقە بێگەردەکەی لە هەمبەر حەبیبەی گراوییمان بۆ دەکێشێت کە ئەرچی عالەم بە [خێل]ی دادەنێت بەڵام لای وی، خودی ڕاستینەی ئەشقە.

ڕۆماننووس هەر بە شاپەڕی خەیاڵ و ڕۆشنبیریی باڵای خۆی،دنیابینی و هزر و ئەندێشەی قووڵی نالی بە نیگاری ڕستەی نیگارینی کوردی دەنەخشێنێت،بیری تیژ و وریایی ئەم سیما تیشکاوییە دەخاتە بەر دیدەی خوێنەر. باس لە زۆرینەی شوێنکەوتەی دەسەڵات و مرۆی هەڵپەرستی زەمانە و ڕۆژگار دەکات و وەک کامێرا بەدەستێکی وریا،مەنزڵەکانی

نالی، یەک بە یەک بەسەر دەکاتەوە. پێمان دەڵێت، نالی هەر لە پێناو نیشتمانەکەیدا کەشکۆڵی غوربەت لە کۆڵ دەکات کەچی هەرگیزای هەرگیز بۆ ساتێکیش ناتوانێت تەنانەت واز لە خۆشەویستیی سێبەری نیشتمانەکەیشی بێنێت.

ئەم ڕۆمانە،داگەڕانێکە بە ژیانە پڕ هەوراز و نشێوەکەی نالیی مەزندا و خوێنەر قۆناخ بە قۆناخ لە هەست و نەست و هەناسەی نالی نزیک دەبێتەوە و تا دواپەڕ ڕاست لەنێو خودی نالییدا دەتوێتەوە.

«میرنشینی خاک و خۆڵ»،ئەوەمان پێ دەڵێت مخابن گەوهەرەکان تا لە نزیکەوەن،نرخیان نییە کەچی هەر کە لێمان دوور دەکەونەوە، بە حەسرەتەوە باسیان دەکەین. ئەم پرسە بەرۆکی خودی نالیی شاعیریش دەگرێت و تا لە نیشتمانەکەی دەبێت، ڕۆژانە سەدان ئاستەنگ و کێشە و گرفتی دێتە سەرڕێ و لە لایەن دینداری دووره دینەوە وەبەر پەلامار دەدرێت،چونکە نالی بۆ خۆی خودی ڕووناکییە و دەیهەوێت تیشکەکەیشی بۆ کۆمەڵەکەی بگوێزێتەوە و مرۆ وەهزرین بخات و پەردە لەڕووی هزرە وشک و ڕەشەکان هەڵبداتەوە.

ئەم ڕۆمانە نازەنینە، دەیان شارستەی لە دووتوێدایە کە نرخی بەرهەمەکە چەند هێندە فرەتر دەکات و نووسەر بۆ هەر چەند ڕووپەڕێک،یەک لەو شارستانە لە دوابەشدا وەک کرۆک و مەغزا و پەیام بە دیاری بە خوێنەر دەبەخشێت.

(«ئازار،بۆ هۆشیارکردنەوەی مرۆڤ پێویستە.
مرۆڤ نەتوانێت خەونەکانی بکێڵێت،ناتوانێت ئومێدێک دروست بکات.
سەیرکردنی گیانەوەران،بەچێژترە لە خواردنیان.
هەتا کێوەکان بەرزتر بن،سپیترن.
مرۆڤ ئەو کاتە خەسار بوو،فێری چاوەڕوانی بوو.
مرۆڤەکانی ئێستا بە شێوەیاندا هەڵدەسەنگێنرێن،نەک بە بیرکردنەوەیان.
ئەو کاتەی مرۆڤ پەرژینی دروست کرد،ژەهراوی بوو.
بەهار،وەرزی کوشتنی نائومێدییە.
خاوەنانی خەونە گەورەکان،غەریبەکانی سەردەمی خۆیانن.
زەوی کاتێک وێران دەبێت،خۆشەویستیی ناو دڵەکان نامێنێت.
مرۆڤ،تارماییەکەی جوانترە لە خۆی.
تەنها خەونت هەبێت،ئامانجیشت هەیە.
هەتا بازاڕەکان گەورەتر بن،فریودان گەورەترە.
گەر جوانیی فڕینی باڵندەیەک سەرسامت نەکات،گومان لە جوانییەکانی ناخت بکە.
مندالان هەمیشە بە شوێن شتە جوانەکاندا دەگەڕێن.
باران،خەمگینی دەسڕێتەوە.
هەتا شوێنە ئایینییەکان زۆر بن،عەقڵ کەمە.
ئەو خۆشەویستانەی لە خەیاڵدا دەمێننەوە،هەمیشەیین.
ئەوەی خەونی گەورەی هەبێت،ژیانی خۆی بیر دەچێتەوە.
یەکەمین خۆشەویست،یەکەمین برینە،تا مردن لە سینەدا دەمێنێتەوە.
کە فێری نانخواردنی مالان بوویت،هەرگیز نابیتە خاوەنی سفرەی خۆت.
سەرەتای نووسین وەک مندالییە،بە لاساییکردنەوە دەست پێ دەکات.»)

(میرنشینی خاک و خۆڵ،نەبەز گۆران)

لەودیو هەر کام لەم شارستانەوە،پەیامێکی درەوەشاوە خۆی دەردەخات و مرۆ دنە دەدات ڤیانی زێتر بۆ کۆمەڵ بگوێزێتەوە و مرۆییتر بژییت. ئەزموونی خوێندنەوەی ورد و ژیرانە لە پشت هەر کامە لەم ڕستە نیگارینانەوەیە و پێمان دەڵێت نووسەر تا چەندە قووڵ بیر دەکاتەوە و دەیهەوێت هەموو دەستکەوتەکانی خوێندنەوەی خۆی بخاتە بەردەست خوێنەر.

لە درێژەی ڕۆچوون بە نێو قووڵایی ڕووپەڕەکانی ئەم ڕۆمانە گرانباییەدا ئەوەمان لە لا ڕوون دەبێتەوە کە نالی وەک ڕووناکبیرێکی مەزنی سەردەمەکەی خۆی،زۆر زوو پەی بەو شوێن و مەکۆیانە دەبات کە بە نێوی دین و ئایینەوە خەڵک لە خەو دەکەن و ناهێڵن توانا و هێزی بیرکردنەوە و هزرین لای جەماوەر بپشکوێت؛هەر بۆیە بەردەوام وەبەر تیری ژەنگنی بتەکان(میر،شێخ،مەلا و. ..)دەکەوێت. بۆیە تەنیایی، هاوڕێ و یاری هەمیشەیی نالی دەبێت و لە سووچی خەڵوەتی زەمانەدا بیری پتر باڵا دەکات کە دواتر ڕووناکایی بە ئەدەب و تۆرەی نەتەوەیەک دەبەخشێت.

بێگانەپەرستی و بە سووک و نزم سەیرکردنی سیما پرشنگدارەکانی نێو خودی خۆمان،یەکێکە لە دەرد و پەتا کوشندەکانی نێو کۆمەڵی کوردی و بە درێژایی مێژوو،ئەم پەتایە ئەوکی ئێمەی کوردی بەر نەداوە و ئێستایشی لەگەڵ بێت،هەر خەریکە شۆڕتر و درێژتر دەبێتەوە.

نالی لەسەردەمێکدا زمانی کوردی بۆ نووسین دەکار دێنێت کە بەداخەوە زۆربەی ڕووناکبیر و پێشکەوتنخوازەکانی خودی کورد،سڵ لە زمان و بوون و ناسنامە و شوناسی کوردیی خۆ دەکەنەوە و بەردەوام ئەو تۆمەتە دەدەنە پاڵ نالی کە گوایە کەسێکی دەمارگر و شوێنکەوتەی ئەقڵییەتی خێڵەکییە و نایهەوێت زمانی باڵا دەکار بێنێت. بە لای ئەم جۆرە مرۆڤانەوە،گەر پشت لە زمان و چاند و فەرهەنگەکەی خۆت بکەیت و زمانی نووسینی بێگانە و باڵادەست(فارسی،عەرەبیی و تورکی) دەکار بێنیت،دەبیتە نووسەرێکی پێشڕەو و پێشکەوتنخواز. بۆیە نالی بەردەوام بەرەنگاری ئەو ئەقڵییەتە دەبووەوە و هەر لەسەر ئەوەیش،تووشی گۆشەگیریی و ماڵ وەکۆڵیی و غوربەتێکی زۆر هات کەچی بەردەوام خەمی نیشتمان و زمانەکەی لە کۆڵ نابوو.

هەندێکجار مرۆ بۆ ئەوەی بەهرەکانی زێتر بپشکوێت،پێویستە لە شوێنێکدا قەتیس نەمێنێتەوە و بەردەوام سەفەر بکات. بۆیە نالی هەرگیز خۆی بە شوێنێکەوە نابەستێتەوە و هەمیشە لە سەفەردایە و هەر لە سەفەریشدا،پتر خۆی دەدۆزێتەوە و فرەتیش خۆی دەناسێت. ئەو هەموو گەشت و سەفەرە،ئەو نالییە دروست دەکات کە هەنووکە کۆڵەکەیەکی سەرەکیی ئەدەبەکەی ئێمەیە و هەمیشە شیعرەکانی بەرامەی تازەییان پێوەیە و تا زەمەن پتر تێدەپەڕێت،نرخی شیعری نالی زێتر دەبێت. چونکە هەڵگری ئەزموونێکی فرە کۆمەڵە.

نوێخوازیی و داهێنان هەمیشە باجی قورسە و کۆمەڵ هەر وا سووک و سانا ناچێتە ژێرباری. زمانە نوێیەکەی نالی ئەوەمان

پـێ دەڵێـت و خودی نالی لـەو پێناوەدا تووشـی زەحمەت و دەردەسەرییەکی فرە دەبێت و بەردەوام بە لادەر و گێرەشێوێن تۆمەتبار دەکرێت.

ڕووناکبیر،بە کەسـێک دەوترێت کە هەرگیز لە شـوێنێک ناوەسـتێت و بـەردەوام خەریکـی نوێکردنـەوەی خـۆی و کۆمەڵەکەیەتی با باجەکەیشی قورس بێت. نالی بە دڵ دەچێتە ژێرباری ئەم ئەرکە گرانە و دەرئەنجامەکەیشـی ئەوە دەبێت لە مـاڵ و دیارەکەی خۆی وەدەر دەنرێـت و هەگبەی ئاوارەیی و غوربەت لـە کۆڵ دەکات. کورد گوتەنی»ئاو لە شـوێنی خۆی بمێنێتەوە،دەگەنێ»یـان» ئاوێ لەبەری نەڕوا،بۆگەنی دەبێ». مرۆی ڕچەشکێن،بوێرە و بۆ ئەم پرسەیش،خەتەر دەکات و سڵ لە مەترسییەکانی سەررێ ناکاتەوە.

وەک پێشـتر ئامـاژەی پێ درا، ئـەم ڕۆمانە دەیـان پەند و پەیڤـی زەنگیـن لـە خـۆ دەگرێت کـە نرخـی ڕۆمانەکە بۆ خوێندنـەوە چەنـد هێنـدە دەکات. بـەڵام لە هەمـان حاڵدا ڕەخنەیشـی لەسەرە و دڵنیایشم نووسـەر بە سینگفرەوانییەوە وەرگری ڕەخنەکان دەبێت.

لە گەلێک شوێنی ئەم ڕۆمانە بەپێزەدا زۆر هەڵەی ڕێنووست بەرچـاو دەکەوێت کە بۆ بەرهەمێکی ئەوەندە نەخشـین،ئەمە بە گوناح دادەنرێت و حەیفە نووسـەر لە هەمبەر ئەم پرسـەدا خەمسارد بووە. هەر چەندە ڕەنگە لەکاتی پیتچنیندا ئەم پرسە ڕووی دابێت بەڵام بەرپرسیاری یەکەم،خودی نووسەرە و دواتر دەزگـەی چـاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکە. زۆر ڕستەیشـت بەردیدە دەکەوێت کە ڕۆحی کوردی تێدا نییە و لای خوێنەری وریا وایە کە ئەم ڕۆمانە لە زمانێکی دیکەوە کراوە بە کوردی.

هەروەها نووسـەر لە برێک شـوێندا دەسـت بۆ داڕشـت، وشە و دەسـتەواژەی زەقی فارسی دەبات کە ئەمە بە خاڵێکی نەرێنی و کەموکوورییەکی بەرچاو بۆ نووسـەرێکی وەک نەبەز گۆران دادەنرێت؛ڕاستە نووسـەر شـارەزا بە زمانی فارسییە و خوێندنەوەی باشـی لـەم زمانەدا هەیە بەڵام زۆر باشـتر لە من دەزانێت ئەرچی کوردی و فارسـی لـە یەک خێزانە زماندا پۆلێنبەنـدی دەکرێن بەڵام دوو زمانی سـەربەخۆ و جیاوازن و وشە و دەستەواژەکانیش لەم دوو زمانەدا هەڵگری واتا و مانای جیاوازن.

نەفەسـێکی قووڵی ناشییانە،ل١٠٠(داڕشـتەکەی تەواو فارسییە و ڕۆحی کوردی تێدا نابینرێت)

کەڵەشێر خوێندی،ل١٩١(کورددەڵێ،قووقە یان قوولەی کەڵەشێر)

قووتـی نان،ل٢٢٨(قـووت بۆ خـۆی نانە و چ پێویسـتی نەدەکرد نانەکەیش بخرێتە پەنایەوە)

وشـەی [داسـتان] لە زمانی کوردی و فارسیدا دوو واتای جیاوازیان هەیە. کورد، داسـتان زێتر بۆ ئەفسانە،حیکایەت و قارەمانەتی و حەماسەت دەکار دەهێنێت)

عەتتار نەیشابووری دروستە نەک نەیشاپووری(نەیشابوور، شارێکی پارێزگەی خۆراسانی ڕەزەوی لە ئێراندایە)

بایەزید بەستامی دروستە نەک بایەزید باستام [هەیاهوو،ل ٢٣]،وشەیەکی بە تەواوەتی فارسییە و نابێت نووسـەری وەک نەبەز گۆران بیخاتە نێو نووسینی کوردییەوە. سەراسیمە،بەقاڵ،زشـت و چەنـدان وشـەی دی،هەمـوو فارسیین و فڕیان بە کوردییەوە نییە. زمانی سەردەست کارێک بە مرۆی بندەسـت دەکات کە هەموو شـتێکی خۆی بەسەردا دەسـەپێنێت. بەداخـەوە شـاڵاوی فەرهەنگـی بەم چەشـنە دەسـت پـێ دەکات کـە دواتر خـۆ قوتارکردن لەم هێرشـە، ماندووبوونێکی درێژخایەن و پلانی وردی فەرهەنگی گەرەکە.

قسـە لە دەمی نەکەوتبـووە خوارەوە(کورد دەڵێ هێشـتا قسەی لە دەم دەرنەچووبوو)

پارچەیـەک نان،داڕشـتەکەی ناکوردییـە و زمانی کوردی چەندان هاوتای لەم پێوەندییەدا هەیە،ل١٣

قوستەنتەنییە دروستە نەک قوستەنتینە، ل٢٤٠

ئەمما،هۆشـیاری،ڕووە سـەوزەکەی بـە سـەوەزەکەی هاتووە،هەڵدەگەڕا،دەگەڕا(بـە هەڵدەگەرا و دەگەرا هاتوون)، دەگێڕا(دەگێرا)،جووتیارە کە نەک جووتیارە،تێپەڕی(تێپەری) ،سەرسامییەوە(سەرسامیەوە)،خوێناوییانە(خوێناویانە)،

عەبا لە شان(عابالەشـان)،بە زەردەخەنەوە(بەزەردەخەنەو ە)،ماندوویت(مادوویت)،بچکۆلە،بچووکە لە نەک بچۆکەلە،تێ دەپەڕی(تێدەپەری)،بگەڕی(بگەری)،دەستشۆرییەکان(دەس تشۆریەکان)،

هاوڕێکەی(هاوێکەی)،بفرێت(بفرێت)،کـردووە یان کردبو و(کردوو)،جیاوازییەکی(جاوازییەکی)،پرمەیەکی(پرمەیەکی) ،کاسبییەکی دروسـتە نەک کاسپییەکی،بازاڕ(بازار)،کردەوە( کردوە)،دووڕەوە(دورەوە)،مزگەوت(مزگەوەت)،گوناهبار(گوانە بار)،دەگرت(دەگرد)و بە دەیان هەڵەی تر.

زۆر وشـەی دووانەیش بە سـەر یەکەوە نـووسراون ئەوە لە حاڵێکدایە کە زۆر جار وشە دووانەکان هەڵگری واتای جیاوازن و گەرەک بە جیا بنووسرێن.

سـەرباری ئـەم خاڵانـەی کـە ئاماژەیـان پێدرا،ڕۆمانـی «میرنشـینی خاک و خـۆڵ»ی نەبەز گۆران،یەک لـەو ڕۆمانە هەرە بەپێزانە دێتە ئەژمار کە بەم سـاڵانە چاپ و بڵاو بووەتەوە و شیاوی چەند جار خوێندنەوەیە.

جێـی ئاماژەپێدانـە کـە شـاعیر، ڕۆژنامەنـووس و ڕۆماننووس»نەبەز گۆران»بە یەک لە دەنگ و سـیما دیارەکانی هەنووکـەی نێو ڕووبەری ڕۆشـنبیریی کـوردی دادەنرێت کە سـاڵی ١٩٧٧(١٣٥٦ی هەتاوی)لـە شـارۆچکەی «بیارە»ی باشـووری کوردسـتان لەدایک بووە و هەتا ئێستایش چەندان ڕۆمان و بەرهەمی شیعری و ئەدەبی چاپ و بڵاو بووەتەوە.

ژێدەر:


میرنشـینی خـاک و خۆڵ،نەبـەز گۆران،ڕۆمان،چاپـی یەکەم،٢٠١٧،چاپخانەی ئەندێشە،سلێمانی

پەندی کوردی لە باخچەی گەردی،حەمید گەردی،چاپی یەکەم،٢٠٠٦،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،هەولێر



# زمانی کوردی، زمانی زانست و یاسایە...

فەرەیدوون سامان - سلێمانی

زمانی کوردی لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا بە زمانی فەرمی ناسێنراوە و بڕیاری لەسەر دراوە، هاوکات لە دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٦ و لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراقیشدا لە مانگی شوباتی ٢٠١٤ لە پاڵ زمانی عەرەبی، زمانی کوردی بە فەرمی ناسێنراوە. لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا دوای زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و عیبری،زمانی کوردی پلەی زمانی پێنجەمی وەرگرتووە.

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوزاریی ساڵی ٢٠٠٤ و پاشان دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بۆ یەکەمجار دانیان ناوە بە فەرمیبوونی زمانی کوردی لەسەرانسەری عێراقدا. بەپێچەوانەی دەستوورەکانی پێشوو کە بێدەنگ بوون لەم بارەیەوە یا خود بە شێوەیەکی سنووردار و لە بوارێکی بەرتەسک (وەک خوێندن) و تەنیا لە چوارچێوەی ناوچەی کوردستاندا دانیان بە زمانی کوردیدا نابوو.

لەبەر ڕۆشنایی ماددەی (٤)ی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ یاسای زمانە فەرمییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەرچووە، بەڵام هەتا ئێستا ناوەڕۆکی ئەم یاسایە وەک پێویست پراکتیزە نەبووە.

زمانی کوردی لە چوارچێوەی عێراق و هەرێمی کوردستاندا پاڵپشتی دەستووریی و یاسایی هەیە وەک زمانی فەرمی دانپێدانراو، لەڕووی ڕواڵەتییەوە هیچ گرفتێکی یاسایی بەدی ناکرێت. بەڵام لایەنە پێوەندیدارەکان لە پراکتیزەکردنی ناوەڕۆکی یاساکان، سستی و کەمتەرخەمی دەنوێنن.

هەڵبەتە زمان وەک بەشێک لە شوناسی هەر نەتەوەیەک بایەخی تایبەتی خۆی هەیە و بەشێکە لە کەلەپووری کولتووریی نامادیی، کە ڕێککەوتننامە و ڕاگەیەندراوە نێودەوڵەتییەکان جەخت لەسەر پاراستنی دەکەنەوە، لە یاسای زمانە فەرمییەکاندا، هیچ میکانیزمێکی تۆکمە و شیاو بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم یاسایە و بەدواداچوون و چاودێرییکردنی جێبەجێکردنی یاساکە دانەنراوە. هەر لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتی تازەی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە و دواتر بە ئەندامبوونی لە عوسبەی ئومەم(کۆمەڵەی گەلان) لە ساڵی ١٩٣١، تا دەگات بە ڕێکەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، تا ڕادەیەک لە ناوچە کوردییەکان،زمانی کوردی ڕێگەپێدراو بووە، بەتایبەت لە دادگا و فەرمانگە حوکوومییەکان گفتوگۆی پێ کراوە، گەشەکردنی زمانی کوردی (کوردیی ناوەڕاست)، بە زۆر هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە. تا دەگات بە قۆناغی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و کەوتنی ڕژێمی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، هەڵبەتە لە باشووری کوردستاندا دەسکەوتی گەورە بۆ زمانی کوردی وەدی هاتووە، بەتایبەت کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی عێراقدا لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی بە فەرمی ناسێنرا. مخابن لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا لە دامودەزگا دادوەری و قانوونییەکانی کوردستان وەک دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا، تەنانەت کۆنووسەکانی ناو پەرلەمانی کوردستانیش، هێشتا زمانی عەرەبی هەژموونی باڵای خۆی هەیە و زمانی کوردی لە پەراوێزدایە. لەو بوارەدا هەوڵی جیددی نەدراوە وشە و زاراوە یاساییەکان و تێکست و کۆنووسەکان بە کوردی بکرێن.

لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا لە دامودەزگا دادوەری و قانوونییەکانی کوردستاندا وەک دادگاکانی هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستاندا، تەنانەت کۆنووسەکانی ناو پەرلەمانی کوردستانیشدا، هێشتا زمانی عەرەبی هەژموونی باڵای خۆی هەیە و زمانی کوردی لە پەراوێزدایە، هێشتاس هەوڵی جیددی نەدراوە بۆ بە کوردی کردنی زمانی دادگاکان، هەروەها وشە و زاراوە یاساییەکان و تێکست و کۆنووسەکان بە کوردی بکرێن.

لە کوردستاندا زمانی کوردی هێشتا نەیتوانیوە وەک پێویست لە هەموو دامودەزگاکانی سەر بە هەر سێ دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردن) و لەسەرانسەری سنووری کارگێڕیی حوکوومەتی هەرێمدا بە تەواویی بچەسپێت، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە دەزگا ئەکادیمی و زمانناسییەکان، سیمینار و کۆنفرانسی زانستی بۆ ببەستن و ڕێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکانی زمانی کوردی و کردنی بە زمانێکی زانستی و شارستانیانە بدۆزنەوە.

بەگشتی بۆ گەلی کوردستان دەسکەوتێکی مێژوویی گرینگە، لەسەر ئاستی وڵاتەکە، کە زمانی کوردی، زمانێکی فەرمی ددان پێدانراوە و، لە دەستووری نوێی عێراقدا بە ڕەسمی ناسراوە، بەڵام لەڕووی پراکتیکییەوە هێشتا زمانەکەمان ڕووبەڕووی جینۆسایدی فەرهەنگی دەبێتەوە، بەتایبەت لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمدا.

سەرباری دەوڵەمەندی زمانی کوردی بە زار و بنزار و دەڤۆکەکانی و فەرهەنگێکی مەزنی پەیڤ و زاراوە، کە بەشی زمانی زانستیی و یاسایی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێک هەن پێیان وایە زمانی کوردی، زمانی فۆلکلۆر و کەلەپوورە. ئێستا زمانی کوردی لەبەردەم حاڵەتی گەورەی دۆخی جیهانگیرییدایە، یەکەمیان ئەوەی کە ئەم زمانە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جیهان و مەعریفە و زانستی نوێ هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆی دەدات کە ببێتە زمانحاڵی دروست و بەپێی توانای ئاخێوەران و هەموو ئەوانەی قسەی پێدەکەن. دووەمیان ئەوەی کە ئەم زمانە سەرەڕای ئەوەی کە بەهۆی داخراویی و ڕۆحییەتی دەمارگرژی سنوورەکانی کرانەوە بەرەورووی جیهاندا دادەخات، تووشی شێوەیەک لە فامکردنی خێڵەکی و گوندەکییانە دەبێتەوە، کە درێژەی ئەو ژیانە لۆکاڵی و داخراوەیە لەمپەرن لە بەردەم توانستی داهێنان و گەشەکردنی زماندا، لە هەر دوو حاڵەتەکەش جیاواز لە هەموو ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی زمانی کوردین، بەداخەوە زمانەکەمان هێشتا نەیتوانیوە وەک پێویست لە هەموو دامودەزگاکانی سەر بە هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردن و لەسەرانسەری سنووری کارگێڕیی حوکوومەتی هەرێمدا بە تەواویی بچەسپێت.

ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر زمانی کوردی لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچووندایە، چەندان هۆکاری دەرەکی و ناوخۆییش هەن کە هەڕەشە لە زمانەکەمان دەکەن، بۆ هۆکارە دەرەکییەکان ئیتر پێویست بەوە ناکات دووبارە بگەڕێینەوە سەر هەوڵی وڵاتانی نەتەوەی سەردەست لە دژایەتیکردنی زمانی کوردی، بۆ نموونە بە هۆی بە سیاسەتکردنی پرسی کەمینەکان لە کوردستاندا وەک پرسگەلی کوردانی ئێزەدی و کاکەیی و فەیلی و شەبەک و زازاکی و هەورامی...هتد، و هەوڵدان بۆ پتر لاوازکردنی زمانی کوردی و کەمکردنەوەی کاریگەریی جوگرافیای دانیشتووانی کورد لە عێراقدا بەتایبەتیش لە ناوچە کوردستانییە کێشە لەسەرەکاندا، پلانێکی کارا هەیە بۆ ناساندنیان وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی جیاواز لە کورد، بۆ ئەم مەبەستەش حزبی سیاسی ودارایی و پشتگیری سیاسی ناوخۆ و دەرەکی دەکەن. (بەتایبەت لە هەندێک ناوەندی شۆڤێنی وڵاتانی هەرێمی) دا، بە پلان و بەرنامەی تۆکمە کاری جیددی بۆ کراوە، بەڵام داخەکە لەوەدایە هۆکارە ناوخۆییەکان خەریکە دەبنە کێشەیەکی چارەسەرنەبوو کە بە دەستی کورد خۆیەوە برینەکان قووڵتر دەکەنەوە. هەڵبەتە هەبوونی زار و بنزار و هەروەها نەبوونی زمانێکی ستاندارد و هاوبەش بۆ هەموو تاکەکانی کورد لە بەشەکانی کوردستاندا، ئەگەرچی دیاردەیەکی سروشتی هەموو زمانێکی زیندووە، بەڵام ئەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ سەربەخۆ ناساندنی ئەو زارانە و جوداکردنەوەیان لە زمانی دایک، ناتوانرێت نکۆڵی لەو مەترسییە جیددیيە بکرێت، وێڕای هەڕەشەی زمانە بیانییەکان و خوێندنیان لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردندا و هاوکات پەراوێزخستنی زمانی کوردی لەو خوێندنگا ئەهلییانەدا، کە نەوەیەکی نەشارەزای لە زمانی کوردی بەرهەم هێناوە، هەڵبەتە دواتریش لە پاشەڕۆژدا ئەنجامەکەی زۆر بە خراپی دەبینین، کە ئەم نەوەیە سۆز و ئینتمای بۆ زمانی نەتەوەکەی خۆی نابێت، بە چاوێکی سووک تەماشای ئاخێوەرانی زمانەکەی خۆی دەکات.

زمان، پێویستی بە سیستەمێکی پەروەردەی بەهێز هەیە، کە هەم پێویستییەکانی جیهانی نوێ و قەیرانەکانی بە باشی لێک بداتەوە و بڕواتە ناو کایەکەوە و هەمیش سامانێکی گەورەی زمانی و ئەدەبی کە هەیەتی ئاراستەی جیهانی کەشفنەکراوی خۆی بکات و «بوون»ی زمان و مرۆڤی کورد بۆ خۆی مانیفێست بکات. هەر زمانێک پێکهاتی تایبەت بە خۆی هەیە، پێکهاتێک کە لە مێژووی ئەو زمانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە خاڵی هاوبەشی زمانەکان شتێکە حاشای لێ ناکرێت.

مخابن ئەو زمانە شیرینە کە ناحەزانی گەلەکەمان بە هەموو شێوازێکی شۆڤێنیانە دژایەتی دەکەن و هەوڵی لەنێوبردنی دەدەن، ئەویش بە قەدەغەکردنی زمانی کوردی بۆ ئاخێوەرانی و لەسەر ئاستەکانی پەروەردە و فێرکردن و چاپەمەنی و ڕۆژنامەوانی و میدیادا، هەروەها ناساندنی هەندێک لەو دیالێکتە کوردییانە بە زمانی سەربەخۆ و بە پلان و بەرنامە کار بۆکردنی، ئیدی شتێکی سەلمێندراوە کە زمانی دایک چ ڕۆڵێکی گرینگ و بنەمایی و تەندروستی لە فێربوون و پەروەردەی نوێدا هەیە، ئێمە تەنانەت زمانی دیکەش لە ڕێگەی زمانی خۆمان باش فێر دەبین و لێی تێدەگەین واتە کلیل و کلاوڕۆژنەی تێگەیشتنی زمانەکانیتر و جیهانیتر هەر لە ڕێگەی زمانی خۆمانە.

لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕۆژی ٨-٣-٢٠١٧ بەسەرپەرشتی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەڕێز «یۆسف گۆران» و بە ئامادەبوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزارەت، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزارەتەکە لە زانکۆی دهۆک لەسەر ڕەوشی زمانی کوردی بەڕێوەچوو، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا ئەژمارکردنی نمرەی وانەکانی زمانی کوردی بۆ دەرچووانی پۆلی دوانزە لەکاتی پێشکەشکردن بۆ کۆلیژە زانستییەکان (پزیشکی و ئەندازیاری) ئارەزوومەندانە بێت.» ئەم بڕیارە چ لەڕووی کرۆکی ڕوانینی وەزارەت بۆ پەروەردە و پلانێکی زمانی و چ لەڕووی ئاگاداری لەسەر ڕۆڵی زمانی دایک لە

فێربوونی زانست و مەعریفەی نوێ، هەڵگری نەزانیی گەورە و کەمتەرخەمی ترسناکە. هەر چەند ئەم بڕیارەی وەزارەت لە لایەن تاقمێک لە مامۆستایانەوە بە نادروست لێکدرایەوە و لە دژیدا خۆپیشاندانیان کرد و سەرۆکی حوکوومەتیش فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی دا، بەڵام وەکوو لە هەواڵەکاندا لەکاتی خۆیدا بڵاو بوویەوە، وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایگەیاندبوو هێشتا بڕیارەکە هەڵنەوەشێنراوەتەوە و وەکوو خۆی ماوە. بە هەرحاڵ ئەم حاڵەتە ڕەهەندی زۆری هەیە و من نامەوێت هەموو لایەنەکانی ئەم کەمتەرخەمی و بێ پلانی و دژایەتییە بۆ زمانی کوردی کە لە پێکهاتێکی فەرمیدا ئەنجام دەدرێت، بخەمە بەر باس، بەڵکوو دەمەوێت بە هێنانەوەی نموونەیەکی سادە ئەم بێ پلانی و کەمتەرخەمییەی پەروەردەی زمانیی باس بکەم کە خەریکە لە هەناوی تاک و کۆی ئاخێوەر و تەنانەت هەندێک لە نووسەرانیش ڕەگئاژۆ دەبێت و بەو قەناعەتەمان دەگەیەنێت کە لە فێرکردنی هەڵە و بێ پلانی و کەمتەرخەمیدا چ دەستێکی باڵا و بووددجەیەکی قەبە لە کارادایە.

ئەو هەموو هەڵە و شێواندنی زمان و ڕێزمانییە کە لە کەناڵەکانی میدیا بەتایبەت ڕادیۆ و تیڤییە ئاسمانییەکان و تابلۆ دیار و گەورەکانی ناو شارەکان دەبینرێن، نیشاندەری ئەو پەروەردە سەقەت و بێ پلانەیە، کە هێشتا بەشێکی خەڵک نازانن بە کوردی بنووسن و لەوەش گرینگتر هەر بەلایانەوە گرینگ نەبێت چۆنی دەنووسن و بۆچی دەینووسن و بۆ بنووسن! واتە پەرۆشیی زمانی لە ئاستێکی زۆر خوار و نزمدایە. وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و ڕۆشنبیری کەمترین کادیری دڵسۆزی شارەزاو پسپۆڕی زمانییان تێدایە، یان ئەگەر هەشبن هیچ دەسەڵاتێکی بڕیاربەدەستیان نییە تا ڕۆڵی کارای خۆیان لە خزمەتکردن بە زمانی کوردی بگێڕن.

ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزری بە هاوکاری کۆمەڵگای مارگرێتی پەروەردەیی (کۆنفرانسی زانستی و نێودەوڵەتی زمانی کوردی و زاراوە یاساییەکان)، لە ڕۆژانی ۲۷ و ۲۸ ی ئایاری ئەمساڵدا لە شاری سلێمانی بەڕێوە دەبات، خۆشبەختانە دوای هەوڵ و چاوەڕوانییەکی زۆر، بە پشتگیریی خودی دوکتۆر تەها ڕەسووڵ لە شاری سلێمانی، پایتەختی ڕۆشنبیریدا، سەبارەت بە گەڵاڵەکردنی ڕاسپاردە و پێشنیاری زانستی، لە بوارەکانی وشە و زاراوە و سینتاکسە یاساییەکان لە کایەکانی دادگا و دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا لەمەڕ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە دوچاری زمانەکەمان هاتوون، ساز دەکەین.

ئێمە وەکوو ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزری و کۆمەڵگای مارگرێتی پەروەردەیی داواکارین لایەنە حوکوومییەکانی کوردستان کە لە ڕابردوودا هاوکاری پرۆژەکانمان نەبوون و لە بوارەیلی زانستی و هەروەها یاساییدا، بەرانبەر زمانی شیرینی کوردی خەمساردبوون، لەپێناو پاراستنی شکۆی زمانی کوردی و ڕێکخستنی ئەو کۆنفرانسە، ئەمجارە بۆ سەرخستنی ئەو پرۆژە نەتەوەییە پیرۆزە کە ئامانجی بە کوردیکردنی زمانی دادگاکانە و دانانی قامووسی ستانداردی وشە و زاراوە یاساییەکانە، هاوکارمان بن.

بۆیە بە پێویستی دەزانین کە ئامانجی کۆنفرانسێکی زمانناسی زانستی و نێودەوڵەتی، مەبەستی پێداچوونەوە و دانانی فەرهەنگێکی ستانداردی کوردی تایبەت بە وشە و زاراوە یاساییەکان و هەروەها بە گەڕخستنی زمانی کوردی بەکارهێنراو لە دادگاکاندا، لە ڕێگای ئامادەکردنی ژمارەیەک توێژینەوەی زانستی زمانەوانی کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لەو بوارانەدا بێت. بۆ لێکۆڵینەوەی هەنگاوەکانی دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حوکوومەتی هەرێمی کوردستان، تاکوو ڕاسپاردەکان ئامادە بکرێن، وەکوو پێشچاوڕوونییەک بخرێتە بەردەم لایەنە بڕیاربەدەستەکان و حوکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبایەخەوە بۆی بڕوانێت، لە داهاتووی نزیکدا ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس جێبەجێ بکرێن و شکۆ بۆ زمانەکەمان بگەڕێتەوە.

--------------------

## فەرەیدوون سامان لە چەند ڕستەیەکی کورتدا:

فەرەیدوون مامە کەریم ناسراو بە فەرەیدوون سامان،ساڵی ۱۹۶۱(۱۳۳۹ی هەتاوی)لە هەولێر لەدایک بووە. ساڵی ۱۹۸٤ لە کۆلێژی ئابووری و کارگێری لە زانستگەی بەغدا بڕوانامەی بکالۆریۆسی وەرگرتووە. بە یەک لە دەنگە نوێیەکانی شیعری ئێستای کوردی دادەنرێت و بۆ ساڵانێکی فرەیش دەچێت وەک نووسەر، وەرگێڕ و ڕۆژنامەوانێکی کارا لە گۆڕەپانەکەدا ئامادەیە و دەور دەبینێت. خاوەنی چەندان بەرهەمی چاپکراو لە بوارەکانی ئەدەب(شیعر،ڕەخنەی ئەدەبی)و وەرگێڕاندایە. لە گەلێک ڕۆژنامە و بڵاڤۆکی کوردیدا کاری کردووە. ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لقی هەولێر و هەروەها ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیشە. سەرپەرشتیاری گشتیی کۆنفرانسی زمانی کوردی و زاراوە یاساییەکان و سەرۆکی ڕێکخراوی «خانی» بۆ لێکۆڵینەوەی هزرییشە.

هەواڵنامەی کتێب





د. شەماڵ ئیسماعیل پوور - سەقز

# خاک و هونەر لە پەنجەکانی «خاتووزین» دا

ناوچەی تورجان، بەشێک لە موکریانە و خاوەنی گەلێک ئاوایی ناودارە کە هەرکامیان بە بۆنەی کەسایەتییەک یاخۆ چەندین کەسایەتی خاوەنی ناو و ناوبانگێکی کوردستانین. تورجان، وەکوو دارولعیلم و ناوەندی زانین چەندین کەسایەتی سیاسی و ئەدەبی و هونەری گەورەی لە خۆیدا پەروەردە کردووە کە شوێن پەنجەیان بەسەر مێژووی ئەم گەلەدا دیارە. زەمبیل، وەکوو ناوەندی تەریقەی قادری، خاوەن چەندین کەسایەتی ئەم بوارە بووە و هەر وەها شاعیر و هونەرمەندی ناوداریش لەو ئاواییەوە سەریان هەڵداوە. قاقڵاوای ئاوات و شیعریش وەکوو ئەستێرەیەکی پرشنگدار لەنێو ئەو کۆمەڵە گوندەدا دەدرەوشێتەوە. قەرەگوێزیش خاوەنی پرشنگی خۆیەتی و بە خێڵی پیرەشاهۆ و سوارەوە خاوەن ناوە. گەردیگلان و جەمیان و شیلاناویش هەرکام خۆیان بە کەسایەتی ئەدەبی و نووسەری چالاکەوە دەناسێنن و هەرکامیان بێشکەی کەسایەتی ناوداری ئەم نیشتمانەن. لە پەنا ئەم ئاواییە پرشنگدارانەدا بۆگەبەسی، خاوەن قەڵا و مێژووی کۆنیش بە بۆنەی خاتووزینی هونەرمەندەوە پرشنگ داوێ و سەرێکە لەنێو سەراندا. با بزانین خاتووزین کێیە و چۆن بە پلەی هونەرمەندی گەییشتووە؟

بەپێی ڕێکەوتی سەر پێناسەکەی خاتووزین ساڵی ١٣٠٠ ی هەتاوی(١٩٢١) لە ئاوایی «بۆگەبەسی» لە دایک بووە، بەڵام بنەماڵەکەی دەڵێن گوایە زەمانی قەجەرەکانی لە بیربووە. وەکوو هەموو کچانی ئەو کاتی گوندەکەی گەورە دەبێ و نەخوێندەواری و بەشخوراوی پێناسەی سەرەکی و تایبەتییان دەبێت. لە زستانی دوور و درێژی کوردستاندا و لە بن کورسی و لە دەوری تەندووردا ڕۆحی لەگەڵ ئەدەبی زارەکی ئاشنا دەبێت و ڕەنگە ئەوەش سەرەتا بووبێت بۆ دروستبوونی خەیاڵات و بیری فانتازیای خاتووزین. لە ڕێی ئامۆژنییەوە لەگەڵ هەوڕگەری ئاشنا دەبێت و پەنجەکانی بە قوڕەسوورە دەسپێرێ و قاپوقاچاغی گڵین دروست دەکات.

بە تەنیامانەوە و ناچاربوون بۆ بژیو پەیداکردن، مەجبووری دەکات بۆ فرۆشتن گڵینە و گۆزە و شتی قوڕین دروست بکات. هەر ئەوە دەبێتە هۆی کارامەبوون و لێهاتوویی و دەستڕەنگینی خاتووزین. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شارەزاتر و لێزانتر یاری هونەرمەندانە بە قوڕ دەکات و وردە وردە دەچێتە ناخ و قووڵایی هونەر و ئافراندنەوە.

خاتووزین بە گشتی خاوەنی بەهرەی هونەری بووە. گۆرەوی بەنی بە نەخش و نیگاری تایبەتەوە دروست کردووە. کڵاوی گوڵینگداری مەرەزی پیاوانەی جیاواز لە حاڵەتی ئاسایی چنیوە. بەداخەوە بۆ ماوەیەک مەجبوور دەبن ماڵیان بەجێ بێڵن و بچنە ئاوایی «قڕوچای» گەورک و لەم ماوەیەدا هەموو شتەکانی لە بۆگەبەسی دەدزرێ. خاتووزین بە زەوقی خۆی کە تەواو هونەرمەندانە بووە، کاری جیاوازی بە ئەنجام گەیاندووە و دەفری زۆر تایبەتی درووست کردووە. دەڵێن جاروبار شیعریشی هۆنیوەتەوە و لەو مەیدانەشدا چالاکی بووە و بەداخەوە کەس نەبووە شتێکی لێ

تۆمار کردبێت یاخۆ شتێکی لێ لەبیر مابێت. خاتووزین جوانپەرست بووە، هەرکەسێکی جوانی دیتبێ لێی چۆتە پێشێ و بەجۆرێک پێی گوتووە کە جوانە و جوانییەکەی سەرنجی ئەوی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. بۆخۆشی خاتوونێکی جوان و لەبەردڵان و ڕەزاشیرین و بەژن و باڵاجوان بووە.

خاتووزین لە فینالی پەیکەرتاشانی ئێراندا ساڵی ٧٣ی هەتاوی لە تاران بەشداری دەکات و پلەی یەکەمی ئەو فیناڵە بەدەست دێنێ. نموونەی کارەکانی ئەم هونەرمەندە لە خانەی کورد لە شاری سنە هەڵگیراوە و خراوەتە بەر دیدی بینەران.

کارەکانی خاتووزین لە بەشی پەیکەرتاشیدا دووبەشن: یەکێک ئەو ئاژەڵانەن کە بە جۆرێک لە جوگرافیای ژیانی هونەرمەنددا هەن و ڕۆژانە دەیانبینێ و لەگەڵیاندا دەژی و دووهەم بوونەوەری ئەفسانەیین کە هەرکامیان لە چەند ئاژەڵ دروست بوون کە وێنەی ئەم بوونەوەرانە لە پەیکەرەکانی ئیلامی کۆنینەدا زۆر دەبینرێ و نموونەی زۆر بەرچاوی ئەم بوونەوەرانە پەیکەری «شێرداڵە» کە شێرێکی باڵدارە.

پرسیاری جەوهەری لێرەدا ئەوەیە کە خاتوونێکی هونەرمەندی نەخوێندەوار لە ساڵانی چل و پەنجا و شەستی هەتاویدا و لە گوندێکی کوردستاندا چۆن توانیویەتی ئەم ئاسەوارە بخولقێنێ و ئەو مامەڵە هونەرمەندانە لەگەڵ هونەر و پەیکەرسازیدا بکات؟

تەنیا دوو وڵام بە زەین دەگات: یەکەم ئەوەیە کە بۆگەبەسی، گوندێکی کۆن و پڕ لە ئاسەواری کۆنینەیە و خاوەنی قەڵایەکی دەستکردە و وێدەچێ خاتووزین ئاسەواری مێژوویی لەم چەشنەی بە چاو دیتبێ و لە دیتنی ئەو ئاسەوارە بەهرەی وەرگرتبێ و ئەو پەیکەرە تایبەتانەی سازکردبێ و پەیکەری «گریفێن(شێرداڵ)»ی خستبێتە دونیای هونەرەوە و نەتەوەی کوردی لەم پەیکەرە ناوازانە بێبەش نەکردبێ. بەڕای نووسەر ئەمە زۆر ڕێی تێدەچێ و زۆر لە ڕاستەقینەوە نزیکە. دیسان لێرەدا پرسیاری دیکە دێنە ئاراوە و ئەویش ئەوەیە کە ئەو هەموو ئاسەوارە تایبەتییە چیان لێدێ و سەر لە کوێ دەردێنن و بە کام خەرەنددا ڕۆ دەچن و چۆن بێسەر و شوێن دەکرێن؟ مەگەر دەکرێ گوندێکی وەکوو بۆگەبەسی هیچ شتێکی لێ نەدۆزرابێتەوە؟ کێن ئەوانەی هەموو ئەو شتانە بە ئاسایی بێسەروشوێن دەکەن و سووک وئاسان دەیانتوێننەوە؟ ئاسەوار و شتی بە نرخی ئەم گەلە چی لێدێ؟

دووهەم وڵام ڕەنگە ئەوەبێ کە خاتووزین بە بیستنی چیرۆک و حەکایەتی ئەفسانەیی و ئوستوورەیی وەها نەخش و حاڵەتگەلێکی لە زەینیدا خوڵقابێت و ئەو پەیکەرە فانتازیا و خەیاڵاوییانەی دروست کردبێ کە بەڕای نووسەری ئەم دێڕانە کەمتر ڕێی تێدەچێ و لەوە ناچێت وەها بووبێت.

ژیانی خاتووزین وەکوو هونەرمەندانی دی کورد پڕە لە دەرد و ژان و بێکەسی و تەنیایی. بەداخەوە تا زیندوو بوو کەس ئاوڕی لێ نەداوە و کەس بە هونەرمەندی نەناسی! پاش مەرگی ناو و ناوبانگ دەردەکات و بە قەولی موفتی پێنجوێنی: «قەبرەکەی دەکرێ بە باغچە و بە گوڵ!»

شایانی باسە کە کەسوکار و بنەماڵەکەی هاوکاری دەبن و گڵی بۆ دێنن و قوڕی لەگەڵ دەگرنەوە و خۆشی دەکەن و کارەکەی بەهێند وەردەگرن و گوایە یەکێک لە بووکەکانی وەکوو قوتابییەکی باش هونەرەکە فێر بووە و دەتوانێ کاری هونەریی ئەوتۆ بکات، بەڵام بەداخەوە نایکات و هیچ ناوەند و شوێنێکیش نییە ئەو خاتوونە هونەرمەندە بۆ کاری هونەری هان بدات و پشتیوانی بێت.

کۆتا قسە ئەوەیە کە خاتووزین هونەرمەندێکی گەورەی کوردە و کارەکانی لەگەڵ ئەوەدا پێناسەی ئاکادیمیکیان نییە، جێگە و پێگەیەکی تایبەتیان هەیە و دەبێ بەهای تایبەتیان پێ بدرێت. لە ڕاستیدا هونەری مودێرن قەرزداری ئەو کارانەن و دەبنە سەرچاوەیەک بۆ کاری جوان و ڕیشەداری هونەری.

شتێکی تریش کە دەبێتە هۆی حەسرەتێکی ئەبەدی بۆ ئەم گەلە، ئەوەیە کە بەداخەوە دەیان و سەدان کەسی خاوەن بەهرەی هونەری وەک خاتووزین ژیاون و هەلیان بۆ نەڕەخساوە و هونەرەکەیان لەگەڵ خۆیان بردۆتە گۆڕەوە.دەیان هونەرمەند بە ناوی تەنەکەساز و هەورگەر و عەرابەساز و تەختەتاش و ئاشەوان و بەردکونکەر و بیرهەڵکەن و هتد لەم وڵاتەدا ژیاون و خاوەنی بەهرەی ناوازەی هونەری بوون و کەس کاری بەهێند وەرنەگرتوون و کەس سەرنجی نەداونەتێ و بەداخەوە مۆمی هەست و خوڵقێنەرییان کوژاوەتەوە و هونەرەکەیان لەگەڵ خۆیان بردۆتە ژێر خاک.

ئێستاش ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە چیتر خەمسارد نەبین و ئەو کەسانە بناسین و هەلی کار و چالاکی هونەرییان بۆ بڕەخسێنین و دەستیان بگرین. نەتەوەی بێهونەر بوونی نییە و هونەر بە هەموو لقەکانییەوە دەبێتە پێناسەی گەل.



مەسعوود ڕەحیمی - سەقز

# خاتووزین

«ڕۆمەن ڕۆلان» لەپێشەکی کتێبی «ژیانی میکێل ئانژ»دا دەنووسێ: «نەتەوەیەک کە پێویستی بە قارەمانە، ترسنۆکە. قارەمانی ڕاستەقینە لەوەدایە کە مرۆڤ بوێرانە بڕوانێتە ڕاستییەکان، بتوانێ وەک خۆیان سەیران بکات، پەسەندیان بکات و خۆشیانی بوێت.»
مەبەستی ئەم وتارە بە قارەما نکردنی خاتووزین نییە. بەڵکوو دخوازێ وەک چۆنە، ڕاڤەی بکات و بە خوێنەری بناسێنێ.
خاتووزین لەو دەگمەن ژنانەیە کە لەنێوان دەرفەتە بچووکەکانی فرمان و کابانی، هەستی ئافراندنی ژنانەی خۆی دەگوازێتەوە بۆ وێناکردنی وێنەی خەونەکانی و گڵ دەهێنێتە سۆ لە پێناو شێوە بەخشین بەو ئاژەڵانەی کە لە چیرۆکەکانیدا وەک مرۆڤ دێنە کایە.
خاتووزین لەسەروبەندی ژیانی لادێ و بەخەبەرهاتن لەگەڵ مەڕومالات و بیستنی باقەباقی بەرخ و کاژیلەی تازە بە دنیا هاتوو و بەسەربردن لەکاتی مەڕەبێری و ژیانی مێرگ و باخ و بێستانی کوردەواری، لەگەڵ ئاژەڵ بە زمانێکی نەرم دەدوێ و دەیانکات بەو کاراکتێرەی کە ئەوانیش بێنە دەنگ و هەرکامە و ژیانی خۆی ڕەوایەت بکات، ئاژەڵ بە زمانی خاتووزین و خاتووزین بە زمانی ئاژەڵ، لەم دنیا فانتێزییە، ئاژەڵی بەرهەمهاتوو لە خەیاڵێکی ناسک و مێهرەباندا، ڕواڵەتێکی ئانترۆپۆمۆرفیستی دەگرێتە خۆ و چیدی هەمان بوونەوەر نییە کە لەوبەر دنیای مرۆڤانەوە بە سووک سەیر دەکرێت. چیدی ئاژەڵ لە خەونەکانی خاتووزیندا، ئەندامی خێزانێکی گەورەیە و وەک باوک و برا و دایک و خوشک و منداڵ، ڕەفتار دەنوێنن.
تا ئێرە و پێش لەوەی کە ئەم ئانترۆپووسە، بە دەستی هونەرمەند وێنا بکرێت، وێنەیەکی پڕ ڕەمز و ڕازی لە خەیاڵی خاتووزیندا پێ بەخشراوە.
هەنووکە چرکەساتی ئافراندنە. ئانە، کاتی لەدایکبوونی ئەو پەیکەرەیە کە شێوەکەی لە هزردا نەخشاوە، بەڵام بە دەستی کەسێک کە نە ئەکادێمی هونەری بینیوە و نە ئاگاداری زانستی ئەناتۆمییە. نە دیزاین دەزانێ و نە ئێتۆدی لێ داوە. ئەو لەسەروبەندی شیردۆشین و ڕامووسانی لەشی بەرخۆلەیەک و بەقوربان و سەدەقەبوونی مانگایەکی گوانپڕ و بەئەمک و لەکاتی لەوەڕینی ئارام و کسپە و کرپەی ئاهەنگینی جوینی ئاڵف و پرخە و لرخەی کاوێژ و هاروهاجی بزنان و هەڵخەوداخەی کاژیلە، پڕپڕ بووە لەسەرنج و لەبەرکردنی وێنە و فۆرم و تەلیسم و جوانی و مۆسیقا. ئینجا دواتر وەبیری هاتوونەتەوە و نەستیشی وێڕای ئەوان کەوتۆتە گەمە و ڕمبازێن و ئەم هەموو وێنە دەبن بە هەوێنی خولقاندنەوەی ئەندامانی خێزانەکەی خەیاڵی.

خاتووزین پێشتر لەگەڵ سروشتی گڵ و گۆزە و دیزە ئاشنایە و ئەزموونی گڵێنە لەسەر پەیکەری ئاژەڵ تاقی دەکاتەوە، بەڵام بەبێ دیفۆرمەکردنی سووژەکانی ناتوانێ ئۆبژەیەکی ڕەوایەتمەند بشوبهێنێت. لەسەر و گوێلاکەوە بگرە هەتا قاچ و قول بە ئاقارێکدا دەبات کە هەڵگری دیالێکتیکی نقار و داهێنان بێ. دەشێت وا بزانی ڕەچەڵەکی ئەم بوونەوەرانە بگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی هەرە دێرین و کۆنترین چیرۆکەکانیان بە دیاری بۆ هێنابێتین.
بەرهەمەکانی خاتووزین تژی لە گەوهەری داهێنان و هەستێکی خاوێن و پاراوە. دیفۆرماسیۆنەکان دەرئەنجامی نەتوانکاری نییە بەڵکوو بە ئیرادە و دڵنیاییەوە دەستەبەر بووە و مەبەست دەربڕینی هەستێکە کە لە قووڵایی وشیاری هونەرمەندەوە سەرچاوەی گرتووە. پەیکەرەکانی خاتووزین ئەو نهێنییە دەخاتە ڕوو کە هێمایەکی بەهێز لەمەڕ هزرمەندی ئاژەڵ بوونی هەیە کە تا ئێستە بۆ مرۆڤ ئاشکرا نەبووە. لە ڕوانگەی خاتووزینەوە ئاژەڵ هەست و نەست و هزری هەیە و پێدەچێ بە زمانی بێزمانی بەردەوام پەیامی مێهر و بەزەیی ئاراستەی مرۆڤ بکات. بینەر ناتوانێ بیر لەسەربڕینی ئاژەڵەکانی خاتووزین بکاتەوە، ناوێرێ تەماحیان تێ بکات. جۆرێ لە شەرمەزاری لە هەمبەر پێرسۆناژەکانی خاتووزین لای مرۆڤ دروست دەبێ. تۆ وا دەزانی ئەمانە خودی خۆتن و پێستێکی تریان لەبەر کردووە بەڵام لە سیحرەکەیان تێناگەیت و زمانی پڕ لە ئێش و ئازاریان، پڕ لە ئامۆژگاری و سەرکۆنەکردنیان تەرجومە هەڵناگرێ.
ئەم بەرهەمانە مێژوویەکی کۆن ڕەوایەت دەکەن کە تۆ بەردەوام لێی تێنەگەیشتووی و ئەوانیش بەردەوام هیوایان لە فامکردنت بڕاوە.
ئەم بەرهەمانە خودی مێژوون، مێژووی ڕوانینی دایک لە دنیا، لە سروشت، لە ئاژەڵ، لە بەزەیی و لە بێڕەحمی. لەسەرسەری بوون و نەزانین و نەناسین. لەو مەترسییانە کە دڵی دایک دەخورپێنێ و لە دڵی خۆیدا وەک مەراقێکی هەمیشەیی دەیهێڵێتەوە.
ئەم بەرهەمانە بە هەمان زمانی پڕ ڕەمزەوە دەوترێت کە تا ئێستە تەلیسمەکەی نەشکاوە و نهێنییەکەی نەدرکاوە. بە زمانی دایک، بە زمانی لایەلایە و لاوژە و حەیران، بە زمانی هۆزان و وێنەکێش و دەستکردە دێرینەکان، بە زمانی تەنبوور و بزۆک.
بەرهەمەکانی خاتووزین ناشێ وەک بەرهەمێکی ئاکادێمی ڕاڤە بکرێت. زانکۆی خاتووزین لە ئامێزی دایکییەوە دەستی پێ کردووە و لە دڵی سۆز و زایەڵەی بەربێشکانەوە هەڵقوڵاوە.
ئەم بەرهەمانە پڕ بە پێستی خۆیان دایکانە و پڕ بە پێستی مێژوو کوردانەن.

## ساخ کردنەوەی چەند هەڵەی وتاری «عەزیمە» لەژمارە ٧ گۆڤاری «بەیان»دا، خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨

عەزیمە

هەرزانی، هەرزانی، دەرمانی سەد دەردانی
حەمە سوورم١ بۆ بانگ کە، شایەرە و لە تورجانی٢
خرناڵم٣ لە بۆ بێنە، لەچۆمی مەجیدخانی
هەڵکەتیم٤ لەبۆ بانگ کە، لە وڵاتی شارویرانی
حەمە سوورم بۆ بانگ کە، شایەرەو لە تورجانی
ئەحمەد خەیاتی٥ بێنە، لەو سەرا و ڕەحیم خانی
بە سلامەتی ئاغایە، سەربەندی کوڕە حەیرانی
ئەرێ بەین و بەینەڵڵا، ئەوجار ئەمن و ئیمانم
ئەرێ ناوەخت نییە، ئەوجار عەزیمەخانم
ئەرێ کورد و کوردستان، نازدار عارەب و لۆلۆ
ئەرێ بستێک منداڵ بووم٦، ڕەسووڵ قەولم دا بەتۆ
عەزیمە تەنك و ڕەندە، ڕەسووڵ کوڕی گۆوەندە
نێوبانگی عەزیمی لە بیجاڕ و دەربەندە
ئەرێ سەرکە سەر ڕانم، قیمەتی ماچت چەندە
ڕەسووڵ لە باڵەخانە، عەزیم لە باخچەی ساوا
ئەرێ دەست و بردت بێ تا کوڕەکەم هەڵنەستاوە
ئای کلیلی دێنێ، ئەوجار یەغدانی٧ وهەڵگرت
ئـەرێ بارگـەو بنەکـەی، ڕەسـووڵ لـە پاشکۆی٨ تونـد
کـرد
قەوماوە قەوماوە، لە برایم خان قەوماوە
ڕەسووڵ عەزیمی هەڵدەگرێ، لە ئێراندا نەوماوە
سەد سواری وەدوو کەوت، لە سلێمانیە گەڕاوە
ئەگە دەچن و دێنەوە، برایم خانیش نەوماوە
لەسەر باڵای عەزیمی، وەرهەمی هەڵهێناوە٩
هەی زیزە وەی زیزە
هەی زیزە وەی زیزە، ئەو شەو شەوی پاییزە
عەزیمە وە دەرکەوت، پشکووت وەک گوڵە گەزیزە
دەرمانی سەد دەردانی، قەیتانی دوو لێوانی
داشبەندت ١٠ بە قوربان بێ، بەشی کاک سلەمانی١١
ئەرێ جێژوانو کوێ بێ، ماڵی مینە مەشکانی
دوو ڕۆژم عەز لێنەکرد، فاتمە کوێر١٢ پێی دەزانی
بە سلامەتی ئاغایان سەربەندی کوڕە حەیرانی

-----------------------------

١/حەمەسـوور، شـایەرێکی بەناوبانـگ بـووە لـە تورجـان کـە بەسـەرهاتێکی ئـەو بـە نـاوی «پیـواز» لـە گۆڤـاری مەهابـاد ژمـارە ١٥٣ پێشـکەش کـراوە.

٢/ ئاواییەکـی بـە ناوبانگـی سـەقز لای باکـووری ڕۆژاوا. زۆر گەورەپیـاوی وەک سـوارە ئیلخانـی زادە،حاجـی بابەشێخ،مامۆسـتاتورجانی زادەو... خەڵکـی ئـەوێ بـوون.

٣/ شایەرێکی ناوچەی چۆمی مەجیدخان بووە.

٤/ شایەرێکی ناوچەی شارویران بووە.

٥/ شایەرێکی ناوچەی سەرا و ڕەحیم خان بووە.

٦/ قەد و باڵام بستێک نەدەبوو (و زۆر منداڵ بووم).

٧/ سـندووقی جـل و بـەرگ و شـتی گرانبایـی ژنـان. یەخـدان: ویدەچـێ زەمانـی زوو کـە یەخچـاڵ نەبـوە لـە سـندووقێکی دار بـۆ هەڵگرتنـی یـەخ و سـەهۆڵ کەڵکیـان وەرگرتـوە. هـەر ئـەو سـندووقە زۆرجاریـش وەکـوو (گاوصنـدوق)ی ئێسـتا بـەکار هاتـوە.

٨/ خورجێکـی بچووکـە کـە لـە دوای زیـن لەسـەر تەرکـی تونـد دەکـەن.

٩/ وەرهـەم هەڵهێنـان: جـۆرێ نەخۆشـی کـە بەهـۆی نارەحەتـی تـووش دەبـێ لـە نێـو زگـدا خـڕ ئەبێتـەوە

١٠/ ئاواییەکەلـە بـۆکان، لەسـەر ڕێـگای بـۆکان- میانـدواو.

١١/ سلەمانی عەلـی یـار، ئاغـای بەنێوبانـك ودەسـت ڕۆیشـتووی ئەوسـەردەمی داشـبەند بـووە.

١٢/ژنێکـی فـزول وبەقسەوباسـی جیرانـی ماڵـی مینـە مەشـکانی بـووە پێمـوابـێ .

وێڕای داوای لێبوردن، بە داخەوە چەند هەڵەی تایپی لەو وتارەدا لە لایەن نووسەرانی وتارەکەوە ڕووی داوە کە دوای ئەوەی چاپ کرا لە گەڵ مودیر مسئوولی «بەیان» دوکتور «مصطفی زادە» قسەمان کرد بەڵام هەر بە پێشنیاری دوکتور لەو کاتەدا بە هۆی زۆربوونی وتارەکانی دیکە خرایە دواوە. ئێستا لێرەدا هەڵەکان هەر لە لایەن نووسەرانی وتارەکەوە ساخ کراوەتەوە.

بە سپاسەوە
حەیدەر لوتفی نیا- لوقمان نادرپوور

هەواڵنامەی کتێب



# موفیدە مەزهەر لەبەر ئاوێنەی زەمەندا

زاهید ئارمی- سەقز



سووکە سەرنج و ئاوڕدانەوەیەک لە کەسەکانی دەوروپشتمان، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت، هەر تاکێک وەک چۆن لە باری بیچم و قەڵافەتەوە، لە تاکی دیکە و تەنانەت بنەماڵەی خۆیشی جیاواز و سەربەخۆیە، خاوەن کەسایەتی تایبەت و سەربەخۆشە. ئەم سەربەخۆبوونە ماددی و مەعنەوییانەش لە پانتایی ژیاندا دەرکەوتە و دەرئەنجامی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە. هەر بۆیەش گەرچی تاکەکانی کۆمەڵگا لەڕووی مافەوە بەرانبەرن، یان ئەبێ بەرانبەر بن، بەڵام ڕێژەی کاریگەری و کارلێکیان لەگەڵ دەوروبەریان لێک جیاوازە. کۆمەڵگاش بەپێی پێویستی و خواستە ماددی و مەعنەوییەکانی خۆی، بەهای کەسایەتییەکان دیاری دەکات. هەندێ کەس پشتگوێ دەخات و هەندێکیش بەرچاو دەخات و تەنانەت ڕۆڵی سەرچەشنبوونیشی پێدەبەخشێت. هەر لە ڕێگای ئەم میکانیزمەشەوە پێشکەوتن و بەردەوامی خۆی دەستەبەر دەکات. یەکێک لەو کەسایەتییانەی کۆمەڵگا ڕەوایی بە چالاکییەکانی داوە و ڕێزی لێ گرتووە، خاتوو «موفیدە مەزهەر»ە، چالاکێکی بواری فەرهەنگ و ئەدەبی گەلەکەمان، کە سەرەڕای تەنگ و چەڵەمەی زۆر لە ژیانیدا، هەرگیز وازی لە خزمەت بە چاند و هونەری کوردی نەهێناوە.

موفیدە مەزهەر، ساڵی ۱۳۳۳ی کۆچی هەتاوی(۱۹۵٤) لە شاری سەقز لە دایک بووە. کچی شاعیری بەناوبانگی سەقزی، شێخ نافیع مەزهەر، ناسراو بە (شپرزە) و خاتوو مەستوورەی حەمزەییە. باوکی بە ڕەچەڵەک دەچێتەوە سەر شێخانی ئاوایی «کەسنەزانی» سەقز و دایکی بانەیی بووە. بەهۆی پێگەی تایبەتی؛ زانستی، کۆمەڵایەتی و ئایینی بنەماڵەکەیانەوە، ماڵیان مەکۆی هاتوچۆی زانایان، پیاوماقووڵان، خەڵکی ئاسایی و تەنانەت کاربەدەستانی ناوچەیی حوکوومەتی ئەوسای ئێران بووە. باوکی یەکێک لە ئەندامی دەروەستی کۆمەڵەی ژێ ـ کاف بووە و هەتا مردن خولیای ژیانەوەی کوردستانی لە مێشک دەرنەچووە.

خاتوو موفیدە، پێش تەمەنی شەش ساڵان و ناونووسکرانی بۆ خوێندنی فەرمی و چوونە قوتابخانە، لە ماڵەوە فێری خوێندنەوەی فارسی بووە. ئەمەش لەگەڵ ئەوەی ئاماژەیەکی بەهێزە لەسەر تێکەڵاوی قووڵی ئەو بنەماڵە لەگەڵ زانست و خوێندن، ئەوەشمان پێدەسەلمێنێت ناوبراو هەر لە منداڵییەوە توانایەکی باش و خولیایەکی زۆری بۆ فێربوون هەبووە، هەر وەها بنەماڵەکەشی لە پێناو برینی ئەم ڕێگا بەرێزە پڕ هەوراز و نشێوەدا یەکەم هاندەر و یارمەتیدەری بوون. وەک خۆی باس دەکات، شێخ فەخرەدینی مامی، کە مامۆستایەکی ئایینی گەورە و دەرسوێژی سەقز بووە و هەر لە زووەوە مزگەوت و ئێستاش شەقامیان بە ناویەوە ناو ناوە، هەرگیز لەسەر ئەمبارەوبارکردنی کتێبەکانی و خوێندنەوەیان دەنگی نەداوە. ڕێگای نێو میوان و میوانخانەی لێ نەگیراوە و لەسەر ئەو چەشنە شتانە ڕووی لێ گرژ نەکراوە.

ئاستی خوێندەواری بەرزی بنەماڵە، ئازادی دەستڕاگەیشتن بە کتێب و دەرفەتپێدانی بۆ دانیشتن لە کۆڕی گەورە ساڵاندا، هەم چاو و ڕووی دەکاتەوە، هەمیش هەگبەی زانستی قورستر و ڕەنگینتر دەکات. دەچێتە قوتابخانە و لەوێ لە چاو هاوپۆلانی لە وانەکاندا گەلێ لەپێشتر و شارەزاترە. دیارە ڕەوتی فێرکاریش لە قوتابخانە بەپێی قوتابییانی دیکە دەچێتە پێشەوە. ئەوەیە قوتابخانە و وانەکانی، لە زۆر ڕووەوە خۆشی و شیرینی تازەبوونیان بۆی نابێت و تامەزرۆیی ناشکێنن. مامۆستاکان هەرچی دەڵێن ئەو لەوسەریەوە دێتەوە و ماندووی دەکەن. ڕەنگە هەر ئەم هۆکارانەش بووبێتە هۆی ئەوەی دوای ماوەیەک وەک منداڵێکی هاروهاج و

لاسار پێناسە بکرێت و زۆر جار بەری دەستی پڕ بکرێت لە ڕەحمەتی بێڕەحمی دار و تووڵکە تەڕ. ئەم قوتابییە زیرەکەی بواری خوێندن و بزێوی بواری هەڵسوکەوت، لە پێناو خولقاندنی کەشوهەوایەکی سازگارتر و گونجاوتر لەگەڵ ڕۆحی بزێوی منداڵانەیدا، باوەڕبەخۆ لە خولی سەرەتاییەوە تا کۆتایی خوێندن لە چالاکییە لاوەکییەکانی قوتابخانەکانیدا بە خوێندنەوەی شیعر، دەقی ئەدەبی و شانۆییەوە بەشداری کردووە و پەرەی بە پەروەردەی زیاتری تواناکانی خۆی داوە.

موفیدە بۆ وەرگیران لە دەزگای فێرکاری و پەروەردە، ساڵی ١٣٤٨ی کۆچی هەتاوی دەچێتە دانشسەرای موقەدەماتی شاری سنە(خانەی مامۆستایان) و درێژە بە خوێندن دەدات. لەوێ مامۆستای ئەدەبیاتەکەی زیاتر لە هەمووان کاریگەری لەسەر دادەنێت. جارێکی دیکە هەست و خەیاڵی دەهێنێتەوە کوڵ و قەڵەمی پێ تاو دەدات. دەرئەنجام و پاداشی ئەو قەڵەم تاودانە، خۆی و باوکی بانگ دەکەن بۆ ساواک و لەوێ بە بیانووی ئینشاکانی و خوێندنەوەیان لەنێو پۆلدا، تێی دەگەیەنن هەندێ قسە بقەن و زمان بوەستێ سەر سڵامەتە. دوای تەواوکردنی خوێندنی دانشسەرا، ساڵی ١٣٥٠ دەبێتە مامۆستای خولی سەرەتایی و لە قوتابخانەکانی شاری سەقز وانەبێژی دەکات. هۆگری بە بواری ئەدەبەوە بۆ خوێندنی زیاتر هانی دەدات و چەند ساڵ دواتر دیپلۆمی ئەدەبیش وەردەگرێت.

جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٣ لەگەڵ کوڕێکی سەقزی بە ناوی «سدیق مورتەزایی» هاوسەرگیری دەکات. شووەکەی کارمەندی بێهداشت و دانیشتووی شاری تەورێز دەبێت. موفیدەش شوێنی ژیان و کاری لە سەقزەوە دەگوازێتەوە بۆ تەورێز و لەوێ درێژە بە مامۆستایی دەدات. ساڵی ١٣٥٦ واتە ساڵێک پێش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، ماڵیان دێتەوە شاری سەقز. وەک زۆربەی خەڵکی ئەو سەردەمە بۆ ڕزگاری لە هەڵاواردن و سەرکوتکاری و دەستەبەرکردنی دادوەری و ئازادی، دەچێتە ڕیزی خەباتکارانی دژی ڕژێم و چالاکانە و بوێرانە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش هەوڵ دەدات. چەند جارێ لە سەقز سەبارەت بە ڕەوایی و پێویستی خۆشکردنی گڕی شۆڕش وتار دەخوێنێتەوە، تەنانەت جارێکیش بۆ وتارخوێندنەوە تا شاری مەهاباد دەچێت.

موفیدە هەرگیز بە فەرمی ئەندامی هیچ لایەن و ڕەوتێکی سیاسی نەبووە. لەگەڵ چالاکانی هەموو ڕەوتە فکری و سیاسییەکانی ئەوسای سەقز، نێوانی خۆش بووە. خۆی پێی وایە ئەم خووی هەڵکردن و تەبابوونەی لە بنەماڵەکەیەوە، بە تایبەت باوکییەوە هەڵگرتووە. ساڵی ١٣٥٨ بەربژێری هەڵبژاردنی شۆرای مامۆستایانی پەروەردەی سەقز دەبێت و لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵاندا بەپێی ئەو دەنگانەی هێناویەتی وەک ئەندامی جێنشینی ئەو شۆرایە دیاری دەکرێت. گەرچی زۆرتر کەسێکی نەتەوەیی بووە و تەنانەت تا سەرکەوتنی شۆڕش، زۆر جار لەسەر ئایین هەڵقراوە، کەچی، ساڵی ١٣٦٠ بە تاوانی ئەندامی جێنشینی شۆرای مامۆستایان و تۆمەتی چەپبوون لە کار دەیوەستێنن.

هاوکات لەگەڵ دەست لە کار پێکێشانەوەی، ساڵی ١٣٦٠ مێردەکەشی حوکمی دوورخستنەوەی هەتایی بۆ شاری دێزفوول دەدرێت. مێردەکەی مل بەم حوکمە نادات. خێری کاری بێهداشت دەبەخشێتەوە و جارێکی دیکە بارگە و بنە تێک دەنێنەوە بەرەو شاری تەورێز.

موفیدە تاڵی و دژواری هەشت ساڵ نەداری و دەربەدەری بە شیرینی؛ خوێندنی ئینگلیزی، فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی تورکی و موتاڵای فۆلکلۆری تورکی، تێدەپەڕێنێت. ساڵی ١٣٦٨ مێردەکەی بانگ دەکرێتەوە بۆ سەر کار و دەگەڕێنەوە.

ساڵی ١٣٧٢ وەک ئەندامی ئاسایی بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی فەرهەنگی ئەدەبیی مەولەوی دەکات. دواتر دەبێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر و هاوڕێ لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ئەنجوومەن، بوار بۆ چاپ و بڵاوبوونەوەی چەند ژمارەی گۆڤاری (زێویە) خۆش دەکەن. گۆڤاری زێویە، یەکەم تایبەتنامەی ناوخۆیی ئەنجوومەنی مەولەوی بوو. هەندێ لە ژمارەکانی ئەم گۆڤارە تایبەت بە ئەدەبی گەورەساڵ و هەندێکیشی تایبەتی ئەدەبی منداڵان بوو. لقی فۆلکلۆری ئەنجوومەن چالاکتر دەبێتەوە و خاتوو مەزهەر، لەسەر بنەمای فۆلکلۆری کوردی، سێ شانۆنامەی؛ مام هۆمەرە، شیردا بۆ پیردا، کایەی منداڵان و مێلوورە و مشک، دەنووسێت. خۆی دەبێتە دەرهێنەریان و بە یارمەتی مەعنەوی ئەندامانی ئەنجوومەنی مەولەوی و هەر بە ناوی ئەنجوومەنی مەولەوییەوە، پێشکەشی دەکات. هەندێ لەم شانۆیانە سەرەڕای ئەوەی لە بەشی لاوەکی فێستیڤاڵی شانۆی سەقزدا بەشدار دەبن، لە بەشی لاوەکی شانۆی پارێزگاشدا لە سنە بەشدار دەبن و لە لایەن شانۆکارانەوە پێشوازی گەرمیان لێ دەکرێت، تەنانەت شانۆنامەی مێلوورە و مشک، لە لایەن یەکێک لە دەرهێنەرانی سەقزەوە دەکرێتە شانۆ و پێشکەش دەکرێت. چەند ساڵ دواتر کتێبی سێ شانۆگەری بۆ منداڵان، چاپ دەکات. ئەم کتێبە سێ شانۆنامەی مام هۆمەرە، شیردا بۆ داپیردا و خوازبێنی قودقود خاتوونی لە خۆ گرتووە و ساڵی ١٣٩٨ خەڵاتی خولی دووهەمی کتێبی ساڵی پارێزگەی سنە وەردەگرێت.

خاتوو مەزهەر نزیکەی پازدە ساڵ دوای دەرکرانی، جارێکی دیکە لە ڕێگای نووسینی ژمارەیەک شانۆنامە و

هەواڵنامەی کتێب

دەرهێنـەری شانۆی منداڵانـەوە، بە شـێوەیەکی بەرفراونتر و کاریگەرتـر لـە دەورانـی مامۆسـتاییەکەی، لەگـەڵ منداڵانـی کـورد پێوەنـدی دەگرێتـەوە. بـەم شـێوە هـەم گەشـە بـە شانۆ، بەتایبـەت شانۆی منـداڵان دەدات، هەمیش فۆلکلۆر وەک سـەرچاوەیەکی فەرهەنگـی دەوڵەمەنـد و خۆماڵـی بـە نـەوەی نـوێ دەناسـێنێت و بەمجۆرە سـەروەری سـەرکاروانی، نووسـین و دەرهێنانـی شانۆی کـوردی منـداڵان لـە شـاری سـەقز و بگـرە هەمـوو ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانیش بـۆ خـۆی دەسـتەبەر دەکات.

ڕەوشـتبەرزی و هەقخوازیـی، ئـەم ژنـە ئازادبیـر و بوێـرەی خەمخـۆری گۆڕەپانـی فەرهەنـگ و ئەدەبـی گـەل، گەلـێ جێـگای سـتایش و ڕێـزە. ڕەخنەگرێکـی وردبینـی کـراوە و زمـان نەرمـی جێـمتمانـەی زۆرێـک لـە کچـان و کوڕانـی ئەنجوومەنـی مەولـەوی و چالاکانـی بـواری فەرهەنـگ و ئەدەبـە. لـە کۆڕێکـی فۆلکلـۆری ناوخـۆی ئەنجوومەنـدا، نیوەشۆخی و نیوەڕاست، وتـی: «هەتا گەنج بـووم پێوەندیم لەگـەڵ پیرێژنـان هێنـد بەهێـز بـوو چـی گەنجـە و سـنووق و پریاسـکەیان بـوو لای مـن دەیانکـردەوە، کـە دەکەوتنـە قسـەش نەیاندەبڕیـەوە، کەچـی ئێسـتا ڕووم تێناکـەن و بـۆم نایەنـە قسـە، ڕەنگـە پیـر بووبێتـم.» بـەڵام، بەڕاسـت زۆر سـانا لەگـەڵ کـوڕان و کچانـی گەنجـی ئەنجوومـەن پێوەنـدی دەگـرت و قسـەیان لـێ وەردەگـرت. ئەمـەش ڕەنگـە بەهـۆی هەڵسـوکەوتی ڕێکوپێـک و بێگەردیـەوە بێـت. لای زۆرێـک، نموونـە و سەرچەشـنی ڕاسـتەقینەی ژیانێکـی سـەردەمیانەی گونجـاوی دوور لـە زێدەڕۆییـە. ئـەم خەسـڵەتانە و هەنـدێ خەسـڵەتی جوانـی دیکـە کـە لێـرەدا مـەودای باسـکردنیان نییـە بوونەتـە هـۆی ئـەوەی لـە لایەکـەوە هـەر دوو کـچ و کۆڕەکەشـی، پێچەوانـەی منداڵـی زۆر کـەس و کەسـایەتی نـاو کۆمەڵـگای ئێمـە، درێـژە بـە ڕێـگای دایکیـان بـدەن و ببنـە ڕێبـواری ڕێـگای فەرهەنـگ و هونـەر، لـە لایەکـی دیکەشـەوە ئەنجوومەنـی زانسـت؛ کـە ئەنجوومەنێکـی مەدەنـی و سـەربەخۆی بـواری فەرهەنگـە و لـە پێنـاو پـەروەردەی تـاک و گەشـەی کۆمەڵایەتیـدا چەندیـن کتێبخانـەی لـە شـار و گوندەکانـی سـەقز کردووەتـەوە، کتێبخانـەی گەڕەکی(قەوخـی) سـەقزی بـە نـاوی ئـەم کەسـایەتییەوە نـاو نـاوە.

جێـگای داخـە، خاتـوو موفیـدە تـا ئێسـتا لـە چـاو توانـای تاکەکەسـی خـۆی و ئـەو دەرفەتـەی وەک ژنێـک لـە لایـەن بنەماڵـەوە بـۆی ڕەخسـاوە، بەرهەمـی پێشـکەش نەکـردووە. ئەگـەر کۆمەڵـگای نەریتـی بـە یاسـای فەرمـی و نافەرمـی پیاوسـالارانەی، بـە هـەر شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاستەوخۆ لە هەمبـەر چالاکییە ئەدەبـی و هونەرییەکانیدا، لەمپـەر و ئاسـتەنگی دروسـت کـردووە لـە لایـەن ماڵەبـاوان و دواتریش ماڵەمێردەوە ئازادی دراوەتـێ و پشـتیوانی تەواوی لـێ کـراوە. ئەمـە لـە حاڵێکدایـە تـا ئێسـتاش زۆر بنەماڵـەی ئـەم کۆمەڵـگا، ڕەوایـی بـەم چەشـنە چالاکییانـە نـادات و بـۆ زۆر ژن و تەنانـەت پیاویـش، پشـتیوانی بنەماڵـە لـەم بـوارەدا خەونێکـی مەحاڵـە. گەرچـی دەتوانیـن هەنـدێ پاسـاوی وەک؛ ئابـووری بنەماڵـە، ماڵـداری، مناڵەبـەری و ناخۆشـی و نابـاری دۆخـی ژیـان بـۆ کەمکارییەکـەی بێنینـەوە، بـەڵام بێگومـان خاکەڕابوونیشـی ڕۆڵێکـی گرینگـی لـەم کەمکارییـەدا گێـڕاوە و لـە کارکردن گێڕاویەتـەوە. سـەرەڕای ئەمـەش کۆمەڵێـک بەرهەمـی بەنرخـی پێشـکەش بـە هونـەر و فەرهەنگـی کـوردی کـردووە کـە هەندێکیـان بریتیـن لـە:

١. نووسین و دەرهێنانی شانۆی مام هۆمەرە.
٢. نووسین و دەرهێنانی شانۆی شیردا بۆ داپیردا.
٣. نووسین و دەرهێنانی شانۆی کایەی مناڵان.
٤. نووسین و دەرهێنانی شانۆی من بێهوەرزم.
٥. نووسینی شانۆنامەی مێلووره و مشک.
٦. نووسینی شانۆنامەی تاسە.
٧. نووسینی شانۆنامەی خوازبێنی قودقود خاتوون.
٨. نووسینی شانۆنامەی کەروێشکی ژیر و زانا
٩. چاپی کتێبی سێ شانۆگەری بۆ مناڵان.
١٠. دارشتنەوە و چاپی هەقایەتی فۆلکلۆری تیتل و ببیل هەدایە بە شیعر.
١١. پێداچوونـەوە و چاپـی کتێبـی دیوانـە شـیعری گردوکۆی شێخ نافیع مەزهەر(شپرزە).
١٢. پێداچوونـەوە و چاپـی کتێبـی «سـڵ و ترسـی سـەقز» وەرگێڕانـی شـێخ نافیـع مەزهەر(شـپرزە).
١٣. پێداچوونـەوە و ئامادەکردنـی کتێبـی «گوڵۆڵـە و تاڵـی ژین، لە تـاڵ و شـیرین، لـە سـپی و ڕەش، لـە سـوور وشـین» نووسـینی شـێخ نافیـع مەزهەر(شـپرزە).
١٤. پێداچوونـەوە و ئامادەکردنـی کتێبـی «مێـژووی ئەدەبـی کـورد» نووسـینی محەممـەد مورتەزایی.
١٥. پێداچوونـەوە و چاپـی کتێبی «چێشـتی برنج»نووسـینی محەممـەد مورتەزایی.
١٦. کۆکردنـەوە و چاپـی کۆمەڵـە هەقایەتـی فۆلکلـۆری «دەسـێ گـوڵ و دەسـێ نێرگـز ١» لەگـەڵ فاتمـە حیجازی، لوقمان نادرپـوور و حەیـدەر لوتفی‌نیـا.
١٧. کۆکردنـەوە و چاپـی کۆمەڵـە هەقایەتـی فۆلکلـۆری « دەسـێ گـوڵ و دەسـێ نێرگـز ٢» لەگـەڵ فاتمـە حیجـازی.
١٨. وەرگێـڕان و چاپـی کتێبـی «سـینەما ئیدێـن» لـە فەرەنسـاییەوە لەگـەڵ ئەسـتێرە مورتەزایـی.
١٩. وەرگێـڕان و چاپـی «چیرۆکـی کابراکـە وا کاسـە و کەوچکەکانـی نەئەشـۆرد» لـە ئینگلیزییـەوە.
٢٠. وەرگێڕانی کۆمەڵێ چیرۆکی مناڵان لە ئینگلیزییەوە.

# پرتەقاڵەکەی کاکە زیادی حەماغای کۆیە



**فازیل شەوڕۆ - کۆیە**

ژیان هەرگیز لە قاوغەیەکدا قەرار ناگرێ هەمیشە خۆی دەگۆڕێت و بەشێوازی جیاواز خۆ وەدەردەخات. زۆرجاران شتی بچووک بچووکی بێبایەخ دوای سەردەم و زەمانێک دەبنە شتی بایەخدار و بەرچاو و باسکراو. هۆیەکەشی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە ژیان لەگەڵ ڕۆژگاردا هێناویەتی و دەیانهێنێت. جا کە خوێنەری ئیمڕۆ بە چاوی ئیمڕۆ سەیری ئەو شتانە دەکات هەست بە دوو جیهانی تەواو جیاواز لە یەک دەکات. لە ڕاستیشدا شتەکان و ڕووداوەکان هەر هەمان شتەکان و ڕووداوەکانی زوون لێ ئەوەی گۆڕاوە بیر و هزر و ڕەوشت و دیدی مرۆڤەکانە.

پەنجا- شەست ساڵ پێش ئیمڕۆ شارێکی وەکوو کۆیە لە خانەوادە یان بنەماڵەیەک دەچوو کە هەر هەموویان یەک باپیرە گەورەیان هەبێت. پیاوە گەورەکان و ڕیش سپییەکانی شار بە قەد تاڵە موویەک خۆیان لە خەڵکە ڕەش و ڕووتەکە جیا نەدەکردەوە. مەلای گەورەی کۆیە- کە لە ئێران و تورانی بۆ ئیجازەوەرگرتن لەسەر دەستی ئەو دەهاتنە حوجرەکانی لەسەر سەکۆی دووکانی عەتارێک دادەنیشت و چای لەکن دەخواردەوە. بەکراغای حەوێزی - کە بەردی بناغەی مزگەوتی گەورەی کۆیەی داناوە دەستی لەسەر سینگ بوو کە سڵاوی لە حەماڵێک دەکرد. کاکە زیادی حەماغای کۆیە - کە باوکی بە حاتەمیتەی کورد ناسرابوو زۆر جاران لەسەر کورسییەکی کچکۆکە لەپێش دووکانی خەیاتێک دادەنیشت.

کاکە زیاد حەفتانە دوو جار یان سێجار لە قەسرەکەی خۆیەوە بەپێیان دەهاتە بازاڕی. زۆرجار لای دەدایە سەر دووکانەکەی باوکم چایەکی دەخواردەوە.

سەرەتای زستان بوو ڕۆژێک بەدەم چاخواردنەوە کاکە زیاد پرتەقاڵێکی لەنێو دەستەسرێک دەرهێنا و گوتی:»وەستا ئەوەم بۆ تۆ هێناوە.» پرتەقاڵی باغی قەسرەکەی خۆی بوو. باوکیشم پرتەقاڵەکەی لێ وەرگرت و دوای ئەوەی برێک تەماشای کرد و بۆنی کرد سوپاسێکی گەرمی دیارییەکەی کرد.

دووکانی باوکم ڕۆماننووسێکی دەوێت بتوانێت باسی بکات. ڕادیۆیەکی مامناوەندی فلیپسی بە گڵۆپی لە ناوە سندووقێکی تایبەت دانا بوو کە چوار دەورەکەی قوماشێکی پەمەیی تەنک بوو. پرتەقاڵەکەی لەسەر ئەو سندووقە دانا و گوتی:«دەستی مەکەیە با لێرە بێ!»

هەرکە باوکم چووە دەرەوە منی حەوت هەشت ساڵان زوو پرم دایە پرتەقاڵەکەوە باش بۆنم کرد و گەمەم پێ کرد. وامزانی باوکم بێتەوە کوزێکم لێی هەر دەداتێ.

لێ! کە باوکم هاتەوە و بەلای پرتەقاڵەکەدا هەرنەچوو.

جاران پرتەقاڵ هەر بۆ نەخۆشان بوو فەقیر هەر لە نێو قەفەزی میوەفرۆشەکان دەیان دیت. ئەگەر پرتەقاڵێک بگەییشتبایە ماڵێک ئەوا بە لانیکەم حەوتەیەک بە زیندوویی دەمایەوە و جا دوای ئەوەی کە دەیانکردە قوربانی پەلک و توێکڵەکەی دەکرا بە خەناوکە و بازنۆکە و تۆپۆکەی یاریکردن... فڕیدانیش نەبوو دەبووایا بخرێتە نێو سەرینە پەڕەمووچەکانی سۆنە و قاز و مراوی. شەوان هەمووان بۆنی بکەن.

بۆ بەیانی دیسان باوکم ئاگاداری کردمەوە کە تخوونی پرتەقاڵەکە نەکەوم. ئەو ڕۆژەش هەر پاکژی نەکرد و پرتەقاڵلە جێگەی خۆی بوو. سێ چوار ڕۆژی پێ چوو پرتەقاڵەکە هات نەرم بێ و ڕەنگە جوانەکەشی ئەو ڕەونەق و شەوقەی جارانی نەما بوو. گوتم:«بابە! پەتەقاڵەکە نەرم نەرم بوو!» گوتی:‹لێی گەڕێ با لەوێ بێ!»

مانگێک تێپەڕی پەلکی پرتەقاڵەکە دەهات ڕەق بێ و بۆنە خۆشەکەی بە عاستەم مابوو.

ساڵ سووڕایەوە پرتەقاڵەکە هەر لەجێی خۆی بوو کە دەستت دەدایە وەک شەقشەقۆکەی منداڵان دنکەکانی ناوی شەقەشەقیان لێوە دەهات. ناوی هیچ هیچی تێدا نەما بوو.

وابزانم لە پۆلی سێی زانکۆ بووم نیوەی ساڵ کە گەڕامەوە و چوومە دووکانی باوکم بینم پرتەقاڵەی کاکە زیادی هەر لە جێی خۆیەتی بەڵام لایەکی بە قەد نینۆکێک قنجا بوو. گوتم:«بابە ئەوە کێ وای لەو پرتەقاڵە کردووە؟»

باوکم گوتی: «ئەو ڕۆژێکی پۆلیسێک کێلونێکی هێنا بۆی چاک بکەمەوە هەرچەند پێم گوت برۆ دوای وەرەوە غەزری نەڕۆیشت هەتا ئەمن خەریکی کێلونەکەی بووم ئەو کەتنەی کردبوو بە پەنجە پرتەقاڵەکەی قنجاندبوو.»

باوکم لەبەر ئەوەی دڵی هەر لە لای پاکژیی دووکانەکەی بوو مێشێک دنکە شقارتەیەک تۆزقاڵە خۆڵێکی لەو دووکانە بدیتبایە چاوی دەچووە پشتی سەری. نەیدەهێشت مووشتەری لە دووکانەی بمێنێتەوە بەڵام قەتیش نەمدی خیلافی وەعدی خۆی ئیشەکەیان بۆ ڕانەپەڕێنێ - جگە لە یەکجار نەبێ ئەویشتان ڕۆژێک بۆ دەگێڕمەوە.

پاش (٥١) ساڵ کە گەڕامەوە کۆیە و چوومە سەر دووکانەکەی باوکم یەکسەر بیرم بۆ لای پرتەقاڵەکە چوو کە سەیری جێگەیەکەیم کرد لەوێ نەمابوو. پرسیم:»بابە ئەدی کوانی پرتەقاڵەکە؟» بە حەسرەتێکەوە گوتی: «هێندە ڕەق ببۆوە وەک تۆڕی سووتاوی لۆکسی لێهاتبوو دەستت بدابایە خۆڵەمێش بوو هەڵدەوەرا. من هەموو ڕۆژێ کە تەماشای ئەو پرتەقاڵەم دەکرد وامدەزانی کاکە زیادی حەماغای میوانمە.»

وەفاداریی و ئەمەکداریی پیاوانی جاران وا بوو. هەزار سڵاو لە ڕۆحی هەموو ئەوانەی لێرە ناوم هێنان.

بەناز حدیٚ ساڵح - سۆران



# پرسی ژن لە ڕوانگەی یاسایی و سیاسییەوە

هەموو جیهان ئەمڕۆ بۆ باشترکردنی ڕەوشی ژنان بە دوای «ئەڵتەرناتیڤ»ێکدا دەگەڕێت. پرسی ژن هەمیشە یەکێکە لە پرسە هەرە گرینگەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بەردەوام جێی مشتومڕ بووە، بە تایبەتی لە نێو کۆمەڵگا دواکەوتووەکان و وابەستە بە کولتووری پیاوسالاری و ئایینەوە، تا ئێستا پێوەرەکان لەسەر بنەمای چەمکی ئەخلاقی و نائەخلاقی و ئاسایی و نائاسایی بەپێی عەقڵی عەشایەری دیوەخان و بەرژەوەندییە سیاسییەکان و دەسەڵاتداران دیاری دەکرێن.

خۆی لە خۆیدا ئەم پێوەرانە جێی گومان و شرۆڤەکردنن، ژنان بوونەتە قوربانی ململانیٚ سیاسی و بنەماڵەیی و عەشیرەتییەکان و تەنانەت ژنان خۆیان تەسلیمی ئەم کولتوورە پیاوسالارییە بووە تا ئێستا کچان و ژنان لەکاتی ڕووداوەکانی توندو تیژی دژ بە خۆ، چاویان لەسەر بنەما ئەخلاقییە باوەکانی کۆمەڵگایە. بەداخەوە تاکوو ئێستا لە هەرێمی کوردستان پرسی ناداپەروەری و نایەکسانی جێندەری لە فکری یاسایی و سیاسیدا بوونی هەیە.

بەپێی پێوەرەکانی ناوخۆ و نێودەوڵەتی، لە بەردەم یاسادا مافی هەموو تاکێک یەکسانە، کەچی تا ئێستا نایەکسانی لەنێو یاساکانی ئێمە بوونی هەیە، نموونەیش یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی لە هەرێمی کوردستانە. نایەکسانی ئەم یاسایە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە «هەرچەندە کاری لەشفرۆشی لە لایەن هەردوو ڕەگەزەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام لەکاتی ئاشکرابوونی کارەکە، پیاو بێتاوانە و سزا نادرێت و ژن تاوانبارە و سزا دەدرێت».

هەروەها یاسایەکی تر یاسای باری کەسی لە هەرێمی کوردستانە کە نایەکسانی ژن و پیاو لە خۆ دەگرێت و یاساکە هەڵگری توخمی نایەکسانیی ڕەگەزییە، چونکە ئەو یاسایە سەبارەت بە بابەتی فرەژنی هەندێک مەرجی بۆ (هاوسەرگیری دووهەم) داناوە بە گوێرەی یاسایەکە قەدەغەی فرەژنی کراوە، بەڵام بەداخەوە ئەم یاسایە نەبۆتە ڕێگر لە بەردەم دیاردەی فرەژنی، چونکە بۆشایی یاسایی هەیە و ئیتر ڕەنگە ئەمە بە ئەنقەست بەجیٚ هێڵدرابێت، لەبەرئەوەی هەموو ئەو پیاوانەی ویستی ئەنجامدانی (هاوسەرگیری دووهەم)یان هەیە سەردانی دادگاکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەکەن، پاشان گرێبەستەکە دەهێننەوە بەردەم دادگاکانی کوردستان و دادوەریش وەردەگرێت، چونکە ناتوانێت بڵێت نایاساییە. ژنی یەکەم ئەگەر سکاڵاش تۆمار بکات لەسەر هاوسەرەکەی هیچی دەست ناکەوێت و، لەڕووی سزاوە، پیاوەکە تۆمەتبار ناکریٚ؛ بەمەش ژن لە مافی خۆی بێبەش دەبێت.

کێشەکە تەنیا ئایین نییە کە سەرچاوەی یاسایە، بەڵکوو ئەخلاقی تایفی زیاتر ئازادییەکانی ژن پێشێل دەکات زۆربەی جار دەسەڵاتدارانی وڵات پەیڕەوی دەکەن و لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دەهێنن، زۆربەی کات ئایین دەکەنە دەرچەیەک بۆ تێپەڕاندن و سەپاندنی چەندین جۆر کولتوور و نەریتی خراپ یان دەیکەنە جۆرە ئایدۆلۆژیایەکی هەژمووندار و بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەیقۆزنەوە، بەمەش ئایین لای خەڵک بە چاوی ناشیرین و هۆکاری خراپیەکان سەیر دەکرێت.

هەروەها لە ڕوانگەی سیاسییەوە، دیسان ژنان لە بەشداری سیاسیدا لە مافەکانیان بێبەشن سەرەڕای گرینگبوونی دەوری ژنان لە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار کە ئێستا بۆتە دیاردەیەکی جیهانی بەڵام لە کوردستاندا پرسی بردنەسەری توانا سیاسییەکانی ژنان و بە هێزکردنی بەشداری کارای ئەوان لە پرۆسەی سیاسیدا، تا ئێستا کەم و کورتییەکی بەرچاوی پێوە دیارە و لە نێو ئەجیندای حیزبە سیاسییەکاندا بایەخی پیٚ نەدراوە و حوکوومەت تەنانەت لەنێو بزاڤە ئۆپۆزسیۆنەکان بەهەندی وەرنەگرتووە.

هۆکاری ئەمەش بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی باو بەسەر کۆمەڵگادا دەگەڕێتەوە کە بەهۆی زاڵبوونی کولتووری تێڕوانینی بە کەمگرتنی ژنانەوە سەرەڕای زۆری ژمارەی ئافرەتان باشە بۆچی دەبێت وەزیری هەموو وەزارەتەکان پیاو بن؟ بۆچی دەبێت بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکان و فەرمانگەکانی حوکوومەت هەر پیاو بن؟بۆچی دەبێت هەموو سەرۆک زانکۆکان پیاو بن؟ بۆچی دەبێت هەموو بەڕێوەبەری شارۆچکە

و پارێزگاکان پیاو بن؟ بۆچی دەبێت سەرۆکی هەموو پارتە سیاسییەکان پیاو بن؟ هەرچەندە بە ژمارەی تاک تاکە هەن بەڵام ئەگەر دوو نوێنەری ژن بچێتە پەرلەمان یان ببێتە وەزیر، ئەمە تەنها بۆ ڕواڵەتە تاکوو نەڵێن ژن بەشدار نەبووە، بڵێن ڕەچاوی پێوەرەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیمان کردووە.

بۆیە پێویستە بەشداری ژنان لە بزووتنەوە سیاسییەکان فراوان بکرێت تاکوو ئێستا ئافرەتان بە سیستەمی کۆتا دەچنە نێو پەرلەمان، پێویستە ئەمە لاببردرێت چونکە واتای نەبوونی متمانە بە ئافرەت و کەمی توانای ئافرەت دەگەیەنێت، لە ئەورووپادا ڕێژەی بەشداری ژنان لە پەرلەماندا سەدا ٤٤ ی تێپەڕاندووە، بۆیە پێویستە پەرلەمانی کوردستان یاسایەک دەربکات لە بەرژەوەندی ژنان بێت و کابینەی نوێی حوکوومەت لانیکەم سەدا ٣٠٪ ژنان لە حوکوومەت و ناوەندی بڕیار و سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی فەرمانگەکانی حوکوومەت بەشدار بن.

چی تر بکوژی ژنان لە نێو حیزبدا داڵدە نەدرێن تا دەستی یاسایان پێ نەگات تا ئێستا کولتوورێک و دیاردەیەکی زۆر ناشیرین هەیە، شەرەف لە ژن پێناسە دەکەن و دەبینن. ئەمەی باسمان کرد تەنیا لەڕووی یاسایی و سیاسییەوە بوو، ئەگینا شیربایی ژن بەژنە، مارە بەجاش، وەرگرتنی نەخت، خوێن بە خوێن، ئەمانە دیاردەی قێزەونترن و ژن تێیاندا قوربانی سەرەکییە، هۆکاری سەرەکیی ئەم پرسەیش دەگەڕێتەوە بۆ نائامادەبوونی خودی ژن لە تەواوی پرس و پرۆسەکاندا.

لە کۆتاییدا بۆشایی یاسایی بۆ ژنان هەیە، لە چەندین شێواز ژن لە سەنتەر و ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکان زیاتر بۆ ڕواڵەت و وەک پاشکۆ دەکار دێت و خودی خۆی دەوری بکەری سەرەکی نابینێت. کۆمەڵگای پیاوسالاری ڕەنگدانەوەی لەسەر خودی یاسا و سیاسەت دەبێت. پێمان وایە ژنان خۆیان دەتوانن بەرەنگاری هەموو جیاکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاساییەکان ببنەوە و بارودۆخ و ڕەوشی ژیانی خۆیان باشتر بکەن.

## پێکهاتەی ئەفسانەی پەریان - کوردی

**هاشم سەلیمی - مەهاباد**

پێکهاتەی ئەفسانەی پەریان کوردی، ناوی کتێبێکە، بۆ یەکەمجار لەلایەن «ئیبراهیم ئەحمەدی» نووسەر و لێکۆڵەری بەنێوبانگی ناوچەی لەیلاخی پارێزگای کوردستان چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەم کتێبە بە پێشەکی پاراوی مامۆستای هێژا «ڕەحیم لووقمانی» ڕازاوەتەوە کە لەوێدا دەڵێ: «نووسەر بە خوێندنەوەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان، لەسەر کاری ئەفسانەناس و زمانەوانی جیهانی، گەڵاڵەیەکی پوخت و جوانی بۆ ئەم چیرۆکانە و بەگشتی بۆ چیرۆک و ئەفسانەی کوردی داڕشتووە و کارکردەکانی کردووەتە پێوەرێک بۆ هەموو ئەفسانەکانی ناوبراو».

لەم کتێبەدا کە لە سێ بەشی پێکهاتە، مۆتیڤ و تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی کوردی بە تێروتەسەلی باس کراوە. نووسەر بە کەڵک وەرگرتن لە کتێبی جیهانی گیرانەوەی «چیرۆکی فیلاندی» ساتوئاپۆی فۆلکلۆریست و کتێبی «پێکهاتەناسی ئەفسانەی جادوویی» پێگاه خەدیش، گەڵاڵەیەکی گشتی بۆ پۆلێنبەندی ئەفسانەکانی کوردی داڕشتووە. ئیبراهیم ئەحمەدی بۆ پێکهاتەی ئەفسانەکان شەش جووت کارکردی کردووەتە سەرچاوە و بنەما و لەو بوارەدا بۆ گشت کارکردەکان نموونەی لە ئەفسانەکانی کوردەواری و لەیلاخ هێناوەتەوە.

لە باسی تایبەتمەندی ئەفسانەکاندا بە بڕوای «لێکۆڵەر»، تایبەتمەندی زمانیی، مێژوویی، ئایینی، جوگرافیایی و دابونەریتی کۆمەڵایەتی لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەفسانەی نەتەوەکانی تر جیا دەکاتەوە. هەروەها لەسەر ڕۆڵ و پێگەی ژنان، گواستنەوەی دەسەڵاتی پادشایی، ئەزموونی پیاوان بۆ ژن هێنان و کراسگۆڕین یان دۆنادۆن تا ڕادەیەکی لە ناوەڕۆکی کتێبی پێکهاتەی ئەفسانەی پەریان-کوردی توێژینەوە کراوە.





خەلیل عەبدوڵڵا ئەحمەد - هەولێر

# ژنە پێشڕەوەکانی کۆمەڵ







## د.نەسرین فەخری، زانای زمان و ئەدەب

پرۆفیسۆر د.نەسرین فەخری، زانا و ڕووناکبیرێکی ناودار و هەڵکەوتووی کوردستانە و لە بەشەکانی زمانو ئەدەب و ڕۆشنبیری، خزمەتێکی زۆری پێشکەش بە گەلەکەی کردووە و خاوەنی خەرمانێک وشەی نووسراو و چاپکراوە.

نەسرین محەممەد فەخری سابوونچی کە بە د.نەسرین فەخری ناسراوە، ڕۆژی ٢٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٧ لە گەڕەکی «سابوونکەران»ی شاری سلێمانی لەدایک بووە و لە ئامێزی خێزانێکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەردا پەروەردە بووە.

بە حوکمی ئەوەی باوکی ئەفسەری سوپای عێراق بووە، زۆربەی شارەکانی کوردستان و عێراق گەڕاون.

لە کەرکووک و هەولێر و بەغدا قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە و ساڵی ١٩٥٩ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بە پلەی شەرەف لە زمانو ئەدەبی عەرەبی لە کۆلیجی ئادابی زانکۆی بەغدا بەدەست هێناوە.

لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیست بۆ خوێندن چۆتە یەکێتیی سۆڤییەت و لە شاری «باکۆ»ی پایتەختی ئازەربایجان خوێندوویەتیو هەرچەند بەکالۆریۆسەکەی لەسەر زمان و ئەدەبی عەرەبی بووە، بەڵام لە خۆشەویستی بۆ زمانی دایک، بڕوانامەی دوکتۆرای لە زمانی کوردی لەسەر (فەرمان لە هەر دوو شێوەزاری کرمانجیی خواروو و ژوورروو) دا وەرگرتووە. ئەوەش لەو کاتەدا یەکەم نامەی دوکتۆرا بووە کە لەسەر ئەو بابەتە بنووسرێت.

د.نەسرین فەخری دوای تەواوکردنی خوێندن گەڕاوەتەوە بەغدا و لە کۆلیجەکانی ئاداب و پەروەردە و زمان وەک مامۆستایەک، خزمەتی زۆری بە زمان و ئەدەبی کوردی کردووە و تا پلەی زانستی بووە بە پرۆفیسۆر، سەدان خوێندکاری بەکالۆریۆس و ماستەر و دوکتۆرا لەسەر دەستی ئەو پەروەردە بوون و بڕوانامەی بەرزیان وەرگرتووە.

د.نەسرین قەڵەمێکی دیاری زانستی بووە و لە ڕێی قەڵەمەکەیەوە خزمەتێکی زۆری بە زمانی کوردی کردووە و خاوەنی دەیان لێکۆڵینەوەی زانستییە لەو بوارەدا و شارەزا و زانایەکی دیاری زمانەوانییە و شوێن پەنجەی دیارە.

د.نەسرین فەخری، خاوەنی خەرمانێک بەرهەمی چاپکراو و دەستنووسە، خاوەنی زیاتر لە ٤٠ کتێبە کە بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی نووسیوونی.

١١ کتێبی بەزمانی شیرینی کوردی نووسیوە و٢١ کتێبی دەستنووسی کوردیشی لە دوا بەجێ ماوە.

١٠ کتێبیشی بە زمانی عەرەبی نووسیوە و سێ( ٣) دەستنووسی عەرەبیشی لە پاش بەجێ ماوە.

د.نەسرین لە بواری زانستی ئەدەب و زمان بەگشتی، بایەخیشی بە شیعر داوە و بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی شیعری نووسیوە و چوار دیوانی چاپکراوی هەیە.
د.نەسرین فەخری سەدان وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاو کردۆتەوە.
وەک مامۆستا و ڕووناکبیرێکی گەورە، ڕۆڵی دیاری لە دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد و کۆڕی زانیاری کورددا هەبووە و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئەو دوو دامەزراوەیە بووە و خزمەتی زۆری لە ڕێی ئەوانەوە پێشکەش بە گەل و نیشتمانەکەی کردووە.
هەروەها ئەندامی لێژنەی دانانی کتێبی پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکان لە وەزارەتی پەروەردە بووە.
د.نەسرین لە هەردوو بەشی عەرەبی و کوردی ڕادیۆی بەغدا و ڕادیۆکانی مۆسکۆ و باکۆ خزمەتی کردووە و شوێن دەستی لەو بوارەدا دیارە.
لە هەمووشی گرینگتر، بیرەوەری و یاداشتەکانی لەلایەن ڕۆژنامەنووس (سەرکەوت عەلی)یەوە نووسراوەتەوە و ئامادەیە بۆ چاپکردن.
بەداخەوە بەشێک لە کتێبخانە بەنرخەکەی فەوتاوە و ئەوەی ماوەتەوە خۆی پێشکەشی «بنکەی ژین»ی کردووە و بەرپرسانی ئەو بنکەیە کتێبەکانیان لە کتێبخانەی بنکە ڕێک خستۆتەوە و بە نیازی ئەوەن کە هەموو بەرهەمەکانی لە داهاتوودا بە چەند بەرگێک چاپ و بڵاو بکەنەوە.
د.نەسرین فەخری بەشداری دەیان کۆنگرە و کۆنفرانسی زانستی و ئەدەبی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کردووە و چەندان خەڵاتی ڕێزلێنانیشی پێ بەخشراوە.
ئەوەی لە دوا چاوپێکەوتنی د.نەسرین فەخری لەگەڵ تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤ لە بەرنامەیەکی بەڵگەییدا سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو، کە وتی زۆر ڕقم لە وشەی خانەنشینە، وتی، من خانەنشین نیم، خاکنشینم تا مردن خزمەتی گەلەکەم دەکەم.
وتی حەزم لە بۆنی خاکە لە دوای باران بارین، کە ئێستا بەداخەوە بۆنەکەشی نەماوە!.
پاش خزمەتێکی زۆر بە بوارەکانی زمان و ئەدەب و کەلەپوور و کولتووری کوردی، ڕۆژی ١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨، د.نەسرین فەخری بۆ دواجار ماڵاوایی کرد و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانیی زێدی خۆی بەخاک سپێردرا.
درود بۆ گیانی پاک و پیرۆزی ئەو ژنە زانا و هەڵکەوتووەی کوردستان.

## ئەحلام مەنسوور، قەڵەمێکی بوێری دژە باو



ئەحلام مەنسوور، لەنێوەندی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی، ناوێکی دیارە. ئەو وەک ژنێکی بوێر و یاخی و دژە باو لە گەرمەسێرەوە وەک یەکەم ژن هاتە ناو جەرگەی خەباتی سەختی ڕۆشنبیری و شارستانی و شوێن پەنجەی بە خزمەتکردنی ئەو بوارانەوە دیارە.
ئەحلام ساڵی ١٩٥١ لەشاری خانەقین لەدایک بووە. لەو شارە و بەغدا خوێندوویەتیو ساڵی ١٩٧٤ بەشی کوردی کۆلیجی ئەدەبی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە و هەر لە هەمان شار بڕوانامەی ماستەری بەدەست هێناوە.
لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە وەک ژنێکی ئازاو پێشەنگ هاتۆتە نێو دنیای ئەدەب و نووسینەوە و وەک چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و نووسەر خزمەتی کردووە و بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواری بەگشتی و شاری خانەقین بەتایبەتی بوون.
کۆمەڵە چیرۆکی «پرد» بە نۆبەرەی بەرهەمەکانی دادەنرێت و دواتر بە ڕۆمانەکانی «ئامە ڕەش» و «ئەڵوەن»، توانا و سەلیقەی بەرزی ئەدەبی خۆی سەلماند.
بێ لە چیرۆک و ڕۆمان، ئەحلام مەنسوور وتاریشی نووسیوە و وتارەکانی بەوپەڕی ئازایەتییەوە نووسیوە و ڕەخنەی لە دیاردە دزێوەکان گرتووە.
ئەحلام وەک کەسێکی ئەکادیمیو مامۆستای زانکۆش لە هەر دوو زانکۆی سلێمانی و کۆیە خزمەتی بە ڕەوتی خوێندنو فێربوون کردووە.
بەداخەوە ئەو ژنە هەڵکەوتووەی کورد ڕۆژی ١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣ بۆ دواجار لە شاری سلێمانی ماڵاوایی کرد و لە گۆڕستانی (خدری زندە) لە شاری خانەقینی زێدی خۆی بە خاک سپێردرا.

هەواڵنامەی کتێب

***

## گوڵبەهار، دەنگێکی ئەفسووناوی



گوڵبەهار، ژنە هونەرمەندێکی ناسراوی کوردستانە و بە ژنێکی ئازا و ڕچەشکێن لە بواری هونەردا دادەنرێت و وەک گۆرانیبێژ و ئەکتەر، خزمەتێکی زۆری بە هونەری کوردی کردووە.

ئەم هونەرمەندە بە ڕەچەڵەک خەڵکی ناوچەی «ئامێد»ی باشووری کوردستانە، بەڵام بەهۆی هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتییەوە بنەماڵەکەی بە ماڵەوە باریان کردووە و چوونەتە باکووری کوردستان و لە ناوچەی «جۆلەمێرگ» نیشتەجێ بوون و گوڵبەهار لەوێ و لە ساڵی ١٩٣٢ لەدایک بووە و دواتر ماڵباتەکەی کۆچی پێچەوانەیان کردووە و هاتوونەتەوە باشووری کوردستان.

گوڵبەهار لە مووسڵ و بەغدا خوێندوویەتی، ئێزگەی کوردی بەغدا، وێستگەیەکی گرینگ بووە بۆ ئەوەی لەو دەرگایەوە خزمەت بە بوارەکانی هونەری کوردی بکات و لەوێ وەک ئەکتەر بەشداری چەندین درامای کوردی ڕادیۆیی کردووە. پشکی شێری خزمەتەکانی لە بواری گۆرانیدا بووە و ٢٧٢ گۆرانی تۆمار و بڵاو کردۆتەوە و بەوەش وەک هونەرمەندێکی ڕچەشکێن و دژە باو و دەنگخۆش لەسەرانسەری کوردستان ناسرا.

گوڵبەهار لەگەڵ هونەرمەندانی هاوڕێی بەشداری چەندین ئاهەنگی گۆرانی لە ناوخۆ و وڵاتانی عەرەبی و ئەورووپا و خۆراوا کردووە.

پاش خزمەتێکی زۆر لە ئێزگەی کوردی بەغدا، ساڵی ١٩٨٧ خانەنشین دەبێت.

ئەم هونەرمەندە گەورەیە کە نزیکەی نیوسەدە خزمەتی هونەری کوردی کرد لە٢٣ی شوباتی ٢٠١٠ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لەشاری «نەجەف» بە خاک سپێردرا.

درووود بۆ گیانی پاکی گوڵبەهاری هونەرمەند، ئەو ژنە ئازایەی لە قۆناغێکی دژوار و بڤە دا مەشخەڵی هونەری بەرز بە دەستەوە گرتووە و لەو ڕێیەوە خزمەتی بە هونەر و کولتووری کوردی کردووە.

## مەلیحە نەزهەت: کڵاوڕۆژنەی ڕووناکیی زانست!

لە زۆربەی نووسین و لێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کە ٢١ی نیسانی ١٩٢٦ یەکەم قوتابخانەی کچان لە شاری سلێمانی بە ناوی قوتابخانەی زەهرا کراوەتەوە و خاتوو(گوزیدە عەبدولعەزیز یامولکی) یەکەم بەڕێوەبەری بووە. مێژوونووسی گەورەی کوردستان( د.کەمال مەزهەر) لە وتارێکیدا کە لەسەر (فاتمە محێدین) لە کتێبی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد)دا بڵاوی کردۆتەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە قوتابخانەی زەهرا، یەکەم قوتابخانەی کچان لە سلێمانی بووە.

بەڵام مامۆستا( کەمال ڕەئووف محەممەد) نووسەر و لێکۆڵەر ڕایەکی تری هەیە و ئەڵێ، ڕاستە قوتابخانەی زەهرا، یەکەم قوتابخانەی کچانی سەردەمی دەوڵەتی عێراقی سەربەخۆ بووە لە سلێمانی، بەڵام پێشتر و لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا قوتابخانەیەکی دیکەی کچان لە سلێمانی هەبووە.

مامۆستا کەمال ڕەئووف لە لێکۆڵینەوەیەکدا بەناونیشانی (یەکەم قوتابخانەی کیژانی سلێمانی) کە لە کتێبی (دەستەوارەیێ نان بۆ مێژوو) نووسیویەتی، ئاماژە بەوە دەکات کە قوتابخانەی زەهرا، یەکەم قوتابخانەی کچانی سەردەمی عێراقی سەربەخۆیە لە شاری سلێمانی. بەڵام پێش ئەوە و لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانیدا قوتابخانەیەکی دیکەی کچان لە شاری سلێمانی هەبووە، بەپێی ڕیزبەندی مێژوویی دەکرێ ئەوە بە یەکەم قوتابخانەی کچان لە سلێمانی دابنرێ.

مامۆستا کەمال ڕەئووف ئاماژە بەوە دەکات لە ساڵی ١٨٨٢ ئەنجوومەنەکانی مەعاریف لە ویلاتەکانی مووسڵ و بەغدا و بەسرە دامەزرا، ئەو ئەنجوومەنانە ئەرکی دامەزراندن و سەرپەرشتی قوتابخانە مەدەنی و عەسکەرییەکانیان کەوتە ئەستۆ و لە سایەی ئەوەدا چوار قوتابخانەی مەدەنی و سەربازی بۆ کوڕان لە سلێمانی کرانەوە.

لە١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٥، لە گەرمەی جەنگی یەکەمی گیتی، یەکەم قوتابخانەی کچان لە شاری سلێمانی کرایەوە و خاتوو(مەلیحە نەزهەت) کرا بە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە.

مەلیحە نەزهەت کێیە؟

مەلیحە نەزهەت کچی سەیدعەبدولقادر ئەفەندی، کوڕی شێخ عەبدولسەلامی ئەفەندییە کە یەکێک لە قازییە ناودارەکانی عێراق بووە. بە بنەچەش خەڵکی شاری سلێمانین. سەید عەبدولقادر لە شارەکانی ناسرییە و دیوانییە و کەربەلای باشووری عێراق قازی بووە.
بەهۆی ئەوە مەلیحەی کچی لە ساڵی ١٨٩٤لە شاری دیوانییە لەدایک بووە.
مەلیحە سەرەتا وانەی ئایینیی لای مەلا ئەحمەد لە سلێمانی خوێندووە و دواتر لای سەید عومەر عیرفان ئەفەندیی خاڵی، فارسی خوێندووە. باوکیشی وانەکانی تورکی و فارسی پێ وتووە. مەلیحە لە دیوانییە و کەربەلاش خوێندوویەتیو ساڵی ١٩١١ گەڕاونەتەوە شاری سلێمانیو لە گەڕەکی گۆیژە نیشتەجێ بوون.
لە١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٥ دەرگای قوتابخانەی کچانی سلێمانی کرایەوە و مامۆستا مەلیحە نەزهەت وەک یەکەم بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە دەست بەکار بوو. لەو قوتابخانەیەدا منداڵانی کچی ڕۆشنبیران و دەوڵەمەندەکان دەیانخوێند. وەک مامۆستا مەلیحە نەزهەت باسی کردووە وانەکانی( مێژوو، حیساب، ئەندازە،ڕەوشت، موساحەبات،نیگار) لەو قوتابخانەیەدا خوێندراون.
ئەم قوتابخانەیە ماوەی چوار ساڵ دەرگای بە رووی خوێندکاراندا کراوە بوو، تا ئەو کاتەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی گیتیدا دۆڕا و ناوچەکەی لە دەست دا، هاتنی ئینگلیزەکان بۆ سلێمانی، ئیدی دەرگای ئەم قوتابخانەیە و قوتابخانەکانی دیکە لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩١٨کڵۆم دران.
مامۆستا مەلیحە نەزهەت پاش هەشت ساڵ دابڕانی لە هۆڵەکانی خوێندن،لە ساڵی ١٩٢٦ لەسەر بڕیاری مەعاریفی گشتیی عێراق لە قوتابخانەی کچانەی بەعقووبە بە مامۆستا دامەزرایەوە، بەڵام بەهۆی نەخۆشکەوتنی منداڵێکییەوە نەیتوانی دەوام بکات و مۆڵەتی وەرگرت و بۆ ساڵی دواتر لە قوتابخانەی کچانەی زەهرا لە سلێمانی بە مامۆستا دامەزرایەوە و لەو قوتابخانەیە و قوتابخانەکانی کچانەی سەدیقە و گۆیژە وەک مامۆستا و بەڕێوەبەر خزمەتی کرد.
پاش خزمەتێکی زۆر بە بوارەکانی پەروەردە و خوێندن لە قۆناغێکی تاریک و دواکەوتوودا وەک ژنێکی ئازا و پێشەنگ لە کلاورۆژنەی زانست و زانیارییەوە ڕێگا تاریکەکانی ڕۆشن کردەوە و بەردی بناغەی خوێندنی مەدەنیو شارستانی دانا.
ئەم تەوارەی کوردستان لە٢ی نیسانی ١٩٦٧ بۆ دواجار لە دووریی خاک و نیشتمان لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی برایەوە بۆ شاری سلێمانی و لە گردی جۆگە بە خاک سپێردرا.
ڕێز و وەفا و ئەمەکداری بۆ گیانی پاک و پیرۆزی ئەو مامۆستا پێشەنگەی، جەنگ و کێشە و گرفتە گەورەکانی ئەو سەردەمە،کە لە شاڕێی خەباتی زانستی و پەروەردەیی لای نەدا و مەشخەڵی زانستی بە بەرزی و پیرۆزیی ڕاگرت.



مامۆستا کەمال ڕەئووف محەممەد کە وەک سەربازێکی ون خزمەتێکی زۆری بە مێژوو و ئەدەب و هونەر و زانست کرد و دەیان کتێبی بەنرخی لەو بوارانەدا خستۆتە نامەخانەی کوردییەوە، ئێستا ئەویش کۆچی دوایی کردووە و وەک لەو نووسینەیدا لەسەر یەکەم قوتابخانەی کچان و مامۆستا مەلیحە نەزهەت ئاماژەی پێداوە،لە ساڵانی ١٩٨٦وە تا ١٩٩٧ بە ئاواتی ئەوەوە بووە کە قوتابخانەیەکی کچان بە ناوی مامۆستا مەلیحەوە ناو بنرێ، بەڵام داواکەی کە هێندەش قورس نەبووە، جێبەجێ نەکراوە و فەرامۆش کراوە.
داواکارم لە وەزیری بەڕێزی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی، ئەو ئاوات و ڕاسپاردەیەی مامۆستای نەمر کەمال ڕەئووف محەممەد بهێننە دی و قوتابخانەیەکی کچانە لە سلێمانی بکەن بە ناوی مامۆستای پێشەنگ ( مەلیحە نەزهەت)ەوە، کە زۆر شایستەی ئەوویە.



# حاجی ژنی باغڵووجە، کانیاوی شیفا

ئەمین گەردیگلانی - بۆکان

ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردووی خۆمان و وڵاتەکەمان بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ شێرەژن و سەرەژنی زۆر دڵسۆز و فیداکار و ماندوویینەناس لە کۆمەڵگاکەماندا هەبوون و هەن. ئەگەر بە چاوێکی ئەمەکدارانەوە لە دەوروبەری خۆمان بڕوانین، ئەو فریشتە ڕەزاسووک و دلۆڤانانە دەبینین و زۆر کەسی تریش لە لاپەڕەی بیرەوەرییەکانماندا یادی سەوز و پیرۆزیان تۆمار کراوە.

من لە بیرەوەریی خۆمدا زۆرم لەو ژنە زانا و ئازا و لەخۆبردووانە دیوە و ناو و یادیانم ئاوێتەی ڕۆح و هەستم کردووە. بەڵام یەکێک لەو دایکە فیداکار و دڵسۆزانە هێندە بەلامەوە گەورە و پیرۆزە، بە پێویستم زانی سڵاو لە ڕۆحی بەرز و پیرۆزی بکەم و قەڵەمەکەم کڕنۆش بۆ گیانی پاکی بەرێ. ئەویش «حاجی ژنە نەزاکەتی باغڵووجە»، خێزانی دڵسۆز و وەفاداری «حاجی سەوزەیە.» ئەو ژنە زانا و دەستسووک و دەستڕەنگینە بە حاجی ژنی باغڵووجە بە ناوبانگ بوو. حاجی ژن، شکستەبەندێکی کارامە و لێزان و پسپۆڕێکی بێوێنە بوو. ئەو شێرەژنە هەموو ماوەی تەمەنی و هەتا ئەو کاتەی هێز لە دەست و مەچەکیدا بوو، بۆ خزمەتکردن بە خەڵک نەسرەوت و سەدان کەسی لە مەرگ ڕزگار کرد. ئەو ژنە ڕۆحسووک و ڕەزاسووکە، ڕۆژ نەبوو کەسانی دەست و لاق و پشت و پەراسووشکاونەهێنن بۆ لای و ساتێک حەسانەوەی نەبوو. شەو و ڕۆژ ماڵەکەیان لە مجرۆ و کەلەلا جمەی دەهات و پەنا و داڵدە و جێگە هانای لێقەوماوان بوو. بنەماڵەیەکی دڵاوا و نانخۆش و سفرەبڵاو بوون. حاجی ژن بێ ئەوەی چاوی لە هەقدەست و دەستخۆشانە بێ، لە ڕێی خودادا و بۆ خزمەتکردن بە خەڵک هەوڵی دەدا و شلوێبوون و نێوچاوان گرژی و ماندووبوونی نەدەزانی و هیچ ڕۆژێک لە ژیانیدا ڕۆژی پشوودان نەبوو.

هیچ شتێکی لە خەڵک وەرنەدەگرت، مەگەر ئەو کەسانەی چاک دەبوونەوە خۆیان گەزێک خام و جاو یان تەلاشەدار و بەن و هێلکەیان ببردایە کە ئەوانەشی بۆ کاروباری شکستەبەندییەکەی پێویست بوو. بیرەوەرییەکم لەو دایکە دڵسۆز دەست و دڵپاکە هەیە کە جێی خۆیەتی باسی بکەم.

هاوینی ساڵی ١٣٥٦ ی هەتاوی،بەرغەڵەوان بووم. هەشت ساڵم تەمەن بوو. دارهەرمێیەکی ماڵی کاک ئەحمەد سۆفی ڕەحیم هەبوو لە قەراغ ڕێگاکە و نێوان مەزرای ئێمە و ئەوان هەڵکەوتبوو.دوو لقی دارەکە داهاتبوونەوە و دەستم پێیان دەگەیشت.فێر بووم خۆم پێوە هەڵدەواسی و لاقم بە دارەکەدا هەڵدەگێڕا و سەرەوبن خۆم هەڵدەگێڕاوە. جۆرێک ژیمناستیک بوو بۆ خۆم دۆزیبوومەوە و هەتا هیلاک دەبووم هەموو ڕۆژێ ئەوە کارم بوو. بەرغەڵ دەڵەوەڕان و منیش خەریکی خۆهەڵگێڕانەوە بووم. ڕۆژێک نازانم بۆ دەستم گیری کرد و نەمتوانی لاقم لە بەینی دوو لقەکە و دەستی خۆمەوە ئاوژوو بکەمەوە و بە سەرەوە کەوتمە خوارێ. هێزم دا سەر دەستی ڕاستەم هەستمەوە، لە خوار هەنیشکمەوە دەستم نووشتاوە و چریکە و ژانێک لە قۆڵ و هەنیشکم گەڕا و بەرچاوم تاریک بوو، ژانەکەشی ئێستاش دوای چل و سێ ساڵ هەستی پێ دەکەم و لە بیرم نەچۆتەوە. بە دەستی چەپەم دەستە ڕاستە شکاوەکەم گرت و چووم بۆ لای باوەگەورەم، لەسەرەوە خەریکی ئاوداشتن بوو. گوتم باوە حاجی، دەستم شکا. بە مێزەرەکەی بۆی لە ملم قایم کردم و بەرغەلمان لێخوڕی بەرەو ئاوایی. سۆفی ساڵە لە گەردیگلان شکستەبەند بوو. چووین بۆ ماڵی ئەوان. سۆفی ساڵە چاوی لە دەستم کرد و گوتی: «ئەوە کاری من نییە. لە دوو جێوە شکاوە و هەنیشکیشی لە جێ چووە. بیبەن بۆ لای حاجی ژنی باغڵووجە.»

ماڵی سۆفی ساڵەش جێگە داڵدەی لێقەوماوان بوو، خۆی شکستەبەند بوو و خات گوڵچینی خێزانیشی مامان بوو، هەموو منداڵانی سەروو تەمەنی من و خوار منیش لەسەر دەستی ئەو لە دایک بوون و ساڵی ١٣٩٣ ی هەتاوی کۆچی دوایی کرد، ڕۆحی شاد بێ. بەڕاستی ئەویش ژنێکی کارامە و لێزان و تێگەیشتوو بوو؛ نیوەشەو لەنێو دێ و گوندەکانی دەوروبەرەوە دەهاتن بە دوایدا و لە خەوی شیرینیان هەڵدەستاند و بەبێ ئەوەی شلوێ بێ، دەستەوبەجێ لەگەڵیان دەچوو.

لەگەڵ باوەگەورەم بەپێیان بەرەو باغڵووجە وەڕێ کەوتین. نێوان گەردیگلان و باغڵووجە بەپێیان،سەعاتە ڕێیەک دەبێ. گەیشتینە باغڵووجە و چووینە خزمەت حاجی ژنە نەزاکەت. کە دیتم دڵم پێی ڕوون بۆوە و هەستم دەکرد ئەو دەستە کز و باریک و ناسکانەی ئێشم پێ ناگەیێنن. دەتگوت دەستی دایەگەورەم لێ کراوەتەوە و لە ئەو پێوەند کراوە. ڕەگە شینە ئەستوورەکانی و پێستە تەنکە پیرانەکەی هەر لە بەرچاومە. قۆڵم هەڵکرد و لە بەردەمی دانیشتم. لە گڵێنەیەکی پەلدا ئاوی گەرمیان هێنا. دەستی بە نەرمی بۆ داشتم، هەر لە پەستا ناوی خودا و پێغەمبەری دێنا و بە دەستێکی ئاوی پێدا دەکرد و بە دەستەکەی دیکەی دایدەماڵی.گوتی: «ئا ئەوە چییە لە بەر ئەو پەنجێرەیە؟» منیش چاوم لە پەنجێرەکە کرد و هۆشم چوو بۆ ئەوێ، بەڵام هیچی لێ نەبوو. لە پڕێکدا تەکانێکی لە دەستم دا، هێندەم ئێش پێگەیشت هەستم کرد هەموو گیانم کەوتە سەر ئارەقە و چاوم هیچ کوێی نەدی. کوتوپڕ بوو بە شەو، هەر خێراش ڕووناکی هاتەوە. وەک ئەوەی لە شەوێکی تاریکدا و لە ژوورێکدا چرا

هەڵکەی و بیکووژێنیەوە. ژانەکەی یەکجار زۆر بوو، زۆر لەکاتی شکانەکەی زیاتر بوو. حاجیژن فەرمووی ئەوە شوکر هەنیشکی چووەوە جێ. دەستی لێ هەڵگرت و گوتی ئەو ئاوە برێژن. ژنێک هات پێم وابێت بووکی بوو، ئاوەکەی برد لە حەوشە ڕشتی. کچێکی جحێڵ لەسەر مجۆعمەیەک حەوت هەشت گرکەی هێنا. قەتم گرکەی ئاوا گەورە و جوان نەدیبوو. باسی گرکەی باغلۆوجەیان دەکرد و بەناوبانگ بوو، بەلام ئاوا بە چاوی خۆم نەمدیبوو. لە خۆشیی گرکە لە بیرم چۆوە دەستم شکاوە. مجۆعمەکەیان هێنا پێشێ، دەستم برد گرکەیەک هەڵگرم بیدەم بە باوەحاجیم بۆم پاک بکات،چریکە لە دەستم هەستا و نەمتوانی بیجووڵێنم. ژانەکەشی ئەوەندە زۆر بوو فرمێسک بە چاومدا هاتە خوارێ و لە ڕووم هەڵنەهات بگریم. ئەو گرکەی ویستم هەڵیگرم باوە حاجیم ئەوە نا، یەکی دیکەی هەڵگرت و پاکی کرد. ئەوەندە بەتام بوو قەتم گرکەی وا نەخواردبوو. دوای خواردنی گرکە حاجیژن گوتی: ئاوەکە گەرم بوو؟ ئەگەر حازرە بیهێنن!

هەستام و چوومە بەردەمی حاجیژن، لەو کاتەدا سێ نەفەر کابرایەکی قەڵەویان لەسەر نێردیوانێک دانابوو و لێفەیان تێوەپێچابوو، هێنایانە ژوورێ. کابرا نازانم خەڵکی چ دێیەک بوو. گوتیان لەسەر دیوار بەربۆتەوە، هاواری ڕان و سنگ و شانی دەکرد. حاجیژن چوو بۆ لای و گوتی: ڕانی شکاوە. دەستی لە پەراسووەکانی دا، گوتی: پەراسووشی شکاوە. شانیشی دەبێ لە جێ چووبێ، بۆیە ناتوانێ دەستی بجووڵێنێ.

کاتێک ئەو کابرایەم دی، ئەوەندەم پێ گوناح بوو ژانی دەستی خۆمم لە بیر چۆوە. کابرایان لەسەر نێردیوانەکە داگرت و لەولاوە ڕایانکێشا، هەر لە پەستا هاواری دەکرد و دەینالاند. حاجیژن هات بۆ لام و لەسەر گڵێنە ئاوە گەرمەکە نەرمنەرم دەستی بۆ داماڵیم و قرچەقرچ یەسقانەکانی دەخستەوە جێی خۆی. باوەگەورەم لە دواوە هەردوو شانی توند گرتبووم و نەیدەهێشت بجووڵێمەوە. ژانەکەی هێندە زۆر بوو لەوانە بوو دڵم بێخود بێ. دەستم ڕاست بۆوە و حاجیژن گوتی: قامکت بجووڵێنە! قامکم جووڵاندەوە و گوتی: مستت بقووچێنە! مستم قووچاند و کردمەوە. گوتی: زۆر چاکە. سێ چوار تەلاشە دار و بەنێکی سپییان بۆ هێنا. دەستیشم دەتگوت فوودانەیە فووی تێ دەکەن، جار لەگەڵ جار دەماسی. تەلاشە دارەکانی لەسەرەوە و بنەوە لەسەر دەستم دانا و بە بەنەکە توند بەستی. ئیتر ئێشی نەما. هەستم کرد دەستم چاک بۆتەوە. گوتم: بۆ دەستم ئاوا ماسیوە؟! حاجیژن گوتی: هیچ نییە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە چۆتەوە جێ.

ئێمە هەستاین و خوداحافیزیمان کرد و حاجیژن فەرمووی: دە ڕۆژی تر وەرنەوە. گەییشتینە بەردەرگا و پیاوێک کچێکی جحێڵی بە سواری گوێدرێژ هێنابوو، گوتی لاقی شکاوە.

دوای دە ڕۆژ لەگەڵ باوەگەورەم چووینەوە بۆ ماڵی حاجی سەوزە. حاجی ژن کوڕێکی لە بەردەستتدا بوو. لە من گەورەتر بوو. ئەویشیان لە قاراوا گەورەوە هێنابوو. دەستی شکابوو. دەستی کوڕەی هەڵبەستەوە و گڵێنە ئاوەکەیان ڕشت و پڕیان کردەوە لە ئاوی گەرم. نۆرەی من بوو. چوومە بەردەمی دانیشتم. تەلاشە دارەکانی لە دەستم کردەوە و بە ئاوە گەرمەکە بە نەرمی دەستی بۆ داماڵیم و پاشان گوتی: هەڵیگرە بیبە لە حەوشە بیرێژە! هاتم دەستی دەمێ نەمویرا، زۆر قورس بوو. جگە لە ئاوەکەی، گڵێنەکە چوار کیلۆ قورستر دیار بوو. حاجیژن گوتی: مەترسە، دەستت چاک بۆتەوە، هەڵیگرە! دەستم دایە، بردم لە حەوشە ئاوەکەم ڕشت و هاتمەوە ژوورێ. گوتی: «زۆر باشی گرتۆتەوە، مەبارەکە.»

حاجی ژن ڕۆژی ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٦٨ی هەتاوی ڕۆحی پەپوولەئاسای بەرەو دیاری هەرمان باڵی لێدا و خۆری ژیانی ئاوا بوو. بەڕاستی ئێستا بیری لێ دەکەمەوە ئەو ژنە (واتە حاجیژن) چەندە ژنێکی ڕۆحسووک و بە تەواوی مانا ئینسان بوو. شەو و ڕۆژ خەریکی خزمەت بە خەڵک و هەڵبەستنەوەی یەسقانی شکاوی دەست و لاق و ئەندامی خەڵک بوو. حاجی ژن جگە لە شکستەبەندی لە بواری پزیشکی و گیادەرمانیشدا زۆر پسپۆڕ بوو. مەڵحەمی بۆ هەموو جۆرە برین و کوان و تیراویێک هەبوو. لە هەموو شار و دێهاتەکانی ناوچەوە دەهاتن بۆ لای و بەبێ ئەوەی شلوێ بێ و بە ئاستەم نێوچاوی تێکبنێ، بەوپەڕی مێهرەبانی و سنگفراوانییەوە و بەبێ ئەوەی قڕانێک لە هیچ کەس وەرگرێ، بۆی هەڵدەبەستنەوە. بەڕاستی ئەو فریشتەی نەجاتە کە گیانی سەدان کەسی لە مەرگ نەجات داوە و پێموایە جێی خۆیەتی ئەو دایکە پیرۆز و مەزن و دڵپاکە گەورەترین نەخۆشخانەی بە ناوەوە بکەن و پەیکەرەی لێ دروست بکرێ و وەک هێمای گەورەیی و خزمەتگوزاری و ماندووییناناسی، هەموو ساڵێک یادی لێ بکرێتەوە. بۆ ئەوەی دوکتۆرەکانیش دەرسی ئەخلاق و گەورەیی و مرۆڤدۆستی لەو شێرەژنەوە فێر بن و بەو باوەڕە بگەن کە مرۆڤ بۆ خزمەتکردن بە یەکتر خودا ئافراندوویەتی. ڕۆحی حاجیژنە نەزاکەت شاد بێ و یادی بەرز و سەوزی، هەمیشە پیرۆز بێ.





# له هەگبەی بیرەوەریی ئەختەری ژیان

(بیرەوەریی خاتوونێکی کورد بۆ دروستکردنی کەرەستەی کار و فەرمان)

لەتیف عەلەوی - سەقز

له بیرم دێت هێشتا ده، دوازده ساڵان بووم که ئەرکی ماڵ کەوتە ئەستۆم، هێندە بچکۆڵانە بووم که خاڵم پشتوێنەکەی لەنێو قەدم دەئاڵاند و سەری تری پشتوێنەکەی بە گرێژنەی درگاکەوە دەبەستەوە لە بەرئەوەی کە لەکاتی نان پێوەداندا نەکەومە نێو تەنوورەکەوە! خەسووم ئەونەی دەستی لەسەردانێی سەختگیر بوو، خۆری بەزەیی لە هەرێمی گیانی نەکەوتبوو! لە بیرم دێ ڕفێدەمان نەبوو، خەزوورم غەرقی ڕەحمەت بێ، فەرمووی: کچی خۆم پەرۆش مەبە، باوکی خۆت یارمەتییت دەدەا تا سازی بکەی، کیسەیەکی برنجم هێنا و پڕم کرد لە لباد و لۆکە و بە چواردەورا درووومانم کرد. خەزوورم فەرمووی: کوڕی بابی خۆت لە پشتەوە بەرگێکی لێ بدە بۆ ئەوەی لەکاتی نان پێوەدان بە ئاوری تەنوور دەستت نەسووتێ، شوێنی دەستم لە پشت ڕفێدە ساز کرد و پاشان تۆزێ ئاردەشێڵەم بە پشتی ڕفێدەدا ساوی؛ ڕفێدەم لەسەر پنە دانا و سەری دەستارم نا سەری تا جوان دەق بگرێ.

بووکی سێ ڕۆژان بووم که هەوریمان لەنێو سوێنەدا شێلابوو، تەنوورمان داخستبوو خەسووم دەیەویست تاقیکاریم لێ وەربگرێ و بزانێ ئەو سوێنەهەویرە کە خۆی لەوەپێش کردبووی بە نان، بە دەستی منەوە چەند نانی لێ دەر دێ؟!

بیست سەر مەڕمان هەبوو کە خەسووم و خوشکی چووبوونە تاقەتکردنیان و بۆ ئەوەی نەیەنە یاریدەم خۆیان پێوە سەرقاڵ کردبوو، دوو بەرەنانم کردبوو کەچی ئەوان هەر نەهاتبوونەوە! دوو ڕیز کولێرەم پێوەدابوو کە لە ناکاو شەوکەت خانم کە ژنی ئاغای ئاوایی بوو، خاتوونێکی لێزان و لێهاتوو بوو هاتە نێوماڵ و لەسەر تەنوور ئەمنی بینی و لە دوورا هەرای لە خەسووم کرد و گوتی: فاتێ، بووکێکت هێناوە کە سەرتۆپی تەواوی ئەم دێیەیە و وەک چارۆکە لە کۆڵی بگرە!

هەمدیسان ڕووی کردە خەسووم و فەرمووی: بە محەممەد بڵێ کە بووکێکی هێناوە کە ئەو نابێ دەسەنەخۆری ئێوە بێ و ئێوە ئەبێ دەسەنەخۆری ئەو بن .

بە زمانی خۆم نەبێ ئێستاشی لەگەڵدا بێ، کەس تیریی من لێ نادا و ناتوانێ بەو شێوەی من تیری لێ بدا .

لە بیرمە پێنج مانگای دۆشین و مانگایەکی کۆندۆمان هەبوو، ڕۆژانە دوو پووت شیرم لێ ئەدۆشین. دێتە بیرم کە خەزوورم کەرەسەی هەوێنی پەنیری لە شاری بۆ هێنابووم تا ئامێژەنی پێ بگرمەوە، نەمدەزانی کە چۆن ئامیان دروست بکەم، هەر بۆیە بەیان خۆرەتاو پەنجەی لە ئاوێ نەکوتابوو کە خۆم گەیاندە لای خەسووم لە شاری، کەچی بە سوێند و قورئاندا نووسا کە نایەم و پێت ناڵێم! کاتژمێر دووی پاش نوێژ گەییشتمەوە ماڵێ، یەکێک لە ئاوماڵەکان خوای لێ ڕازی بێت چۆنیەتی ئامێژەنی فێرکردم.

بەم شێوە کە سەرەتا شیلاوکم شووشت و لەنێو تۆنگەیەکی ئاوم کرد و دوایە هێل و مێخەک و نەبات و قەند و برێک خوێ و زاخم تێکەڵ کرد و بە عەقڵ و بۆچوونی خۆم کەوچکێکی چێشتخۆریم کردە پێوانە بۆ دوو پووت شیر، خوا دەس بە عەمری ئەو ئاوماڵەمان بگرێ کە لەو خەمەش ڕەخسام.

مەشکەمان نەبوو، دەبوو مەشکە ساز بکەم، ئەوەنەی لە بیرم بێ پێستی گوێرەکەی یەکساڵە زۆر تایبەتە بۆ مەشکە دروستکردن بەهۆی ئەوەی کە پێستی مەڕ تورتە و بۆنی لێ دێ بۆ مەشکە نابێ.

پێستی گوێرەکەم خستە هەڵاڵ؛ هەڵاڵ لە پنگە و گوڵی بێژان و برێک ئارد و ئاو پێک هاتبوو بۆ ئەوەی کە موو لەسەر پێستی دەرەوەی مەشکە نەمێنێ، سێ ڕۆژان مەشکەم لە هەڵاڵ نا و دوو جاری دیکەش بە هەمان شێوە لە هەڵاڵم گرت و دوایە بردم لەنێوماڵ هەڵمواسی تا دووکەڵ بخوا، بۆ خۆشکردنی مەشکە، خوێم پێوە کرد و تا سێ ڕۆژ لە ئاو و خوێم گرت و دوایە بە ڕووکاری دەرەوەدا لە تاڵم گرت، دەبێ بڵێم: تاڵ؛ مازووی کوتراو بوو کە مەشکەی سفت و سۆڵتر دەکرد. سەرەتان نەهێشتنم بە دەروش و دەزوو بنم گرت و خستمە سەر لوولەپ و بە دوو ئاو ژەندم و تەیارم کرد بۆ ڕوونگرتن و مەشکەژەندن، خەسووم کە گوێبیستی ئەو داهێنانەم ببوو، کراسێکی بە دیاری پێدام و بەو شێوەیە لە کڵ دەر هاتم.

# خوێنەر لە ئاوێنەی مەرگی خوێنەردا



**چیمەن سانیار - بۆکان**

لەمڕۆدا کە باس لە هەر چەشنە مردنێک بۆتە ڕۆژەڤ، کەنگێ باس لە مردنی کتێب و نووسین و خوێندنەوە دێتە ئاراوە؟ ڕەنگە، ئەگەر هەڵە نەبێتم، پاش کۆتاییەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی بوو، کە بۆ یەکەمجار باس لە مەرگی فەلسەفە کرا و پاشان ڕۆمان و دواتریش شیعر. ئیتر مرۆڤێک کە نزیکەی سەدەیەک دەبوو، بۆ یەکەمجار باسی لە مردنی خودا کردبێت، بەری لێ گرت و مردنی بردە بەر دەرگای هەر ماڵێک لە مژارەکان و بوارەکان، باس لە مردنی دیمۆکراسی هاتە گۆڕێ، مردنی لیبرالیزم و مزگێنی مەرگی هەرچی نزیکتری کاپیتالیزم، هەتا گەییشت بە شارستانییەتی مرۆڤ، خۆی. ئیتر ئێستا هەر هەموومان دەزانین، کە مرۆڤیش ڕۆژێک لە ڕۆژان چەشنی دایناسۆرەکان نەسڵی قڕی تێدەکەوێ و دوایی دەبڕێ، یان ڕۆژێک لە ڕۆژان لە چەند میلیار ساڵی داهاتوودا هەتاو بە ئێجگاری دەکووژێتەوە، بەڵام ئایا کتێبیش دەمرێ؟ بێگومان، بەڵێ، لەگەڵ کۆتاییهاتنی شارستانییەتی مرۆڤایەتی، بەڵام هەر ئەم مرۆڤەش کە دەزانێ ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆتایی بە شارستانییەتەکەی دێ، لە چەند هاردیسکێکدا لە چەشنی کتێب، هەر هەموو شتێکی لە ئەزموونی خۆی، بۆ ئەوانەی پاش خۆی هەنگاو دەنێنە ئەم گەردوونەوە بە یادگار بەجێ هێشتووە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەرەتا دەبینین کە خوداش یەکەمجار لە ڕێگای کتێبەکانییەوە پەیامی خۆی بە نوێنەرەکانیدا گەیاندە مرۆڤ، ئەوەش کە تەنیا ماتریاڵی فێربوون و زانست و خوێندنیش هەتا ئەمڕۆکەیش لە هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و زانکۆکانی هەر هەموو جیهاندا هەر کتێبە، دیسان جێگای تێڕامانێکی قووڵ و سەرنجێکی جیددی دەهێڵێتەوە!

ئەمڕۆکە لەسەرجەمی دنیای ڕاگەیاندن و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان زۆر بەرچاو هەستی پێ دەکەین، کە هەتا چەند گرینگیدان بە خوێندنەوە بۆتە ڕۆژەڤ! بە بەردەوام و دەتوانین بڵێین هاوکات لە سەتەلایت و تۆڕەکۆمەڵایەتی و مزگەوتەکانیشەوە بانگەشەی ئەوەمان بۆ دەکەن کە کتێب بخوێنەوە، بەر لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە یەکەم ڕستەی کتێبی پیرۆز بە «سەرەتا وشە بوو» دەست پێ دەکات، ڕەمزی کتێب لە چیدایە، کە لە جیاتی ئەوەی باس لە مردنی بکردرێ، باس لە گرینگییەکەی دەکردرێ؟ گەورەترین کەشفی «نیچە» بەڕای من ئەوە بوو؛ کە کتێبێکی نووسیی بۆ هەمووکەس و بۆ هیچکەس، ئیتر لەوەوە ڕەنگە ئەم ڕوانگەیە سەری هەڵدا، کە هەموو کتێبێکیش بۆ خوێندنەوە ناشێت، بۆ وێنە ئێستا ئێمە جیاوازی نێوان گۆڤارە زەردەکان و گۆڤارە ڕۆشنبیرییەکان دەزانین و دەتوانین لە یەکتریان جیا بکەینەوە، هەروەکوو جیاوازی نێوان ڕۆمانە ئەدەبییەکان و ڕۆمانە بازاڕییەکان دەزانین، هەروەکوو جیاوازی نێوان فیلمێکی کووبریک یان فێلینی و زنجیرەییەکی درامای تورکی یان مەکسیکی یان هەر کوێ... هەر لێرەشەوە ئەگەر بەهای کتێب وەکوو مژاری سەرەکی ئەم گوتارە وەلاوە بنێین و بگەڕێینەوە سەر ئەو کەسانەی کە دەیخوێننەوە، ڕەنگە ڕیسەکەمان ئەوەندەی تریش لێ بئاڵۆسکێ، ئیتر جیاکردنەوەی خوێنەر ڕەنگە وەکوو کتێب نەبێ و سەرئێشەیەکی زۆر زیاتری بە دوادا بێ، بەڵام تەنیا خاڵ هەتا ئێستا لەسەری کۆکین ئەوەیە؛ کە خوێندنەوە زۆر گرینگە، چونکە هەمووان هەر پێمان دەڵێن؛ بخوێننەوە! لە وڵامی ئەم پرسیارەشماندا کە چ بخوێنینەوە باشە؟ ئیتر ڕەنگە هەر کەسە و ڕوانینێک، هەر ڕوانگەیەک و پاساوێک. خوێندنەوە خۆی ئەگەر پرۆسەیەک بێت و خوێنەر

بەم پلیکانی پرۆسەیەدا سەر بکەوێ، بە کوێ دەگات؟ ئامانجی ڕاستەقینە لەم خوێندنەوەیە دەبێ چی بێت؟ بەڕای من یەکێک لە جوانترین ماناکان بۆ خوێنەر «ئومبێرتۆ ئیکۆ»ی ئیتالی داوێتی بە دەستەوە؛ خوێنەر ناوێکی دیکەیە بۆ مرۆڤێک ئازادانە بیر دەکاتەوە، لەم ڕوانگەیەوە ڕەنگە زۆر کتێبخوێنیش وەکوو خوێنەر ببیندرێن، لە حاڵێکدا چاوەڕوانی ئێمە ئەوەیە کە زۆر لە کتێبخوێنەکانیش وەکوو خوێنەر سەیر نەکردرێن. ئەدی کەسێک کە سەیری فیلمێکی سینەمایی دەکات چی؟ هەڵبەت لێرەشدا هەمان جیاکاری نێوان گۆڤارە زەردەکان و گۆڤارە ئەدەبییەکان دەتوانین لە بەرچاو بگرین، ڕەنگە کەم کەس دژی ئەم ڕستەیە بوەستێتەوە کە بینینی فیلمێکی ئاندرێ تارکۆڤسکی هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبێکی تۆلستۆی، یان سەیری پیشانگایەکی نیگارکێشی، یان مۆزەخانەیەک، چوونە کۆنسێرتێک و گوێگرتن لە پارچە مۆسیقایەکی شۆستاکۆڤیچ، هیچ کەمییەکی نەبێ لەگەڵ خوێندنەوەی دوکتۆر ژیواگۆی پاسترناک، یان مامۆستا و مارگاریتای بۆلگاکۆڤ.

«کالوینۆ» پێی وایە؛ من دەخوێنمەوە ئەگەر وایە نووسراوە. بەڵام لەم وڵاتەی ئێمەدا چی بە سەر ئەو تێکستانەدا دێت، کە ناخوێندرێنەوە، ئەگەر وایە؟ بە تیراژێک کە کتێب هەیەتی و بە ئامارگەلێک کە باس لە خوێندنەوە دەکەن، کە گوایە لە ساڵدا لە ژێر چەند خولەکدایە ؟ بە لەبەرچاوگرتنی هەمووی ئەمانەش، کاتێک گەورەترین نووسەرمان، باس لە خوێنەری کوشندە دەکات لەم بازاڕی نەخوێندنەوەیەدا، ئەدی پەنا بۆ کوێ ببەین؟ تازە ئەگەر باسی ئێمە تەنیا لە چوارچێوەی باشووردا بمێنێتەوە، کە هیچ سانسۆرێک نییە، سانسۆرێکی گەلێک پتەو کە لێرە دەکردرێ و وەکوو یەکێک لە کۆڵەکەکانی نەخوێندنەوە و وەکوو گەورەترین کۆسپ لە بەردەم خوێنەر و نووسەردا و وەکوو پتەوترین پردی پەیوەندی دنیای ڕۆشنبیریمان، کە جومگەکانی شکاندووە. کاتێک هەمان کێشەمان لە پارچەیەکی تر نییە، ئەدی بۆچی چاوەڕوانی بێجێیە و بەرزبوونەوەی ڕادەی خوێندنەوە و خوێنەرەکانمان هیچ لە زیادبووندا نییە؟ ئێستا لەم دنیا جەنجاڵەدا ئێمە بێین باس لە ژنە نووسەرەکان و ژنە خوێنەرەکانمان بکەین، بەڕای من هەڵەیەکی ئێجگار مەزن دەکەین. دۆزینەوەی جێگای ژن لەم دنیایەدا خۆی کردەیەکی شۆڕشگێڕانە دەنوێنێ، بەڵام دابەشکاری ژنانە و پیاوانەی ئەم دنیا نیوەچڵە، بە کوێمان دەگەیەنێ؟ بێگومان ساکارترین وڵام لێرەشدا دەتوانێ هەڵە بێت، کاتێک «مادام لاڤایت» وەکوو یەکەمین ڕۆماننووس لە پاش سێرڤانتیس کتێب بە چاپ دەگەیەنێ، کاتێک لە جیهانی ئەدەب و لە سەدەی نۆزدەهەم کەڵەنووسەرگەلێکی ژن وەکوو خوشکەکانی برۆنتێ و «جەیین ئاستین» هەن، ئیتر سەدەی بیست و ئەم دوو دەیەیەی سەدەی بیست و یەکیش بە لاوە بنێین، کە خەڵاتی نۆبڵ تێیدا تا ڕادەیەک خەریکە بە نیوە لەنێوان ژن و پیاودا بەش دەکردرێ، ئێمە کە مەستوورەی ئەردەڵان تەنیا ژنی ناو جیهانی کلاسیکمانە و من زیاتر وەکوو خوشکێکی حەوت برا وێنای دەکەم، هەرچەند حەقی مەتڵەب فارس گوتەنی ژنی هەزارمێرد دەنوێنێ، لە باشوور هاوکات خێزانی برایم ئەحمەد وەکوو یەکەمین ڕۆماننووسی ژن هەنگاو دەنێتە نێو جیهانی ئەدەبمانەوە، ئایا هەتا ئێستا ژنێکی ڕۆماننووسمان لە ڕۆژهەڵات هەبووە، هەتا باس لە جێگە و پێگەی ژن بکەین لە کایەیەک لە کایە ڕۆشنبیرییەکانماندا؟

ئیتر بەڕای من فێمینیزم لە هەر کایەیەکدا قسەیەکی هەبووبێ بۆ گوتن و ڕوانگەیەکی هەبووبێ بۆ پێشکەشکردن، لەم مژارەدا هەرگیز نەمبینیوە باس لە خوێنەری ژن کرابێ.

جیهانی خوێندنەوە دەتوانم بڵێم دەگمەن دنیایەکە کە ژنانە و پیاوانەی بۆ نییە، هەربۆیە زیاتر منی بە لای خۆیدا ڕاکێشا، بە ڕقێک کە لە هەر چەشنە دابەشکاری و جیاکارییەک کە هەمە، ئەم دنیایەم هەمیشە بەم شێوەیە سەیر کردووە کە دابەشکردنی بە تایبەت بۆ ژنانە و پیاوانە، بەرانبەرە لەگەڵ کوشتنی، ڕام وایە هەر کات باسمان لە خوێنەری ژن و خوێنەری پیاو کرد، ئیتر کاتی مردنی کتێبیش هاتووە، ڕەنگەش هەتا ئێستا کە باسمان لە مردنی هەموو جۆرێک لە مژارەکان کردووە و باسمان لە مردنی کتێب نەهێناوەتە ئاراوە، بگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵی دەستپێکە، واتە خوێندنەوە هێشتا لە قۆناغی هەرە گرینگ و دەستپێکی خۆیدا بە دەستلێنەدراوەیی ماوەتەوە. یان لە ڕاستیدا ئەستەم بتوانین وێنای بکەین، خوێنەرەکەمان ژنان بن یان پیاوان، یان هەر بتوانین هەڵیبژێرین. پێشم وا نییە هەتا ئێستا هیچ تێکستێک نووسرابێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پێشمەرجە، کە ئەو کەسەی دەیخوێنێتەوە؛ ژنە یان پیاو؟ خۆی لە خۆیدا کاتێک «فلۆبێر» دەڵێ؛ نازانم مادام بۆڤاری منە، یان من ئەوم! ئیتر ئەستەمە خوێندنەوەی خوێنەرێک، کە بە پێشمەرجێکی عەقڵییەتێکی ژنانە یان پیاوانەوە دەچێتە بەردەم تێکستەکە، خۆی لە خۆیدا کێ بوون، ئەو کەسانەی هەردووکیان بردنە بەردەم دادگا و لێپرسینەوە؟ لە درێژەی ماناکردنەکەی ئیکۆ بۆ خوێنەر، ڕای وایە؛ خوێنەر تەنیا ئەو کەسە نییە کتێبێک دەگرێ بە دەستەوە و چاوەڕوانی نووسەرەکە دەکات، شتێکی پێ بڵێ، ئەدی «بۆچی بەختیار عەلی» پێی وایە، خوێنەری کوشندە، خوێنەرێکە فێریان کردووە، گەر لە تێکستێک

تێنەگەییشت ئەوا گوناهی نووسەرەکەیە، فێریان کردووە، ناشێ پرسیارێک و بەرهەمێک و عەقڵییەتێکی چالاک هەبێت و ئەو تێینەگات.

ئیتر کێن ئەمانەی خوێنەر فێر دەکەن؟ لێرەدا «ئیکۆ» وڵامێکی بەهێزی «بەختیار عەلی» دەداتەوە، ئەو خوێنەر وەکوو هێزێک دەبینێ کە لە پرۆسەی بەخشینی مانا و تێپەڕاندنی ئاسۆکانی نووسەردا بەشدارە، خوێنەر ئەو مانایە دەدۆزێتەوە لە سنووری خەیاڵی نووسەر تێدەپەڕن، واتا کەسێک نییە ئیشی تەنیا وەرگرتن بێ، بەڵکوو کەسێکە خۆی بە سەرچاوەی تەفسیر و تێڕوانین دەبینێ، بوونەوەرێکە بە ئامادەبوونی، ڕوخسارێکی تر بە تەواوی هاوکێشە ڕۆشنبیرییەکان دەبەخشێ. ئیتر وڵامدانەوەی بەختیار عەلی بۆمان دەردەخات، خۆی لە چ ئاستێکدا دەبینێ و خوێنەرەکانی لە چ ئاستێکدا.ئێستا ئێمە بێین و لە هەمان کاتدا کە گلەیی نەبوونی خوێنەر دەکەین، بێین ئەم ڕێژە کەمەی کە هەشمانە، بەوە تاوانبار بکەین کە فێریان کردوون، یان فێریان دەکەن. خۆی قووڵایی کارەساتەکە تا ڕادەیەک دەردەخات و لەم هۆمەڵخەزایەشدا باس لە دابەشکردنی خوێنەرەکانمان بە سەر ژنانە و پیاوانەدا بکەین، ڕەنگە ئەم ڕێژە کەمەی خوێنەر کە هەشمانە، هەموویان کە لە دەست دەدەین هیچ، ئیتر دەتوانین باس لە مردنی خوێنەریش بکەین.

بە دڵنیاییەوە خوێنەر بە ئامادەبوونی سەرجەم هەستیاری و هۆشیارییەکانییەوە دەچێتە بەردەم تێکستێک، ئیتر وڵامنەدرانەوەی پرسیارەکانی نابێتە هۆکار، نووسەر بێتە مەیدانەوە و ڕەخنەش نا، بەڵکوو تاوانباری بکات بە فێرکراوی. ئەگەر خەمی نووسەر قەبووڵ بکەین لەوەی کە بە پێچەوانە یان بە پێشمەرجێکی عەقڵییەوە دەخوێندرێتەوە، بێگومان دەتوانین خەمی خوێنەریش لە بەرچاو بگرین کە بە عەقڵێکی ژنانەوە دەچێتە بەردەم تێکستێک، لەکاتێکدا هیچکام لەمانە لەکاتی داڕشتن و نووسینی خودی تێکستەکەدا بوونیان نییە.

تەکنەلۆژیا، یەکێک لە مەزنترین شۆڕشەکانی مێژوو و جیهانی مرۆڤایەتی، چاوەڕوانمان دەکرد زۆر زووتر جێ بە کتێب لێژ بکات، ئیتر ئێستا بە دەستەوەگرتنی کتێبێک سیما و دیمەنی ڕاستەقینەی خوێنەرکان نەماوە، وێدەچێ تا ڕادەیەک کتێبیش خۆی گونجاندووە لەگەڵ ئەم شەپۆلە نوێیەدا، بەڵام خوێنەرەکان چی؟ بۆچی خوێندنەوەی ڕۆژنامە لە لای ئێمە هەرگیز بەشێک لە دنیای خوێندنەوەمان نەهاتۆتە ئەژمار؟ بۆچی گوێگرتن لە هەواڵەکانی ڕۆژانە لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هەرگیز بەشێک نەبوو لە جیهانی خوێندنەوەمان؟ بۆچی گەڕانێک و سووڕێک بە ناو جیهانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەبووە بە بەشیک لە خوێندنەوەمان، هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی کاغەزی؟ دیمەنە باوەڕپێکراوەکە؛ بۆچی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی کتێبێکی ئەلەکترۆنی، نابێ بە هەڵدانەوەی لاپەڕەی کتێبێک لە کاغەز؟ لە حاڵێکدا لەم دنیای تەکنۆلۆژیایە زۆر زیاتر ژمارەی خوێنەر دەتوانێ هەڵکشان بە خۆیەوە ببینێ. ئیتر وێناکردنی خوێنەرێکی ئەلەکترۆنی تا چەند لە جیهانبینیمانەوە دەتوانێ دوور و نەکردە بێ؟ با جارێکی تر بە بیر و بۆچوونەکانماندا بچینەوە و سەرلەنوێ چەمکەکان بۆ خۆمان مانا بکەینەوە، لە هەموویان گرینگتر خوێنەر بە ڕوانگە و ڕوانینێکی نوێترەوە مانا بکەینەوە، نەک دابەشکاری بکەین، لە کۆتاییدا؛ کاتێک بەرپرسانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە نازانن چۆن بە نیچە ڕابگەیەنن، کە کتێبەکەی تەنیا چل دانەی لێ فرۆشراوە، نیچە بە بیستنی هەواڵەکە دەست دەکات بە شادییەکی لە ڕادەبەدەر، لەکاتێک ئەوانی تر چاوەڕوانیان کردووە کە دژکردەوەیەکی تر بنوێنێ، ئیتر نیچە لەوپەڕی کەیفخۆشیدا، لەنێو واقبردنەوە و سەرسووڕمانی بەرپرسەکانی دەزگاکەدا، دەڵێ: چۆن ئاڵمان چل کەسی تێدایە کتێبی من بخوێنێتەوە؟ نەترسین لە ڕۆژێک کە تیراژی کتێب لە وڵاتەکەی ئێمەدا گەییشتە چل کەس، گومان بکەین لەو کتێبانە کە بە میلیۆن دەفرۆشرێن، خوێنەریش وەک هەر چەمک و دەستەواژەی بەکارهێنراوی مێشکی مرۆڤایەتی چەمکێکە، کۆنسێپتە، ئیتر دەتوانی بە کوشندەی سەیر بکەی، دەتوانی بە تەمەڵی سەیر بکەی، دەتوانی بە ئازادی سەیر بکەی، دەتوانی هەر جۆرێک حەزت لێیە سەیری بکەی، بە ژن یان بە پیاوی سەیر بکەی، ئەوە تۆی کە بە عەقڵییەتی خۆت سەیری خوێنەر دەکەی، تۆ خوێنەرت چۆن حەز لێ بوو مانای بکەرەوە، من بە دڵنیاییەوە جۆرێکی تری سەیر دەکەم، نیچە جۆرێکی تر و ئیکۆ جۆرێکی تر.

خوێنەر لە لای من بوونی نییە، هەتا کاتێک تێکستەکە دەگاتە دەستی، هەر وەکوو لەگەڵ بە دەستەوەگرتنی تێکستەکە نووسەر بوونی نامێنێ، نەمرترین تێکستەکان، نەمرترین خوێنەرەکانیان هەیە یان نەمرترین نووسەرەکان؟

لێگەڕێن با ئەم پرسیارە وڵام نەدرێتەوە.

# کولسووم عوسمانپوور لەبەر ئاوێنەی ڕۆژگار



**نەسرین کەریمی - سنە**



ژنە تۆرەوان،توێژەر و شاعیر، «کولسووم عوسمانپوور» مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی(١٩٦٩) لە ئاوایی «ڕەزاو»ی سەر بە شارۆچکەی سەوڵاوا(پارێزگەی سنە) لە دایک دەبێت. بەهۆی هەلومەرجی کاری کە بۆ باوکی دێتە ئاراوە، پێش ئەوەی چلەی بچێت، بنەماڵەکەی ڕەزاوی ناوچەی هەورامان بەجێ دەهێڵێت و لە شاری مەریوان نیشتەجێ دەبن. ئەگەرچی بۆ شوێنێک گەورەتر دەچن، بەڵام ڕەزاو بەهۆی سروشتی جوانی بە لایەوە زۆر خۆشتر لە هەر جێگایەکی‌تر دەبێت. لە وەرزی بەهاردا هاژەی ئاو، شەتاو، بەفراو و دەنگی باڵندەکان و خوڕەی کانیاوەکانی لەکاتی بەربەیاندا زۆر زۆر دڵڕفێنە. ئەگەرچی لەو هەموو جوانییە بێبەش دەبێت، بەڵام ئەگەر لە ڕەزاو بژیایە، ڕەنگە وەک زۆربەی کچانی هاوتەمەنی لە خوێندن و مەدرەسەچوون بێبەش بووایە، یان ڕەنگە وایش نەبووایە؛ چونکوو باوکی ئینسانێکی خوێندەوار و کتێبخوێن بوو. پێنج خوشک و سێ برا دەبن. باوکی ڕێزی زۆری بۆ کچەکانی دادەنا و حیسابێکی جیاوازی هەبوو لەسەر کچەکانی و بەتایبەت کولسووم وەک کچە گەورە و منداڵی یەکەمی بنەماڵە. ڕەنگە لە ڕەزاویش ژیابان، پێشی بە مەدرەسەچوونی نەگرتبایە. کولسووم دەڵێ: باوکم هەمیشە ئەو کتێب و گۆڤارگەلەی کە دەیخوێندنەوە،بە ئێمەیشی دەدا و ئێمەیش دەمانخوێندنەوە. لە بیریەتی کاتێک پۆلی سێ یان چواری سەرەتایی بووە، باوکی کتێبی «ڕۆڵە بزانی»ی مەلا خدری ڕواری بۆ خوێندووەتەوە و زۆر جاریش بۆ لەبەرکردنی ئەو کتێبە هانی داوە. ئەمانە چەکەرەی هۆگری کولسووم بۆ لای زمانی کوردی و زمانی دایک و ئەدەب بوونە.

ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدەب و زمانی دایک شتێک نەبووە کە تازە پێی گەیشتبێت. چونکە هەر لە بنەماڵەدا هەبووە و لەگەڵی ژیاوە. وجوودی باوکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە هاندانی بۆ لای ئەدەب کاریگەری هەبووە. دایکیشی ژنێکی بەهەست و عاتیفی بووە. چونکە لە ماڵ و باوانی خۆی دوور بووە، هەمیشە بە دەنگێکی خۆش بە هەورامی، ماڵی باوک و باوانی خۆی لاواندۆتەوە. ڕۆژانە حەسرەتێکی شاعیرانە لە گەرووی دایکیەوە هەڵدەقوڵی و دەبوو بە شیعر و گەنجینە و خەزنەیەک لە فۆلکلۆر کە ڕۆژانە بەرگوێی دەکەوت.

بۆیە هۆنینەوەی شیعر و بیستنی شیعر لە نێو بنەماڵەدا باو بووە و شتێکی نامۆ نەبووە. دێتەوە یادی هەندێ جار کە باوک و دایک دەبووە دەمەقڕەیان، زیاتر شەڕەقسە دەبوو بە کینایە و ئیشارە و پەندی پێشینیان بە شێوازێکی ڕیتمیک.

ئەمانە هەموو خەزنەی وشەی کولسووم دەوڵەمەند دەکەن. ئەدەبی زارەکی لە لای دایکی بە دەنگی خۆشی و باوکیش دیسان بە دەنگێکی خۆش بە خوێندنەوەی دیوانی شیعری شاعیرانی کورد وەکوو مەولەوی، خانای قوبادی و زیاتر سەییدی هەورامی و هتد، کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری لەسەر بیر و ئەندێشەی هەبووە. هەستێکی خۆشی بۆ نووسین هەبووە. ئەمە لە وانە و دەرسی ئینشا لە خوێندنگە و مەدرەسەدا لە پۆلەکانی سەرەتایی زیاتر خۆی دەردەخست. خوێندنەوەی شیعر و لەبەرکردنی بەلاوە زۆر خۆش بووە.

بە دەستپێکردنی شەڕی ئێران و ئێراق، ڕەنجێکی تازە ئاوێتەی ژیانیان دەبێت، ترسی لە دەستدانی عەزیزانی. شەڕ، ڕەنجێکی گەورە دەبێت، وا لە کولسووم دەکات بۆ شەهیدبوونی دۆست و هاوڕێ و دراوسێیەکانیان پەنا بە شیعر ببات و شیعر بنووسێت. شیعرێک کە زیاتر چوارچێوەی غەزەل و مەسنەوی بووە. بەرەبەرە شیعری فارسیش دەنووسێت کە زێتر ناوەڕۆکی شینگێڕی دەبێت. دەورانی قوتابخانە و مەدرەسە لەسەرەتاییەوە تا ناوەندی لە شاری مەریوان تەواو دەکات، بەڵام بەهۆی شەڕ ئاوارە دەبن و دەچنە شاری سنە. بۆ ماوەی یەک، دوو ساڵیش لە شاری هەمەدان دەبن.

لە مەدرەسەدا زیاتر کاری شانۆ دەکات، زۆر حەزی لە کاری هونەری بەتایبەت شانۆ بووە، هەڵبەت پێی دەڵێن وێژەرێکی باشیشە، پێشنیاری پێ دەکەن لەم بوارەیشدا کار بکات. دوای تەواوکردنی قۆناخی دواناوەندی، خەبەری دەدنێ بۆ کاری وێژەری لە ڕادیۆ سنە کەسێکیان گەرەکە. ئەویش ڕوو لە سنە دەکات و لەپێشبڕکێیەکەدا بەشدار دەبێت. ئەمە لەکاتێکدا بووە کە شیعری زۆری بەتایبەت شیعری سەییدی هەورامی لەبەر بووە، هەروەها شیعری شاعیرانی دیکەی کورد. دوای پێشبڕکێیەکە، لە ڕادیۆ سنە کەمتر لە یەک حەوتە دەنگی دەچێتە سەر ئانتن و زۆر

پێشوازی لێ دەکرێ و جەماوەر حەز بە دەنگی دەکات.
هەر ئەو سەردەمە خێزانەکەی لە سەولاوا بووە کەچی کولسووم روو لە سنە دەکات و لەوێ دەگیرسێتەوە.
کاتی کارکردنی شانۆ لە ڕادیۆ سنە، هەندێ جار ڕۆڵی هاوسەری پیاوێک لە ناو شانۆکەدا دەبینێ. کاتێک دایکی ئەمەی بەرگوێ دەکەوێت، زۆری پێ ناخۆش دەبێت، ئەگەرچی شانۆیەک زیاتر نابێت.
لە کێبڕکێی شیعری سەرانسەریی قوتابییانی ئێران بەشدار دەبێت و پلەی یەکەم بە دەست دەهێنێت. لە هەمان کاتدا لە فەرمانگەی پەروەردە و بارهێنانی شاری سنە دامەزراندنی مامۆستای قوتابخانە دەستی پێکردبوو، بۆیە پێشنیاری بەشداریکردن لەو تاقیکارییەی پێ دەکرێت. دوای بەشداربوون، وەکوو مامۆستایەک هەڵدەبژێردرێت.
ماوەی دە ساڵ وەکوو نووسەر و وێژەری بەرنامەگەلی هەورامی (بەشی هەورامی، شیعری هەورامان، شیعری کوردیی ناوین، بەرنامەی ئێمە و گوێگران، بەرنامەی بنەماڵە) لە ڕادیۆ سنە کار دەکات.
وەکوو دەستەی نووسەران چەند ساڵێک لە حەوتەنامەی «ئاوێر» و،هەروەها «ئاسۆ» چالاکی دەبێت. مامۆستایەتی تەنیا لە جوگرافیای نێو پۆلدا نەبووە. لە ماڵ و دەرەوەیش کاری ئەدەبی دەکرد. چالاکی و تێکۆشانی وەک مامۆستایەک، تێکەڵ بە ئەشق و خۆشەویستی بووە.
وەک مامۆستایەکی لێکۆڵەر، شاعیر، نووسەر و داهێنەر ناوبانگ دەردەکات. زیاتر لە ٢٥ وتاری عیلمی و زانستی لە بواری ئەدەب لە کۆبوونەوە و فێستیڤاڵەکان لە ناوچە و پارێزگا و ناوخۆی وڵاتدا پێشکەش بە ئەویندارانی ئەدەب و زانست دەکات، کە زۆربەیان لە بڵاوکراوە و گۆڤارەکاندا لە چاپ دراون.
هەروەها شاعیری هەڵبژاردەی شیعری منالان لە ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی لە «ئەیوان» بووە. پێش ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی شیعرەکانی زێتر لە چوارچێوەی کلاسیکدا بوونە، بەڵام بەهۆی کارکردن لە ڕادیۆ، شەو و ڕۆژی لەگەڵ شیعردا تێپەڕ دەبێت. شیعری زۆر شاعیری دەخوێندەوە. هەروەها ئاشنابوون لەگەڵ خوالێخۆشبوو خاتوو ژیلا حسێنی، شاعیری چالاک و بەهەست و نووسەر و وێژەر لە ڕادیۆ سنە، دەرگایەکی نوێ لە شیعر لەڕووی دەکرێتەوە کە ئەویش «شیعری نوێی هەورامی»یە کە لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوییەوە پێنووسەکەی لەم بوارەدا دەخاتە گەڕ. یەکەمین شیعری نوێی هەورامی دەنووسێ و لە ڕادیۆ سنە بڵاو دەبێتەوە کە، پێشوازی زۆری لێ دەکرێت. دوایی لە گۆڤاری «سروە» و هەروەها «ئاوێنە» لە چاپ دەدرێت. هەڵبەت پێش کولسووم، کەسانێک پێشەنگی بواری شیعری نوێی هەورامی بوونە (وەک جەلیل عەباسی، عوسمان محەممەد هەورامی)، بەڵام وەکوو ژنێک یەکەم کەس بووە. هەروەها عادڵ محەممەدپوور لە کتێبی (مێژووی نوێخوازی لە شیعری هەورامی) ئاماژەی بە ناوی ئەم شاعیرە کردووە.

چۆن دەبێتە شاعیر؟

شیعر، تەنیا مەکۆ و داڵدەی مەعنەوی و دەروونی بۆ ڕۆحی کولسووم بووە. زۆر حەزی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی هونەر؛ وەک شانۆ، موسیقا و وێنەگری بووە. ئەگەر بارودۆخی فەرهەنگی، بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتیی بە باشی ئامادە بووایە، ڕەنگە لە هونەرێکدا چالاکی هەبووایە؛ وەک مۆسیقا لە بواری «دەنگبێژی» یان «ژەنیاری بە یەکێک لە ئامێرەکانی مۆسیقا».
دایک و باوکی هەر دوو دەنگیان خۆش بووە و ئەم بەهرەیە بۆ ئەویش وەک میرات دەمێنێتەوە. مەخابن بارودۆخی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی وا نەبووە بتوانێت بە دڵی خۆی توانای بنوێنێ و چالاکی هەبێت. بەڕای کولسووم، هونەر وەک نوورێک لە دنیای تاریک دێتە دەر و ئەو دنیا تاریکە، هەمموو ئەو ڕەنجانەن کە وا مرۆ شانیان وەبەر دەدات.
هۆکاری ڕووکردنە شیعر بە لای کولسوومەوە ئەوەیە: شیعر هیچ ئامراز و هیچ پێداویستییەکی ناوێت، بێجگە لە بەهرە و سوودبردن لە هێزی دەروونیی زمان و تێکۆشان و کارکردن لە بواری شیعر و ئەدەبدا.
یەکێکی تر لە هۆکارەکانی شاعیربوونی دەگەڕێتەوە بۆ نیگای پیاوسالاریی کومەڵگا بەرانبەر ژنان. بەهۆی ئەو ڕوانین و نیگایە، زۆر هەست بە جیاوازی و نامۆیی دەکات. چونکە وەکوو ژنێک دەنگی ئافرەت ناتوانێت زۆر بەرز بێت و ئەمە خۆی دروستبوونی خەم و ناخۆشی و نارەحەتی لە دڵ و دەروونی دروست دەکات. بەڵام لە نێو شیعردا لەگەڵ خەون، هیوا و ئارەزووەکانیدا دەژییت و هەموو خۆزگە و ئاواتەکان کە وەکوو گریی ژیان بوون، دەگوێزێتەوە بۆ نێو دنیای شیعر و ڕۆحی شیعرییان دەبەر دەکات و یەکەمین بەرهەمی شیعری بە ناوی «گرێ» پێکهاتوو لە شیعری نوێی هەورامی و شیعری کوردیی ناوین لە ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی(٢٠٠٧) لە چاپ دەدات.

**کتێبە چاپکراوەکانی کولسووم عوسمانپوور بریتین لە:**

١. گرێ (شیعری نوێی هەورامی و شیعری کوردیی ناوین )
٢. هەتۆڵ، مەتۆڵ (شیعر بۆ منالان)
٣. دیوانی ئەحمەدبەگ کۆماسی (هێنانە سەر ڕێنووسی هەورامی)

ئەم کتێبانەیشی بۆ چاپ ئامادەن:

١. کۆمەڵەشیعری کوردیی ناوین و هەورامی
٢. کۆمەڵەشیعرێک بۆ منالان
٣. کۆمەڵە وتار (بریتی لەو وتارانەی کە لە کۆنفرانس و کۆبوونەوەکاندا پێشکەش کراون).



# ژنی کورد و ئینتەرسێکشناڵیتی

**چنوور فەتحی - سەقز**

**پوختە:**
ئینتەرسێکشناڵیتی، یەک لە چەمکە سەرەکییە فێمینیستییەکانە کە بۆ ڕوونکردنەوەی فرەڕەهەندی و چەند لایەنەبوونی ئەو جیاوازییانەی کە دەستکردی کۆمەڵگان، دەخرێتە بەرکار. هەرچەندە ئەم زاراوە بەرهەمی کار و چالاکیی فێمینیستە ڕەشپێستەکانی هەفتاکانی(١٩٧٠)ی زایینییە، بەڵام ئاماژە بە بابەتێک دەکات کە بۆ چەندین و چەند دەیە و ئێستاشی لەگەڵدابێت، لە ڕیزی پێشەوەی خەباتە جیهانییە فێمینیستییەکاندا بووە. پرسیار سەبارەت بەوەی کە چۆن دەبێ بنەمای ژیانی مرۆڤ بەپێی نیژاد، ڕەگەز، سێکسواڵیتی، چین، توانایی (جەستەیی و زەینی) و هتد دەرک بکەین و، پرۆژە سیاسییەکانمان چۆناوچۆن وەڵامی ڕەنگاڵەیی و پڕئەژماریی ئەم فاکتەرانە لە واقیعی ژیاندا دەدەنەوە، تەوەری سەرەکیی ئینتەرسێکشناڵیتی پێک دێنێت. چەمکی ئینتەرسێکشناڵیتی، یەک لەو وەڵامانەیە کە دەکرێ بەم پرسیارە بدرێتەوە. سەردێڕە سەرەکییەکانی تیۆریی ئینتەرسێکشناڵیتی و پەرژانە سەر ئەزموونی ژنانی کەمینە لە هەموو شوێنێکی جیهان، لە هەموو ڕوویەکەوە دەتوانێت بۆ تێگەییشتنی دروست لە کەمینەبوون و کەوتنە بەر چەندین و چەند جۆر ستەمی یەکتربڕی ئەو ژنانەی لە دۆخێکی هاوشێوەدان، یارمەتیدەر بێت. ئەم وتارە بە ئامانجی ناساندنی توانا و توانستی ئەم ڕووکردە تیۆریکە لە هەمبەر «ژنی کورد»ەوە هاتۆتە نووسین و دەیهەوێ بە پەرژانە سەر ئەزموونەکانی ژنی کورد، وەک کەمینە لەو وڵاتانەی تێیدا دەژییت، ڕێگایەکی تازە بۆ دەرکی باشتری پێگەی کەمینەبوون و ئەو ستەمە دووقاتەی بەسەریدا دەسەپێت، دەستنیشان بکات و توێژەرانی ئاقاری ڕەگەز و جێندەر بانگهێشتی ئەم هەوڵە پێویستە بکات.

**پێشەکی:**
ئینتەرسێکشناڵیتی (Intersectionality)یان تێکچڕژاوی و لێکئاڵاوی، چوارچێوەیەکی ڕاڤەییە بۆ ناساندنی سیستەمە لێکئاڵاوەکانی دەسەڵات کە زیاترلە هەمووان کاریگەریی لە سەر ئەو کەسانە دادەنێت کە بەرەو پەراوێزەکانی کۆمەڵگا پاڵ نراون. ئینتەرسێکشناڵیتی لەسەر ئەو بنەما دامەزراوە کە شێوازە جۆراوجۆرەکانی توێژە کۆمەڵایەتییەکان لەوانە چین، تەمەن، سێکسواڵیتی، ئایین، ئایینزا، ئەتنیسیتی و ڕەگەز جیا لە یەکدی بوونیان نییە، بەڵکوو لێک ئاڵاون و یەکێکن. ئەم تیۆرییە کە لە ژێر ناوی بزووتنەوەی دژ بە سەرکوتی ژنانی ڕەنگینپێست لە کۆمەڵگادا دەستی پێکرد، ئەمڕۆکە ڕەوتێکی ڕاڤەییە کە دەکرێ بڵێین بۆ سەرپاک گرووپبەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەوانە شوناسە کۆمەڵایەتییەکان کە بەزۆریی کاتێک سەربەخۆ لەبەرچاو دەگیرێن، بەشێوەی زاڵ بەدی دەکرێن، دەگشتێندرێت. خوازەی چوارڕێیان یان خاڵی یەکتربڕ(Intersection) یەکەمجار لە لایەن «کیمبرلی ڤیلیامز کرێشناو»، فێمینیستی ڕەشپێستەوە بۆ بەیانی ئەندێشەیەک خرایە بەرکار بریتی لەوەی کە شێواز و جۆرە جیاجیاکانی هەڵاواردن، تێکچڕژاو و لێک ئاڵاون. بەم پێیە ئاڵۆزیی ستەمەکان بەتایبەت بەرانبەر کەسانێکەوە کە بە چەندین شێوە بندەستیی ئەزموون دەکەن، دەبێ ڕەچاو بکرێت. ئەو دەڵێ: «هەڵاواردن وەک هاتوچۆ لە چوارڕێیانێکدا، ڕەنگە لە لایەکەوە بێت یاخود لە سایدەکانی دیکەشەوە. گەر ڕووداوێک لە سایدێکدا ڕوو بدات، ڕێی تێدەچێت کە هۆکار و سەبەبکاری ئەو پێکدادانە، ئۆتۆمبیلەکانی هەریەک لە سایدەکان یان هەموو سایدەکان بن، بەڵام هەمیشە دەستنیشانکردنی ئەوە ئاسان نییە».

تیۆریی ئینتەرسێکشناڵیتی لەسەر ئەزموونی ژنانی ئەفریقایی – ئەمریکایی بەهۆی بوونیان لە خاڵی یەکتربڕی لانیکەم دوو سیستەمی دەسەڵاتدار و زاڵی ڕەگەز و نیژاددا، بیچمی گرتووە. هاوکات ئەم تیۆرییە بە دوورەپەرێزی لە بە تەوەردانانی ڕەهای نیژادپەرستی و پیاوسالاری، بەگشتی یەکتربڕبوونی سیستەمەکانی دەسەڵات و زاڵێتیی تاوتوێ دەکات. ئەوەی لە دەقەکانی ئینتەرسێکشناڵیتیدا سەبارەت بە شێوازەکانی بندەستی لەبەرچاو دەگیرێت، زۆربەی جاران بندەستیی ڕەگەزی، نیژادی و چینایەتییە. هەروەها سێکسواڵیتە وەک فاکتەرێکی دیکە ئامادەیە. نەتەوە و ئەتنیستی و جیهانیسێهەمبوون و کۆچبەری لە بەرئەوەی لەگەڵ نیژاددا نزیکایەتییان هەیە، لەوانەیە بەپێی پێگە تایبەتییەکان لێک بدرێنەوە. هەندێجاریش ئاماژە بە چەند بابەتێکی دیکەی وەک ئایین و ئایینزا و تەمەن و تەندروستی/ خاوەن پێداویستی تایبەتبوونیش دەدرێت. بەڵام دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگیرێت کە ئینتەرسێکشناڵیتی نەک وەک فرەچەشنییەکی بێ کۆتا لە «گرووپبەندییەکانی شوناسی تاکەکەسی» بەڵکوو وەک «زنجیرەپلەییە کۆمەڵایەتییەکان» بابەتێتیی بەم فاکتەرانە دەدات.[١]

ئینتەرسێکشناڵیتی لە ئێستادا بووە بە کەرەستەیەکی ڕاڤەیی کە توێژەرانی فێمینیست و دژ بە ڕەگەزپەرستی بۆ داڕشتنی تیۆریی پێوەندیدار بە شوناس و ستەم و هەروەها بۆ بەبینراوکردنی ئەزموونە فرەجۆرەکانی بندەستی کەڵکی لێ وەردەگرن. ئەم چەمکە هەروەها ڕەگی لە فێمینیزمی ڕەشدایە و ڕووکردی ڕەخنەگرانەی نیژادیی لەگەڵدایە. «لێزلی مەک کاڵ»، ئینتەرسێکشناڵیتی بە «گرینگترین پشکی تیۆریک» دەزانێت کە لێکۆڵینەوەکانی ژنان (Women Study) لە پێوەندیی لەگەڵ بوارە پێوەندیدارەکاندا تا ئێستا بەرێوەی بردووە.[٢] لە ڕاستیدا زۆرێک لە فێمینیستەکان ئەم چەمکەیان بەکار هێناوە و پەرەیان پێداوە. گەرچی هەموویان لە شیکردنەوەکانیاندا لەسەری چڕ نەبوونەتەوە. ئینتەرسێکشناڵیتی لە بەش و لقەکانی پەیوەست بە ژناندا

پەرەی سەندووە و هەروەها لە ئاستی ئاکادیمیکیشدا لە بەشەکانی دیکە و لە کۆمەڵێک بواری وەک پەروەردە، ئەنترۆپۆلۆژیا، لێکدانەوەی کولتووری، ئەتنیسیتی، لێکدانەوەی وڵاتانی ناڕۆژاوایی، ڕەگەزپەرستی و لێکدانەوەی نیونەتەوەیی وەکیتر هەم لە ئاستی میتۆدۆلۆژیکی و هەم لە ئاستی تیۆریکدا کاریگەریی هەبووە. لەم ناوەدا، پۆست مۆدێرنیستەکان و پۆست سترەکچراڵیستەکان بە شێوەیەکی تایبەت هۆگری ئەم تەوەرە بوون و لە گەشە و پەرەیدا دەوریان هەبووە. بەم چەشنە ئینتەرسێکشناڵیتی هەنووکە مۆدێلێکی بەرچاو و دیاری فێمینیستییە بە پانتاییەکی بەرینی نێوان‌دەقییەوە کە بەردەوام لەگەڵ پارادۆکس، نائامادەیی و کەموکوورییەکانی بەرەو ڕوو دەبێتەوە. دڵخوازبوونی ئەم چەمکە هەم لەسەر ئاستی تیۆریک و هەمیش لەسەر ئاستی سیاسی لەنێو زانکۆییەکان و ئەکتیڤیستە ناسپێپستەکان و چالاکانێک بە شوناسی پەراوێزییەوە بەرچاو و دیارە.

لە ئاستی تیۆریی سیاسیدا، ئامانجی ئینتەرسێکشناڵیتی یەکەم هەنگاو، دابڕان لە چەشنێک لە فێمینیزمی سپیی زاڵ و باو بوو کە نوێنەرەکانی بەزۆریی لیبراڵ و دەستەبژێر بوون. سەرچاوەی زاراوەی ئینتەرسێکشناڵیتی بۆ نەریتی ڕەخنەگرانەی فێمینیزمی ڕەش و هەروەها بزووتنەوە فێمینیستییە فرەنیژادییەکان لە دەیەکانی ١٩٦٠-١٩٧٠ دەگەڕێتەوە کە لەو کاتەدا فێمینیستەکان هەوڵیان دەدا بسەلمێنن کە چۆن پێگەی بندەستی ژنێکی ڕەشپێست وێڕای شوناسی ژنبوون و ڕەشبوونی بە شێوەیەکی تێکچڕژاو لێکئاڵاوە. بە جۆرێک کە تێگەییشتن لەم دووانە جیا لە یەکدیی هەرگیز سەر ناگرێت.

کەوابوو ئەوان بەرەنگاری ئەم ئایدیا بوونەوە کە ڕەگەز گرینگترین یان تەنیا فاکتەری دیاریکەری چارەنووسی مرۆڤە. بەڵام ئینتەرسێکشناڵیتی هاوکات میتۆد و خواست و چەشنێک کەرەستەی داهێنەرانە و ڕاڤەییشە کە بەنیازە نیشانی بدات شێوازەکانی ستەم/سەرکوت و چەندین گرووپبەندیی وەک ڕەگەز، نیژاد، چین، کۆچبەری، سێکسواڵیتی و تەنانەت خاوەن‌پێداویستیی تایبەتبوون و ڕەهەندەکانی دیکەی شوناس وەک بەرهەمی بنیادی کۆمەڵایەتی، هاوکات لە پێوەندیی ناوەکیی چەندلایەنەدان و لە بیچمگرتن و بەرهەمهێنانەوەی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن و نایەکسانییە سیستەماتیکە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵ دەگێڕن.

سەرباری ئەوەی کە زیاتر لە سێ دەیە بە سەر سەرهەڵدانی ئەم تەوەرە لە ئاقاری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا تێدەپەڕێ و گەلێک کتێب و نووسین لە بارەیەوە بە زمانە جۆراوجۆرەکانی جیهان هاتۆتە نووسین و بڵاوکردنەوە، بەڵام لای ئێمەی کورد و بە زمانی کوردی جگە لە چەند هەوڵێکی کەم و سنووردار شتێکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت. ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لە ئاقاری لێکدانەوەکانی ڕەگەز و جێندەر بە زمانی کوردی بێ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکات کە هەموو تەوەرە پێوەندیدارەکان یاخود ئەو ڕەخنانەی سەبارەت بەم تیۆرییە لەئارادان، دەگرێتەوە.

سەرەتا سەرچاوە مێژووییەکانی ئینتەرسێکشناڵیتی لێک دەدەینەوە و دوای ناساندنی نوێنەرە سەرەکییەکانی ئەم تیۆرییە، تایبەتمەندی و پارامەترە سەرەکییەکانی دەخەینە بەرباس و لە کۆتاییدا بە ڕوانینێکی لۆکاڵییەوە توانا و خاڵە بەهێزەکانی ئەم بابەتە بۆ توێژەرانی بواری ژنان لە ناو کوردیشدا لێک دەدەینەوە. ئەم ڕووکردە بە زۆریی بۆ وەسف و لێکدانەوەی شێوازە فرەچەشنەکانی ستەم کە یەکانگیرن، دەخرێتە بەرکار. لەو ڕووەوە کە ژنی کورد ئەزموونێکی تاک و تایبەتیی لە ستەم و بەربەستە جۆراوجۆرەکان هەیە، دەکرێ پێویستیی «ئینتەرسێکشناڵ بوون» ببێتە گوزارەیەکی باو و ناسراو کە لە بزووتنەوە پێوەندیدارەکاندا کاری پێ بکرێت و ئەمە بەو مانایە کە هەر خەباتێکی دیاریکراو لە باتیی چڕبوونەوە لەسەر گرووپ یان سیستەمێکی دیاریکراو، دەبێ نوێنەر و لەخۆگری ئەو کەسانە بێت کە ستەمە یەکانگیرەکان تاقی دەکەنەوە.

**سەرچاوە مێژووییەکانی ئینتەرسێکشنالیتی:**

«شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم» دەیەکانی یەکەمی سەدەی بیستەم بە هەوڵدان بۆ بەیاساییکردنی مافی دەنگدان بۆ ژنان دەهاتە ناسین کە بە دانی مافی دەنگدان بە ژنان لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەمریکا گەییشتە تەشقی خۆی و لە وڵاتانی دیکەدا بە مەودای زەمەنیی جیاجیاوە، کەم تا زۆر بەدواداچوونی بۆ دەکرا. نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم، دوای دوو ڕووداوی گرینگی جەنگی جیهانیی دووهەم و مای ١٩٦٨ی فەرەنسا، دوو بەرهەمی کاریگەری «ڕەگەزی دووهەم»ی سیمۆن دی بۆڤوار و «ڕاز و ڕەمزی ژنانە»ی بێتی فریدان، بە شێوەیەکی سەیر بۆ ڕەوتە جۆراوجۆرە فێمینیستییەکانی ناسراو بە «شەپۆلی دووهەمی فێمینیزم» ئیلهامبەخش بوون. ڕەوتێک کە خوازیاری ئامادەیی و بەشداریی زیاتری ژنان لە پانتایی گشتی و ئابووریدا بوو. سیمۆن دی بۆڤوار لە کتێبی «ڕەگەزی دووهەم»دا دەپەرژێتە سەر دەوری کولتووری زاڵ، کە بەردەوام هاوئاسۆی بەرژەوەندیی هێزە ئابوورییە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگایە لە بیچمدان بە ڕەگەزی بندەستی ژنانە و ڕەگەزی باڵادەستی پیاوانەدا و جەخت لە گرینگیی شێوەڕێژبوونی شوناسی تاکتەوەری ژنانە بۆ ڕزگاربوون لە بندەستیی دەکاتەوە. بێتی فریدانیش وەکیتر لە کتێبەکەیدا لەسەر بەرەیەک لە ژنان واتا ژنانی کابانی ئەمریکایی چڕ بووە بۆ ئەوەی ئەم پرس و کلێشە باوە بخاتە ژێر پرسیارەوە کە «ژنانی کابان لەوەی کە خزمەتی خێزانەکانیان دەکەن ڕازی و دڵخۆشن». ئەو دەریخستووە کە چۆن ژنان سەرەڕای بەهرەمەندبوون لە خوێندنی باڵا، زۆربەیان لە چەشنێک لە بێزاری و بێهیوایی هەمیشەییدا بەسەر دەبەن و لێرەوە بۆ کارکردن لە دەرەوەی ماڵ هانی دەدان. دواتر ئەم کتێبە بەهۆی گرینگیدانی لە ڕادەبەدەری بە بەردەنگی خوێندەواری سپیپێستی سەر بە چینی مامناوەندی ئەمریکایی، لە لایەن فێمینیستە ڕەشپێستەکانی بڕوادار بە یەکتربڕبوونی ستەم، لەوانە

هەواڵنامەی کتێب

«ئەنجێلا دیویز» و «کرێنشاو» بە شێوەیەکی جیددیی درایە بەر ڕەخنە. ئەم ناوانە کە دواتر وەک نوێنەرانی سەرەکیی نەریتی فیکریی «ئینتەرسێکشناڵیتی» ناسران، هاوڕێ لەگەڵ هاوخەباتە فێمینیستەکانی دیکەیان، ڕەخنەگرتن لە فێمینیزمی شەپۆلی دووهەمیان کردە خاڵی دەستپێکی بزووتنەوەی فیکری – سیاسیی خۆیان بەرەو ڕێبازێکی نوێ، بە مەبەستی ناسین و دیاریکردنی گرووپ و بەرەیەکی نەبینراوکراو، واتا ژنانی پەراوێزخراو، کە بەزۆریی بریتی بوون لە ژنانی ڕەنگینپێستی چینی کرێکاری قەراخنشینی شاریی لە ئەمریکا.

کە وابوو، ئینتەرسێکشناڵیتی، کە زۆرکەس بە بواری ڕەخسێنی شەپۆلی سێهەمی فێمینیزمی دەزانن، بە پلەی یەکەم کاردانەوەیەک بوو بەرانبەر بە پاوانخوازیی شەپۆلی دووهەم کە دواتر ڕەخنەگران ناوی «فێمینیزمی سپیپێست»یان لێ نا بەو مانا کە ئەو فێمینیزمە بە ڕادەی پێویست پەرگر نەبووە و نەیتوانیوە خواست و ئەزموونەکانی ژنانی ڕەنگین یان ڕەشپێست یان ژنانی سەر بە چینی خواری کۆمەڵگا بگرێتە خۆ. ڕەخنەگران لایان وایە فێمینیزمی شەپۆلی دووهەم لەسەر دەستی ژنانی سپیپێستی بەزۆریی چینی مامناوەندی خوێندەوار داڕێژراوە و هەروەها هەمیشە لە خزمەتی ئەواندا بووە. بەم چەشنە ئەزموونی بەرەیەک لە ژنانی باڵای کۆمەڵگا وەک ئەزموونی هەموو ژنان هاتۆتە ناسین و پەسەند کراوە. لەم قۆناغەدا، فێمینیستە سپییەکان بە پشتبەستن بە ئایدیای خوشکایەتیی فێمینیستی و داکۆکیکردن لە وێکچوویەکانی ژنان بۆ تێگەییشتنیان لە بابەتی ڕەگەز، سەبارەت بەو جیاوازییانەی لە ناوخۆی ژنان خۆیاندا بەهۆی شوناسی فرەچەشنی نیژادی و ئاخێزگەی چینایەتیی جۆراوجۆرەوە لە ئارادا بوو و دەبووە هۆی شێوەرێژبوونی پێوەندیی وەستاو لەسەر دەسەڵات لە ناو ژنان خۆیاندا، خەمسارد و بێهەڵوێست بوون. ئەم ڕووکردە یەکدەستە، سەبارەت بە جیاوەک و بەهرەمەندییەکانی بەرەیەکی تایبەت لە ژنانی زاڵ و خاوەن دەسەڵات لە چاو ژنانی پەراوێزخراو و کەمینە هیچ ناڵێت. کرێنشاو سەبارەت بە لێدوانی بەناوبانگی فێمینیستی ڕەشپێست واتا «سوجورنەر ترۆس» بە ناوی «ئەی ئێمە ژن نین؟» دەنووسێت: «کاتێک کە ترۆس دەستی بە قسەکردن کرد، ژمارەیەک لە ژنانی سپیپێست ویستیان بێدەنگی بکەن چونکە دەترسان وتەکانی ئەو سەرنجەکان لەسەر گرینگیدان بە مافی دەنگدانی ژنان بگوازێتەوە بۆ ڕزگاریی ژنان.»[٣] ئەم نموونە بە باشی خواستی سڕینەوە و ڕوانینی تاکڕەهەندی نوێنەرانی شەپۆلی دووهەمی فێمینیزم دەخاتە ڕوو. ئینتەرسێکشناڵیتی وەک ڕوانینێکی نوێ نیشانی داوە کە ئەگەری ئەوە هەیە ژنانی ڕەش یان ڕەنگینپێست نەک تەنیا لە لایەن پیاوانی ڕەش یان ڕەنگینپێستەوە بەڵکوو لەسەر دەستی ژنانی سپیپێستیشەوە سەرکوت بکرێن و هاوکات جیهانگری یان زاتگەرایەنەبوونی چەمکی ڕەزگەی ژنانە بخەنە ژێر پرسیارەوە. ئەمجارەیان بە پەنجە ڕاکێشان بۆ جیاوازی و ڕەنگاڵەیی ئەزموونە شوناستەوەرەکان، ڕەگەز لە پێوەندییەکی بێدابڕان لە بنیادە چەند لایەنەکانی شوناس یاخود سیستەمە فرەڕەهەندەکانی سەرکوت پێناسە کرایەوە.

ئەو ڕەخنانەی لە نائامادەیی ژنانی ڕەشپێست لە ڕەوتی گوتارسازیی فێمینیزمی شەپۆلی دووهەم دەگیرا هەروەها بوو بەهۆی کۆمەڵێک هەڵسەنگاندنی تیۆریکی دیکە و لە بەرانبەردا، بەرگرییان لە ئایدیای دەرچوون لە فێمینیزم لە مانای تاک و ڕۆییشتن بەرەو فێمینیزمەکان لە مانای کۆدا، بە مەبەستی سەریەکخستنی ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی ژنان دەکرد. ئەم پێداچوونەوانە وەکیتر تووشی گەلێک ئاڵنگاریی تیۆریکی فرەچەشن بۆ گەییشتن بە مانایەکی پەسن و شیاو بۆ چەمکی «ژن» بووەوە کە بتوانێت لە مەترسیی کەوتنە داوی پێوەندییەکانی «زاڵیتی» ڕزگاری بێت و ڕەنگاڵەیی ناوگرووپی هەبێت.

مەعریفەناسیی نوێی فێمینیستیی پشتبەستوو بە ئینتەرسێکشناڵیتی پێشنیار دەدات ئەو ژنانەی لە زنجیرەپلەیی دەسەڵاتدا لە پێگەی بندەستدان، بتوانن خۆیان باسی ئەزموونەکانی خۆیان لە ڕەگەزەکەیان بکەن لە باتیی ئەوەی کە ژنانی پلە و پێگە باڵاکان نوێنەرایەتیی ئەوانیش بکەن. مانای ئەم بابەتە بۆ ژنی کورد ئەوەیە کە خۆی بتوانێت لە بەستێنی کۆمەڵایەتیی خۆیدا زیاتر لە هەموان باسی ئەزموونەکانی خۆی لە مەڕ ڕەگەز یان لەو توندوتیژییانەی بەرانبەری دەکرێت، بکات، نەک ئەوەی کە ژنانی زاڵ بە سەر ڕەوتی فێمینیزمدا بە نوێنەرایەتیی لە ئەمان و لە زمانی ئەمانەوە داخوازییە ڕەگەزییەکانیان پێناسە بکەن.

**تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئینتەرسێکشناڵیتی:**

ئینتەرسێکشناڵیتی وەک یەک لە چەمکە سەرەکییە فێمینیستییەکان بەنیازە فرەچەشنی و ڕەنگاڵەیی نیژادیی لە ڕەگەزدا بخاتە ڕوو[٤] و بۆ ڕوونکردنەوەی چەندجۆریی جیاوازییە دروستبووەکانی ناو کۆمەڵگا دەخرێتە بەرکار[٥]. تیۆریی ئینتەرسێکشناڵیتی لە پەرەی ئاقارە نەریتییەکانی وەک زانستە سیاسییەکان لەوانە تیۆرییەکانی دادپەروەری یان پەرەی سیاسی و، هەروەها لە لێکدانەوەی شوناسە پەراوێزییەکانی وەک ڕەگەز، نادادپەروەریی نیژادی و سێکسواڵیتی ئەکتیڤە. سەرنج و ڕوانگەی تازەی ئاوێتە بە زۆرێک لە بوارەکانی ماف و یاساکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ، بنەماڵە و خێزان، کۆمەڵناسیی کار، یاساکانی سزا و کۆچ و کۆچبەری کردووە.

ئەزموون و شوناس بە دوو چەمکی سەرەکیی تیۆریی ئینتەرسێکشناڵیتی دێنە ئەژمار کە لەگەڵ ئەزموونی زەینی و ئەندێشەی تاکەکەسیدا پێوەندیی نزیکیان هەیە. ڕوانگەی ئینتەرسێکشناڵیتی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە شوناسی جۆراوجۆر، ئەزموونی جۆراوجۆری لێ دەکەوتەوە. هەموو ئەزموون و شوناسەکان هەڵگر و خاوەنی ڕەگی خۆیانن و هیچ بەشێک یان تایبەتمەندیی هیچ بەشێک

بۆ ئەوانی دی ناگشتێندرێت. کە وابوو بەردی بناغەی ئینتەرسێکشنالیتی ئەوەیە کە هەندێ کەس یان گرووپ بەپێی «ئەزموون»ەکان لە کەس یان گرووپەکانی دی جیاواز دەبن. کە واتە کەسانێک بە شوناسی هاوبەشەوە لەوانە ڕەشپێست یان لێزبینەکان، خاوەنی ئەزموونی هاوبەشن کە دەتوانێت بە شێوەی ئۆرگانیک کەسەکان یەکگرتوو بکات. ئەوان گرووپبەندییە زانستی و سیاسییە هەبووەکانیان بۆ شیکردنەوەی ئەزموونە فرەچەشن و ڕەنگاڵە و تێکچڕژاوەکان بە تەواو نەدەزانی. بەپێی ئەم تیۆرییە لە چەمکسازییە کۆنەکان سەبارەت بە سەرکوت، بۆ نموونە هەڵاواردنی نیژادی، ڕەگەزی و هتد زۆربەی زۆری تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی تووشی هەڵە دەبن و هەموو جارێک تەنها یەک بگۆڕ لێک دەدەنەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بگۆڕەکان بەکۆمەڵ کار دەکەن و کاریگەریی دادەنێن. کە وابوو تیۆریی ئینتەرسێکشنالیتی، دژ بە لێکدانەوە و ڕاڤەی گرووپە زوڵمدیتووەکانە لەسەر بنەمای ستەم و زوڵمێکی میحوەری و لای وایە شێوازەکانی سەرکوت پێکەوە لە پێوەندیی بەرانبەردان و بەریەککەوتنیان هەیە و سیستەمێکی سەرکوتی ئاڵۆز و تێکچڕژاو دروست دەکەن کە خاڵی هاوبەشی سەرجەم هەڵاواردنەکانە. قایلبوون بەم هەڵوێستە ئەگەر و دەرفەتی بینین و ناسینی ژمارەیەکی زۆر فەزای دیکەی شوێنگەی بەریەککەوتنی هەڵاواردنەکان دەستەبەر دەکات. [٦] بۆ نموونە ئەوان جەختیان لەوە دەکردەوە کە دەرکی ئەزموونی ژنێکی ڕەشپێست، بەپێی لێکدانەوە جێندەری و ڕەگەزییەکانی پێشوو وێڕای لێکدانەوە پێشووییەکان بۆ نیژاد نەکردە و نەگونجاو دەبێت. چونکە یەکەمیان لەسەر ژنانی سپیپێست و دووهەمیان لەسەر پیاوانی ڕەشپێست چڕ بوونەوە. بۆ نموونە ژنێکی ئەمریکایی کۆچبەری عەرەبی سەر بە چینی بندەست و جڤاتی کوییر( Queer) دەکەوێتە خاڵی بەریەککەوتنی چەندین ستەمی (نیژادی، ئەتنیسیتی، نەتەوەیی، چین، ڕەگەز و سێکسوالیتی)یەوە. «مۆنا کەریم» دواتر لە هەناوی ئەم نەریتە فیکرییەوە نووسی: «من دژ بەو ژنە دەنووسم کە بە بێشەرمییەوە وا دەزانێت ئێمە یەکێکین. ئەو کە پاڵی بە کورسیی ئاسوودەی هاووڵاتیبوون، چین و نیژادەوە داوەتەوە.»[٧] لێرەوە توێژەرانی ئینتەرسێکشنالیتی جەخت لە پێویستیی بەکارهێنانی سیاسەتی ڕوو لە «جیاوازی» دەکەنەوە کە بتوانێت هەموو ستەمەکان لە «ماتریسی زاڵێتی»[٨] ڕەچاو بکات، چونکە لە سەر ئەو باوەڕەن کە ناکرێ جیا لە زنجیرەی ستەمەکانی دیکەی گرێدراوی یەکدی، لێکدانەوە و بەدواداچوون بۆ ستەمێکی تر بکرێت[٩]. جگە لەمە، لێکدانەوەی شێوەکانی کارلێکی ڕەگەز، نیژاد، ئەتنیسیتی، چین و سێکسوالیتی پێکەوە و چۆنێتیی بەکارهێنانیان بۆ ڕۆنان و پاراستنی نایەکسانی و سیستەمەکانی سەرکوت و هەروەها بەدیهێنانی شێوە و شێوازی جۆراوجۆر لە بەرخۆدان لای بیرمەندانی ئەم تیۆرییە، گەلێک گرینگە. هەر بۆیە ئینتەرسێکشنالیتی پەیڕەویی لەو بەڵگاندنە دەکات کە هەرچەندە ژمارەی دەستە و تاقمە پەراوێزییەکان زیاتر بێت، ژمارەی ئەو هەڵاواردنانەی تاکێک تاقی دەکاتەوە، زیاترە[١٠]. بەپێی تیۆریی ئینتەرسێکشنالیتی، ژنانی ڕەشپێست لە ئەمریکا وەک نموونەیەک لە ژنانی کەمینە، بەرەوڕووی ستەمێکی زیاتر و دوو ئەوەندەی شوناسی ڕەگەزی، نیژادی و چینی کۆمەڵایەتیی دەبنەوە کە دواتر چەند هەڵاواردنێکی دیکەی وەک سێکسوالیتی و یاخود بێتوانایی جەستەیی لێ زیاد بووە.

کە وابوو، ئەم تیۆرییە خۆی بەرانبەر بە نیشاندانی ستەمدیتووترین و پەراوێزیترین و بندەستترین تاک و گرووپەکانی کۆمەڵگا بە بەرپرس دەزانێت و وەک فاکتەری گۆڕانی پێوەندییەکانی دەسەڵات و زاڵێتیی لە بەرچاویان دەگرێت. چونکە ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە «پەراوێزیبوون» تاک دەخاتە پێگەیەکی تایبەتەوە بۆ خەبات و بەرەنگاری[١١]. بەم چەشنە تاکە پەراوێزییەکان بۆ تیۆرڤانانی ئینتەرسێکشنالیتی خاوەنی جیاوەکی مەعریفەیین. وەک میتۆدێکی لێکدانەوەیی، ئینتەرسێکشنالیتی دەتوانێت تێکەل بە میتۆدە سەرەکییەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ببێت کە لە ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدیهێنانی زانست و مەعریفەدا ڕۆڵی دیاریکەریان هەیە. ئینتەرسێکشنالیتی هاوکات ڕووکردێکە بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەی ئەزموونی. [١٢] لە ڕوانگەی میتۆدناسییەوە، ئینتەرسێکشنالیتی وەک میتۆدێکی ڕوو لە گەشە و پێشکەوتن کە کۆتایی نەهاتووە وبەردەوام لە گەشەدایە، کار دەکات. بەم چەشنە ئەم تیۆرییە بەردەوام هەوڵ دەدات دەرکی یەکتربڕبوونی شوناس و پێوەندییەکانی دەسەڵات و زاڵیتیی تێکئاڵاوی بەرەو شوێنە نەدۆزراوەکان بگوازێتەوە. ئینتەرسێکشنالیتی وەک میتۆدێکی نوێ توانیویەتی پانتایی یەکتربڕبوونی ستەم بۆ شەپۆلێکی بەرین لە ئەکتیڤیستەکان لەوانە کۆمەڵەی پێوەندییە ئەتنی/گرووپییەکان و تەوەرەکانی دیکەی شوناسسازەکان، خاوەنپێداویستییە تایبەتەکان و بەساڵاچووان بەرین بکاتەوە. میتۆدی ئینتەرسێکشنالیتی وەک زانستێکی نێوانلقی، وەکیتر دەتوانێت تێکچڕژاویی نیژادپەرستی، پیاوسالاری، ستەمی چینایەتی و هەڵاواردنەکانی دیکە کە نایەکسانیی جۆراوجۆر لە ئاستی لۆکاڵی، نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا بەدیدێنن کە پلە و پێگەی پەراوێزیی ژنان، نیژادەکان، کەمینە ئەتنیکییەکان، چینەکان و هتد بنیاد دەنێن. ئەم پێناسە لە ئاستێکی بەرینتردا، هەلومەرجی مێژوویی – کۆمەڵایەتیی خۆجێیی لە پێوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتی بانەتەوەیی و بنیادیی بە بەدیهێنەری سەرەکیی جیاوازی و ناوێکچووییەکان دێنە ئەژمار. کە وابوو ئەم بەڵگاندنە کە خاڵی یەکتربڕ تەنها لەسەر ئەزموونەکانی ژنانی ڕەشپێست لە ئەمریکا چڕ بۆتەوە و ناتوانێت ئەزموونی ژنانی دی لێک بداتەوە، دەرکێکی ناتەواو و ڕووکەشییە سەبارەت بەم تیۆرییە. بە دەربڕینی دی، پێناسەی ئینتەرسێکشنالیتی وەک هەرەمێکی گونجاو لەگەڵ سەرچەشنە فیکری و پراکتیکییە لۆکاڵییەکان

پێش بە جوولە و بزووتنی لە ئاستی جیهانی و دیسکۆرسە نێونەتەوەییەکان ناگرێت.

نوێگەرییە تیۆریکە فێمینیستییە ئینتەرسێکشناڵەکان، زۆرێک لە گریمانە و بۆچوونە سیاسییەکانمان دەخەنە ژێر پرسیارەوە. لە بەر ئەوەی لە ڕێگەی ئاراستەکردنی مەعریفەناسییەکی نوێوە، زیاتر لە هەمیشە پێوەندیی نێوان زانست و دەسەڵات لە ئاقاری ڕەگەزدا ئاشکرا دەکەن. ئەم تیۆرییە هاوکات کۆمەڵێک ئاڵترناتیڤی جیاجیا وەک شێوازەکانی خۆڕاگریی بەرانبەر بە بنیاد و دەسەڵاتدارەکان پێشنیاز دەدات. چونکە لەو شوێنەی ستەم چەند لایەنە، دژایەتی و خەباتێکی چەند لایەنە، یەکتربڕ و تێکچڕژاو داوا دەکات کە ئەوەش خۆی گەلێک ئاڵنگاری و دژواریی دەخاتە سەر ڕێی فێمینیستەکان.

**ژنی کورد و ئینتەرسێکشناڵیتی:**

ئینتەرسێکشناڵیتی لە مانایەکی گشتیدا یارمەتیی دەرکی باشتری ژنانی کۆمەڵگا جۆاوجۆرەکان سەبارەت بە دۆخی پەراوێزییان و دەرکیان لە مەڕ سیستەمەکانی دەسەڵات و زاڵیتی و پێوەندییەکانی دەسەڵات دەدات؛ لە هەمبەر ژنی کوردەوە ئەم تیۆرییە بۆ توێژەر و ئەکتیڤیستەکان ئەو بابەتە دەخاتە ڕوو کە بۆچی هاوشێوەی ژنانی ناسپیپێست لە ئەمریکا و ئەورووپا، ژنی کوردیش یان ئەو ژنانەی لە بازنەی ناوەندگەرایی بەدەرن، وەک قوربانیی بێکردی بێبەریی لە سۆبێکتیڤیتی و بێ توانستی ئیرادە بۆ گۆڕان، بەرەو پەراوێزەکان پاڵ نراون. ژنانی سەر بە «فێمینیزمی کەمینە» کە بەداخەوە لەنێو کورددا هێشتا بە شێوەی ئەوتۆ تیۆریزە نەکراوە، خۆیان لە «فێمینیزمی ڕەوتی سەرەکی» جیا دەکەنەوە و بە نووسین و هەوڵی جۆراوجۆر دەپەرژێنە سەر گرینگیی تیۆرییە یەکتربڕەکانی ڕەگەز بۆ ڕاڤە و شیکردنەوەی پێگەی پەراوێزی و سەرکوتکراوی ئەم کەمینە تایبەتییەی خۆیان. بەم چەشنە ژنی کوردیش لەسەریەتی بە گۆڕینی ئەزموونەکانی وەک چینی بندەستی بەرەیەکی کەمینە و پەراوێزیی نەتەوەیەکی نازاڵ و ناسەرەکیی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژی، بۆ کەرەستەی پێوانی ڕادە و ئاستی سەرکوتی ڕەگەزی و دەستنیشانکردنی ڕووگە پەرگر و فرەڕەهەندەکانی، هەوڵی جیددیی بخاتە گەڕ. لەم ڕێگەیەدا بێگومان ئینتەرسێکشناڵیتی دەتوانێت چارە و ئاسۆیەکی ڕووناک بێت. لەم بەشە لە وتارەکەمدا وێڕای پێناسەیەک کە بۆ «ژنی کورد» بەدەستەوە دراوە، توانا و خاڵە بەهێزەکانی تیۆریی ئینتەرسێکشناڵیتی و ژنی کورد و شێوازەکانی کارکردن بەم تیۆرییە و ئەو بەربەستانەی دەکەونە سەر ڕێگای چالاکیی پێوەندیدار بە داڕشتنەوەی ئینتەرسێکشناڵیتییەوە خراوەتە بەرباس و لێکدانەوە بەو هیوایەی کە ژنی کوریش بتوانێت بەو ئەزموونە یەکەوە کە لەسەریەکخستنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن و ستەم و سەرکوت تاقی دەکاتەوە، ڕێبازێکی نوێ لە زانستی فێمینیستیدا بکاتەوە و لەو سەکنینەی تێیدایە ڕزگاری بێت. چونکە لام وایە «ژنی کورد» ئەو توانا و دەستەڵاتەی هەیە کە وەک ئەوی ژنانی «ڕەشپێست» یان «ڕەنگینپێست» لە نیوەی دووهەمی سەدەی ڕابردووەوە کردیان و سەرکەوتووانە بوون بە خاوەنی ناو و ڕێبازێکی جیاواز و دیاریکراو و توانییان تەوەرێکی تایبەت بە خۆیان بکەنە ڕەوتێکی جیهانی و، ئێمە و چەندانی دیکەی وەک ئێمەش بیانهەوێ بە ڕێبازی ئەواندا بڕۆن و کاریگەریان بۆ خۆیان کردبێت، ئەویش هەنگاوێک لەم ڕێگادا هەڵبگرێت و بەرە بەرە ناو و پێگەیەک لە ڕەوتە جیهانییە فێمینیستییەکاندا بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

**توانا و خاڵە بەهێزەکانی تیۆریی ئینتەرسێکشناڵیتی بۆ ژنی کورد:**

بنەما سەرەکییەکانی تیۆریی ئینتەرسێکشناڵیتی و پەرژانە سەر ئەزموونی ژنانی کەمینە لەو وڵات و شوێنانەی لەسەر ئەم تەوەرە لێکدانەوەی چڕوپڕ ئەنجام دراوە، لە زۆر ڕووەوە بۆ دەرک و تێگەیشتنی باشتری پێگەی کەمینەبوون و ئەو ستەمە دووقاتەی ژنانی کورد لەگەڵی دەژین، یارمەتیدەر دەبێت. ئەزموونی ژنی کورد سەبارەت بە هەڵاواردن و کەمینەبوون زۆر هاوشێوەی ئەو شتەیە بە سەر ژنانی ڕەشپێست یان ڕەنگینپێستی چینی کرێکار لە ئەمریکادا دێت. هەر دوویان زنجیرەیەک لە هەڵاواردنی دووبەرانبەری سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووریی بەهۆی کەوتنە بەر خاڵی یەکتربڕی ڕەگەزی و ئەتنیکی، نیژادی و چینایەتییەوە، ئەزموون دەکەن کە لە چاو بەرەی زاڵ یان ژنانی سپیپێستی سەر بە چینی مامناوەند لە ئەمریکا، ئەمیان سەبارەت بە ژنانی ڕەشپێست و هەروەها ژنانی سەر بە چینی مامناوەندی ناکورد و سەر بە ئایینی زاڵی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین، لە چاو ژنی کوردەوە، دەیانخاتە پێگەیەکی بندەست و جیاوەک و ئیمتیاز لێوەرگیراو.

باشتر وایە وەک گوزارەیەک پێناسەیەکی تایبەتیش بۆ دەستەوشەی «ژنی کورد» و مەبەستمان لە بەکارهێنانی لەم وتارەدا بکەین. ئەوەی لەمە بەدوا لەم وتارەدا بە ناوی «ژنی کورد»ەوە ناو دەبرێت بە ڕەچاوکردنی واقیعی جوگرافیایی ئەو وڵاتانەی ژنی کوردیان تێدا دەژی و ئەو دابەشبوونەی ئەم ژنانەی خستۆتە چوارچێوەی چەند وڵاتێکەوە، دەبێت. واتا لەم کارەدا گەر پێشنیار یان ڕێکار و یاخود هەر میکانیزمێکی پێوەندیدار دێتە باسکردن، بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییە مێژوویی، سیاسی و جوگرافیاییەوە دەبێت. دەکرێ بڵێین «ژنی کورد» سەرەتا وەک ڕەگەز و بێ ڕەچاوکردنی ژنانی کۆچکردوو و نیشتەجێی شوێنی بەدەر لەو شوێنانەی ئێمە مەبەستمانە، لە چوارچێوەی چوار وڵاتی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریادا بەردەوام وەک نەتەوەیەکی ناسەرەکیی ئەو وڵاتانە، کەمینە و پەراوێزخراو و ئەنجام لەڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە خوارتر لە ژنانی نەتەوەی سەرەکی و دەسەڵاتداری وڵاتەکە، ژیان بە سەر دەبەن. ژنی کورد لە هەریەک لەم وڵاتانەدا هاوشێوەی یەکدی لەگەڵ خاڵێکی یەکتربڕی هەموو جۆرەکانی ستەم و هەڵاواردن بەرەو ڕوون. ئەو ساتەوەختەی بە زمانێک جگە لە زمانی فەرمیی ئەو

وڵاتانە دەدوێن، سەر بە ئەتنێکی جگە لە ئەتنی سەرەکی و زاڵی وڵاتەکەن، باوەڕیان بە ئایینێکی جگە لە ئایینی باڵادەستی وڵاتەکەیە و بەپێی نیژادیان لە سیما و ڕواڵەتیشدا لە فارس و تورک و عەرەبەکان جیاوازن. زۆربەی هەرە زۆری ژنانی کورد، بەم تایبەتمەندییانەوە، بەراورد بە ژنانی دیکەی ئەو وڵاتەی لە چوارچێوەیدا ژیان بەسەر دەبەن، ئاستی دەستڕاگەییشتنیان بە دەرفەت و ئیمکانی پەروەردەیی و خۆشگوزەرانی یان بازاڕی کار زۆر نزمترە و بە ڕادەی پێویست لە توانست و دەرفەتی ئەوتۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی گوتاری ناوەندگەرا بەرهەمەند نین. هەروەها دەبێ ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە ئەو سەرکوتکردنەی بەرانبەر بە هەوڵ و خەبتینە تاکەکەسی و کۆییەکان بۆ بەرگریی لەم شوناسانە لە ناوچە کوردنشینەکاندا دەکرێت، قورستر و فراوانترە. کە واتە بێگومان دەرکی ئەم ژنانە سەبارەت بە پرسی ڕەگەز و جێندەر بە هیچ شێوەیەک بەراورد بە ژنانی ناوەندنشینی چینی باڵا و مامناوەندی نەتەوە و ئایینە سەردەستەکان یەک شت نییە. هەروەک لایەنگرانی تیۆریی ئینتەرسێکشناڵیتی ئاماژە بە دەرکی جیاوازی ژنانی ڕەشپێست و ڕەنگینپێست سەبارەت بە ڕەگەزی خۆیان لە چاو ژنانی سپیپێست دەکەن. کە وابوو ناکرێ زۆرێک لەو پێناسانەی لە لایەن ژنانی چینی مامناوەندی ناوەندەکانەوە (بۆ نموونە لە ڕۆژاوا ژنانی سپیپێست)، واتا ژنانی فارسی تارانیی شیعە مەزهەبەوە (ئێران)، ژنانی عەرەبی خەڵکی بەغدا یان دەمیشق و شارە گەورەکانی هەریەک لەو وڵاتانە (عێراق و سووریا) و هەروەها ژنانی تورکی سەر بە چینی باڵا و مامناوەندی ئەنقەرە و ئیستانبووڵ (تورکیا)، بۆ ژنانی هاوجۆری خۆیان دارشتووە، هەر بەو ڕادە لەسەر «ژنی کورد»یش فەرز بکرێت. هەروەها جەختکردنەوە لەسەر کۆمەڵێک چەمکی وەک «هاووڵاتیبوون»، لە هەریەک لەو وڵاتانە، یان «ژنبوون» وەک کۆمەڵێک شوناسی یەکدەست، زیاتر لە هەموو شتێک دەبێتە هۆی نادیتەنیبوونی زنجیرەی ئاڵۆز و تێکچڕژاوی ستەم لە هەریەک لەم وڵاتانەدا بێ تۆمارکردن و گرینگیدان بە شوناسە یەکتربڕەکانی وەک ئەتنیک، یان ئایین و چین. لێرەوە دەتوانین بڵێین چەندین جۆر جیاوازیی مانادار لەنێوان ئەم ژنانە و هەوڵ و کارەکانیاندا، لەگەڵ «ژنی کورد» لە ئارادایە کە چەندین جۆری جیاواز لە هەڵاواردن و ستەمیشیان بەرهەمهێناوە و گەر بە فەرمی وەرنەگیرێن و وەک دەگوترێ بە ڕەسمی نەناسرێن، ئەو هەوڵ و کارانە بەردەوام عەیب و کەموکووڕیی یەکدەستبوونیان لەسەر دەمێنێتەوە و پێویستیی گرینگیدان بە تیۆریی ئینتەرسێکشناڵیتی بۆ ژنی کوردیش تۆختر دەخەنە ڕوو.

لە حاڵێکدا کە دەزانین ژنانی نیشتەجێی ناوچە کوردنشینەکان، کە بەزۆریی لە ڕوانگەی پێکهاتەی حەشیمەتی و ئەتنیکییەوە بە پەراوێزخراو و کەمینەکراو لە قەڵەم دەدرێن، زیاتر لە ژنانی دی گیرۆدەی هەڵاواردنی نەتەوەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییین و قەیرانی ئابووری و هەژاریی هەردەمزیادکەر، بێکاری و هتد ئەزموون دەکەن و کەموکووڕییە ژیوارییەکانی وەک کەمیی ئاو و پیسبوونی ژینگە و نەبوونی قوتابخانە و توانستەکانی پەروەردەیی هاوشێوە و هاوئاستی ناوەند و ئەتنیکە زاڵەکان، چۆڵبوونی لادێکان و نائامادەیی خزمەتگوزارییە دەوڵەتی-کۆمەڵایەتییەکان ئەزموون دەکەن، هاوکات لەگەڵ قەیرانی سیاسیی وەک نەبوونی پەروەردە بە زمانی دایک، هەڵاواردنی ئەتنیکی و ئایینی کە خۆی دەبێتە هۆی گرتن و گوشار و زیندان و ئیعدامی بەربڵاو و کۆمەڵێک بابەتی هاوشێوەی ئەمانە بەرەوڕوون، قەت ناکرێ بڵێین ئەزموونی ئەوان لە ستەم تەنها گرێدرای ڕەگەزەکەیانە و تەنانەت ئەزموونی ئەوان لەم بوارەدا هاوشێوەی ئەزموونی گرێدراوی ڕەگەزی ژنێکی ناوەندنشینی چینی مامناوەندی سەر بە هەریەک لەو ئەتنە سەردەستانە نییە. دەبێ ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە ئەو کێشە و قەیرانانەی ناو بران، زۆربەی جار گوشارێکی بەربڵاو بە سەر خێزانە کوردەکاندا دەسەپێنن کە بار و قورسایی بەشی هەرە زۆریشیان دەکەوێتە ئەستۆی ژنی کوردەوە؛ ژنان لە ئەو شار و لادێ کوردنشینانەی لە ئاوی پاک و مسۆگەر بەهرەمەند نین، دەبێ ئەرکێکی زۆر زیاتر بکێشن تا وەکوو ئاو و خاوێنیی ماڵ و خێزانەکەیان دابین بکەن و لەم ڕێگەیشدا تووشی دەیان گرفت و هیلاکی و نەخۆشیی سەخت دەبن. ئەو حاڵەتانەی ژنانی بەهرەمەند لە دەرفەتە خۆشگوزەران و ژیوارییەکانی چینی باڵا و ناوەندنشین و دەسەڵاتداری وڵات لێی دوورن و یان کەمتر تووشی ئەم دەردیسەرییانە دەبن. یان نموونەیەکی دیکە، لەو خێزانانەدا کە پیاو یان باوکی ماڵ بە ساڵان بە تاوانی سیاسیبوون زیندانی دەکرێت، لە بەر هۆکاری سیاسی لە کارەکەی دەردەکرێت، یان مەترسیی ئیعدام و ئەشکەنجە و دوورخستنەوە و نەخۆشییە دەروونییەکانی لەسەرە، ئەوە ژنی کوردە کە دەبێ بە شێوەی دووقات بۆ گوزەرانی ژیانی خۆی و منداڵەکانی و دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خێزانەکەی، قۆڵ هەڵماڵێت و جوانی و سەلامەتیی خۆی فیدا بکات.

**شێوازەکانی بەکارهێنانی ئینتەرسێکشناڵیتی بۆ ژنی کورد:**

هاوشێوەی تیۆرییەکانی دیکەی کۆمەڵناسیی ڕەگەز و جێندەر، کۆمەڵێک خوێندنەوەی و لایەنگریی جیاجیا سەبارەت بە تیۆریی ئینتەرسێکشناڵیتی لە ئارادایە کە هەندێکیان تەنانەت دژ بە یەکدین. خوێندنەوە لیبراڵی و پۆستمۆدێرنەکان بە نیسبەت وتەزای هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی و میکانیزم و ئاقارەکانی بەرهەمهێناوەی، بەزۆریی دژ بە تەفسیرەکانی فێمینیستە چەپە مارکسیستەکانە لە مەڕ ئینتەرسێکشناڵیتی. ئەم تیۆرییە لە لایەکەوە بۆ ڕەچاوکردنی ڕاقەی ڕەگەزی و نیژادیی لە ماتریالیزمی مێژووییدا و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ فێمینیستە لیبراڵەکان بەهۆی دەرکی پێوەندی و دانوستانە ماددییەکانی زاڵێتی یارمەتیدەر بووە. ئینتەرسێکشناڵەکان

هەروەها توانیویانە فێمینیزمی سپی ناچاری ڕەچاوکردنی جیاوازی و زنجیرەپلەیی ڕەگەزی، نیژادی، چینایەتی و سێکسواڵیتی بکەن. زۆرێک لە توێژەرە فێمینیستەکان ئەم جۆرە شیکردنەوانە بەهۆی بڕوایان بە پۆتانسیەڵی ڕادیکاڵی [ئینتەرسێکشناڵیتی] بۆ گۆڕینی شێوازە کۆمەڵایەتییەکان، تێکدانی نەزمی سەرکوتکاری زاڵ و بەسیاسیکردنی زۆربەی سووژەکانی کۆمەڵگا، بەکار دێنن، وێڕای جەختکردنەوە لەو خاڵەش کە دەرچوونی تەواو لە پێوەندییەکانی دەسەڵات و زاڵێتیی نامومکینە چونکە پێوەندیی نوێی هێز/ زانست بەردەوام لە سیستەمە تازەکانی گرووپبەندیدا دووبارە جێگیر دەبنەوە. هەروەک «تیتی باتچاریا» لە لێدوونێکیدا لەسەر تیۆریی ئینتەرسێکشناڵیتی دەڵێ؛ «ئەم تیۆرییە لە ڕوانگەی سیاسییەوە هەڵگری گەلێک تایبەتمەندیی بەرز و باڵایە و بەرەو چەشنێک هەڵوێستی «دژ بە نیژادپەرستی» دەڕوات کە بەرزی دەنرخێنین. ئەمە بەو مانەیە کە گەر فێمینیستێک پێمان بڵێ خۆی بە ئینتەرسێکشناڵ دەزانێ، لێمان ڕوونە کە ئەم کەسە دژ بە نیژادپەرستییە و لایەنگری مافی کەمینەکانیشە و ئەمەش گەلێک باشە. بەڵام هەر کە باسەکە دێتە سەر تیۆری و ڕاڤە تیۆریک و میتۆدۆلۆژیکەکان، ناکرێ بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە لە ئینتەرسێکشناڵیتی نەڕوانین. چونکە بەشێکی زۆر لەو ڕەخنانەی ئاراستەی کراون، لە مەڕ موزائیکیبوونی ئەم تیۆرییە و نەبوونی پێوەندییەکی دینامیک لەنێوان شوناسە فرەجۆرەکان، بەجێ و دروستن.»[١٣] کە وابوو، سەرەڕای ئەو دەستکەوت و بەرهەمانەی ئەم تیۆرییە بۆ لێکدانەوەکانی ژنان و لە ئاستێکی سەرتردا بۆ زانستە کۆمەڵایەتیی و مرۆییەکان هەیبووە، ئینتەرسێکشناڵیتی بەهۆی نەبوونی میتۆدناسییەکی یەکتربڕی دیاریکراو، بەکارهێنانی ژنانی ڕەشپێست وەک سووژەی جەوهەری و زاتگەرایەنای یەکتربڕ، سیاسەتی شوناس و ستراکچراڵیزمی کولتووریی، تیۆریبێزی، بەرپەرچدانەوەی ئاستە ڕاڤەییە ماتریالیستییەکان و لە کۆتاییدا لە بەر میتۆدۆلۆژیی تاکگەرایانەی لە لایەن توێژەر و بیرمەندانی سەر بە شەپۆلە جیاجیاکانی ئاقاری ڕەگەز و جێندەرەوە ڕەخنەی ئاراستە کراوە. کەسانێکی وەک مەک کاڵ [١٤] و چانگ [١٥] وەک دوو کەس لە گرینگترین توێژەرانی ئەم تەوەرە باس لەوە دەکەن کە «سەرباری سەرهەڵدانی ئینتەرسێکشناڵیتی وەک مۆدێلی سەرەکیی توێژینەوە لە لێکدانەوەکانی ژناندا، باسێکی کەم سەبارەت بە لێکدانەوەی، واتا میتۆدەکەی، لەئارادایە.» [١٦] کە واتە بە بڕوای مەک کاڵ، ئەوەی توێژینەوەی فێمینیستی لە مەڕ ئینتەرسێکشناڵیتی ئاستەنگ دەکاتەوە بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ میتۆدەکان، نەک بۆ ناوەڕۆک، یان تیۆری یاخود فەلسەفە.[١٧] لە لایەکی دیکەوە ڕەخنەی «جێنیفێر ناش» بۆ پێناسەی تەمومژاویی خودی ئینتەرسێکشناڵیتی و بەهای ئەزموونیی دەگەڕێتەوە[١٨]. بە بڕوای «یوواڵ داویس» یەک لە کێشەکانی مۆدێلی پێشنیاردراوی ئینتەرسێکشناڵیتی ئەوەیە کە ئەم مۆدێلە بەزۆریی لە ئاستێکی ڕاڤەیی، واتا ئاستی ئەزموونیدا دەمێنێتەوە و جیاوازییەک لەنێوان ئاستە جۆراوجۆرەکاندا دانانێت؛ واتا ئاستەکانی ماددیی و نواندنەوەیی لێک جیا ناکاتەوە و شێوازەکانی ڕێکخراوەیی، دامەزراوەیی، نێوانزەینی و بنەماڵەیی زۆربەی جار ڕەچاو ناکرێت[١٩] ڕەخنەگران لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم تیۆرییە زیاتر لەوەی پێویستە گرینگی بە سۆبێکتیڤیتیی دەدات و دەوری بنیادەکان لە بەرچاو ناگرێت.

دەکرێ بڵێین ئەمانە کۆکراوەی سەرجەمی ئەو ڕەخنانە بوون کە ئاراستەی ئەم تیۆرییە کراون. بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە بابەتەکە بەرانبەر ئێمەی کوردەوە زۆر جیاوازە. ژنی کورد هێشتا نەکەوتۆتە سەر ڕێگا سەرەکییەکە و هەر خۆشی وەک دیاردەیەکی نوێباو بە شک و گومانەوە لێی دەڕوانرێت و خودی تیۆرییەکە لە چاو ژنی کوردەوە تیۆریزە نەبووە. مانای ئەوەی کە ئەزموونی ژنی کورد تا ئێستاش بە دارشتنەوەیەکی پەسن و گونجاو نەهاتۆتە ڕۆژەڤەوە. ژنی کورد هێشتا جیاوازی و بێبەریبوونەکانی نەگواستووەتەوە بۆ پانتایی باسێکی زانستی و وەک دەگوترێ مەحکەمەپەسەند. ژنی کوردیش هاوشێوەی ژنانی ئەمریکایی بە ڕەچەڵەک ئەفریقایی کوژرانی باوک و برا و کوڕەکانیان بینیوە، منداڵی خۆیان بە هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لە دەست داوە، بۆ دیداری کچان و کوڕانیان ڕوویان لە زیندانەکان کردووە و گەلێک خەساری گەورە و بچووکی تاکەکەسی و کۆییان بەسەردا هاتووە. ئەم ڕەنجانە کە هەموو دەکەونە سەر سنوورەکانی هەڵاواردنی نیژادییەوە کەسانێک ئەزموونی دەکەن کە خۆیان لە کەوشەنی هەڵاواردنە ڕەگەزی و جێندەرییەکاندا هەموو ستەمە پێناسەکراوەکانیان بە زیادیشەوە بە سەردا هاتووە. ژنی کورد هاوئاسۆ لەگەڵ ژنبوونی، شایەتی ڕەنجی ئازیزەکانیشی بووە، لە هەموو ژنێکی دی زیاتر بە پەرۆشی بارودۆخی پیاو و گەنجەکانی هاونەتەوەی خۆیەوە بووە. بێجێگە نییە گەر بڵێین هەستیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەهۆی هەمان هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، کە بە تانوپۆی ژیانیدا چنراون، لە ژنانی دیکە زیاترە. دەرکی ژنی کورد لە شوناسی ئەو توندوتیژییەی بە سەر خەڵکەکەیدا دێن و ستەمێک کە هەمیشە بەردەوامە وای لە ژنی کورد کردەوە کە لە چاو دیتران ستەمێکی دوولایەنەیان بەر بکەوێت و کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگایان دابنێت.

ئەو جیاوازی و بێبەریبوونە تاک و تایبەتییانەی زۆر قووڵ کاریگەرییان کە سەر ژیانی «ژنی کورد» داناوە گەر بە شێوەیەکی ڕاست و دروست کاریان لەسەر بکرێت بێگومان دەتوانن دەنگ و داخوازییەکانیان بگەیەننە شوێنی مەبەست و پێناسەیەکی نوێ بۆ پرسی «دادپەروەریی کۆمەڵایەتی» و «ستەمە چەندلایەنەکان» پێشکەش بکەن. باش دەزانین کە ناکرێ شوناسی ئەم ژنانە تەنیا بەپێی ڕەگەزیان دیاری و پێناسە بکرێت. ژنی کورد دەبێ خۆی باسی ژنبوون و ستەمە گرێدراوەکانی بکات و پێشنیاری خۆی بۆ ڕێگاکانی گۆڕینی پێوەندییەکانی وەستاو لەسەر

زاڵێتی هەبێت. دەبێ بە شێوە و شێوازی جۆراوجۆر دەنگی خۆی بگەیەنێتە گوێی هەمووان و لێرەوە بۆ ڕێخستنی بزووتنەوەیەکی گەورەی فێمینیستی بەکاری بێنێت. کۆمەڵێک کار و شێوازی چالاکیی هەن کە لەم بوارەدا ژنی کورد دەتوانێت ئەنجامیان بدات و سوودیان لێ وەربگرێت. یەکەم هەنگاو دەبێ ژنی کورد هەوڵ بدات بوون و بوونێکی سەربەخۆ لەوانەی پێشتر وەک پێناسە و پێداهەڵگوتنەکان لێی ئاڵابوون، بە پیاو و خێزان و نیشتمانیشەوە، بۆ خۆی دەستەبەر بکات. پێویستە پرۆژەیەکی گشتیی بۆ ئازادیی ژنی کورد، بێتە ناساندن و تێیدا زۆر گرینگە کە نیژاد و چین لە ناوەندا جێگیر بکرێت و بە تەوەر دابنرێت.

دەبێ بەرەنگاری هەموو ئەو بەربەستانە ببێتەوە کە کەوتوونەتە سەر ڕێگای. هەنگاوە کردەوەییەکان لەم بارەوە بریتین لەوەی کە ژنی کورد دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە کەرەستە مۆدێرن و هەنووکەییەکان باس لە ئەزموونەکانی خۆی وەک «ژنی کورد» بکات. بانگ هەڵدان و نووسین بکاتە یەک لە شێوازەکانی قسەکردن لەسەر «زنجیرەی هەڵاواردنەکان» و بە وەرگێڕانی دەقە فێمینیستییەکان، ڕۆشنبیرییەکی کۆیی لەنێو ژناندا بەرهەم بێنێت. پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش لە هەموو ژنانی کورد بە هەموو بیر و باوەڕێکەوە، بەڵام بەو خاڵە هاوبەشەوە کە سەرپاکیان ژنی کوردن وێڕای ئەو ستەمە فرەڕەهەندانەی بە درێژایی مێژوو ئەزموونیان کردووە، بێگومان دەبێتە هۆی یەکانگیرییەکی بەسوود و کاریگەریی زۆری لە ناوەندە جیهانییەکاندا دەبێت. لە ڕاستیدا گەر بڕوامان بە تیۆرییەکی وەک ئینتەرسێکشناڵیتی هەبێت بەڵام تەوەری «ژنی کورد» وەک دیاردەیەک کە ئەو توانایەی هەیە جێگەی خۆی لەنێو دیالکتیک و گوتارە جیهانییە پێوەندیدارەکاندا بکاتەوە، نەبینین، یان تەنیا بیر لە پاراستنی جیاوەکە چینایەتی، سیاسیی و کولتوورییەکان دەکەینەوە و یان تووشی جۆرێک لە ڕیاکاریی ڕۆشنبیریی ناسیۆنالیستی هاتووین. بە گشتی پێویستە بگوترێت ژنی کورد دەبێ بە دوای جۆرێک لە یەکگرتوویی لەنێو بزووتنەوەیەکی پەڕگردا بکەوێت تا وەکوو بتوانێت پێگە و دۆخی خۆی بە ڕەسمی بە هەمووان بناسێنێت.

**بەربەستەکانی سەر ڕێگای ئینتەرسێکشناڵیتی بۆ ژنی کورد:**

ڕاستە کە بندەستیی ژنان و ئەو هەڵاواردن و ستەمەی بەسەریاندا دێت، ڕەگی لە بنیادی پیاوسالاریدایە بەڵام ئەم بنیادە پڕ لە هەڵاواردنە، لە پێوەندیی لەگەڵ بنیاد و قڵەشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا کار دەکات؛ بۆ نموونە سیستەمی چینایەتی و نەتەوە و ئایین و، هەروەها ئیستیبدادی سیاسی کە دەتوانێت بە فاکتەرێکی کاریگەر لەم بارەوە بێتە ئەژمار. هەریەک لەم بنیادانە بە تەنیا یان لە پاڵ یەکدیدا، هەڵبەت بە سەرچەشنی «جیاواز»ەوە، لەسەر بندەستیی ژنان لە کۆمەڵگادا کاریگەریی دادەنێن. هەر ئەو جیاوازییانەی بابەتەکەی لێ ئاڵۆز کردووین بریتی لەوەی کە کام داخوازی لەپێشدایە یان پێشەمیی بە کامیان بدرێت؟ کام داخوازییان و چۆن دەبێ بچێتە ئەجیندای کاری بزووتنەوەکەوە؟ ئەمانە کۆمەڵێک پرسیارن کە بەردەوام کاتی گەییشتن بە باسێکی پێوەندیدار بە دۆخی ژنانەوە دێنە ئاراوە و قەتیش وەڵامێکی جێ‌متمانەیان پێ نەدراوەتەوە. بەڵام هەروەک لەم وتارەدا چەندین جار ئاماژەی پێدراوە، توێژینەوە لەم بوارەدا پێویستی بە دەرکی شوناسی ستەمە چەند ڕەهەندییەکانە، دەرکی شوناسیش کارکردنێکی هەمە لایەنە و پەڕگر داوا دەکات کە لە لایەکەوە پێداویستییەکانی بەشی تیۆریکی بابەتەکە دابین بکات و لە لایەکی دیکەشەوە بە پەروەردەیەکی وەهاوە کاری کردبێت کە لە کردەوەشدا هەست بە کەموکووڕییەکی ئەوتۆ نەکرێت. بەداخەوە کورد لەم بوارەدا نەک هەر کەمکار بگرە خەمساردیش بووە. ژنی کورد لە نەبوونی گەلێک پارامەتری پێویست بۆ ڕەخساندنی مەیدانێکی گونجاو بۆ کارابوون و خۆ پێناسەکردن، دەتوانین بڵێین هێشتا تەنانەت نەکەوتۆتە سەر ڕێگای سەرەکیی کارکردن لەسەر ئەم تیۆرییە. ژنی کورد هێشتا نەیتوانیوە خاوەنی گوتار و دیسکۆرسی تایبەت بە خۆی بێت، بەردەوام کەوتۆتە پەراوێزی حیزب و ڕێکخراوەکانەوە و هەر ئەمەش وای کردووە کە نەکرێ هاوپەیمانییەکی گشتگر لە هەموو ئەوانەی وەک «ژنی کورد» پێناسەیان بۆ کرا، پێک بێنێت یاخود کۆڕ و کۆنفرانسێکی گشتی و هەمەلایەنە کە بکرێ بۆ دەستکەوت و مانیفێستی بگەڕێینەوە، ببەستێت. دیالکتیکێکی بزۆز لەنێوان «ژنی کورد»دا بەدی ناکرێت. فێمینیزم، یەکەم ڕێبازێکی فیکرییە کە هەموو کورد، بۆ دژایەتیکردنی، یان لانیکەم بۆ هەوڵنەدان بۆ تێگەییشتن و پەرەگرتنی، لەسەری کۆک و هاوڕان. ئەنجامی ئەم ڕوانگانەش بێگومان گرینگینەدان بەو میکانیزمانەیە بۆ گەشە و پەرەی هەر تەوەرێک پێویست و گەلێک گرینگە. چوارچێوەیەکی تیۆریک لەم بوارەدا بۆ کورد دابین نەکراوە. ئەمەش بە نەبوونی بەرچاوی کاری فیکری و کولتووریی لەم بارەوە دەسەلمێندرێت. کەم تا زۆر دەتوانین بڵێین زیاتر لە ٩٩٪ی دەقە فێمینیستییە کاریگەر و جیهانییەکان وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. هیچ گۆڤارێکی تایبەت بە ژنان کە پسپۆڕانە بپەرژێتە سەر ئەو مژارە کارا نییە و یان گەر بوونێتیش لە چەند ژمارەیەک زیاتری نەخایاندووە. بەرەیەکی هاوبەش کە زۆربەی زۆری لایەن و ناوەندەکان بگرێتەوە پێک نەهاتووە و قەت بابەتی «ژنی کورد» نەچۆتە ڕۆژەڤەوە، لە ئاقارێکدا کە هێشتا گومان لە بوونی خۆی دەکرێت، بازنەی وشە تایبەتییەکانی هێشتا ئەوەندە بەرتەسکن، گومان لە بەکارهێنانیان لە شوێنی ڕاستی خۆیاندا دەکرێت و خاوەنی ناوی وەک دەگوترێ بیرمەند و ئەکتیڤیستی ڕاستەقینە نین و ئەوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن تەنیا بە ناوی هەڵسووڕاو و چالاکەوە ناو دەبرێن، لە جوگرافیایەکدا کە زمانی ژنی لە زمانی شیعر تێنەپەڕیوە و ئەندێشەیەکی پشتبەستوو بە زانست و مەعریفەی بەسوود لە مەڕ ژنان تێیدا ڕەگی دانەکوتاوە، ئەستەمە چاوەڕێی

هەواڵنامەی کتێب

سەرهەڵدانی دەستبەجێی کارکردن بە تیۆرییەکی وەک ئینتەرسێکشناڵیتی بکەین.

هەموو ئەمانە و گەلێک تەوەری دیکە کە دەکرێ وەک بەربەستی سەر ڕێگای ئینتەرسێکشناڵیتی بۆ ژنی کورد ناویان ببەین، ئەمە لە حاڵێکدایە کە لەوانەیە زۆربەمان گوێبیستی ئەم بابەتە بووبێتین کە ژنی کورد بەراورد بە ژنانی دیکە ئازادتر و لە بەر ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی کراوەتردا دەژی، سەربەخۆترە و تەنانەت ڕەنگە بگوترێ ژنی کورد لە پەراوێزدا نییە و چەندین هۆکار و شایەتحاڵیش بۆ ئەم وتە پێشکەش بکرێت. بەڵام لە وەڵامدا دەبێ بڵێین ژنی کورد بەردەوام لە چەندین کلێشەی بەڕواڵەت پارێزەری مافەکانی و لە بنەڕەتدا دوورخەرەوە لەو هەوڵ و پراکتیکەی پێویستە پێی بگات، لە قاڵب دراوە. ئاشکراکردنی ئەو داڕێژگەیەی ژنی کوردی تێیدا یەخسیر کراوە، دەبێتە یەکێکی دی لە مەبەستەکانی ئەو ڕێگایەی لەم وتارەدا بە جەختەوە باس کراوە. دۆخی ژنی کورد هەم بەراورد بەو نەتەوانەی لەڕووی جوگرافیاییەوە لێی نزیکن و هەم بەراود بە ئەزموونی ژیانکردی لەگەڵ پیاوی کورد، خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ناوازەیە کە ڕێگە بۆ شیکردنەوە و ڕاقەی ئینتەرسێکشناڵیتی دەکاتەوە. لە لایەکەوە دەگوترێ ژنی کورد لە چاو ئەو ژنانەی ئاماژەیان پێدراوە لە ماف و ئازادیی زیاتر بەهرەمەندە و تەنانەت بە جۆرێک لە پێداهەڵگوتن و بە شان و باڵدا هاتنیش وەسف بکرێت؛ یەک جلی کوردیی پیاوانەی لە بەر بکات و یەک بە ناوی «تەوار»ەوە بیناسێنێت و تەلار و تاوەری بە ناوەوە بکات. بەڵام ئەم وەسفکردن و ناساندنە لۆکاڵییەش گەر نەچێتە خانەی مەعریفە و تیۆرە فیمینیستییەکانەوە، هیچ دادێک بە ژنی کورد نادات.

**ئەنجام:**

سیاسەتی شوناس و تیۆریی ئینتەرسێکشناڵیتی بەهۆی ئەو پارادۆکسە واقیعییانەوە هاتوونەتە ئاراوە کە ژنانی ڕەنگینپێست لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی سەدەی ڕابردوودا لە ئەیالەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا ئەزموونیان کردووە. ئەم تیۆرییە بەرانبەر بە خەبات دژی زنجیرە پلەییەکانی دەسەڵات و پاوانخوازیی فێمینیستیی، خۆی بە بەرپرس دەزانێت و بۆ ئەم مەبەستەش، وەک ئاڵترناتیڤ و ڕێگەچارە، جەخت لە «فرەڕەهەندیی» ئەزموونی ژیانکردی تاکەکانی پەراوێزی کۆمەڵگا و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی دەنگ و ئەزموونەکانیان دەکاتەوە. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە تا ئێستا، ئینتەرسێکشناڵێتی هۆگری خاڵێکی یەکتربڕی تایبەت بووە: بەریەککەوتنی ئەتنیسیتی و ڕەگەز. هەروەها ئینتەرسێکشناڵیتی ڕێگایەکی تایبەت بۆ تێگەیشتن لە پێگەی کۆمەڵایەتییە لە سیستەمەکانی ستەمی یەکتربڕ و فرەلایەندا. ئینتەرسێکشناڵیتی بەتایبەت ڕاقەیەکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە سیستەمەکانی هەڵاواردنی نیژادی، چینە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەگەزی، سێکسواڵیتی، کەمینەیی، نەتەوایەتی و تەمەن لە تایبەتمەندییەکانی بنچینەیی دوو لایەنەی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانە کە ئەزموونەکانی ژنی کورد بە ئاسانی تێیدا جێگیر دەبێت و لە ڕاستیدا ژنی کورد دەتوانێت دەنگ و شێوازێکی تازەی پێببەخشێت. ئێستا کە ئینتەرسێکشناڵیتی خۆی گۆڕاوە بۆ پرۆژەیەکی فیکریی جیددیی و بووە بە ئامرازێکی بەهێز بۆ دەرخستنی دەنگی پەراوێزنشینان، ئەو بەرپرسیارێتییە دەکەوێتە ئەستۆی توێژەرانی بواری ژنان بە گشتی و بواری ئینتەرسێکشناڵیتی بە تایبەتی کە تیۆریزەکردنی دۆخی ژنی کورد بکەنە ئامانجی خۆیان و بە شێوەی بنچینەیی هەوڵ بۆ توێژینەوە و لێکدانەوەی ئەم تیۆرییە بدەن. ڕوونە کە ژنی کورد لە بەر ئەوەی وەک بەرەیەکی زۆر دیار لەو ژنانەی لێکئاڵاویی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن و ستەم ئەزموون دەکەن، هاتۆتە ناسین، بێگومان گەر بە ڕێگایەکی کاریی دروست و بەجێدا ڕێ بکات، دەتوانێت داهاتوویەکی بەسوود و کاریگەر بە نیسبەت ئەم تیۆرییەوە بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

**سەرچاوەکان:**


١. Collins, Patricia Hill. Black feminist thought: Knowledge, consciousness, and the politics of empowerment. routledge, ٢٠٠٢
٢. McCall, Leslie. «The complexity of intersectionality.» Signs: Journal of women in culture and society ٣٠, no. ٣ (٢٠٠٥): ١٧٧١-١٨٠٠. ١٧٧١
٣. Crenshaw, Kimberle. Demarginalizing the intersection of race and sex: A Black feminist critique of antidiscrimination doctrine, feminist theory, and antiracist politics [١٩٨٩]. Routledge, ٢٠١٨
٤. Nash, J.C., ٢٠٠٨. Re-thinking intersectionality. Feminist review, ٨٩(١), pp.١-١٥.
٥. مارکسیسم، فمینیسم، و «اینترسکشنالیتی»، شهرزاد مجاب و سارا کارپنتر، ترجمه جلوه جواهری، منتشرشده در سایت بیدارزنی
٦. نشانگان خستگی فمینیسم سفید، بِرِنا بهندر و دنیس فِرِایرا داسیلوا، ترجمه فیروزه مهاجر. ١٣٩٢
مانیفستی علیه آن زن، مونا کریم، ترجمه هما مداح، منتشرشده در میدان، ١٣٩۴.٧
٨. Collins, Patricia Hill. «Black feminist thought in the matrix of domination.» Black feminist thought: Knowledge, consciousness, and the politics of empowerment ١٣٨, no. ١٩٩٠ (١٩٩٠): ٢٢١-٢٣٨.
٩. Smith, Barbara. «The Truth That Never Hurts Writings on Race, Gender, and Freedom.» (١٩٩٨). ١١٢
١٠. Crenshaw, Kimberlé (٢٠٠١) 'Mapping the Margins: Intersectionality, Identity Politics and Violence against Women of Color', paper presented at the World Conference Against Racism.
١١. Hooks, B., ٢٠٠٠. Feminist theory: From margin to center. Pluto Press. P. ١٦.
١٢. Hancock, A.-M. (٢٠٠٧). «When Multiplication Doesn't Equal Quick Addition: Examining Intersectionality as a Research Paradigm». Perspectives on Politics, ٥(١), ٦٣-٧٩. ٦٣
١٣. https://www.youtube.com/watch?v=AGAXenvbIjE
هەروەها بروانن:
Bhattacharya, Tithi. «Social reproduction theory: Remapping class, recentering oppression.
١٤. McCall, L. (٢٠٠٥) ‹Signs, ›The complexity of intersectionality Vol. ٣٠, No. ٣
١٥. Chang, R.S. and Culp, J.M. (٢٠٠٢) ‹‹After intersectionality University of Missouri-Kansas City Law Review, Vol. ٧١. P. ٤٨٥
١٦. [McCall, Leslie. «The complexity of intersectionality.» Signs: Journal of women in culture and society ٣٠, no. ٣ (٢٠٠٥): ١٧٧١-١٨٠٠. P. ١٧٩٥.
١٧. McCall, Leslie. «The complexity of intersectionality.» Signs: Journal of women in culture and society ٣٠, no. ٣ (٢٠٠٥): ١٧٧١-١٨٠٠. P. ١٧٩٥.
١٨. Nash, Jennifer C. «Re-thinking intersectionality.» Feminist review ٨٩, no. ١ (٢٠٠٨): ١-١٥.
١٩. Yuval-Davis, Nira. «Intersectionality and feminist politics.» European journal of women's studies ١٣, no. ٣ (٢٠٠٦): ١٩٣-١٩٧,٢٠٩



# ئافرەت و تیۆریی سیاسی

ناسك سەعید - هەولێر

سیاسەت لای ئافرەت سەرەتا لە خێزانەکەی خۆیەوە دەست پێ‌دەکات چونکە خێزان دەوڵەتێکی بچووکە بۆ ئافرەت هەرچەندە لەوانەیە دەسەڵاتی زۆریشی نەبێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت لە بنیادنانی بەشدارە. هۆشیاری و ئاگایی ئافرەتان لەوەدا دەردەکەوێت کە بتوانێت هاوسەنگییەك لە نێوان کارەکانی خێزانەکەیدا دروست بکات و هەموو کارێك لە کاتی خۆیدا ڕاپەڕێنێت و گرینگی بە گشت ئەندامانی خێزانەکەی بدات.هەرکاتێك لەم کارانەی توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت ئەو کاتەش دەتوانێت کاری دەرەوەی خێزان بە باشی ڕاپەڕێنێت. ئافرەت هەر وەك چلۆن پارێزگاریکردنی مافەکانی ئەرکی سەرشانییەتی، بە هەمان شێوەش دەبێت لە هەموو بوارەکانی ژیان وەك سیاسەت و ئابووری و بەڕێوەبردن و ڕۆشنبیری بەشداری بکات، چونکە ئافرەت فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ سەرخستنی ئەم چەمکانە لەناو کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا، کۆمەڵگەیەك کە مافی هەموو تاکێکی کۆمەڵ بە تەواوی ماناوە پارێزراوە و دابینکردنی یاسا خاڵی سەرەکی دروستبوونیەتی.

**ڕۆڵی دەستەڵاتی ئافرەت لە خێزاندا:**

دەستەڵاتی سیاسی بریتییە لەو دەستەڵاتەی لە نێو دەوڵەتدا و لە نێو پاشا و گەلدا هەیە یان بەمانایەکی تر لە نێو حوکوومەت و هاووڵاتییاندا هەیە.

ئەم دەستەڵاتە سیاسییە دەتوانین بڵێین سەرەتاکەی لە خێزانەوە دەست پێدەکات و پاشان فۆرمێکی گەورەتر وەردەگرێت. «ئەرەستۆ» کە تیۆری گەشەکردنی خێزانی داناوە، دەڵێت: دەوڵەت قۆناغێکە لە قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ کە بە خێزان دەست پێدەکات، دوای ئەوە پلە بە پلە بۆ تیر، خێڵ، هۆز و گەل پەرە دەستێنێت.

دەستەڵاتی دەوڵەت و دەستەڵاتی سیاسی دەگەڕێنێتەوە بۆ بنەچەکەی کە دەستەڵاتەکەی سەرۆکی خێزانە و دوای ئەو، سەرۆکی هۆز و خێڵەکانن پاشان لە سەر ئەو بناغەیە کە دەستەڵاتی دەوڵەت پێك هاتووە.

ئەگەر فۆرمی دەوڵەت لە سەر فۆرمی خێزان دروست بووبێت ئەو کاتە هەرجۆرە خێزانێك بۆتە خەسڵەتی دروستبوونی دەوڵەتێك.هەرچەندە بوونی خێزان دیاردەیەکی گشتییە، بەڵام ئەگەر لە فراوانترین خێزانەوە وەربگرین تا خێزانی سنوورداری شارستانییەتە پیشەسازییەکان، دەبینین فۆرم و شێوەی جیاوازیان لە مێژوودا هەبووە. بەمجۆرە جۆرگەلێکی زۆر لە خێزان بە درێژایی مێژوو سەریان هەڵداوە و ڕۆڵییان بە پێی دەستەڵاتی زاڵی پیاو(باوکسالاری) یاخود ئافرەت(دایکسالاری) کە لە خێزاندا باڵادەست بووە، دیاری کراوە.

لێرەدا پێویستە باس لە سیستەمی دروستبوونی خێزان بکەین و هەندێکجار بە شێوەیەکی‌هەستپێنەکراو لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر دەگۆڕێت. لەم سەردەمەدا لە کۆمەڵگەکانی وەك کۆمەڵگەی ئێمەدا دوو جۆر خێزان(زیاتر لە شێوازەکانی تر بەرچاو دەکەون)هەیە:

١.خێزانی ناوکی ( nuclear family) یان خێزانی سەربەخۆ(independent family)

٢. خێزانی فراوان(extended family)

ئەگەر ئێمە لە ڕوانگەی خێزانەوە سەیری دروستبوونی کۆمەڵگە و پاشان دەوڵەت بکەین، دەبینین لە سەر بنەمای خێزان دروست بووە. ئەو دەستەڵاتەی لە خێزاندا باڵادەستە بەرانبەرە بەو دەستەڵاتەی لە دەوڵەتدا باڵادەستە، هەرچەندە ئەم بۆچوونەش پێچەوانەیە لەگەڵ بۆچوونی زۆربەی زانا و فەیلەسووفەکان. ئەوان پێیان وایە تەنها دەوڵەت وەك تاکەیەکی شێتەڵکاریی بنەڕەتییە و ڕۆڵی لە بنیادنان و پێگەیاندنی تاکی کۆمەڵگە هەیە وەك لە خێزان، ئەمەش بە تایبەتی لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت و گرینگیپێدانی فیکری خۆراوایی بە پەیوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگە زۆر زیاتر بوو لە پێوەندی خێزان و گۆمەڵگەی مەدەنی. یەکەم شت کە خێزان لە شێوە پەلهاویشتووەکەی خۆیدا ونی کرد بریتی بوو لە ئەرکەکەی وەکوو یەکەیەکی بەرهەمهێن لە چوارچێوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی هاوبەشدا، لەگەڵ پێشکەوتنی سەرمایەدارییەتی و بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازییدا ئەم ئەرکە بەرهەمهێنە بۆ کارگە و دامودەزگای ئابووری تایبەت گوڕا و پاشان خێزان ڕۆڵی خۆی لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا لە دەست دا، بە شێوەیەك قوتابخانە و دەزگا فێرکارییەکان ئەو ڕۆڵەیان گرتە ئەستۆ و تەنانەت لە تەندروستیدا و لە دروستکردنی خواردنیش و . ..چەند کۆمپانیا و وەکالەتێك ئەم ئەرکەیان وەئەستۆ گرت.

گومانی تێدا نییە کە ئەم پێشکەوتنە بەستراوەتەوە بە وەرچەرخانەوە کە لە (خێزان)ەوە هاتووە بەڵام پاشان بە پێی

ماوەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. دروستبوونی خێزان بۆ دووتاکی سەرەکی دەگەڕێتەوە کە هەر یەکەیان دەسەڵاتێکی کارایان هەیە، واتە دوو دەسەڵات لە خێزاندا بوونی هەیە؛ دەسەڵاتێکیان دەسەڵاتی باوکە کە بریتییە لە دەسەڵاتی نێر یان پیاو ئەمەش دەسەڵاتێکی سروشتییە و لە بنچینەدا پشت بە باڵادەستی نێر دەبەستێت بەسەر مێینەدا و ئەوەش باڵادەستێکە ڕەگوڕیشەی لەو جیاوازییە سروشتییەی کە لە نێوانیاندا هەیە سەرچاوەی گرتووە.

ئەگەر ئێستا پرسیار لە بارەی بارودۆخی ئافرەت بکەین لە حاڵەتی سروشتیی گریمانکراودا کە دێتە بەر لە سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە لای «جۆن لۆك» دەتوانین بەم شێوەیە ئاماژەی پێ بدەین: سروشتییە ئافرەتان لە حاڵەتی سروشتیدا لە نێو بارودۆخێکی نالەبارو خراپدا بووبن، کە واتە ئاساییە پیاوان بە سەریاندا باڵادەست بن لەبەرئەوەی خێزان وەکوو دەزگایەکی سروشتی لەسەر بنچینەی جیاوازیی سروشتی نێوان ئەم دوو ڕەگەزە بنیاد نراوە. کەواتە هەموو ئەو قسانەی جۆن لۆك لەبارەی یەکسانی لە حاڵەتی سروشتیدا دەیکات تەنیا تایبەتە بە پیاو. سروشتییە پیاو، کە تەنیا پیاو ئازاد بێت ئەگەرچی ئەوەش لەگەڵ ئەو باوەڕەی خۆیدا هاوشانە کە پێی وایە هەندێك ئافرەت تا رادەیەك دەتوانن کۆنترۆڵی ژیان و موڵکەکانیان بکەن، بەڵام پێی وایە زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتان بە کردارەکانیانەوە لە ژێر دەسەڵاتی پیاواندان. هەر یەکە و بە تەنیا جیا لە ئافرەتانی تر لە ژێر کۆنترۆڵ و باڵادەستی پیاوێکدایە. لەبەرئەوەی ئەم ئافرەتانە هەر بە سروشت لاوازترن و کەمتواناتر بوون، ئەگەر ئافرەتان بەشدارن لەو بارودۆخە ناخۆشە گشتییەی بەسەر هەموو ئافرەتاندا دێت و توانای ئەوەشیان نییە ئەم بارودۆخە چاکتر بکەن، کەواتە لە بارودۆخێکدان توانای ئەوەیان نییە ویست و دەسەڵاتی پیاوان ڕەت بکەنەوە. لێرەوە ئەم حاڵەتە گریمانکراوەی جۆن لۆك گریمانی دەکات، حاڵەتێکی سروشتی پڕ لە بانگەشەی گریمانکراوی پێشینەییە لە بارەی منداڵبوون و پێوەندی نێوان ئەم دوو ڕەگەزەوە وەکوو چۆن پڕە لە بانگەشە و گریمانی پێشینەیی لە بارەی پێوەندی جیاواز لە نێوان پیاواندا.

پێوەندی هاوسەرێتی، جۆرێك ئیلتیزامی تاکەکەسی دوولایەنەیە کە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو پێوەندییە هاوسەرێتییە پتەوتر و پایەدارتر بێت لەو پەیوەندییەی کە لە نێوان گیاندارانیتردا هەیە. بۆیە (لۆك) جەخت دەکاتەوە کە ناتوانرێ پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان وەك سەرمەشق وەربگرین بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ، کۆمەڵی سیاسی جیایە لە کۆمەڵی خێزانییەوە. لەم بارەوە ڕەخنە لە دیدگاکانی (فیلمەر) دەگرێت و دەڵێت: دەسەڵاتگەریی باوکانە جیایە لە دەسەڵاتگەریی سیاسی. ئەگەر دەسەڵاتگەریی باوکانە سروشتییە، ئەوا دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و ڕەزامەندیی ئیرادەیی، جێگیرە. جگە لەوە (لۆك) جەخت دەکاتەوە کە بە پێچەوانەوەی قسەکانی (فیلمەر) تەنانەت دەسەڵاتگەرێتی باوکیش لە خێزاندا دەسەڵاتێکی ڕەها نییە و باوك ناتوانێت مافی ژیان لە ئافرەت و منداڵەکانی خۆی زەوت بکات یان لێیان بسەنێت، چونکە ژیان بەخشندەیەکی خواوەندە و ئادەمیزاد هەتا ئەگەر لە پایەی باوکیشدا بێت بە ئیرادەی خۆی، مافی زەوتکردنی ئەو مافەی نییە. لە درێژەی ڕەخنەکانیدا ئاماژە بەوەش دەکات کە یەکەمین و بچووکترین یەکەی کۆمەڵی مرۆیی، یانی خێزان، گەرچی پەیوەندیی‌نێوان ئافرەت و مێرد بنەمایەکی سروشتی و غەریزەیی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا خاڵی نییە لە جۆرێك ڕێککەوتن و ڕەزامەندیی دوولایەنە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لۆك بە بایەخەوە دەڕوانێتە ڕۆڵی دایك لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی پەروەردەکردنی منداڵدا و دەڵێت: ئێمە ناتوانین بەو ڕایەڵانەی لە نێو دەسەڵاتی باوکسالاری کە لە نێو خێزاندا هەیە، پاڵپشتی لە حوکوومەتی باوکسالاری بکەین، چونکە دەسەڵات لە نێو خێزان و پەروەردەکردنی منداڵ بریتییە لە دەسەڵاتی دایك و باوك بەسەر منداڵەکانیاندا بەیەکەوە نەوەکوو بە تەنها دەسەڵاتی باوك بێت ئەگەرچی بڕیاری کۆتایی بەدەست باوکە، بەڵکوو دایکیش بەشداری تێدا دەکات، بۆیە پێمان وایە لۆك دەگاتە ئەو باوەڕەی ناونانی ئەو شێوەیە لە دەسەڵاتی نێو خێزان بە دەسەڵاتی باوکسالاری، ناونانێکی هەڵەیە.لەبەرئەوەی ئەم ناونانە وا پیشان دەدات کە هەموو دەسەڵاتەکانی نێو خێزان و ماڵەوە لەدەست باوکدایە و دایك لێی بێبەری کراوە کەچی ئەگەر ئێمە ڕاوێژ بە عەقڵ بکەین، دەبینین دایکیش بەشێکی یەکسانی وەکوو باوکی لەو دەسەڵاتەی نێو خێزاندا هەیە.

جۆن لۆك دەڵێت، بۆیە ئەم دەسەڵاتە ناونانرێت بە دەسەڵاتی دایك و باوك چونکە سروشت هەر ئەرکێك بە حوکمی منداڵی بەسەر منداڵدا بسەپێنێت دەبێت قسەکەمان بەسەر منداڵبووندا پراکتیك بکرێت، واتە دایك و باوك بەیەکەوە، بۆیە دەبینین یاسای خوایی بە ئاشکرا بەبێ جیاوازی ئاماژە بۆ ئەو مەسەلەیە دەکات. کاتێك بە ناوی دەسەڵاتی ڕەها قسە لە بارەی دەسەڵاتی دایك و باوك دەکەن و پێیان وایە کاتێك دەڵێن دەسەڵاتی باوکسالاری، ئەوە بە تەنیا مەبەستیان دەسەڵاتی باوکە. ئەگەر ئەو دەسەڵاتە ناو بنرێت بە دەسەڵاتی دایك و باوك، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چ کاریگەرییەکی هەیە و چۆن دایکیش خاوەنی دەسەڵاتە.چونکە بەشداریکردنی دایك لەم دەسەڵاتە خزمەت بە مەبەستی ئەو کەسانە ناکات کە بانگەشەی دەسەڵاتی باوکسالاری دەکەن، ئەو کاتەش ئەو دەسەڵاتە مادام دەلالەت لە دەسەڵاتی بنچینەیی دەکات کە حوکوومەتی تاك پیاوی لەسەر نییە،

بەڵکوو دەستەڵاتی دایك و باوكە.
ئەو سیاسەتەی کە دایك بەکاری دەهێنێت جیاوازە لەو سیاسەتەی کە باوك کاری پێدەکات، چونکە دایك لە باوك چاوی سۆزی زیاترە و منداڵیش بە هەمان شێوەیە. خۆشەویستی لە نێوان دایك و باوكدا جیاوازییەکی زۆری هەیە، ئەم جیاوازییەش بە گرینگ دەژمێردرێت چونکە خۆشەویستی باوکانە بەپێی سروشتی خۆی خۆشەویستییەکی مەرجدارە. منداڵەکان لە ڕێی بەجێهێنانی کۆمەڵێك ئەرکەوە دەتوانن ئەم خۆشەویستییە دەستەبەر بکەن. «ئەریك فرۆم» پێی وایە باوك ئەو کوڕەی زیاتر خۆش دەوێت کە بە شێوەیەکی باشتر خواست و ئاواتەکانی ئەو بەدی دەهێنێت. کوڕێکی لەم چەشنە زیاتر شیاوە بۆ ئەوەی جێگرەوە و میراتگری باوکی بێت. لە خێزانی باوکسالاریدا هەمیشە یەکێك لە کوڕەکان لە باوکیەوە نزیکترە، ئەمەش دەشێ زیاتر کوڕە گەورە بێ، بەڵام لە بنیادی دایکسالاریدا ئەمە بە پێچەوانەیە، دایك بە یەکسانی منداڵەکانی خۆی خۆش دەوێت.مناڵ بەبێ جیاوازی لە منداڵدانی دایکدا گەشە دەکات و پێویستی بە سەرپەرشتی ئەو هەیە. ئەگەر دایك بە تەنها سۆز و میهرەبانی خۆی بدات بەو منداڵانەی کە خۆشی دەوێن ئەوا منداڵەکانی تر تووشی گرفت گەلێکی زۆر دەبنەوە لەوانە تەندروستی خراپ و پەروەدەیەکی نادروست و کۆمەڵێك کێشەی تر کە ڕۆژانە مناڵ تووشیان دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە کەمی مناڵ بە خواستی دایکی ڕەفتار دەکات بەڵام هەرگیز ئەم نارێکوپێکییەی مناڵ ناخوێنێتەوە.
دایك، دنیایەکی گەورەیە لەبەرچاو مناڵدا بۆیە دەبێت دایك زۆر بە وریاییەوە لەگەڵ منداڵەکەیدا هەڵسوکەوت بکات و بە خودئاگاییەوە کارەکان لەبەرچاو مناڵدا بەئەنجام بگەیەنێت و لە هیچ کارێکدا کەمتەرخەمی نەکات چونکە مناڵ دایك بە کارەکتەرێکی گرینگ دەبینێت و پێی وایە دایك دوورە لە هەموو ناڕاستییەك. هەر کارێك لە بەرچاو مناڵ ئەنجام بدرێت ئەو وەك خۆی لاسایی دەکاتەوە و هەوڵ دەدات بەبێ کەموکووڕی پاتەیان بکاتەوە بەڵام لە زۆر کاتدا دایك ئەم لاساییکردنەوەیە بەپەسەند وەرناگرێت و دەبێتە ڕێگر لە ئەنجامدانی. دەبێت دایك بتوانێت فەزایەکی دروست بۆ مناڵ بخوڵقێنێت و لایەنی دەروونی ئارام بۆ ئەوەی لە داهاتوودا نەوەیەکی دروست و چالاك بخاتە نێو کۆمەڵگەوە چونکە کەسێتی مناڵ، ڕەنگدانەوەی پەروەردەی خێزانە.

**بەرپرسیارێتی ئافرەت لە گەشەی سیاسیی منداڵدا:**

گومانی تێدا نییە خێزان یەکەم شوێنی پێگەیشتنی منداڵە بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، هەر بۆیە ڕەفتار و کردارەکانی ڕەنگدانەوەی خێزانە. خێزان بەپێی ئەو فەزایەی کە بۆ مناڵ دابینی دەکات لە داهاتوودا دەبێتە بەشێك لە بەهرەکانی و بەردەوام کاری بۆ دەکات.

خوێندنەوەی توێژینەوە جیاجیاکان لە بارەی ڕۆڵی خێزانەوە لە گەشەی سیاسیدا ئەوە دەردەخەن کە خێزان لە کۆتایی چلەکاندا بە یەکەی کۆمەڵایەتی بەرپرس بە شێوەیەکی(سەرەکی)لە دەرکردنی ڕەفتاری سیاسییانەی مناڵ لە قۆناغەکانی داهاتووی تەمەنیدا دادەنرێ، بەڵام لە ساڵەکانی تردا ئەم بۆچوونە یەکاویەك گۆڕا و دەستەڵات و باڵادەستییەکە درا بە دەوڵەت ئەویش بە هۆی فراوانبوون و کاریگەربوونی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە دارشتنەوەی عەقڵییەت و دامودەزگاکانی فێرکردنەوە. ئەو پەیکەرە دەسەڵاتەی لە نێو خێزاندا هەیە لە مەرجە سەرەکییەکانی بەرجەستەبوونی کەسێتی و ڕەفتاری سیاسی مناڵ لە دواییدا دادەنرێ، خێزان لە دیدی منداڵدا وێنەیەکی بچووکی دەوڵەتە و، دەرککردنی منداڵ بۆ دەسەڵات لە نێو خێزاندا سەرەتایەکە بۆ دەرککردنی بە دەستەڵاتی دەوڵەت. کەشوهەوای دەروونیی خێزان و شێوازی تایبەتی پەروەردەکردن لە چەند ساڵی یەکەمی تەمەندا بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە کار دەکاتە سەر ڕەفتاری مناڵ و لە داهاتووشدا لەسەر ڕەفتاری سیاسییانەی ڕەنگ دەداتەوە. زۆر سووربوون لەسەر مناڵ و بەتەنگەوەهاتنی زیاد لە پێویست لەلایەن دایك و باوکەوە لەوانەیە لە دوارۆژدا ببێتە هۆی داهاتوویەکیسیاسیی خراپ، چونکە پرۆسەی گواستنەوەی لە ژیانی خێزانی و گەرموگوڕیی پەیوەندییەکانی ناویەوە بۆ ژیانێکی کۆمەڵایەتی فراوانتر بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە ناچێت، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی ڕەوتی ئەرێنییانەی تاك و گوێنەدانی بە کاروبارە سیاسییەکان، هەروەها دروستبوونی دڵەڕاوکێ و هەستنەکردن بە ئارامی لەگەڵ خەڵکانی تردا و بە هۆی ئەوەوە ڕوو لە گۆشەگیری و خۆکەناردان لە هەموو بەشدارییەکی کۆمەڵایەتی دەنێت. ئەمانە فاکتەری سەرەکین بۆ ئەوەی مناڵ لە کۆمەڵگەکەی دوورەپەرێز بێت، لێرەدا ڕۆڵی دایك بەتەواوی لە چارەسەرکردنی ئەم گرفتەدا دەردەکەوێت و دەتوانێت پێش ئەوەی ڕوو بدات ڕێگری لێ بکات و پلانی دروستی بۆ دابرێژێت، ئەمەش بە پەروەردەکردنی مناڵ پێش گەورەبوونیدەبێت، «کانتی» فەیلەسووف لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەو ماوەیەی کە پێویستە پەروەردە بیخایەنێت تا ئەو کاتە دەبێت کە مرۆڤ خۆی خۆی بەڕێوە ببات، هەتا ئەو کاتەی کە تێیدا غەریزەی وابەستە بە سێکس گەشە دەکات، هەتا ئەو کاتەی کە تێیدا دەتوانێ ببێت بە باوك و پەروەردەی کەسانی تر بکات.ئەوجا کە ئەو ماوەیە تێپەڕبوو لە دواییدا سەرچاوەی نهێنییەکانی ڕۆشنبیری و پەروەردە بخرێتە کار، بەڵام هێشتا لەگەڵ ئەوەشدا

ناتوانرێت پەروەردەیەكی دروست و رێكوپێك بدرێت. ئەم پەروەردەیە لای كانت ئەوە دەگرێتەوە كاتێك كە منال لە تەمەنێكدا لە خێزان دەردەچێت و تێكەڵ بە كۆمەڵگە دەبێت، بەلام لە ژێر كاریگەری خێزاندا هەر دەمێنێتەوە بە تایبەتی تەمەنی پێش دەرچوونی لە خێزان. ئەگەر منال لە سەرەتاوە وازی لێ بهێنرێت و لە هەموو شتێكدا ئازاد بێت، تەنها لەو كارانەدا نەبێت كە بۆی مایەی زیانن، بۆ نموونە وەك گرتنی چەقۆ بەدەستیەوە یاخود هاوار بكات یان لە كاتی گەمەكردندا ژاوەژاو بێنێتەوە، چونكە لەم كاتەدا دژایەتی ئازادی خەڵكانی تر دەكات. دایك پێویستە وەك یەكەم پەروەردەكەری منال رەچاوی ئەمانە بكات و سنووریان بۆ دابنێت، نابێت كارێكی هەڵە یاخود درۆیەك لەگەڵ منالەكەیدا بكات و بتوانێت پەروەردەیەكی راستینەی منالەكەی بكات تا لە داهاتوودا تاكێكی دروست پێشكەش بە كۆمەڵگەكەی بكات.

زۆرجار دایك لە ناخودئاگاییەوە كارەكانی لەبەرچاو منالەكەی رادەپەرێنێ و جێبەجێ دەكات لە بەرانبەریشدا منال دەرك بە كردارەكان دەكات و لەلایەن خۆیەوە بە خودئاگاییەوە لە بەرچاو دایكیدا پاتەیان دەكاتەوە بێگومان دایك وەك رەچاوكەرێكی بەردەوام ئەو كردارانەی كە لەگەڵ تەمەنیدا ناگونجێ رێگەی لێ دەگرێت و ناهێڵێت منالەكەی پاتەی بكاتەوە، بەلام منال بەرپەرچدانەوەیەكی توندی دەبێت و پێی وایە ئازادی لێ گیراوە و ناتوانێت ئەو تواناییەی كە خۆی هەیەتی بە ئازادی دەرببرێت. «رۆسۆی» فەیلەسووف پێی وایە مرۆڤ بە ئازادی لە دایك دەبێت و دەبێت هەر ئازاد بێت كە واتە دایك دەبێت ئازادی تەواو بۆ منالەكەی دابین بكات كە دوور بێت لە هەرەشە و لێدان. لە هەمان كاتدا «كانت»ی فەیلەسووف پێی وایە منال لە كاتی روودانی هەر زیانێكدا دەبێت سروشت خۆی ئازاری بدات نەك كۆمەڵگە.

ئەگەر ئێمە لەم روانگەیەوە سەیری كۆمەڵگەی خۆمان بكەین ئەم كردەیەمان لەلایەن ئافرەتانەوە بەرچاو دەكەوێت، زۆر كەم لە دایكان توانیویانە ئازادی تەواو بۆ منالەكانیان دەستەبەر بكەن و هەرچی منال ئارەزووی بكات بۆی ئاسان بكات، ئەم رق و توورەییە لە ناخی منالدا كۆ دەبێتەوە و لە داهاتوودا كەسێكی توندرەوی لێ دەردەچێت. بۆ چارەسەركردنی ئەم گرفتە دەبێت دایك لە سەرەتاوە بەرنامەیەكی دروست بۆ پەروەردەكردنی دابرێژێت پێش لەدایكبوونی منالەكەی. هەرچەندە ئەمە تەنها ئەركی دایك نییە و بە هەمان شێوەش باوكیش لەم كارەدا رۆڵی هەیە بەلام دایك زیاتر لەگەڵ منالەكەیدایە و زیاتر گفتوگۆی لەگەڵدا دەكات و دەیدوێنێ. ئەو توێژینەوانەی كە لە خۆرئاوادا لەسەر كاریگەرێتی رۆڵی دایك بۆ سەر رەفتاری سیاسیی تاك ئەنجام درا جیاوازی زۆر بوو. هەندێ لەو توێژینەوانە ئەوە دەسەلمێنن كە لە حاڵەتی دژبەیەكبوونی ئینتیمای حیزبیی دایك و باوكدا منال بۆچوونی دایكی زیاتر پەسەند دەكات، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر كاریگەرێتی دایك لە بنیادنانی بۆچوونە سیاسییەكانی تاك. لە هەمان كاتدا هەندێ لە توێژینەوەكانی تر جەخت لەسەر كارتێكەری باوك لەسەر رەفتاری سیاسییانە منال دەكەن بۆ نموونە كور چونكە بەو پێیەی باوك كاریگەری سیاسی لە كۆمەڵدا هەیە و ئاستی هۆشیاری سیاسییانەی بەرزە و هەروەها هاورەگەزیشە لەگەڵ باوكدا و زۆرجار باڵادەستیشە بەسەر دایكدا.

لە لایەكی ترەوە مندال دەست دەكات بە وەرگرتنی زمان لە رێگەی پەیوەندیكردنەوە بە ژینگە رۆشنبیرییەكەی دەوروبەرییەوە بە شێوەی هەڵچوونێك كە لەسەر لاسایی و وتنەوە وەستاوە، پاشان توانا لە دەرككردنی وشە و رستە و دەستەواژەكاندا پەیدا دەكات و بە شێوەیەكی خۆویستانە زمانی منال لەگەڵ گەشەی جەستەیی و عەقڵی و دەروونیدا پێش دەكەوێت. هەگبەی زمانەوانی منال لە خێزانەوە دەست پێ دەكات ئەو زمانەش منال بەكاری دەهێنێت مانای خۆی هەیە، مانا لە خودی خۆیدا دیمەنێكی فیكرییە، خۆ ئەگەر منال لە سەرەتای بەكارهێنانیدا بۆ زمان دەستەواژە ئاسانەكان فێر ببێت كە گوزارشتن لە پێكهاتە مادديیەكانی دەوروبەری ئەوا بێگومان لەگەڵ گەشەی عەقڵییدا دەست دەكات بە فێربوونی چەند چەمكێكی زیاتر سادە و باشتریش لە دەرككردنی واقیعیەتی كۆمەڵگەكەی و رێكخستنی مەعریفەكانی بەپێی ئەم چەمكانە تێدەگات.

مندال لە قۆناغێكی سەرەتایی تەمەنیدا بەو چەمكەسیاسییانەی كە پەیوەستن بەسیستەمی فەرهەنگی- ژیارییانەی كۆمەڵگەوە ئاشنا دەبێت و لە هەمان كاتدا ناوەرۆكێكی فەلسەفییان هەڵگرتووە. چەمكە سەربازییەكان رەمزێكە بۆ جەنگ و شەر، مامۆستا سمبولێكە بۆ فێربوون، دوكتۆر سمبولێكە بۆ چارەسەركردن، كە ئەمانەش مەرج نییە راستەوخۆ لە دەمی دایكییەوە ببیستێ لەوانەیە لە رێگەی گێرانەوەی چیرۆكەكانەوە بێت كە باسی پاڵەوانێك دەكات، لەوانەیە ئەو پاڵەوانە دوكتۆرێك یان مامۆستایەك یان سەربازێك بێت. ئەو كاتە ئەو كەسێتییە گوزارشت لەو چەمكانە دەكات كە لە نێو كۆمەڵگەكەی پێی ناسراون، یاخود ئەو كەرەستانەی یارییان پێ دەكات، پێدەچێت هەر یەكەیان گوزارشت لە چەمكێك بكەن، یاخود ئەو جلوبەرگانەی لەبەری دەكات گوزارشت بن بۆ ئەو چەمكانە، هەموو ئەمانە هۆشیاری و بیری منال بەرەو ئامانجێكی دیاریكراو رادەكێشن. كەواتە پرۆسەی سیاسی یاخود رۆشنبیری یان هەرچەمكێكی

تر بێت لە نێو خێزاندا لە میانەی پەیکەرەکەی و سروشتی کەشی دەروونی تێیدا بەتەواوکاری دەگات، ڕۆشنبیریی سیاسیش لە میانەی زمان و چەمك و هێماکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵ و هەروەها پێگەیاندنی سیاسی لە میانەی میکانیزم و ئامرازی جۆراوجۆرەوە جێبەجێ دەکرێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی شێوەیەك لە بەهای سیاسی لای تاك کە زاڵ دەبێت بەسەر ئاکار و هەستیدا و هەڵوێستی سیاسی و پلەی هۆشیاریشی دیاری دەکات.

ئەم ئەرکە لەسەر شانی دایك و باوکە و هەردووکیان لە داهاتووی منداڵەکەیاندا بەرپرسن و ئەم پەیکەرە تەواو نابێت ئەگەر یەکێکیان کەمتەرخەمی تێدا بکات. لەم ڕوانگەوەش چەند توێژینەوەیەك لە بارەی دەرئەنجامەکانی بەتەنیا بڕیاردانی دایك لە پرۆسەی گەشە لە نێو خێزاندا کراوە و ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەو پرۆسەیە بە شێوەیەکی خراپ ڕەنگدانەوەی دەبێ لەسەر کەسێتی منداڵ و دەبێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگییەکەی، ئەمەش لە زاڵبوونی ڕەفتاری منداڵانەدا بەسەریەوە دەردەکەوێت بەردەوامیشە لەگەڵ گەشەکردنی لە قۆناغی هەرزەکاری و ئارەزووی پشتبەستن دەکات بە خەڵکانی تر و ملکەچکردن بۆیان، هەندێکجاریش ئاکامی پێچەوانەی هەیە. واتە منداڵەکە سیفەتی دەستەڵات هەڵدەگرێ لەگەڵ تێبینیکردنی هەبوونی جیاوازی لە نێوان هەر دوو ڕەگەزەکەدا. بەشداریکردنی باوك لە گەشەی منداڵەکەدا بە شێوەیەکی کارا گرینگی زۆری هەیە بۆ ئارامیی دەروونیی منداڵ، بەڵکوو هەر تێکچوونێك لە پەیوەندی نێوان منداڵەکە و باوکیدا هەروەها لەوانەیە ببێتە هۆی گەشەیەکی خراپی کەسێتی تاکەکە بە شێوەیەك بە گرینگی نەزانێ بەشداری ژیانی سیاسی بکات و بە هۆی بێسوودی بەشداریکردن لە ژیانی خێزانیدا کە باوك تێیدا دەستەڵاتی تاکڕەوە، ئەو دیدە نائومێدە باڵادەست دەبێت سەبارەت بە هەر گۆڕانێك و لەدەستدانی متمانەی توانایی کارتێکردن لە ڕێڕەوی کاروبارە گشتییەکاندا.

نائامادەیی باوك لە پرۆسەی گەشەی سیاسیدا چەند شێوازێك وەردەگرێت لەوانەیە نائامادەبوونێکی تەواو بێت لەو خێزانەدا کە ناو دەبرێت بە خێزانی(دایك) یان خێزانی(دایکسالاری) لەوانەشە نائامادەییەکەی لەگەڵ بوونی خۆیدا لە گەشەی نێوخێزاندا بەشداری نەکردبێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆی فەرهەنگی وەکوو ئەو بۆچوونەی گوایە بەرپرسیاریتی تەنها دەکەوێتە سەرشانی ئافرەت و یان بەهۆی سەرقاڵبوونی بەکارکردنەوە بەدرێژایی ڕۆژ یان سەفەرکردنی بۆ دەرەوەی وڵات، ئەمەش دەبێتە هۆی دیاردەی (بەمێینەکردنی خێزان) واتە تاك ئیدارەکردنی ئافرەت بۆ بەڕێوەبردنی خێزان و پەروەردەکردن و گەشەپێدانی منداڵەکانی. لەگەڵ زۆری ئەو توێژینەوانەی کە لەم بارەوە کراون، هەندێك پێیان وایە کەزۆر ئەستەمە بزانرێت ئایا ئەو دیاردەیە باشە یان خراپە لە کاتێکدا ئەوانەی قسە لەسەر ئازادکردنی ئافرەت دەکەن بەدیاردەیەکی چاکی دەزانن و پێیان وایە دەستەڵاتی ئافرەت زیاتر دەکات و توانای خۆسەلماندنی دەداتێ،ئەوەش دیاردەیەکە کە بۆ کەمترخەمی باوك لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییەکانی خۆی لە ناو پرۆسەی گەشەدا و ئەرکێکی ترە بۆ سەرشانی ئافرەت بە بەرپرسیارێتییەکی چەند هێندە و لەوانەیە بۆ بەشداریکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە بەرفراوانەکانی کۆمەڵگە سەرقاڵی بکات و نەتوانێت وەك پێویست خزمەتی منداڵەکانی بکات. لەم کاتەدا منداڵ لە پەروەردەکردنی دایك و باوکی دوور دەبێت، منداڵیش خۆی دەبێت بە گەورەی خۆی و لە فرمان و ئەمری دایکی دەردەچێت. ئەمەش خاڵە لاوازەکانی دایکسالارییە، بەڵام ئەمەش لە هەموو کاتێکدا دروست نییە چونکە چەند شێوە لەم جۆرە خێزانانە هەیە کە دایك پەروەردەکەری یەکەمە و توانیویەتی خێزانێکی دروست بەرهەم بهێنێت و منداڵەکانی بە باشترین شێوە پەروەردە بکات.

خێزان بۆ ئافرەت گەورەترین دەوڵەتە کە دەتوانێت مەزنترین دەستەڵات بەسەر منداڵەکانیدا بسەپێنێ و بەرنامەیەکی دروستیان بۆ دابڕێژێت کە لە بەرژەوەندییانەدا بێت. لە هەمان کاتدا بەشداریش بکات لە ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکەی و ڕۆڵێکی ئەکتیڤ و کارای هەبێت و شانبەشانی پیاوان تێبکۆشێت و ئەو مافانەی کە پێشێل کراون، دەستەبەریان بکات و کاریان بۆ بکات.

سەرچاوە:

١.ئەریك فرۆم، مرۆڤ لە نێوان ڕواڵەت و جەوهەردا، وەرگێڕانی: سابیر بەکر موکریانی، هەولێر،٢٠٠٤
٢.ئەریك فرۆم، (بەناوی ژیان)ەوە، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، گەلاوێژ، سلێمانی، ٢٠٠٢
٣.ئیمام عەبدولفەتتاح ئیمام، جۆن لۆك و ئافرەت، وەرگێڕانی ئەژین عەبدولخالق، دەزگای ڕێبین، ٢٠٠٣
٤.پەروین سازگارا، ئاوڕدانەوەیەك لە کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: جەواد مستەفا ستووپەیی،دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٣
٥.د.عەبدوڕەحمان بەدەوی، فەلسەفەی ئایین و پەروەردە لای کانت،وەرگێڕانی:سامان عەلی، دەزگای سەردەم، ٢٠٠٣

# لە هەگبەی یادەوەرییەکان

ئامینە عەزیزی - بانە



ئەمن «ئامینە عەزیزی» بە ناسناوی «سروور»،کچی حاجی کەریم ئاغای قۆڕەدەڕە، /قۆڕەیەرە /و حاجی نزاکەت خانمی بەلەجەڕ،لە گوندی «میرەدێ» چاوم بە دنیا هەڵهێناوە و هەتا هەشت ساڵ تەمەنم لە قۆڕەدەڕە بووم و لە نێو ١٤ قوتابی تەنها من ئافرەت بووم. قوتابییەکی زیرەک بووم و جاری واش بووە لە جیات مامۆستاکەم کە ئەو کات پێیان دەگوت: سپای دانش، دەرسم دەپرسییەوە.

پۆلی دووهەم بووم ماڵمان چوو بۆ سەقز، لە قوتابخانەی پەروین ئیعتیسامی ناونووس کرام.قەت لە بیرم ناچێتەوە لەبەر ئەو رووسەرییەی سەرم، گاڵتەیان پێ دەکردم.

پاش ماوەیەک منیش سەرم ڕووت کرد و چوار پەلکەی یەک گەزیم خستە بەر چاوی هاو قوتابییانم. مامۆستاکانیشم زۆریان پێ جوان بوو.

هەوەڵی شۆڕشی ئێران من هەوەڵی ناوەندیم دەخوێند و وەک دۆستانم تەک براگەورەکەم دەچووینە شەقام و من نان و پێخۆر و دەرمانم بۆ خەڵکی ئاوارە کۆ دەکردەوە.

نووسینی ئەو بیرەوەرییانەم لەو کاتەوە دەست پێ کرد و نووسینم لەبەر مەعبوودی خۆم هەڵبژارد.

هەتا بتوانم هێز و گەورەیی و سەیر و سەمەرەیی سروشت بناسێنم و ڕێز لە بەدیهێنەرەکەی بگرم.

من بۆ خۆشی و ناخۆشی، بۆ سروشتی جوان و بێگەرد، بۆ ڕەحم و بەزەیی، بۆ بەخشینی میهر و پێکەنین، بۆ ناسینی پاکی و خاوێنی دڵەکان و عیشق بە هاوڕەگەزی خۆم و بنەماڵەم و ئافرەتی نێو کۆمەڵگاکەم، دەنووسم و نووسینم هەڵبژاردووە. ئەویندارى کۆڕ و کۆبونەوەی شاعیران و نووسەرانم. تامەزرۆی بیستنی چیرۆک و فۆلکلۆری کوردەواریم، هیوادارم تا ئێستا توانیبێتم هەنگاوێکی باشم هەڵگرتبێ بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردەواری.

گەرەکمە بە نییەتی پاک و بڕوایەکی بێگەرد، هەتا ئەوپەڕی دنیا، هەتا ئەوسەری دنیا، هەتا ئەو جێگای کە ئینسان پێی لێ نەناوە، خۆم گوم بکەم، بڕۆم، بڕۆم، بەرەو فێر بوون، بەرەو باڵگرتن، بەرەو پاکی و ڕاستی و دۆستی.

بۆ گەییشتن بەو ئامانجە،بۆ هەر ناخۆشی و ئێش و ڕەنجێک ئامادەم.

بۆ هەر لایەک دەڕوانم، ئەی! بەڵکوو لە نێو دەریای عیلم و زانیندا دڵۆپێ ئاو بنۆشم. هیوادارم کە توانیبێتم خزمەتێکم کردبێ و منداڵەکانم، خۆشەویستەکانم،قوتابیی ەکانم،دۆستانم شانازییم پێوە بکەن.

جێگای خۆیەتی ڕێز و سپاسی خۆم دەربڕم بۆ ئەو ئازیزانەی کە لە گشت کات و ساتی ئێش و ژان و دەردەسەری و نەزانیندا بۆ من پاڵپشت و هاندەر بوون.

بە تایبەتی دایک و بابم پاشان مامۆستا هێمنی نەمر و مامۆستا سەید کامیل حەسەنی و دادە موفیدە مەزهەر و مامۆستا سەلاح یۆسفی کە لە ڕۆژەکانی هەوەڵی نووسیندا لە تەکمدا بوون،دیسان سپاسیان دەکەم.

وەک ژنی نموونە، نووسەری نموونە لە پارێزگای سنە، خێزانی سەرکەوتوو لە دەنگ و ڕەنگی سنە و مامۆستای نموونە لە فەرمانگەی فێرکردن و بارهێنانی بانەناسراوم.

کتێبی چاپکراوم «پاڕانەوە»یە، کتێبی ئامادەی چاپیشم: پاڕانەوە(بەشی دووەم و سێهەم)،هەگبەی مامۆستای لادێ (فۆلکلۆر)، ژینی، ژیان و ژین (چیرۆک)، خاطرات

ماندگار(داستان) فارسی،دەروونی پڕزام (دیوانی شیعر)،با تو بودن( کورتە نامە) – فارسی و هەروەها «ژیانی سەیران و سیروان» و «ژن لە کوردستان» کە بە هیوام ئامادەیان بکەم.
وەک ژنێک کە دەست پەروەردەی داوێنی پاکی دایکی نیشتمان و وەک ماملۆستایەکی قوتابخانە کە ساڵیانی ساڵە دڵی لە پێناو ڕۆڵەکانی ئەم ئاو و خاکە و هەروەها داهاتووی کۆمەڵگەکەی و مافی ژنانی وڵاتەکەی لێدەدات و دیسان وەک هەڵقوڵاوی زات و جەوهەری ژنایەتی و لە گیانی دایک بوونییەوە سەرچاوەی گرتووە، وەک ژنی نموونە لە شارستانی بە بۆ دوو جار لە لایان فەرمانداری و مانگی سوور، وەک دایکی نموونە، وەک نووسەر و وێژەوان، هەروەها وەک ماملۆستای نموونە، وەک بنەماڵەی خۆشبەخت لە ناوەندی کوردستان/ سنە/ بڕیارم داوە بۆ دایک و ژنانی وڵاتەکەم چەندان لایەن و گۆشەی ژیانی ئەوان بخەمە بەر سەرنج و لێکۆڵینەوە و بیخەمە بەرچاو خوێنەران و لایەنگرانی ئازیزەوە.
هەرچەندە ئەمەش خزمەتێکی هەرە بچکۆلەیە لە پێناو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی پڕ لە عەدل و داد و لە هەمان کاتدا گەشەگرتوو.
پڕ بە دڵ ئاواتەخوازم کە گشتمان بە تێکڕایی، دەست لەنێو دەستی یەکتر بنێین و زانایانە و هۆشمەندانە بۆ خاشەبڕکردنی ناتەبایی و کەموکوڕییەکانی کۆمەڵ هەوڵی بێوچان بدەین.
کارێک بکەین کە هەموومان یەکگرتوو و دڵنیا، بەبێ دڵەخورپە و بە شێوەیەکی ماندوونەناسانە ئەم ڕێگا ڕاستەقینە ئینسانییە بپێوین و تا گەییشتن بە ئامانجە پیرۆز و بەرزە ئینسانییەکان کۆڵ نەدەین و ڕانەوەستین.
بۆ گەییشتن بە مەبەستە دڵخوازە ناوبراوەکەم، وام بە باش زانی چەندینجار وەک سەرەتا، وتارێک کە پێوەندی بە هەڵکەوتی ژیانی ئینسانی ژنانی کوردستانەوە هەبێ، بنووسم.
ئەو کارەشم کرد و لە بابەتی ( ژن بە ژنە)، (ژن لە کوردستاندا)، (ژیانی ژین و ژیان)، (بەسەرهاتی سەیران و سیروان)، ( پیاوی شاری و پیاوی لادێ) و....
کە گۆڤاری خۆشەویستی سروە( کە ئەوکات تریبونێکی ئازاد و بەدەنگەهاتووی گەلی کورد بوو) بڵاو کرایەوە و لە میرەدێ و ناوچەکە دەنگی دایەوە و پێشوازی باشی لێ کرا و لەوە بەدواوە یانی دوای ساڵی ٦٩/٦٨ وردە وردە ژن بە ژنە و گەورە بەبچووک و تەنانەت سێ بەگا!! و چەوسانەوەی ژنان بەرەو کۆتایی هات، بەڵام ئێستا بە جۆرێکی دیکە فێری زوڵم لێ کردن دەرحەق ژنان بوون با بوەستێ بۆ دەرفەتێ تر و تریبونێکی ئازادتر.
هەر لە منداڵییمەوە ئەمدی ژیانی تاڵی ژنانی گەلەکەم.
بەڵێنم دا لە ناخی دڵمەوە، بەو منداڵی و بچکۆلییەمەوە کە بخوێنم یان ببمە ماملۆستا یان پرستار.
بە هەردوو ئاواتەکەم گەییشتم،کاری برینپێچی و دەرزی وەشاندن فێر بووم و خۆبەخشانە لە خزمەت خزم و کەس و دراوسێیەکانم دام.
وەک ماملۆستای قوتابخانەش قەولم داوە ئەوەی لە هێز و توانامدایە بۆ قوتابییە خنجیلەکانم بیکەم و ماندوونەناسانە هەوڵ بدەم بۆ فێرکردنیان.

کە گەل خوێندەواربێت قەت ژێر ناکەوێت
لە ئاست بێگانە سەری نانەوێت

چوومە فێرکاری سۆما و نووسین و خوێندنەوەی کوردیش فێربووم و هاوکات تەک ( سیروان، ئاوێەر، زن، سروە ) هاوکاریم بووە و بەڵێنییەکەی منداڵی خۆم بە ئەنجام گەیاند.
ساڵی ٦٤ کە ماملۆستای گوندی «کەرەویان»ی سەر بە شارستانی سەقز بووم، کاتی گەڕانەوەم بۆ سەقز تەک ماملۆستا سەلاح یۆسفی /کوردی/ ئاشنا بووم کە بۆ ناساندنی گۆڤاری سروە هاتبوو.
پاشان چەند جار بە خزمەت ماملۆستای نەمر ماملۆستا هێمن و خوالێخۆشبوو کاک ئەحمەد قازی گەییشتم و هاندەرم بوون .
لە هەر شوێنێک باسی مەتەڵ، چیرۆک، گۆرانی لە دەم ژنان، قسەی خۆش و... دەبیست هەر زوو لە گیرفان کەواکەم( کە دایمە لیباسی کوردی لەبەرمدا بوو بە کوڵەنجەوە) بوو بە (هەگبەی ماملۆستایەکی لادێ).
ئەوانیش زوو ئەیانزانی ئەمە کاری منە دەیانگوت:» ئێستا ئامینە خانم کاغەز و خودکارەکەی دەر دێنێت .
یادی ئەو ڕۆژانە بەخێر کە خەڵکی لە جیات موبایل و.
.. کتێب و نووسین و قسە و باس و بەسەرهات و کایە و جەفەنگ بوو و منداڵەکانیش زۆر شتی چاکیان بە چاو دەدی و بە گوێ دەبیست و تەجرووبەیان لێ وەردەگرت.
کەسێ وک منیش لە سایەی بوون و سەری ئەوان بوومە خاوەن هەشت کتێبی بە نرخ و باش و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردستانەکەم.
شانازی دەکەم بە باوکم کاتێ چوونی کچ بۆ قوتابخانە عەیب و عار بوو منی ناردە خوێندنگە، کاتێ عەیب بوو کچی دێهات ببێتە ماملۆستا، منی نارد بۆ «میرەدێ» و کەرەویان بۆ خزمەت بە نەتەوەکەم.
لە هاوینیش لە لای دوکتۆرێک دەرزی وەشاندن و برینپێچی بوو کە جێی خۆیەتی یادێک بکەم لە برای خواڵێخۆشبوو کاک بەهائ نەقشبەندی کە منی فێر کرد.
تەنانەت ژنێکی تەواو سووتاو کە کەوتبووە ناو تەنوور، چاکم کردەوە، کاتێ هیچ کەس توانای نەبوو تەماشای بکات.

پاشان ساڵی ١٣٦٧ تەک جەنابی مامۆستا مەلا ڕسووڵ ساڵحی ژیانی هاوبەشم پێک هێنا.
هەشت ساڵ لە گوندی «بۆبەکتان»ی سەر بە شاری سەقز مامۆستا و پێشنوێژ بوو. منیش مامۆستاژن یان مەلا ژنیان پێ دەگوتم!!.
چوار منداڵی ژیر و جوان و خوێن گەرم بوونە هەوێنی خۆشییەکانی ژیانمان.
بەسەرهات و بیرەوەری زۆر خۆش و ناخۆشم لەوێ جێ هێشت.
قسەیەکی خۆش: لە ئاوایی ڕەشەقەڵاتی بانە «مدیر ئاموزگار» بووم.لە قوتابییەکانم سێ خوشکی سێ جمکی تێدابوو، زۆر زۆر زیرەک و عاقڵ و لێزانیش بوون. پاش تەواوبوون پێکەوە هەتا سەر جادەکە دەهاتین هەتا باوەگەورەیان دەهات بە دوایاندا.ڕۆژێک لە ڕێگا پێم وتن: ئیشەڵڵا ئەمجارە کە دایکتان منداڵی بوو سێ جمکی کوڕی دەبێت.
سیما هاتە جواو و وتی: «حا خانم معەلیم!!! خاڵەشم وای وت، دایکم پێی گوت: زۆرت بێجا کرد».!!!.
من هەر لاڵ بووم هەر ئێستاش ئەو قسەم لەبیر ناچێتەوە هەر بۆم هەرس نابێت مێشکم هێشتا زرنگەی دێت زۆرم پێ سەیر بوو.
ساڵێک لە خوێندنگەی جەماڵەدین ئەسەدئابادی بانە پۆلی چوارەم پێ بوو. بێ ئەوەی تەک بەڕێز خوسرەوی بەڕێوەبەری قوتابخانە هەواهەنگی بکەم، ڕۆژی پێش چوارشەممەسووری ئارد و لیباسم برد و دوودانە لە کوڕەکانم کرد بە[ کۆسە] و دوو دانەش «دەف»یان هێنابوو، چاک و جوان ڕازاندنمەوە و ڕۆییشتینە درگای پۆلەکەمان بڕواتان بێت ئەوەندە خۆش بوو، ئەوەندە پێیان خۆش بوو هەر لە باس نایەت.بەڕێز خوسرەوی دەمی بە تاقی چرا وەستابوو ئەمە چۆنت ساز کردن!!؟؟ زۆر کاتێ خۆشمان بردەسەر. قەت لە بیرم ناچێتەوە.

خۆزگە گەلی کورد بۆ پشتیوانی و یارمەتیدانی نووسەران و شاعیران کتێب بکڕن و هەوڵ بدەن بۆ کتێب خوێندنەوە و منداڵەکانیان وا پەروەردە بکەن کە تەک کتێبدۆست بن و هاوڕێ.
ئەو کایە قەدیم و کۆنی کوردەوارییانەش، زیندوو بکەنەوە، من لە قوتابخانە ئەو کارەم کردووە و دەی کەم...

**کۆڵبەری**
**بێ نان و بێ ئاو لە شوێن پێخۆرێ**
**منداڵ دەربەدەر، هەر یەک لە دۆڵێ**

**بوومە ڕێبواری ڕێگای کۆڵبەری**
**ژن و منداڵیش بە دەربەدەری**
**دەردی برسیەتی و بێکەسیی وڵات**
**ژیان لە ئەزەل لێم کەوتە هەڵات**

**بارم مەینەتە و کۆڵم هەر خەمە**
**ژانی نەداری لە ماڵم جەمە**

**بوومە سەردێڕی ڕۆژنامەی یاسا**
**خاکم چوو لەدەست خیانەتئاسا**

**بۆ تیکە نانێ ژین لەسەر دەستە**
**سەرم نیشانەی زاڵمی پەستە**

**

**«ترسی هیجران»**

**دڵ بە مەحزوونی دیارە فیکری جانانی هەیە**
**بۆیە وا ئەمشەو بە شیددەت مەیلی گریانی هەیە**

**وا لە سایەی شەمعەکەی ڕووت لە دڵما دەرچووە**
**سەیری پەروانەی دڵم کە، مەیلی سووتانی هەیە**

**غەمزەکەی چاوت بە جارێ بۆتە جەردەی گیان و دڵ**
**لێیگەڕێ با ڕۆح فیدات بێ، دڵ چ تاوانی هەیە**

**غەیری ئیزهاری ئیرادەت پێم بڵێن سووچم چییە؟**
**بۆ چی دەرحەق موخلیسی خۆی مەنعی ئیحسانی هەیە**

**دڵبەرم بۆچی وەکوو دوو زوڵفی خاوی تێک چووە**
**زاهیرەن ئەمڕۆ خەیاڵی قەتڵی یارانی هەیە**

**چەن شەوێکە تفلی دڵ ئارامی لێ کردووم حەرام**
**ئاخری زانیم کە زەخمی تیری موژگانی هەیە**

**عەقڵ و هۆشت برد بە جارێ، غارەتی گیانم مەکە**
**دەمێکە خۆت ئەزانی فیکری قوربانی هەیە**

**هەرکە ئەڕوانم لە بەختم بە ناخۆشی دێتە پێش**
**بۆیە دائیم دڵ دەناڵێ ترسی هیجرانی هەیە**

**«سروور» ئەمڕۆ بە جۆش ئەگری بە ناڵەو زارەوە**
**عادەتە هەوری بەهاری، مەیلی بارانی هەیە**



ڕزگار خدر مستەفا - سلێمانی

## سلێمانیی جاران

# بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لەم شارەدا



پێگە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ژن و بەشداری چالاکی لە کۆمەڵگەدا ڕادەی وشیاری کۆمەڵگە دەردەخات. دایکی وشیار ڕۆڵەی وشیار و سەرکەوتوو دەبەخشێتە ژیان، گەرچی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەدرێژایی مێژوو ماندوونەناسانە هەم دایک و پەروەردەکار و هەمیش هاوکاری پیاوان بوون و لە کار و چالاکی ژیانی ڕۆژانە و گەلێ جاریش وەک سەرکردە و جەنگاوەر و گەورە و دەمڕاستی هۆز دەرکەوتوون و بوونی خۆیان سەلماندووە،بەڵام مێژوو هەقی خۆی پێنەداون. ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدە ئاماژەیان بە ڕۆڵی ژنانی کورد کردووە، «تۆما بوا» ئەو ڕاستییەی لە بارەی ژنانی کوردەوە درکاندووە: (ژنانی کورد جگە لە کاروباری ماڵ، لە بەرەبەیانێکی زووەوە هاوکاری پیاوانن، شتێکی سەرنجڕاکێش ئەوەیە لەنێو کوردان، ژنان لە دوای مردنی هاوسەرەکانیان لە ڕابەرایەتی ماڵ و هۆز و تەنانەت لە گۆڕەپانی شەڕیشدا جێگەیان دەگرنەوە ) .گەر گەشتێک بە لاپەڕەکانی مێژووی شاری سلێمانیدا بکەیت، ناوی سەدان ژنی بەتوانا و لێهاتووت بەرچاو دەکەوێ کە جێگەیەکی دیاریان هەبووە لە بواری سیاسی و خەباتی شاخ و شار، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەدەب و هونەر،پەروەردە.

ئێدمۆنز» باسی (ڕابیعە خان)ی کردووە کە لە شاری سلێمانی سەرپەرشتی نانەواکانی شار بووە، ڕۆڵێکی گەورەی لە دابینکردنی نان لەکاتی گرانی گەورە بینیوە، (حەبە خان) ژنی یەکەمی حاجی ئەمین مەڵکەندی لە جەنگی یەکەمی جیهانی لەبەر ئەوەی زۆربەی کوڕانی شار برابوون بۆ سەربازی، دز و پیاوخراپ زۆربوو، ئەم ژنە شەو ئێشکی ماڵی خۆی و دراوسێ و گەڕەکی گرتۆتە ئەستۆ. شەو بە تفەنگەوە تا بەیانی و بە ڕۆژ بە سواری ئەسپەوە سەرپەرشتی کشتوکاڵی کردووە و بەسەرەوە گەڕاوە، (ئامینە خانی نەقیب)، خێزانی ساڵحی قازی بووە بێجگە لە خواپەرستی، ژنێکی بەدەسەڵات و ئازا و خاوەن دیوەخان بووە و یارمەتی هەژارانی داوە بەتایبەت لە ساڵی گرانییەکە (کە بە سەفەربەر ناسراوە ) لەگەڵ ناوهێنانی شاری سلێمانی، ناوی ژنێکی ڕچەشکێن و بوێر و پێشەنگ دێ لە گەلێک بواری جیاجیادا، ناو و ناوبانگی هاوتای ناوی شێخ مەحموودی حەفیدە، ئەویش (حەپسە خانی نەقیب)ە، کچی مەعرووف بەرزنجی نەوەی کاک ئەحمەدی شێخە، چالاکوان و سیاسەتمەدار و پەروەدەکار و پێشەنگ لە بواری مافی ژنان، هاوسەری شێخ قادری حەفید و ئامۆزای شێخ مەحموودی حەفیدە. ئێدمۆنز، ئازایەتی و بەتوانایی حەپسە خانی یادداشت کردووە وەک ژنێکی ئازا و بوێر و ناودار و دەڵێ: لە سیاسەتی ناوچەکەدا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە، ژنێکی ڕەوشتبەرز و زمانشیرین و دەروونپاک بووە، لەکاتی هاتنی سمکۆی شکاک بە هاندان و کاریگەری ئەم، ژنانی شار ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە هاتنە سەر شەقام و پێشوازیکردنی، لە ٢٨ حوزەیرانی ١٩٣٠ بۆ داکۆکیکردن لە مافی ژنان، یەکەمین کۆمەڵەی ژنانی بەناوی (کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد) دامەزراندووە و لەسەر داهاتی خۆی چەند ئافرەتێکی ناردووە بۆ بەغداد بۆ تەواوکردنی خوێندن و دواتر بوون بە مامۆستا. لە ساڵی ١٩٣٠ نامەیەکی

مێژوویی بۆ ڕێکخراوی (کۆمەڵەی نەتەوەکان ) لە ژنێڤ نووسی و داوای مافی کوردی کرد لەسەر خاکی خۆی. لەکاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بە توانای دارایی پشتگیری کۆماری کردووە و لەلایەن پێشەوا قازی محەممەدەوە سوپاسنامەی تایبەتی کراوە، هەوڵی زۆری داوە بۆ کردنەوەی قوتابخانە و هاندانی کچان بۆ خوێندن، قوتابخانەی ئێوارانی لە ماڵەکەی خۆیدا بۆ ژنان کردەوە و خۆشی بووە قوتابی و هاوکار بووە بۆ کردنەوەی سێ قوتابخانەی کچان. جگە لەوەی کە پاڵپشتێکی گەورەی دارایی و کۆمەڵایەتی ژنان بوو، لە ساڵی ١٩٤٦ خانووەکەی خۆشی بەخشی بە ناوەندی کوڕانی سلێمانی، ئەم خانمە پێشەنگ و چالاکە لە ساڵی ١٩٥٩ لە تەمەنی ٦٢ساڵی بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان نێژراوە. (ئەختەرساڵح ئەحمەد) ناسراو بە ئەختەری ڕەشۆڵ، خێزانی ڕەشۆڵی گۆرانیبێژ، نموونەی ئافرەتی شۆڕشگێر و خولیای ئازادیی شارەکە لە ڕۆژی هێنانەوەی تەرمی شێخ مەحموود لەپێشەنگی خۆپیشاندەراندا بووە کە بە گوللەی کاربەدەستان لەبەر سەرای سلێمانی شەهید بووە. لە بواری پەروەردە (فاتمە محێدین)، خێزانی «حەمدی»ی شاعیر وەک یەکەم مامۆستای ژن لە باشووری کوردستان خزمەتێکی زۆری کردووە لەگەڵ گوزیدەخانمی هاوسەری عەبدولعەزیز یامولکی پێشەنگ بوون لە بەڕێوەبردن و کردنەوەی یەکەم قوتابخانەی کچان بەناوی (زەهراء). یەکەم وتارێک لەلایەن ژنەوە نووسرابێت لە ژمارە ١٣ی ڕۆژنامەی ژیان لە١٢ی نیسانی ١٩٢٦ بڵاو کراوەتەوە کە نووسەرەکەی گوزیدە عەزیزە. (پیرۆز)، دایکی خولەپیزە، نموونەی ئافرەتێکی شۆڕشگێر و خۆڕاگرە دژ بە زوڵم و زۆری کاربەدەستانی ئەوکاتی ئێراق، کاتێ لە جەنگی دووەمی جیهانیدا گرانی و قاتوقڕی ئێراقی گرتەوە، بەدەم بانگەوازی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ژنانی شار لیژنەیەکیان بۆ هاوکاری و بەهاناوەچوون و خێرخوازی دامەزراند بە سەرۆکایەتی سەعدییە خانمی هاوسەری مستەفا قەرەداغی کە ئەوکات موتەسەریفی شار بووە. لەگەڵ فراوانبوون و کرانەوەی قوتابخانە و پێشکەوتنی شار، ژنان ڕۆڵی زیاتر و زیاتریان گێڕاوە و بەشدارییەکی کارایان هەبووە لە هەموو کایەکانی ژیان وەک شۆڕشگێڕ و خەباتکەری شار و شاخ و شاعیر و نووسەر و مامۆستا و خاوەنکار لەوانە ( ئەنجووم خانی هاوسەری مستەفاپاشای مولکی، ناهیدە شێخ سەلام، پاکیزە ڕەفیق حیلمی، نەسرین فەخری، بەهییە مەعرووف، د. شوکریە ڕەسووڵ ). پیرەمێردی شاعیر لە هۆنراوەی نەورۆزدا وێنەیەکی جوانی ئازایەتی ژنانی شاری پیشان داوە کە شانبەشانی پیاوان لەپێشەنگی خۆپیشاندانی جەماوەریدا بوون دژ بەدوژمنانی گەل

تائێستە ڕووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا

لاپەڕەکانی مێژووی شار، ناوی سەدان ئافرەتی ئازا و چالاک و شۆڕشگێڕ و نووسەر و شاعیر و پەروەردەکار و هونەرمەند و شانۆکار و شێوەکار و وەرزشوانی لە خۆ گرتووە کە نموونەی ئافرەتی کورد و جێگەی شانازیی شارن

.........

ژیانی کوردەواری /تۆما بوا، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە بۆ عەرەبی ئاواز زەنگەنە /وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە بۆ کوردی حەمەسەعیدحەمەکەریم، چاپی ١٩٧٩ ل ١٥٢ ،دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەی ئومێد ئاشنا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ٢٠٠٩

وێنەیەکی حەپسەخانی نەقیب







# مێجەرسۆن، (دوژمن)ێکی خزمەتگوزار!

ڕێبوار حەمەتۆفیق - سلێمانی

**• مێجەرسۆن کێیە؟**

ئەیلی بانستەر سۆن (١٨٨١- ١٩٢٣) مێژوونووس، گەڕیدە، ئەنترۆپۆلۆگ، زمانەوان، ڕۆژنامەنووس، ئەفسەری هەواڵگری سەربازیی و حاکمی سیاسی بەریتانیایی بووە. لە سەرەتای سەدەی بیستدا هاتووەتە ناوچەکە و وەك سیخوڕ بەناوی نهێنی(میرزا غولامحسێن شیرازی) خۆی نمایش کردووە. چەند ساڵێك ماوەتەوە و دواتر لەلایەن عوسمانییەکانەوە دەستبەسەرکراوە. پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، بۆ دووەمین جار لەلایەن حوکوومەتی بەریتانیاوە ڕاسپێردراوە تا سەردانی ناوچەی میزۆپۆتامیا بکات و بە شێوەیەکی نهێنی زانیاری لەسەر ناوچەکە کۆ بکاتەوە و بە شێوەی ڕاپۆرت پێشکەشی بەریتانیای بکات. ساڵی ١٩١٩-١٩٢٢ حاکمی سیاسیی ئینگلیزەکان لە سلێمانی بووە.

**• سۆن و پێشخستنی ژێرخانی ئابووریی و ڕۆشنبیری**

دەوترێت کە سۆن دوژمن بووە، داگیرکار و سیخوڕ بووە، لە ڕووی ڕامیارییەوە هەر لەو ڕۆژەوەی کە لە فرۆکەکەی دابەزی و تەوقەی لەگەڵ شێخ مەحموددا نەکرد، تا ئەو ساتەی بە نەخۆشی سیل سلێمانی بەجێ هێشت، دژی دەسەڵات و حوکوومەتی مەلیکی کوردان بوو. ئەگەر لە ڕووی نەیار و دژەکانیەوە ئەمە پێناسەی مێجەرسۆن بێت، ئەوا لە ڕووی ڕۆشنبیریی و کارگێڕییەوە، هێندەی کردووە کە لە ڕیزی دۆست و خزمەتگوزارێکدا ناوی بەرین!

تێگەیشتن لە مێژوو، هێشتا لەلای ئێمە، لەژێر کاریگەری سۆزدایە، یان بە شێوە زانستییەکەی نەنووسراوەتەوە و هەر ڕوویداوە وەك خۆی و وەك ئەوەی کە هەیە بنووسرێتەوە. بۆیە لە کاتێکدا دەوترێت کە مێجەرسۆن زمانی کوردی باش فێربووە و خزمەتی پێ دەکرد، کەسانێك هەن پاڵپشت بە ئەم تێگەییشتنە باوە لە مێژوو، وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن، بابەتەکە ئەوە نییە، چونکە ئەو سیخوڕ بوو، کاری بەوە ڕۆییشتووە وا بکات! لێرەدا دەپرسین: ئەی هۆی چی بوو یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە عێراقدا (تێگەیشتنی ڕاستی)(١) و لە سلێمانی (پێشکەوتن)ی (٢) دەرکرد؟ ئەی بۆچی لە پێشکەوتندا خەڵاتی بۆ ئەو نووسینانە بڕییەوە کە بە کوردی پەتی دەنووسن؟ ئەرزوەحاڵی بۆچی کرد بە کوردی؟ یان بۆچی بوو کە خوێندن و خوێندەواری کرد بە کوردی و (قوتابخانەی نموونەیی سەعادەت)ی کردەوە و ماوەیەکیش وانەی تێدا وتەوە؟ ئەی فەرهەنگی (ئینگلیزی – کوردی)یەکەی بۆچی دانا؟ یان هۆی چی بوو کە دوو بەرهەمی لەسەر ڕێزمان و بنچینەکانی ڕێزمانی کوردی نووسی؟ ئەی بۆچی هاوکاری گۆڕینی ناوی سلەیمانیەی بۆ سلێمانی(٣) کرد؟ ئەی پشتگیری چاپکردنی یەکەم دیوانی چاپکراوی کورد (دیوانی مەحوی)(٤) بۆ چ مەبەستێك بوو؟

نا، بابەتەکە ئەوە نییە و شتی تریشی کردووە. مێجەرسۆن، ڕێگا سەرەکییەکانی دەرەوەی سلێمانی بۆ کەرکووك، هەڵەبجەی کردووەتەوە. یەکەمین ئۆتۆمبیلیش هەر ئەو هێناویتییە شارەکەوە و خولی فێربوونی ئۆتۆمبیلچێتیشی بۆ هاووڵاتییانی شارەکە کردووەتەوە و پارەشی داوە بە هەر کەسێك بەشداری خولەکە بکات!(٥) دروستکردنی پردی تانجەرۆ بۆ چی بوو، خۆ بە تەنها لەبەر ئۆتۆمبیلەکەی ئەو نەبوو؟! ئەی هێنانی مەکینەی چاپخانەکەی لە بەسرەوە بۆ سلێمانی لەبەر چی بوو؟ دامەزراندنی (مەجلیسی شار) بۆچی کە بە ڕاوێژ و گفتوگۆ بڕیاری تێدا دراوە.(٦) هەر یەك لەم کارانەی سۆن زۆریان لە بارەوە وتراوە و نووسراوە، لێرە بەدواوە ئاماژە بە چەند خزمەتگوزارییەکی تری ئەم پیاوە دەکەین کە کەمترین قسەی لە بارەوە کراوە و بوون بە بەشێك لەو بنیادەی کە هۆکارن بۆ ئەوەی سلێمانی بە پایتەختی ڕۆشنبیریی بناسرێت.

**یەکەم: سۆن و لامەرکەزییەتی دارایی بۆ سلێمانی:**

ساڵی ٢٠١٧، ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی پرۆژەی لامەرکەزییەتی پەسەند کردووە و ئەوە ساڵێك زیاتریشە گفتوگۆ و کاری بۆ دەکرێت، بەڵام مێجەرسۆن، سەد ساڵ لەمەوپێش، بۆ ماوەی ساڵێك ناوەڕۆکی ئەم پرۆژەیەی ئەزموون کردووە.

لە ژمارە سی و پێنجی هەفتەنامەی پێشکەوتندا، بە ناونیشانی(سلێمانی) و پرسیاری (ئایا سلێمانی لە پارە و گەییشتنی خۆی شتێك بە عێراق بدات یان نا؟) ئاماژە بۆ یەکە کارگێڕییەکانی شارەکە دەکات و دەنووسێت: (خەڵکی ئەم لیوایە، چ لەبەر گەورەیی لیواکە و چ لەبەر ئاگالەیەك نەبوون ئەوەندە شارەزای تەرتیبی

حوکوومەتی نین) و باسی حاکم لیواکانی چەمچەماڵ، ڕانیە، هەڵەبجە، قەڵادزێ و پشدەر، قەزای سلێمانی و قەزای هەڵەبجە و بیست مدیر ناحیە و چەند یەکە و دامەزراوەیەکی تر دەکات کە مانگانەیان لە ساڵێکدا دەکاتە ٩٩٧٦٥٠ نۆسەد و نەوەد و حەوت هەزار و شەشسەد و پەنجا ڕووپیە.
تەرتیبی حوکوومەتی سلێمانی لەگەڵ بەغدادا بەم شێوەیە باس دەکات:لەپێش هەرای شێخ مەحموودا گەییشتن و خەرجی لیوا ڕێك نەخرابوو، لەوە دەدوان: ئایا سلێمانی لە پارە و گەییشتنی خۆی شتێك بە عێراق بدات یان نا؟ لەپاش هەرا لە بەغداوە حوکم دەرچوو کە هەموو حسێبی سلێمانی لە نێو حسێبی بەغدادا بێت، کە هەموو مالیان بگەیەنرێت بە سندووقی بەغدا و بۆ خەرجیش لە بەغداد وەرگیرێت. حاکمی ئێستا مێجەرسۆن کە تەماشای ئیشی کرد، ئەگەر بێت و وا ڕێك خرێت، کوردستان زۆر شتی لەکیس دەچێت و قازانجێکی زۆر بۆ عەرەب و عێراقە. دیار بوو کە کوردستان پارە و گەییشتن و دەستکەوتنی زیاتر بوو لە دان و خەرجکردنی خۆی. لەبەر ئەوە لەگەڵ والی بەغدا زۆر باس کرا، لە دوایدا وا دانرا کە هەتا ساڵێك لە هەوەڵی نیسانی ١٩٢٠ تا هەوەڵی نیسانی ١٩٢١ کوردستان خۆی سندووقی هەبێت، بەڵام هی گومرگ بۆ عێراق بێت، لەبەر ئەوە دەکرا کە سوار و زەبتیە و عەسکەری خۆمانمان هەبێت و ئیشیش بدەین بە زۆر لە خەڵکی کوردستان و هەندێ ڕێگا وەك ڕێگای کەرکووك، هەڵەبجە، کفری و پردی تانجەرۆ و هی تر بگیرێتە دەست، ئەگەر سندووقی ئێمە بکەوتایەتە سندوقە بەغدادەوە هیچ نەدەکرا.

**دووهەم: سۆن و ماستەرپلان بۆ سلێمانی**

لە ژمارە دووی هەفتەنامەی پێشکەوتندا، وەك بڕیاری کۆبوونەوەی مەجلیسی شار لە ١٩٢٠/٤/١٧بە سەرۆکایەتی میجەرسۆن لە خاڵی نۆدا ئاماژە بە ماستەرپلانی سلێمانی دراوە و دەڵێت: (دانای موهەندیس بۆ بەلەدیە بۆ خاتری ئەمە کە خەریتەیەکی ڕێك و باشی شار بکرێ و بۆ ئەمەی کە هەموو کەس شەقام بزانێت و کە دیوارێك لەسەر شەقام بوو نەیکاتەوە و هیچ لەکیس نەچێت. دەبێ بۆ بەلەدیە موهەندیسێك دانرێ لەگەڵ ئەم موهەندیسەشدا هەیئەتێك بە دەمبرِ دانرێت. لەبەر ئەمە زوو بەزوو خەریتەکەی شار بگیرێت و وەها دانرا) ئەمەش دوای ئەوە دێت کە تەجاوز کرابووە سەر موڵکی گشتی و بڕیاری قەرەبووی ئەو موڵکانەشی دەرکرد.

**سێیەم: سۆن و پرسیاری شەرعی لە ئەهلی عیلم**

١- لە ژمارە سی و یەکی هەفتەنامەی پێشکەوتندا، بە ناونیشانی (تەڵاق) وا هاتووە کە: لە بەغدادەوە نووسراوە کە بە (حەنەفی) ژن بەهیچ کلۆجێك ناتوانێ تەڵاقی خۆی لە مێردی بسەنێت، با مێردەکەی ئیدارەشی نەدات یان نابووت بووبێ و ژن چارەی نییە. ئەگەر مێردێك غائیب بێ بە ئەقڵ و زەین دیار بێ کە مردووە، دیسان هەتا چەند ساڵێك ژنەکە دەبێ چاوەڕێ بێ. هەتا ئێستا ئەمە لەسەر هەندێ ژن زۆر گران کەوتووەتەوە، چونکە زۆر ژن مێردیان لە شەڕا کوژرابوو و شایەت نەبوو لەسەریان، بەڵام لای (حەنبەلی و مالکی) مێردێك چ لە حازرنەبوونی یان لە نەویستی ئیدارەکێشانی ژنەکەی، ژنە دەتوانێ تەڵاقی لێ بسەنێت. لەبەر ئەم تێوردبوونەوەیە، لە ٢٣ی ڕەبیعولئەوەلی ١٣٣٤ شێخولئەلئیسلامی ئەستەنبوڵ لەگەڵ قبووڵکردنی سوڵتاندا فتوای داوە کە قازییەکان ئەم نوقتەیە بە جواز بزانن ئێستا (مجلس تمیز الشرعی) دایانناوە کە ئیرادەی سوڵتان بۆ ئەمە لە عێراق ڕەوا بێ. لەبەر ئەوە لە عێراق بەم ڕەنگە دادەنرێت. چونکە ئەهالی کوردستان حەنەفی نین خاهیش لە جەنابی قازی و عولەماکانی تر دەکەم ئەگەر ئیرادیان هێنابێ ئەم نوقتەیە هەیە، بفەرموون و ئیرادێکیان بنوێنن.
لە ژمارە سی و سێی هەفتەنامەی پێشکەوتندا، سێ مامۆستا وەڵامی دەدەنەوە بەوەی کە بەپێی شافیعی مەزهەب تا شاهید لەسەر مردن نەبێت و کاتی دیاریکراو کە قازی دەستنیشانی دەکات، دەبێت ژن چاوەڕێ بکات.

٢- لە ژمارە سی و هەشتی هەفتەنامەی پێشکەوتندا، بە ناونیشانی (خەزێنەی حەمام) دەنووسێت: وام بیست لەسەر ئەرز و حاڵی خەڵك بەلەدیە خەزێنەی حەمامەکانی دیسان کردووەتەوە! لە بیرم دێ پار لە مەجلیسی شاردا تۆفیق وەهبی ئەفەندی هەوەڵ شت کە هێنایە پێشەوە ئەم باسە بوو کە حەزێنەی حەمام زۆر نەخۆشی لێوە دێت، وا چاکە وەك حەڵەب و بەیرووت و شارانی تر داخرێت. دیسان یەتەوە بیرم لەپاش دوانیکی کەم هەموو ئەعزاکانی مەجلیس کە ئەوسا میرزا فەرەج و حاجی ئیبراهیم ئاغا و تۆفیق وەهبی ئەفەندی و غەفوور ئاغا بوون، یەکێتی بیریان نواند بۆ ئەمە کە داخرێت. ئێستا لەبەر حەزی خەڵك دیسان کردنەوەی قبووڵ کرا.
چونکە ئەرز و حاڵدەرەوەکان وتبوویان:(بۆ غوسڵ خەزێنە واجبە کە لەو ئاوەدا تەواو نقوم ببی و خۆتی تێهەڵکێشی) دیارە هەمووکەسیش دیزانێ

حەمامەکانی حەڵەب و بەیرووت و زۆر شارانی تر حەزێنەیان نییە، لەبەر ئەوە حەز دەکەم دوو پرسیار لە ئەهلی عیلم بکەم:
ئایا غوسلی حەڵەبی، بەیرووتی، ئەدەنە و جێگاکانی تر بێ خەزێنە دروستە یان دروست نییە؟
- ئەگەر دروستە بۆچی ئەرز و حاڵنووسەکان دەڵێن: غوسلی دروست و ڕاست بێ خەزێنە نابێت؟ جگە لە فێربوون و زانین هیچ مەقسوودم نییە و لە بیرما نییە موداخەلەی ئیشی بەلەدیە بکەم، بەڵام بۆ زانینی خۆم پرسیار دەکەم. هەروەك لەمەوپێش بۆ هەندێ شتی وا لە عالمەکانم پرسیوە و جوابیان داوەتەوە.
لە ژمارەی دواتردا سێ مامۆستای ئایینی وەڵامی دەدەنەوە بەوەی کە غوسلی حەمامی ئەو شارانە دروستە چونکە ئاو لە شوێنی خۆشتنەکەیان دەڕوات و وەك ئەوانەی ئێرە نییە کە جورنەکان ئاویان تێدا گل دەدرێتەوە و پریشکی پیسیان تێ دەچێت.
ئەم پرسیار و گفتوگۆیە جۆرێکە لە گفتوگۆی شارستانی لە نێوان دەسەڵاتەکان لەلایەك و لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی لەلایەکی ترەوە، نەك وەك ئەوەی کە ئێستا زۆر جار بە جۆرێکی تێکڕژاو و دژبەیەك کار دەکەن.

**چوارەم: سۆن و ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی دادوەری و جێبەجێکردن بە زمانی پرسیارکردن**

لەو شوێنەشدا کەپێویست بووە ڕەخنە لە دەسەڵاتێك بگرێت بە زمانی پرسیارکردن چووەتە پێشەوە، وەك لە ژمارە بیست و پێنجی هەفتەنامەی پێشکەوتندا بە ناونیشانی (پرسیار لە قازی ئەفەندی) دەنووسێت: دوو ڕۆژ لەمەوبەر بە بەردەم چایخانەیەکدا بە ئۆتۆمبیل ڕابوردم، تەماشام کرد دوو کەس دانیشتوون (ئەسکەمیل) یاری دەکەن، چایچییەکەم بانگ کرد، وتم: ئەمە چی دەکەن؟ وتی: ئەفەندیم ئەمە قومار نییە لەسەر دوو پیاڵە چای وا دەکەن! -لای خۆی وایزانی کە جوابێکی چاکی داومەتەوە- بەڵام من قسەیەکی کەم هەیە، دەڵێم ئەم یاریانە لەسەر پارە یان چای بێ یان هیچ شتێکی تر بێت، قومارە و فەرقێکیان لە نێودا نییە. لە قورئانی مەجیددا بێژراوە (لە تۆ دەپرسن لە مەی و قومار بڵێ لەو دووانەدا زیانی گەورە و قازانج هەیە، بەڵام زیانیان زۆرترە لە قازانجیان) دیسان هاتووە (جگە لەمە نییە کە شەیتان دەیەوێت بە مەی و قومار دوژمنی و ڕق بخاتە ناوتانەوە و ئێوە دوور بخاتەوە لە زیکری خوا و نوێژ).

**پێنجەم: کارکردن بە سیستەمی پاداشت و سزا**

سۆن هەر بە پێشنیاز و گفتوگۆ و ڕەخنەگرتن لە خزمەتکاری نەچووەتە پێشەوە، بەڵکوو لە جێبەجێکردنی یاسا و بڕیاری توندیشدا خزمەتی کردووە، بۆ نموونە:
١- لە ژمارە ٤٥ هەفتەنامەی پێشکەوتندا، بە ناونیشانی (بۆ زانینی هەموو) دەنووسێت: جگە لە عەسکەری هەچکەس لە کۆڵان و ڕێگای ناوشاردا تاو و غار بدا بەم ڕەنگە جەزا دەدرێت: هەوەڵ جار پێنج ڕووپیە و دووەم جار ١٥ و سێیەم جار ٣٠ ڕووپیە یاخود حەوت ڕۆژ حەپس دەکرێت.
٢- لە ژمارە ٢٩ هەفتەنامەی پێشکەوتندا، بە ناونیشانی (بۆ زانین) دەنووسێت: مەجید، کوڕی عەلی هەمەوەند ٢٧ ساڵیە، دەستەپیاوە، سمێڵی پڕ و درێژە، ڕیشی تۆپە، مووی سوورە، پیاوی کوشتووە و هەڵهاتووە، هەچکەس هەواڵی ئەو مەجیدە بدا کە بۆ کوێ چووە یا بیگرێت و بیگەیەنێتە حوکوومەت ٣٠٠ ڕووپییەی ئەدرێتێ.
٣- لە ژمارە دوازدەی هەفتەنامەی پێشکەوتندا، بە ناونیشانی (بۆ زانین) دەنووسێت: چەند ڕۆژێك لەمەوپێش بە شەو هەندێ کەلوپەلیان لە ژن و منداڵی وەلی قەهوەچی دزیوە، هەچکەس ڕاستی ئەو دزە بڵێت و ئەو دزە بدۆزێتەوە لەلایەنی حوکوومەتەوە بەخششێکی باشی ئەدرێتێ.
٤- لە ژمارە دوازدەی هەفتەنامەی پێشکەوتندا، بە ناونیشانی (بۆ زانین) دەنووسێت: هەچکەس فێر و تێکەڵی لە ئیشی حەکیمی بووبێ یا خەریکی تێکەڵبوونی بێ یا دەست بکا بە کردەوە و ڕەوشت و لەقەب یان نیشانەیەکی پێ ببرێت کە ئەمە پیاوێکی حەکیمە، جەرڕاحە، مامانە یان حەکیمی دانە، بێ ئەوەی کە بە قانوون ئیزن درابێ، یان قانوون بڵێ ئەم ئیشە لەم پیاوە یەت، یان بێ ئەمە ناوی خۆی بۆ ئەم ئیشە نووسیبێ دانانی لەلای گەورە مەئموورانی حەکیمی شارەوە جەریمە دەکرێت کە جەریمەکەی دەرکەوت لەلای حاکم بە جەریمەیەك لە هەزار ڕووپیە زیاتر نەبێ یان حەپس دەکرێت بە حەپسێك لە شەش مانگ زیاتر نەبێ، ئەو حەکیمە با ئافرەتیش بێ دیسان بەو ڕەنگە جەریمە دەکرێت.

**شەشەم: شوێنەواری یاسا و بڕیارە توندەکانیشی بۆ خزمەت بەکار هێناوە**

پاش شەڕی دەربەندی بازیان و هاتنەوەی میجەرسۆن بۆ سلێمانی، بڕیاری دا کە: ئەو چەکانەی وەکوو تفەنگ لە هەموو جۆرێك دەمانچە، خەنجەر، شیر، قەمە، لای هەر کەسێك هەیە لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا

ئەبێت بیهێنێت و بیسپێرێت بە پۆلیسخانە. پاش ئەو ماوەیە لای هەر کەسێك و لە هەر ماڵێکدا یەکێك یان زیاتر لەو چەکانە بدۆزرێتەوە بەبێ لێپرسینەوە بە ٥٠٠ ڕووپیە یان بە شەش مانگ بەندی یان بە هەردووکیان سزا دەدرێت) .

وەك ئەحمەد خواجە باسی دەکات بە ئەندازەی گردێك چەك کۆ کرایەوە و مێجەرسۆن لە جیاتی سووتاندن و لەناوبردنیان بڕیاری دا: کە دائیرەیەکی شارەوانی دروست بکات و ئەم چەکە زۆرانە بخاتە بناغەکەیەوە، ئەوە بوو ئەم بیر و پرۆگرامەی هێنایە دی و لە جێی کەلاوەی سەقاخانە و تەویلەی باوی بابانەکان و عوسمانی کە بەدەشت مابووەوە، بیناکەی شارەوانی ناو بازاڕ (بەلەدییەکە)ی پێ دروست کرد و ئەو چەکانەی بە پێخۆی لم و قسڵەوە لە بناغەکەیدا ناشت.(٧)

**حەوتەم: وەسێتی سۆن و پێشنیازێك**

لەگەڵ ژمارە ٤٦ی هەفتەنامەکەدا و لە ٥ی٣ی ١٩٢١ هەواڵی سەفەری مێجەرسۆن و وەرگرتنی مۆڵەتی بۆ ماوەی شەش مانگ بڵاو دەکرێتەوە: (جەنابی مێجەرسۆن دوو ساڵ زیاترە کە خەریکی خزمەتی ئەم وڵاتەیە، بۆ ڕۆژی شەممە پێنجی ئەم مانگە بە ئیزنی شەش مانگ لە سلێمانی بێت. هەموو کەس دەزانێت بۆ بەرزبوونەوەی ئێمە و وڵاتمان چەند هەوڵی دا و چۆن تێکۆشا).

تەنانەت پاش بەجێهێشتنی سلێمانی و ڕۆییشتنەوەی وەسیەتی کردووە بە خاڵێك، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لەو سامانەی دوا خۆی بەکار دەهێنرێت لە پرۆژەیەکدا بۆ کورد و بەتایبەتیش بۆ کوردی خەڵکی سلێمانی بێت.(٨) هەروەها خاتوو لۆنێت سۆن، هاوسەری مێجەرسۆن ٢٦ ساڵ لەمەوبەر خانووەکەی خۆی پێشکەش بە منداڵانی هەڵەبجە کردووە. هەفتەیەک بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات، ئاشکرای کردووە ئەو خانووەی خۆیان کە سەعات و نیوێک لە شاری لەندەنەوە دوورە، دیاری بێت بۆ منداڵانی شاری هەڵەبجە. لۆنێت سۆن ئەم قسەیەی لای (ڕووناک ئەحمەد بەگی جاف) کردووە کە دەکاتە کچی شاعیری ناوداری کورد (ئەحمەد موختار بەگی جاف). کاتێك لۆنێتی ژنی مێجەرسۆن زانیویەتی کە کوڕەزاکانی عادیلەخانمی هەڵەبجە لە بەریتانیا دەژین، وتبووی حەز دەکەم بیانبینم. ئەویش ساڵی ١٩٩٤ ڕۆژێک چووە بۆ لای لە خانووەکەی خۆی لە شاری (برایتن) کە سەعات و نیوێک لە لەندەنەوە دوورە، بەڵام پێش ئەوەی بڕوات وتبووی با یاپراخ و کەبابم بۆ بێنێت کە ئەو کاتە تەمەنی ٩٥ ساڵ بووە.(٩)

بۆیە پێشنیاز دەکەم وەك پێزانین بە کار و هەڵوێستەکانی مێجەرسۆن کە بوونەتە بەشێك لە ژێرخانی ڕۆشنبیری شارەکە، پەیکەرێك بۆ ئەم تاقانە دوژمنە خزمەتگوزارە دروست بکرێت کە لە زۆر دۆستی بێخزمەت زیاتر خزمەتی سلێمانی کردووە.(١٠)

**پەراویز و سەرچاوەکان:**

(١) تێگەییشتنی ڕاستی، ساڵی ١٩١٨- ١٩١٩ بڵاو کراوەتەوە و ٦٥ ژمارەی لێ دەرچووە.

(٢) پێشکەوتن، ساڵی ١٩٢٠-١٩٢١ بڵاو کراوەتەوە و ١١٨ ژمارەی لێ دەرچووە.

(٣) لە ژمارە دوازدەی هەفتەنامەی پێشکەوتندا، بە ناونیشانی (بۆ زانین) دەنووسێت: ناوی سلێمانی تا ئێستا لە دەفتەری ڕەسمی بەغداد و جێگاکانی تر (سلێمانیە)یان دەنووسی. بە ئەمری والی گۆڕا، ناوی ڕەسمی لیوا و شار لەمەولا بە (سلێمانی) ناو دەبرێت و ئەنووسرێت.

(٤) ساڵی ١٩٢٢ لەلایەن (عەلی کەمال باپیر ئاغا)وە بڵاو کراوەتەوە.

(٥) لە ژمارە یەکی هەفتەنامەی پێشکەوتندا، بە ناونیشانی (بۆ زانینی هەموو) دەنووسێت: حوکوومەت شاگردی ئەوێت بۆ فێربوونی ئیشی ئۆتۆمبیل. عەرەب و ئەرمەنی و جوولەکە لە شوێنێکی ترەوە نایەوێ بهێنێ بۆ ئێرە. هەچکەس دەیەویت ئۆتۆمبیلچێتی فێر بێت ڕائەگیرێت بەڵام نابێت لە حەڤدە ساڵ بچووکتر بێ مانگانەیشی چل پەنجا ڕووپیەی ئەدرێتێ. فێربوونی ئەمە شتێکی باشە هەچکەس تا فێر دەبێ لە پێشا مانگانەکەیشی کەم بێت دەبێ پێی خۆش بێ، هەچکەس دەیەوێت خۆی بنووسێت با بێتە دائیرەی سیاسی.

(٦) لە ژمارە دووی هەفتەنامەی پێشکەوتندا، هەواڵی چەند بڕیارێکی گرینگی ئەم مەجلیسی شارەی لە ١٩٢٠/٤/١٧بە سەرۆکایەتی میجەرسۆنی بڵاو کردووەتەوە.

(٧) چیم دی، ئەحمەد خواجە، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح، چاپی سێیەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٧٩

(٨) سلێمانی، ناوچەیەك لە کوردستان، مێجەرسۆن، وەرگێڕانی: محەممەد ئەمین حسێن، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٠

(٩) گۆڤاری (خاڵ) لە ژمارە ٢٧ی مانگی شوباتی ئەمساڵ دیدارەکەی بڵاو کردووەتەوە.

(١٠) ئەم بابەتە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی٣ی٢٠٢١ و لە چوارچێوەی هەفتەی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی سلێمانی لە هۆڵی چێوار لە تەلاری هونەر پێشکەش کرا.

زێنەب سەیید لاهیجانی ـ شنۆ



# خاتوو شیرین جەهانگیری و ئافرەتی شنۆیی
## (بە شێوەزاری شنۆیی)



## بەشی ٣

هەر وەکوو لە پێشتر باسی ژیانی خەڵکی شاری شنۆیەم بۆ کردینە، ئەوجار چووتینە دیتنی ژنێکی خۆشەویست و دەمێکی دەگەڵی ڕوونیشتین و پێکەوە قسەن کردیە، پێش وی دەمەوێ بڵێم شاری شنۆیە ساحیبی زۆر ژن و دایکی بەنێوبانگ و گەورەیە کە بەداخەوە لە کەونەوە نێویان بزر بووە. ئەو هیندە دەتوانم بڵێم کە عافرەت لەو دنیایەدا و لە ژیاندا جێیەکی بۆ خۆی هەیە. ژن ژیانە، ژن دایکە، ژن لە کەپڵە قەندیش لەماڵی شیرنترە. لە کەونەوە کوتوویانە: ژن ومال. ئەگەرکوو بە بیری خۆم بڵێم لە گەڕەکی مە ماڵەکی گەورەی لێبوو بەنێوی مەلاسالح بە ڕەحمتێ بی نەمدیبوو. مەلاسالح و مەلا شەفیع زوودی کوڕی مەلا تەهای بوون و ئێستا مزگەوتی مەلا تەهای لە شنۆیە بەنێوبانگە. ئەمە ماڵن لە تەنیشت مزگەوتێ بوو. لە دایکی ڕا ماڵە باپیری بابم بوونە. ئەوەی دیتیمە مەلاژنە خەجی مەلا سالحی بوو کە ژنەکی قسەخۆش، مێهرەبان و لەبەردڵان بوو. مەلاژن خوشکی میرزابرایمی کامرانی بوو. لەو حەوشە گەورەیەی ماڵێدا کانیەکی گەورەی لێبوو و تاتەکی جوانی لێ چاکرابوو، خەڵکی حەوشێ وجیرانەکان نوێژیان لێدەکرد و لەسەر کانیش ژن جلک و ئامان و ئیسکانیان لێ دەشووشت. لە نێوەڕاستی حەوشێش کردارەکی سەوز و جوان دەچاندرا. هەرکەس بەشی خۆی دێنا. بەگوێرەی هەر وەرزەی ژنەکان سەمەنی و ڕوبیان چاک دەکرد. هەموو یاریدەی یەکتریان دەدا. پلەفاتمی حەوشێ (خێزانی کاک فەتاحی هەیبە سولتانی قەپانچی) کە دار و تەلاشەکی زۆریان هەبوو، بەخێری خۆی هەموو ڕۆژێ مەنجەڵە ئاوی گەرمی وەسەر دەنا وخەڵکیش بە ستلان ئاویان بۆشوشتن دەبرد. هەموو ئەو ماڵانەی کرێکێشی حەوشەکەی (مێرزاڕەسووڵ ئۆشنووخا کوڕی باجەبەگمێ، ماڵی ئەڵلاوێردی، وەستاقادری موکری قران،کاک فەتتاحی هەیبە سولتانی قەپانچی، ماڵە سۆفی حەمەدی) هەر یەکەی یەک وەتاغ و پێشخانە وسندووقخانەیەکیان هەبوو. ئەوانە دەگەڵ جیرانەکانی نزیک (ماڵە خۆن ماڵە بابم سەیید عەزیزی لاهیجانی، حاجی ڕەحیم شافعی،میرزا حەسەن ڕۆشەبنین،حاجی عەزیز جەهانگیری،میرزا سولتان فەڕووخزادە،میرزا ڕحیم مەحموودزادە شنۆیی. میرزا سەلیم سەلیم زادە، ماڵە سۆفی عەلی مەناف وسەعیدی مەلازوودی وهتد) لە ماڵە مەلاژنێ خڕ دەبۆونەوە و هەتا نیوەشەوێ ڕوووەدەنیشتن، ئەو خانووە لە گەڕەکی بەنێوبانگ بوو، دەروازەیەکی داری گەورەی بە دەقولبابی هەبوو هەمیشە بەردەکی زەلامی وەبەر درابوو، هاتووچوویەکی زۆری لەسەر بوو. ماڵەکی سەرئاوەلا وگەورە ماڵ بوون.جیرانەکان ئێستاش هەموو خۆ بەکەس و کاری یەکتر دەزانن. مەلاژن بۆ هەموو خزم وکەس و جیرانان سەبر و سێبووری گەڕەکێ بوو. هەموو دڵیان پێخۆش بوو. کەس نەبوو هەموو شەوێ سەردانەکی نەکا. دانیشتنەکان ژنانە بوون. مەلاژن سێ کچی هەبوو و مێردیشی نەمابوو. وەبیرمە مەلاژن زۆر ڕۆژان نانی پێوەدەدا، ماندیش بوو، جارجار دۆشەکچەی دادەنا دەتدی مەجلیسی گەرمی قسەی خۆش کردیە وخەڵکیشی لە خۆ وەخڕ کردیە. شتەکی قەت لە بیرم ناچی، کچی مەلاژنێ بە چەکچ وکۆتکی قەندی، کلۆ کلۆ قەندی کچکەی دەشکاند و ئەویش دوو سێ تۆسی چای دەخاردەوە، داستان وحیکایەت و قسەی خۆشی بۆ دەکردن. قسە وباسی دنیایە دەکرا. ئەمەش منداڵ بووین لەسەر چۆک دادەنیشتین و مەتەقن لەبەر نەدەهات و گۆی خۆن دەدا قسان. جا هەر لەو ژنە گەورەیەڕا هەتاکوو ئێستاکە، دەگەینە جێیەکی کە ژن زۆر گۆڕاوە و هاتیتە دەرێ لە ماڵی و کارمەندە، موعلیمە،دوکتۆرە، ئەندازیارە، وەکیل و مامۆستایە و زۆر خووندکاری بەنێوبانگ و هونەرمەندی دەست وپەنجەنەخشینی هەیە. بە خۆشییەوە ئەو چەند ساڵەی ڕەنگە نزیکەی حەوتساڵە ژنەکی زۆر خۆشەویست بووتە بەڕێوبەری ئیدارەی ئاموزش و پەروەرشی شاری شنۆیە. ئەو ژنە خۆشەویستە شیرن خانم جەهانگیری یە. کە دەگەڵ ماڵی مە وشنۆییەکان هەر یەک ماڵەکی بوونە. گەورەیی شیرن خانم دەچیدایە کە باسم لێ کردییە و دەگەڵی ڕوونیشتیمە و چاو پێکەوتنن کردیە؟ ئەوڵ ژنەکی لە شاری شنۆیە کە بوو بە مودیری ئیدارە و بەرپرس، گرفت و موشکلی زۆر بوو، زۆر ڕۆژی سەختی تەجرووبە کردینە. بە خۆشی ژنەکی بە فکر و نەجیبە و بیر و فکری، بیری خەڵک بووە و دڵی دەگەڵ دڵی خەڵک لێی دایە.کەسێک کە هەموو حەز و ئاواتی دەرس گۆتن و پەروەردە بووە. لە خارەوەشدا دەقی قسەکان هاتینە. تکایە دەگەڵن هاوڕێ بن.

پرسیار: شیرن خانم، وێڕای سڵاو لە بەڕێزت و خۆنەرانی خۆشەویست، تکایە خۆت باشتر بە خۆنەرانی گۆڤاری بەیان بناسێنە.

وەڵام: ئەمن شیرن جەهانگیریمە کچی میرزا مەجید جەهانگیری و مەریەم مەکاری زادە. لە ڕۆژەکی پاییزی ساڵی ١٣٥٤ لە شاری شنۆیە لە دایک بوومە وخۆندنیشم هەر لێرە دەست پێ کردییە و پاش وەرگرتنی دیپلۆم و قبوولی لە کۆنکۆر، دوو ساڵ لە ناوەندی پەروەردەی مامۆستایانی باهونەری ورمێ و ٢ ساڵیش خوێندنی کارناسیم لە زانکۆی تەورێز تێپەڕ کردییە. بە دوای ویشدا کارناسی باڵام لە ڕشتەی میکرۆبیۆلۆژی لە زانکۆی ورمێ تەواو کردییە. ٢٨ساڵە مامۆستای قوتابخانەمە. لەو ماوەیەدا دووساڵ هاوکات دەگەڵ دەرس کووتنەوە، مدیری کانونی تەربییەتی بووم. پێنج ساڵیش مودیری پێش دانیشگاهی. هەتاکوو بە پێشنیاری دۆستانی بەڕێزم و هەوڵی ئەو کاتی نوێنەری

مەجلیس، بەڕێوبەرایەتی دایرەی پەروەردەی شاری شنۆیەمە و خزمەتکاری خەڵکی شاری خۆم بوومە.

پ: زۆر سپاس شیرن خانم، بەڕێزت بە قسەی زۆریەک لە هاوشاریان، مامۆستایان و قوتابیان، مامۆستایەک و ئافرەتێکی سەرکەوتوو بوویە هۆکاری سەرکەوتنی جەنابت چ بووە؟

و: ڕاستی هاوشاریانی خۆشەویستی شاری شنۆیە هەمیشە لوتفیان بە نیسبەت من هەبووە. ئەمن ئەلف وبێی مامۆستایەتیم لە بارودۆخی ئەو ساڵانە توواناییە بە کردەوە ئەنجام بدەم و ماندوویەتی بۆم مانای نەبووە و بە گیان و دڵ بە هاوڕییەتی هاوکارانم کارم بۆ کردییە. ڕەنگە گەورەترین دەسکەوتی ئەو بەرپرسیارەتییەی ئەو شتانە بن.

پ: بەڕێزت بۆ ماوەی نزیکەی حەوت ساڵە بەڕێوەبەری پەروەردەی شاری شنۆیە بوویە، تکایە بە کورتی بفەرموون دەسکەوتی ئەو چەند ساڵەت چبووە؟

و: ئەوەی ڕاستی بێ زۆر کورت ئیشارە بە چەند بابەت دەکەم ١. ناسینی زیاتری ئەو کۆمەڵگایەی لێی ژیایمە٢. بەکارگرتنی گەنجانانی کوڕ و کچ لە بەرپرسیارەتی بەشەکانی دایرەی پەروەردە. ٣. ڕێکخستنی فەزای چالاکی بۆ ئافرەتان لە دایرەی پەروەردەدا ٤. بەدی هێنانی فەزایەکی خۆش و ئارام بۆ کار کردن ٥. ڕێزلە جێگە وپێگەی مامۆستایان ٦. پەرەی بەرچاوی فەزای ئاموزشی و سازکردنی دەیان قوتابخانە.

پ: وێڕای دەست خۆشی تکایە بفەرموو گرفتی کۆمەڵایەتی جەنابت لەو بەرپرسیارەتییەدا چبوونە؟ چ شتێک وەکوو ئافرەتێک پێشی گرتووی؟

و: گرینگترین گرفتی ئەمن لەو ساڵانەی بەڕێوبەرایەتی، نیگای ڕەگەزپەرەستی نێوان ژن وپیاو بوو! بەداخەوە ئەمن کچی ئەو شارە بووم بەڵام چاویان بە شکەوە نیسبەت بە توانایی ئەمنی ژن و کۆی بەڕێوبەرایەتی کردییە، بەتایبەتی لە سەرەتای هاتنە سەرکارم لە هێندەک لە هاوکارانم و تەنانەت هاوشاریانم گەلێک پێشم گیرا کە نامەوێ باسیان بکەم وخەڵکی بەباشی دەزانن گرفتی کچی خۆیان چ بوو؟ هەر ئەوەندەی دەڵێم بەداخەوە نەزانین و بێ ئاوەزی و دەرککردن دەگەڵ توانایی خویندن و نووسین لێک دوورن. هیوادارم هاتنی من ڕێگا خۆشکەر بۆ کچانی داهاتوو بیت.

پ: دیارە بەڕێزت لە باری تەربییەتی منداڵ و وەکوو ئافرەتێکی چالاکیش زەحمەتت کێشایە وکوڕەکەت ئێستا خەریکی خوێندنی پزیشکییە،تکایە بفەرموو ژنێک چۆن دەتوانی هەم بە ماڵی ڕابگا و هەم کار وچالاکی و هەم پەروەردەی منداڵ بکا؟

و: بە بڕوای من لە دنیای ئەوڕۆ دەبی زۆر لە بەهاکان و هەنجار و ناهەنجارەکان دووبارە تاریفیان بۆ بکرێتەوە. نیگای کەونن بە بنەماڵە و نیگای نوێ جیاوازن. لە نیگای نوێ ڕۆڵ و نەخشی هەیەکە لە ئەندامانی بنەماڵە لە گرەوی هاوکاری و هەرەوەزی خێزاندایە و ڕازیبوونیان. بۆیەش سپاسی هاوسەرەکەم و کوڕەکەشم دەکەم کە بەباشی پشتیان گرتم.

پ: خانم جەهانگیری قسەی جەنابت دەگەڵ ئەو کەسانەی چەتیان دە ڕەوتی کارەکانت خست چیە؟

و: یاسای نیزامی خیلقەت لەسەر دژوازەکان و قەیران و سەرکەتن بەسەریاندا دامەزرایە، ئەمن دژبەرەکانی خۆم وەکوو قەیرانێک بۆ پەروەردەی زەین و بیری خۆم دیت نە بە عینوانی دژ و دوژمن. ئەوان بە هەر نییەت و فکرێک دەگەڵ من جووڵانەوە کارم پێنەبوون، بەڵام هەتا ئەو جێگایە توانیم کەڵکم لە تواناییان وەرگرتیە.

پ: بەڕێزت وەکوو ئولگووی ژنێک چ ڕاسپاردەیەکت بۆ ژنان و کچان هەیە؟

و: نیگای ڕەگەزی بە نیسبەت جێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگا وجوودی نەبی و بۆ گەیشتن بەو ڕوانگەیەش پێویست بە خوێندن و پەروەردە و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاوەزی کۆمەڵایەتی هەیە. ئافرەتی مە دەبی خوێندەوار و ساحیبی فکر و کار و چالاکی بێ و لەهەمان کاتدا دایکەکی باش بی.

پ: تکایە ئەو وشانە بە کورتی وڵام دەوە.

ئافرەت: هێمای خولڵقان، گوفتمان و فێرکاری.

مامۆستا: باڵاترین جێگەی پیشەیی بۆ ئینسانێک.

شنۆ: جوانترین و ئارام بەخشترین شاری دنیا.

پ: خاتوون دیارە وەخت کەمە و قسە زۆرە وێڕای ڕێز و سپاس بۆ ئەو ڕۆنیشتن و دەرفەتە، دوا قسەت بۆ خۆنەرانی گۆڤاری بەیان چییە؟

و: بە بڕوای من نەزانی و خۆویستی گەورەترین دەردی مرۆڤە. ئەگەر بتوانین بگەینە ئەو باوەڕە کە هیچکەس خاوەن و ساحیبی ئەوی دی نییە، خێر و خۆشی و سولح و ئارامیش بەسەر دنیایە داڵ و زاڵ دەبیت. هەموو ئافریدەی دەستی خودایــنە کە لەو دنیایەدا تەنیا دەڕوانین. * زۆر سپاس خانم جەهانگیری ئازیز، ماندی نەبی دەستت خۆش بی، هیوادارم هەر بەردەوام بی و وێنەت زۆر بی.

فەرهەنگۆک:

جێیەکی: جێگایەکی، جێگە وپێگەیەکی
لە خارەوەشدا: لە خوارەوەشدا
لەوێندەرێ: لەوێ
چووتینە: چووینە
دیتنی: دیداری
روونیشتین: دانیشتین
گەونەوە: کۆنەوە
بزر: ون
ئەو هیندە: ئەوەندە
عافرەت: ئافرەت، ژن
کەپلە قەند:کلۆ قەند(حبە قند)
خۆن: خۆمان
ئەمە: ئێمە
تەنیشت: قەراغ
دیتیمە: دیتوومە
تاتەکی جوان: جێگا نوێژی بە بەردی پان ساز کرایە
ئامان وئیسکان: قاپ و ئیسکان
کردارەکی سەوز: گیا و سەوزی
سەمەنی: سەمەنوو
دار وتەلاشە: دار و چرپی و کۆلکە
وەتاغ: هۆدە، ژوور
پێشخانە: ڕارەو
سندووقخانە: حەمبار، جێگای نوێن وبان
مانديش بوو: ماندوو بوو
دۆشەکچە: ڕایەخی نەرم ونۆڵ بۆ دانیشتن
وەخر کردیە: کۆی کردووتەوە
کچگە: چکۆڵە، خنجیلانە
تۆسی: قرۆشکە
دەخاردەوە: دەنۆشی، دەیخواردەوە
هاتیتە دەرێ: هاتووتە دەرێ
خووندکار: خوێندکار، دانیشجوو



د.ئاراس محەممەد ساڵح - سلێمانی

# نووربەخشی
# (شێخ مەحموودی حەفید وەک شاعیر)

شێخ مەحموودی حەفیدی بەرزنجی، زیاتر وەک سیاسییەکی سەرەتای سەدەی بیستەمی کوردستان ناسراوە، زۆر کەم وەک شاعیر ناو براوە و لە بارەیەوە نووسراوە لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر بووە و شیعری نووسیوە و دیوانە شیعریشی هەیە. دیوانەکەی لە لایەن بەڕێز مامۆستا «عومەر مارف بەرزنجی»یەوە شیعرەکانی کۆ کراوەتەوە و لێکۆڵینەوەی لە بارەوە کردوون و چاپی کردوون.

شێخ مەحموود لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا لە بنەماڵەیەکی شێخی دەستڕۆییشتوودا لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. لەو کاتەدا شێخانی بەرزنجە بەهۆی پێگەی ئایینی و شێخایەتییەکەیانەوە دەسەڵاتداری ناوچەی سلێمانی بوون.

شێخ مەحموود لە ئامێزی خێزانێک تێکەڵاو بە سرووتی دەروێشی و بانگ و سەڵای مزگەوتی گەورە و ژینگەیەکی ئایینیی خوێندەواردا چاوی کردوەتەوە و گەورە بووە. بەهۆی ئەوەی لە خێزانێکی دەسەڵاتداردا بووە، هەر لەمناڵییەوە چووەتە حوجرە و دەستی بە خوێندن کردووە. تێکەڵاوبوونی بە شیعری فارسی و عەرەبی و کوردی هەر لە مناڵییەوە پاڵنەرێکی باش بووە، کە بەرەو جیهانی شیعر و ئەدەب هەنگاوی ناوە. کەشوهەوای مزگەوت و کۆڕی گەرمی سۆزی دەروێشان و ئەو بارودۆخە فەرهەنگی و سیاسییەی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی کوردستان، هەست و سۆزی شێخیان بزواندووە و تێکەڵاو بە جیهانی شیعر و ئەدەب بووە.

نووربەخشی بە یەکێک لە شاعیرانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی مێژووی ئەدەبی کوردی دادەنرێت، بەشێوەیەکی گشتی، ناوەڕۆکی شیعرەکانی دابەش دەبن بەسەر شیعری ئایینی و عیرفان و خواناسی و عەشق و شیعری نیشتمانیدا. لێرەدا تەنها ئاماژە بە هەندێ شیعری نیشتمانی (نووربەخشی) دەکەین و



بەشەکانی تری هەڵئەگرین بۆ کات و دەرفەتێکی تر.

شێخ مەحموود وەک سەرکردەیەکی سیاسیی کوردستان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، توانیویەتی ڕابەرایەتی بزاقی ڕزگاریخوازیی کورد بکات. لەگەڵ هاتنی دەستەڵاتی داگیرکەری بەریتانیا و ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دروستبوونی دەیان دەوڵەتی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا، شێخ مەحموود هەستی بەوە کردووە دەبێت کوردیش لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا پشکی هەبێت و لە گەلانی دراوسێی دوا نەکەوێت، هەر بۆیە بە هۆی ئەو پێگە شێخایەتی و کۆمەڵایەتییەی هەیانبووە، توانیویەتی شۆڕشێکی چەکداری بەرپا بکات و داوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستانی کردووە. هەرچەندە سەرەتا دەوڵەتی بەریتانیا هەندێ بەڵێن بە شێخ دەدات و ئیدارەیەکی لە سلێمانیدا بۆ دروست دەکات، بەڵام ماوەی دۆستایەتی شێخ و بەریتانیا زۆر ناخایەنێت و هەر زوو کۆتایی هاتووە.

هەواڵنامەی کتێب

لەو ڕۆژگارەدا بەهۆی نەخوێندەواری و دواکەوتوویی کۆمەڵی کوردی لە لایەک، لە لایەکی ترەوە ئامادەنەبوونی زلهێزەکانی ئەو ڕۆژگارە کە هیچ بە کورد بدەن، ڕێکنەکەوتن و فرەدەنگی و دابەشبوونی کورد لەنێوان تورک و ئینگلیزدا، هەموو ئەمانە کێشەی بەردەم هاتنەدی خواستەکانی کورد و شێخ مەحموود بوون. لە دوایدا شێخ ناچار بووە پەنا بەرێت بۆ خەباتی شۆڕشگێڕی و چەکداری. ئەم هەنگاوەی شێخ لە ناو شیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، لەمبارەیەوە ئەڵێ:

**فەرهادی قەومی کوردم و فەریادی کورد ئەکەم**
**دوژمن بە کوتەکی کاوە، وەکوو شووشە ورد ئەکەم**
**بۆ بێستوونی مانیعی ئامالی کوردەکان**
**وەک کۆهکەن بە عەزمی مەتین، دەستوبرد ئەکەم**
**یا کەشتی کورد ئەبەمە ساحیلی نەجات**
**یا ڕۆحی خۆم و ئالی پەیەمبەر بە پرد ئەکەم**
**مەحموودی فیکرەتم ئەخەمە دووی ئەیازی کورد**
**یا کەسبی وەسڵی میللییەت و نەیلی کورد ئەکەم**

شێخ بە گیانێکی گەنجانەی شۆڕشگێڕییەوە ئەم شیعرەی نووسیوە، گیانێک پڕە لە هیوا و خۆنەویستی و گیانفیدایی لە پێناو کورد و نیشتماندا، تەنانەت ئامادەیە خۆی و بنەماڵەکەی (ئالی پەیەمبەر) بکاتە پرد بۆ ڕزگاریی نیشتمانەکەی، مەبەست لە (ئالی پەیامبەر) شێخانی بەرزنجە خۆیان بە نەوەی پێغەمبەر دەزانن. شێخ مەحموود نەک شەڕی بۆ بنەماڵەکەی نەکردووە، بەڵکوو بنەماڵەکەی پێش هەمووان دەکاتە قوربانی لە پێناو ڕزگاریی میللەتەکەیدا و بۆ دەربازبوون لە ژێرچەپۆکی داگیرکەران، ئەم شیعرە تەعبیرە لە هەستێکی پڕ لە کوردایەتی و شۆڕشگێڕی، هەستێک هەموو شتێکی کردووە بە قوربانی لە پێناو سەرفرازی گەلەکەیدا، لە کۆتاییدا ئەڵێ:

**من کوردم و بە کوردی ئەڵێم و بڕایەوە**
**زیللەت نەما، سەعادەتی کوردان گەڕایەوە**

شێخ مەحموود وەک سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ لە پێناو ڕزگاریی نیشتمانی میللەتەکەیدا، تووشی زۆر تاڵاو و ناوخۆشی بووە. لە لایەکەوە ناهۆشیاری و دووبەرەکی و ڕێکنەکەوتنی گەلەکەی، لایەک ڕووی لە تورک بووە، لایەکی تر ڕووی لە ئینگلیز بووە، ئەو دوو لایەنەش ئامادە نەبوون هیچ بۆ کورد بکەن، بەڵکوو کوردیان لە پێناوی خۆیاندا وەک هێزێکی شەڕکەر بەکار هێناوە. شێخ مەحموود سەرەتا هیوای بە ئینگلیز هەبووە شتێک بۆ کورد بکات،دوایی بۆی دەرکەوتووە کە خواستەکانی کورد ناهێننە دی، هەربۆیە پشتی تێکردوون و هێرشی کردووەتە سەریان، بەڵام هێزێکی ناڕێکخراوی وەک لەشکری کورد لەو کاتەدا، بە لاوازترین چەک و تەقەمەنی جەنگییەوە لەبەرانبەر زلهێزێکی وەک بەریتانیای ئەو ڕۆژگارەدا، بێگومان هەموو کەس زانیویەتی شەڕێکی نابەرانبەرە، بەڵام شێخ بە ناچاری ئەو شەڕەی کردووە. لە بارەی ئەو باردۆخەوە ئەڵێ:

**مووددەتێ عومرم بە تاڵان چوو، لە سووچ و قوژبنا**
**پێمەلەم زۆر کرد، لەبەر ئیمان لە بەحری بێ بنا**

شێخ دوای ئەوەی ئینگلیزەکان لەگەڵی ڕاستگۆ نەبوون، ئەڵێ، عومرم بە تاڵان چووە، ئەو ماوەیەی چاوەڕێی بەڵینەکانیان بووم، هەر چاوەڕێ بووم وەکوو گەلانی دراوسێ، دەوڵەتی کوردستانیش ڕابگەیەنن.
پاشان ئاماژە بەوە ئەکات کە چ شاهبازێکی مەیدانی شەڕ بووە، بەڵام مەخابن لەگەڵ میللەتێکی نەخوێندەوار و دواکەوتووی وەک کوردی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، هەرچەندە سەرکردەی بەتوانا و هۆشیاریش هەبێت، بەڵام زۆر زەحمەتە بتوانرێت لە نێو گەلێکی وەهادا شۆڕشی ڕزگاری بەرپا بکرێت و درێژەی پێبدرێت، هەر بۆیە سکاڵا لە دەست دواکەوتوویی میللەتەکەی ئەکات و ئەڵێ:

**شاهبازێ بووم، لە مەیدانی شکاری دوژمنا**
**جەهلی میللەت، بوو بە زیللەت، هات بەسەر شانی منا**

شێخ مەحموود شکستی شۆڕشەکەی دەگێڕێتەوە بۆ دواکەوتوویی میللەتەکەی کە هەموویان یەکدەنگ و یەکڕەنگ نەبوون، ئاستی تێگەییشتن و هۆشیارییان لەو ئاستەدا نەبووە کە هەموویان لەسەر یەک ئامانجی نیشتمانی کۆ ببنەوە و خەباتی بۆ بکەن، هەربۆیە ئەڵێ: (جەهلی میللەت) بوو بە (زیللەت) و شکستی شۆڕشەکەمان، هەموو ئەمانەیش میللەت لە منی دەناسێ و ئەڵێن: بەهۆی شێخەوە شۆڕشی کورد شکستی خواردووە.
شێخ لە پێناو گەلەکەیدا دریغی نەکردووە، زۆر بەسەربەرزی ئەڵێ: وەرن سەیری برینی پەنجەکانم بکەن، کە هەموو کات شاهیدن لەسەر تێکۆشانم، بەڵام مەخابن دوودڵی لێم بووەتە کۆت و چووەتە گەردنم، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ دەرکردنی داگیرکەرانی بیانی لە نیشتمانەکەم کۆڵ نادەم، دوژمنەکانی وەک قەلەڕەش (قاڵاو) سەیر کردووە و زۆر بێزار بووە لە دیدەنی و چاوپێکەوتنیان، لەمبارەیەوە ئەڵێ:

**سەیری جێگە زەخمی پەنجەم کەن، بەدایم شاهیدە**
**دوودڵی لێم بۆتە زنجیر، حەوسەڵەی داوم نییە**
**بۆ نەمانی ئەجنەبی، ژینم لەبەر چاوم نییە**
**بۆیە ئیتر ئارەزووی دیداری قاڵاوم نییە**
**گورگی پیر کەڵبە شکاوم، تاقەتی ڕاوم نییە**
**دڵ بەم ئەحواڵەش لە ڕێگەی میللەتمدا قاسیدە.**

لە کۆتاییدا ڕوو دەکاتە پیاوە گەورەکانی کورد و لە پێناو ڕزگاری میللەتدا داوای یەکگرتنیان لێ دەکات، داوای عەزم و ئیرادە و خۆڕاگرییان لێ دەکات و پێیان ئەڵێت کە بێگانە و دوژمن مافی گەلان نادەن، بەڵکوو بەدەستهێنانی ڕزگاریی نیشتمانی پێویستی بە خەبات و تێکۆشانە، هەر وەکوو ئەڵێ:

**ئێوە ناودارانی کوردن، حەیفە دواکەوتن لەگەڵ**
**دەست بە دەست یەکتر بدەن، بۆ گرتنی لووتکەی ئەمەل**
**عەزم و وریایی و سەباتە بۆ بەدەستهێنانی هەل**
**دوژمن و بێگانە حەققی میللەتی پێ نابێ حەل**
**خوێنی ئەوتانە لە لای خوا عەینی زوهدی زاهیدە**

هەروەها ئەڵێ:

**کاتی شکارە، دڵ بە موحیببەت کە برسییە**
**من بازم و شکاری وەتەن بێ ڕیا ئەکەم**
**پارێز ئەکەم بە هیممەتی حەیدەر حقووقی کورد**
**یا ڕۆحی خۆم و ئالی پەیەمبەر فیدا ئەکەم**

شاعیر ئاماژە بەوە دەکات کە کاتی شۆڕش و بەرخۆدانە و خۆی وەک بازێکی چاونەترسی خۆنەویست وێنا دەکات و ئەڵێ: لە پێناوی ڕزگاریی نیشتمانەکەمدا شکاری دوژمن دەکەم، ئەم خەباتەش بۆ ڕیا و فرۆشتنەوەی بە میللەت ناکەم، بەڵکوو وەک ئەرکێکی میللی و نیشتمانیی خۆم ئەنجامی دەدەم.

**گەر مانعی حەقی میللەتی کورد بین عەرەب**
**بێ شک نوێژەکانم بە کوردی قەزا ئەکەم**
**حاجی تەواف ئەکەم گەر تالیعیش مەدەد بدا**
**ئەم قەلبی قەڵبمە بە سەفا و مەروە ساف ئەکەم**

لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر، شێخێکی سەر بەتەریقەتی قادری بووە، لە بنەچەشەوە سەیدن و دەچنەوە سەر بنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ)، بەڵام لە پێناوی مافی میللەتەکەیدا ئەڵێ: ئەگەر عەرەب لەو کاتەدا کە مەبەستی عەرەبەکانی عێراقە، ئەگەر ببنە بەربەست لەبەردەم هاتنەدی خواستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد، ئەوا من نوێژ بە کوردی ئەکەم، لە هەمان کاتدا ئەو نوێژانەی کە عەرەبی کردوومە، جارێکی تر دەیگێڕمەوە و بە کوردی دەیکەمەوە.

شێخ مەحموود زۆر لەوە گەورەتر بیری کردووەتەوە کە خۆی لە بنەماڵەیەکدا قەتیس بکات، یان لە تەریقەتێکی تەسەووفیدا، بەڵکوو خۆی بە هەموویان زانیوە و هەموویانی بە پیرۆز و ڕاست سەیر کردووە، چونکە ئەم توێژانە لەو کاتەدا بەشێک بوون لە پێکهاتەی میللەتەکەی، هەربۆیە ئەڵێ:

نەقشی و سوورەوەردی و چەشتی و قادری
ئەمریان بە فەرزی عەین ئەزانم، وەک یەک ئەدا ئەکەم
مەلا عەزیزی موفتی و بابا عەلی بم، لە وەرعدا
بۆ ئەو غەزالە دڵفڕێنە، لەسەر سەر هەرا ئەکەم
فەرقی بەینی قادری و نەقشی هێندەیە
سۆفی لە ورگی ئەدا، منیش زەرگی پیا ئەکەم

شێخ مەحموود و بنەماڵەکەی لەو کاتەدا پابەندی تەریقەتی قادری بوون، بەڵام شێخ زۆر نیشتمانی بیری کردووەتەوە، وەک سەرکردەیەکی میللی زۆر لەوە گەورەتر بیری کردووەتەوە تەنها کوڕی بنەماڵەیەک، یان شوێنکەوتووی تەریقەتێکی دیاریکراو بێت. ئەم هەڵوێستەی شێخ مەحموود لەو کاتەدا زۆر نیشتمانییانە و بەرپرسیارانە بووە، بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو گەلەکەی لە دەوری خواستی نەتەوەیی و نیشتمانی کۆ بکاتەوە، ئەڵێ: هەموومان یەکین و یەک ئامانجمان هەیە، جیاوازی نییە لەنێوان نەقشی و قادریدا، وەکوو ئەڵێ، سۆفی نەقشی لە ورگی دەدات، دەروێشی قادری کە خۆشم یەکێکم لەوانە، زرگی ئەکەین بە ورگماندا.

هەروەها ئاماژە بەوە دەکات بەوەی ئەگەر وەک: (مەلا عەزیزی موفتی چاوەمار) کە لەو کاتەدا موفتی سلێمانی بووە، هەروەها مامۆستا شێخ بابا عەلی تەکیەی قەرەداغ، ئەگەر وەک ئەم دوو زانایەش زانا و لە خواترس بم، بەڵام لە پێناو میللەتەکەمدا سڵ لە هیچ خەبات و تێکۆشانێک ناکەمەوە و لەو پێناوەدا بەردەوام دەبم.

شێخ مەحموودی حەفید وەک شێخێکی هۆشیار و وەک ڕابەرێکی سیاسی، توانیویەتی لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە، هەست و سۆزی دەروونی خۆی دەرببڕێت، لە هەمان کاتدا ئەو کێشە و بەربەست و ناخۆشییانەی هاتووەتە ڕێگای، لەناو شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. شێخ مەحموود توانیویەتی لە ڕێگەی شیعریەکانییەوە بیر و بۆچوونی خۆی دەرببڕێت کە خواست و هیوای تەنها ڕزگاریی نیشتمان و گەلەکەی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بنەماڵەیەکی ئایینیی پابەندی تەریقەتی دەروێشیدا گەورە بووە، بەڵام ڕێزی لە هەموو بۆچوونە جیاوازەکانی میللەتەکەی گرتووە و هەوڵی داوە لە دەوری خواستی ڕزگاری و نیشتمانی کۆیان بکاتەوە.

سەرچاوە:


١/ عومەر مەعروف بەرزنجی، نووربەخشی، شیعرەکانی مەلیکی کوردستان، شێخ مەحموودی بەرزنجی، چاپی یەکەم ٢٠٠٦، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٢/ محەممەد ڕەسووڵ هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، چاپی یەکەم ١٩٩١، لەندەن، بەرگی یەکەم و دووەم.
٣/ د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم ٢٠١٠، دەزگای ئاراس هەولێر، بەرگی شەشەم.

# لێکچواندن، گوڵێکی قەشەنگ لە بەرۆکی ڕەوانبێژیدا



**هەمزە عەباس فەقێ - هەولێر**

یەکێک لە جیاوازییە سەرەکییەکانی مرۆڤ لەگەڵ هاوژیانەکانی لە هەسارەی زەویدا بریتییە لە دەربڕین، سەرەتا قسەکردن و تێگەییشتن، دواتر گوزارشت و چارەسەرکردنی کێشەکان لەو ڕێگەیەوە و داهێنان لەو بوارەدا بوو بە خاڵی وەرچەرخان و یەکێک لە سیما دیارەکان و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مرۆڤ. مرۆڤ لە ڕێگەی هونەرەکانی دواندن و قسەکردنەوە توانی کاریگەرییەکانی خۆی لەگەڵ ئەوانی تر بگەیەنێت و پردی پێوەندی دروست بکات.

لە دیارترین هونەرەکانی دەربڕین، ڕەوانبێژییە کە چەپکێک هونەری باڵا و بەپێزە کە شاعیران لە نەخشاندن و ڕازاندنەوەی شیعرەکانیاندا لێزانانە بەکاری دەهێنن و وێنەی جوان و ڕەنگین لە هەست و نەستی گوێگر و خوێنەر دەنەخشێنن بەجۆرێک دەبنە مایەی مانەوە لە یادگە و هەروەها بەخشینی ئاسوودەیی و ئۆخژن بە خوێنەران، ئەمە وێڕای هێشتنەوەی خوێنەر لەگەڵ دەقەکان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، کە لێرەدا توانا و سەلیقەی شاعیر خۆی دەنوێنێت و ئاستی مەعریفی و دید و ڕوانین و ئەزموونی ژیانی دەبنە سەرچاوەی باشتر گەییشتنی پەیامەکەی.

ڕۆژگار و سەردەمەکان لەسەر جۆری نووسین و بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی هەر وەک: درکە و خوازە و لێکچواندن و خواستن و جوانی بایس و هتد، بێ کاریگەری نین چونکە بارودۆخی سیاسی و شێوازی ژیان و خەبات و بوون و نەبوونی ئازادی و سەربەستی و چەوسانەوە و سەرکوتکردن لە لایەکی ترەوە پێویستبوونی ئەو هونەرانە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەسەلمێنن. شاعیرانی کورد زۆرجار جگە لە چێژ و جوانی بۆ شیعرەکانیان وەک ڕەمز و ئاماژەش پەنایان بۆ ئەو هونەرانە بردووە و توانیویانە هونەرمەندانە پوختەی مەبەستیان بە وردی و سەلیقەیەکی هونەری بەرزەوە بگەیەنن.

ئەگەرچی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا خەریکە سادەیی و بێ حەوسەڵەیی لە خوێندنەوە و هەڵوێستە و هزردا کار بگەیەنێت بە ئەندازەیەک کە کەمتر شاعیران پەنا بۆ هونەرەکانی ڕەوانبێژی ببەن، کە ئەوەش ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆکاری بەلاوەنان و پشتگوێخستنی ئەو هونەرە گەورەیە کە سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووە بۆ داهێنان و ئەفراندن لە جوانی و ڕەنگینیدا، بۆیە پێویستە لە ڕێگەی بەدواداچوون و توێژینەوەوە هەوڵەکان بۆ پیشاندانی لایەنە درەشاوەکانی ئەو هونەرە و پانتایی بەرفراوانی داهێنانی شاعیرانی کلاسیک کە شۆڕەسواری ئەو مەیدانە بوون، بخرێنە گەڕ. شاعیرانی کورد توانیویانە لە دەقە شیعرییەکانیاندا خوێنەر ئاوێزانی چەندین وێنەی جوان و پڕ لە چێژ بکەن.

لێکچواندن، یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی هونەری ڕوونبێژی، بوارێکی مەزنی ڕەخساندووە بۆ ئەوەی شاعیر ئەسپی خۆی تێدا تاو بدات و لە ڕێگەیەوە چەندین وێنەی بەرزی هونەری بکێشێت و خاڵە جەوهەری و هاوبەشەکانی شتەکانی دەوروبەر بکات بە بنەمای داهێنان، لە زەینی خوێنەردا مەودا دوورەکانی نێوانیان نزیک بکاتەوە، تا ئەو ئاستەی کە لە یەک بچوێندرێن و هاوتا بکرێن، لەم هونەرەشدا دنیابینی شاعیر دەبێتە بنچینەی بنیاتنان، ئاستی پێشکەوتن و تێگەییشتنەکانی شاعیر بۆ ژیان و ڕوانین بۆ ڕووداوەکان کاریگەرییان لەسەر وێنە هونەرییەکان هەیە کە لە لێکچواندنەکانیدا بەرجەستەیان دەکات، بۆیە دەتوانین بڵێین هونەری لێکچواندن مەیدانێکی فراوانی لە بواری ئەدەبیدا لە خۆگرتووە و سەرچاوەیەکی گرینگیشە بۆ ئافراندن و دەرخستنی تواناکانی شاعیران.

ڕەوانبێژی: علم بلاغه
ڕوونبێژی: بيان

لێکچواندن: تشبيه
درکە: كينايه
خوازە: مجاز، خواستن: استعاره
جوانی بایس: حسن تحليل
یادگە: حافظه
هەست: شعور
نەست: لاشعور



حاجی عەبدوڵلا هەمزە - سەردەشت

# شاخەوانان

لە ئێوارەیەکی هاوین، لە ژێر سێبەری سەیوانی دووکانی شەقامێکی سەردەشت، لەگەڵ چەند دووکاندارێک خەریکی قسە و باس لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و رامیاری و ئابووری ئێستای وڵات بووین. ژن و پیاو و منداڵ و لاوی شار، وەک هەموو ئێوارەیەک، لە ماڵەکانیان دەهاتنە دەر و هێدی هێدی بازاڕ پڕ لە حەشامات دەبوو و هەر کەس بۆ مەبەستێکی وەک: کڕین و فرۆشتن و پیاسە، لاوەکانیش بۆ چاوگێڕان و دڵخۆشی، بەرەو کەمەربەندی دەچوون. لە ناکاو چەند کەسێکی پیتۆڵ و داپێچراو، بە جلوبەرگی جیاواز لە حەشاماتی شەقام و پۆزەوانەی هەتا ئەژنۆیان دەپێ کراو، هێندێکیش، جامانەیان دە ملدا بوو و کۆڵەپشتی و قومقومەی ئاویان بە پشت و کەلەکەوە بوو، هەر کامیان، داردەستێکی بە دەستەوە بوو و، وەک سەربازانی پۆشتە، بە ڕێژە دەرکەوتن و یەک بە دوای یەکدا لەکاتێکدا، جارجارە، دادەهاتنەوە و هەر زبڵێکی لەسەر شەقام و پێڕۆ و نێو جۆگەلەکانی پەنا شەقام، فڕێ هەڵدرابوون، بەسپایی هەڵیاندەگرتنەوە و دە زبڵدانی بەر دەرکی دووکان و ماڵەکانیان داوێشتنەوە و بە بێ ئاوڕدانەوە و سەرنجدان لە شار چوونە دەر.
پرسیاری سەیرم دە مێشک گەڕان و نەمدەزانی ئەوانە کێن؟ چەک و تەقەمەنیان پێ نەبوو هەتا بیرم بۆ لای ئەوانە بچێ، ساڵان لەودیوی کەوشەنەکان خۆیان دەخزاندەوە کوێستان و هەوار و گوند و پەنا شارەکان. هیچ وەک چەتە و ڕێگر و باج ئەستێنان نەدەچوون و لەوانەش نەبوون کە هاوکار و یاریدەری هێزەکانی دەستەڵات بن! وەک داعش و ماعشانیش نەدەچوون، چونکە پاک و خاوێن و ڕدێن تاشراو بوون و کچۆڵە و ئافرەتی گەورەساڵیشیان لەگەڵدا بوون.
هەر بیرم لێ دەکردنەوە، لە ناکاو ئەو کەسەی لە پەنام دانیشتبوو، بە نقورچێک وریای کردمەوە و گوتی: بۆ وا ڕاماوی؟ «جندت دە عەرزێ کردوون». ئەوە لە کوێی؟
گوتم: توخوڵلائەوانە کێن؟ بۆ کوێ دەچن؟ خۆ کاروان و کرێکۆڵ و کۆڵبەریش نەماوە و ئەگەریش مابن، چۆن وا بە ئاشکرایی و ئازادی دەڕۆن؟
گوتی: ئەتۆ لە کوێی؟ ئەوانە «شاخەوان» و «کەژەوان»ن، لە هەموو چین و توێژێکی ئەو خەڵکە و بە هەموو بیر و بۆچوون و ئایدیایەک، بۆ ئەوەی تەندروست وەمێنن و دەمێک لە هارەهاڕی ماشێن و ژیانی ماشێنی و پیس و پۆخڵی شار و قۆڵبڕی و فێڵ و تەڵەکە و درۆ و ستەم و کاولکاری و دووکەڵ، دوور کەونەوە، بەپێی بەرنامە و بە سادە و ساکار و ئاساییترین خواردن و پۆشاک و پێخەف، ڕوو دە کێو و کوێستان دەکەن و چەند کاتێک، لە پەنا کانیاو و گوێگرتن لە خوڕەی چۆم و سۆلاو بە ڕوانین و دانیشتن و هەڵقوڕاندنی ئاوی سازگار و خاوێن، ماندوویی لە لەش و دەروون دەردەکەن و لە شەوانی تاریک و بێدەنگ و ڕۆژانی پڕ لە هەوای پاک لە دەشت و گرد و باسک و لووتکە و پەنا ڕندۆڵە بەفران، دەحەوێنەوە و دەحەسێنەوە.
منیش گوتم: دەی باشە، بەڵام ئەوانە هەر بۆ ئاساییش و ئارامشی خۆیان دەچنە شاخەوانی و چ کەڵکێکیان بۆ من و تۆ هەیە؟ تکایە چیدی باسیان مەکە!
گوتی:کاکیلە، وا نییە، ئەوانە کوڕ و کچی ڕۆژی تەنگانەن و لە کێشە و ئاریشە و ڕووداوە سروشتی و مرۆییەکان و شەڕ و ئاژاوەکانیش‌دا، بەهێز و دەست و مەچەک و بردنی خۆراک و پۆشاک و خێوەت و کەرەستەی پێویست بۆ بەرکەتووان و ڕاگواستنی زیان لێکەوتووان و ئاورکوژاندنەوە و دەیان کاری خۆبەخشانەی دیکەش، بە بێ ئەوەی مووچە و کرێ و مزیان پێ بدەن، فریای خەڵک دەکەون و بۆ شار و شوێنە دوورەکانیش دەچن و زۆر جاران، هەڵدەدێردرێن و بریندار دەبن و دەسووتێن و دەخنکێن و بێ سەر و شوێن دەبن و... .
گوتم: بڵێی کارمەندی مانگی سوور و بەشی فریاکەوتن و ئۆرژانسی نەخۆشخان نەبن؟
قەت نەمدیون ئەو دەست و پێ سپیلکە و ڕیوەڵانە، شتی وایان لە دەست نایەت.
ئەوە ساڵێک بە سەر ئەو دەمەتەقەدا تێپەڕی و ئەو شاخەوان و گەڕۆکانەم هەر لە بیر چووبوونەوە، بەڵام چەند ڕۆژ لێرەوەپێش، گوتیان: لێڕەوارەکانی لای «کۆڵەسە» ئاوریان تێبەر بووە و خەڵک ڕاخوشین و منیش، وێڕای خەڵکی بۆ کوژاندنەوە و فریاکەوتن ڕۆییشتم، وەک خەڵک، بە لقەگەڵ کوتان، ئاورم دەکوژاندەوە، چاوم پڕ لە دووکەڵ بوون و دەست و پەل و دەم و چاوم بە تینی ئاوری سوور هەڵگەڕان و بۆی هەڵاتم و لە شوێنێکی بەرز، چاوم لێ بوو، هێندێک دەگرەپێچان دا، پێشیان بە ئاوری دەگرت و دەوەن و کۆلک و قەدی دارەکانیان لە ئاور دادەڕنی و دەکەوتن و هەڵدەستانەوە! گوتم: ئاییی... پووڵ چ لە پیاوی دەکات! خۆی بۆ دە ئاوری داوێ!؟
پاش دەمێکی ئاورەکە دامرکا و خەڵک نان و ئاویان بۆ ئاورکوژێنەوەکان برد و دەستم لە شانی لاوێکی دووکەڵاوی و ماندوو و ئارەقاوی دا و گوتم: بۆچی لە ئیدارەکەت کڵاو و جلی ئاورکوژاندنەوەت نەهێناوە؟ یان بە جێی لیباسانیش، پووڵت دەدەنێ؟ چاوێکی پڕ واتای لێ کردم و بێدەنگ بوو!
دوای ڕوانینێکی زۆر، ناسیمەوە و قسەکانی پاری ئەو دۆستەم وەبیرهاتەوە و زانیم: ئەو ئاورکوژێنەوانە، شاخەوانەکانی گۆرینن.



# گوڵدانی بەتاڵ

نووسەر: دێمی/ وەرگێڕ: سەفییە تاها - مەهاباد

زەمانی زوو لە وڵاتی چین کوڕێک بە ناوی «پینگ» دەژیا. پینگ، گوڵ وگیای زۆر خۆش دەویست و هەرچی دەیچاند، زوو چەقەرەی دەدا و خونچەی دەکرد و لە ماوەیەکی کەمدا گوڵ و بنچک و دارمیوەکان بە شێوەیەکی سەیر و پەڕجووئاسا گەشەیان دەکرد.
لەو وڵاتە هەموو خەڵک هۆگرییەکی زۆریان بە گوڵ و گیا هەبوو، لە هەموو جێگایەک گوڵیان دەچاند و هەموو کات بۆنی خۆشی گوڵان لە هەوادا بڵاو دەبۆوە.
ئیمپڕاتۆری ئەو وڵاتە باڵندە و ئاژەڵی زۆر خۆش دەویست بەڵام ئەویش لە هەمووان زیاتر هۆگری گوڵان بوو، هەموو ڕۆژێ لە باخی کۆشکدا سەرقاڵی گوڵ و گیا بوو.
بەڵام ئیمپڕاتۆر تەمەنی زۆر بوو دەبووایە جێگرەوەیەک بۆ خۆی دیاری بکات. ماوەیەکی زۆر بیری لێ کردبۆوە چلۆن ئەو کارە بکات. لەبەر ئەوەی گوڵەکانی زۆر خۆش دەویست بڕیاری دا لەو ڕێگایەوە جێگرەوەی خۆی دیاری بکات. بەو هۆیەوە ڕۆژی دواتر فەرمانی نووسی و جاڕدەریش فەرمانەکەی بە هەموو جێگایەک ڕاگەیاند.
ئیمپڕاتۆر فەرمانی دابوو تەواوی منداڵانی ئەو وڵاتە دەتوانن بێنە نێو کۆشک تاکوو تۆوی گوڵی تایبەتیان بداتێ. پاشان دوای ساڵێک ئەو گوڵانەی کە چاندوویانە بیهێننەوە و هەر کەس باشترین و جوانترین گوڵ بێنێتەوە وەکوو جێگرەوەی ئیمپڕاتۆر دیاری دەکرێ.
ئەو هەواڵە گەورە و ورووژێنەرە لەسەرانسەری ئەو وڵاتەدا بڵاو بۆوە. منداڵان لە هەموو جێیەکەوە بۆ وەرگرتنی تۆوی گوڵان هورووژمیان کردە کۆشکی ئیمپڕاتۆر.
هەموو دایک و باوکان ئاواتیان ئەوە بوو منداڵەکەیان ببێتە جێگرەوەی ئیمپڕاتۆر،منداڵانیش هیوادار بوون بۆ ئەو پۆستە دیاری بکرێن.
«پینگ»یش وەکوو منداڵانی دیکە هێندێکی بنەتۆوی لە ئیمپڕاتۆر وەرگرت. ئەو لە هەموو منداڵان دڵخۆشتر بوو چونکە دڵنیا بوو دەتوانێ جوانترین گوڵ بەرهەم بێنێ.
«پینگ» گوڵدانەکەی لە خاکی باش و بەپیت پڕ کرد و تۆوەکەی بە ڕێکوپێکی تێدا چاند و لە بەر خۆر داینا؛ هەموو ڕۆژێ گوڵدانەکەی ئاو دەدا و بە تاسەوە چاوەڕوان بوو بنەتۆوەکەی چەقەرە بکا و گوڵ بدا.
ڕۆژان تێپەڕبوون بەڵام هیچ چەقەرەیەک لە گوڵدانی ئەو سەری وەدەر نەنا.
«پینگ» کە زۆر بەپەرۆش بوو بنەتۆوەکانی لە گوڵدانێکی گەورەتردا چاند پاشان خاکی گوڵدانەکەی گۆڕی، چەند مانگێک تێپەڕی بەڵام دیسانیش هیچ ڕووداوێکی جێی سەرنج ڕووی نەدا. ڕۆژان هاتن و تێپەڕین تا ئەوەی بەهار هات. منداڵان جوانترین جل و بەرگی خۆیان لەبەر کرد و گوڵدانەکانیان هەڵگرت هەتا بچن بۆ لای ئیمپڕاتۆر.
ئەو ڕۆژە کۆشکی ئیمپڕاتۆر زۆر قەرەباڵغ بوو. منداڵان هەموو بە گوڵدانی پڕ لە گوڵی جوانەوە لە کۆشکدا کۆ بووونەوە و هیوادار بوون بۆ جێگرەوەی ئیمپڕاتۆر دیاری بکرێن.
«پینگ»، گوڵدانەکەی ئێشک و بەتاڵ بوو، خەجاڵەت و خەمبار، بیری لەوە دەکردەوە منداڵان گاڵتەی پێ دەکەن. لەبەر ئەوەی تاکە منداڵێک بوو نەیتوانی بوو بنەتۆوەکان پەروەردە بکات.
یەکێک لە هاوڕێیەکانی پینگ بە گوڵدانی گەورەی پڕ لە گوڵەوە، چاوی پێی کەوت و گوتی: چاو لێکە ئەمن چ گوڵێکم پەروەردە کردووە، دڵنیا بە ناتوانی ببی بە جێگرەوەی ئیمپڕاتۆر.
«پینگ» بە دڵتەنگییەوە گوتی، ئەمن زۆر باشتر و زیاتر لە تۆ خزمەتی گوڵدانەکەم کردووە، بەڵام نازانم بۆچی بنەتۆوەکان گەشەیان نەکرد.
بابی پینگ گوێی لە قسەکانیان بوو و گوتی: کوڕم تۆ زەحمەتی خۆت کێشاوە، وا چاکترە هەر بەو گوڵدانەوە بچییە لای ئیمپڕاتۆر.
پینگ، گوڵدانی بەتاڵی هەڵگرت و بەرەو کۆشک وەڕێ کەوت.
کۆشکی ئیمپڕاتۆر پڕ بوو لەو منداڵانەی کە گوڵدانە پڕ لە گوڵەکانیان دەگەڵ خۆیان هێنابوو. ئیمپڕاتۆر بە ئارامی پیاسەی دەکرد و بە سەرنجەوە تاک بە تاکی گوڵدانەکانی چاو لێ دەکرد.
حەوشەی کۆشک پڕ ببوو لە گوڵی جوان و بۆنخۆش، بەڵام ئیمپڕاتۆر ڕووگرژ بوو و یەک وشەی نەدەدرکاند.
لە ئاکامدا نۆرەی پینگ هات. پینگ بە شەرمەوە سەری داخستبوو و چاوەڕوانی دەکرد ئیمپڕاتۆر بەهۆی گوڵدانی بەتاڵەوە سزای بدا.ئیمپڕاتۆر پرسی بۆچی بە گوڵدانی بەتاڵەوە هاتوویەوە؟ پینگ بە گریانەوە گوتی: ئەو بنەتۆوانەی ئێوە پێتان دابووم چاندم و هەموو ڕۆژێ ئاوم دەدا، بەڵام چەقەرەی نەکرد و لە گوڵدانی گەورەتر و خاکی چاکتریشدا چاندم بەڵام دیسانیش چەقەرەی نەکرد، یەک ساڵ چاوەڕێم کرد بەڵام لە بنەوە گەشەی نەکرد لەبەر ئەوە ئەوڕۆ بە گوڵدانی بەتاڵەوە هاتووم.
ئیمپڕاتۆر کاتێک ئەو قسانەی گوێ لێ بوو بزەیەکی هاتێ و دەستی لەسەر شانی پینگ دانا و ڕووی لە جەماوەرەکە کرد و بە دەنگی بەرز گوتی: ئەمن جێگرەوەی خۆم دیاری کرد نازانم ئێوە ئەو بنەتۆوانەتان لە کوێ هێناوە. لەبەر ئەوەی ئەو بنەتۆوانەی ئەمن دابووم بە ئێوە کوڵا بوون و مەحاڵ بوو کە شین ببنەوە و گەشە بکەن، ئەمن بەهۆی ئازایەتی و نەترسی دەستخۆشی لە پینگ دەکەم. ئەو بە ئازایەتی و ڕاستوێژی گوڵدانی بەتاڵی هێناوە و خەڵاتی پینگ کە کوڕێکی ڕاستوێژە ئەوەیە کە جێگرەوەی منە و ئیمپڕاتۆری ئەم وڵاتە دەبێ.



# ڕاوچی

نووسەر: یاشار کەماڵ

چێوەرکار: کەماڵ کۆکەیی- مەهاباد

دەشتاییەکی پان و کاکی بە کاکی کەوتۆتە نێوان چیاکانی «حەمیتە» و «ئەناوەرزا». ڕووباری «سارۆن» دروست لە بناری ئەناوەرزا تێکەڵ بە ڕووباری «جەیهان» دەبێتەوە. ئەو شوێنەی کە سارۆن دەگاتە جەیهانەوە تا گوندی «وایوایلی»، تەواوەتی قامیشەڵێنە و بە «ئاخچەساز» نێوبانگی هەیە.

نێوان چیاکانی حەمیتە و ئەناوەرزا و گوندی وایوایلی لەمەودای ڕۆژدا مژێکی تەنک دەبیندرێ. کاتێک مژەکە بە تەواوی ئاخچەسازی دادەگرێ ئیتر وەکوو مژ ناچێ، دەبێتە دووکەڵێکی داوەستاویی چڕ کە لە حەوادا دەمێنێتەوە.

جەیهان کە تێکەڵ بە «کسیک گلین» دەبێ، ناوبەند و گۆلاوێک پێک دێنێ کە لە نیمچە دوورگەیەک دەچێ بە هەردێکی ڕاست و تەختانەوە، بێ کەندولەند. چەشنی مەرمەڕیی زاخاودراو. خۆڵی ئەم دوورگەیە گەلێک ڕەشە. زستانان مراوییە کۆچەرەکان تەواوی ئەو گۆلاوەی دادەگرن و لە دەوروبەری هەڵدەفڕن. بارستای تۆزوخۆڵێکی کە لەو ڕێگاوبانە هەڵدەستێ دەگاتە ئەژنۆیان. خۆڵەکەی وەک کوورەی ئاسنگەران گەرم و سووتێنەرە.

لێوارەکانی ئاخچەساز بە قامیشەڵانی شین و بریقەداری شلک داپۆشراوە و «جەگەن»ی پێدەگوترێ. جەگەنی شین و قەتمەر. جەگەن کە گوڵی دەکات، ڕەنگێکی قاوەیی هەیە و وەک هێشوو بۆ لای ئاوەکە دەچەمێتەوە. جۆلاتەنە لەو جەگەن بۆ سەر جەگەنی تر داوی چەسپێن و قایمی خۆیان دەتەنن. ئەستوورایی ئەو داوانە بە قەد دەزوویەکن. «با» کە هەڵیدەکاتێ، داوەکان ناپسێن و بەس وەکوو خێوەت مۆنجیان تێداوێ و ڕایاندەژێنێ. زەردەواڵە شانەی زێوینیان بەو قامیشە شینانەوە هەڵواسیوە و لەسەر شانەکان باڵەفڕیانە. قەڵافەتی زەردەواڵەکان بە ئەندازەی مێرووەکن. لێواری ئاخچەساز بۆ سازکردنی خانووبەرە نابێ، بێتوو چێ بکرێ کەس ناتوانێ بە بەردەوامیی لێی بمێنێتەوە. بەدرێژایی شەو، مێشوولەی جۆراوجۆر لە ژەهراویی ڕا بگرە تا بێزار، وەک زەرگەتە پۆل پۆل بە وڵاتی وەر دەبەن. پیاو دوای چەند ڕۆژ بەهۆی پێوەدانی ئەو مێشوولانە، تووشی مالاریا دەبێ و دەمرێ. وێڕای ئەوەش لە جیرانەتی ئاخچەساز گوندێک بە نفووس و حەشیمەتی پەنجاکەس خەریکی ژیانی ئاسایی خۆیانن.

دەستە قەبە و ڕەشوبرشەکانی لە وەرزی سەرما و گەرمادا هەمیشە ڕووت بوون. گەمییەکەی بە دوو بێڵی دارینەوە بە هاوین و زستان، سواری دەبوو و پێی دەڕۆییشتە ئاخچەساز و لەو گۆلاوەی کە لە ئاوی ڕووباری جەیهانەوە پێکهاتبوو، ڕاوی دەکرد. وادەبوو بە دووحەوتەش لە ڕاوێ نەدەگەڕایەوە. زۆرترین مانەوەی سێ حەوتووی خایاندبوو.

دوای یەک، دوو حەوتە گیرسانەوەی لە ئاخچەساز دەستی لە ڕاو هەڵدەگرت و ماندوو و شەکەت، بە گیان و لەتەری قوڕاوییەوە بەرەوماڵ دەبووە. ژنەکەی لەشییانەی دەرگایە دەوێستا و هەتا جلوشمەکانی لەبەر دانەکەندبایە، نەیدەهێشت پێ دەژووری بنێ. لە بەر کەنفتییان هەروا بە ڕووتوقووتی لە حاندی جێوبانەکەی کە لە سووچی هۆدە بوو، ڕەق ڕادەوەستا تا خێزانی جێگاکەی بۆ ڕاخات. پاشان وەک مردوویەک خۆی داویشتە سەردۆشەگ و هەر ئەوەندەش سەری دانابایە سەر سەنیرەکەوە، خەوی لێدەکەوت. واش دەبوو بە بێ جووڵە، یەک شەو و دوو ڕۆژی ڕەبەق لەوحاڵەدا دەمایەوە. ئێوارەی ڕۆژی دووهەم کە بەخەبەر دەهات، چەلێ تا ماوەیەک چاوەکانی هەڵدەگلۆفین و پاشان لە جێیە دەهاتە دەر. خواردەمەنییەکی دەخوارد و دواتر خەریکی خاوێنکردنەوەی تفەنگەکەی دەبوو.

هەنووکە ئەو لە ڕاوێ گەڕاوەتەوە و لە غورابی خەودایە. پێنج سەعاتی ماوە بەخەبەر بێ. ژنەکەی خۆی دەگەێنێتە سەر جێوبانەکەی و هەردوو دەستی مێردەکەی دەگرێ و مەجبووری دەکا دانیشێ:«مۆسلوو، مۆسلوو، هەستە منداڵەکەمان وەختە بمرێ مۆسلوو!»

ژنە کە دیتی بێفادەیە، دەستی بەردا و مۆسلوو وەک مردوویەک کەوتە سەر نوێنوبانەکەی. هەر بۆخۆی ڕۆیی و لەبن سەری منداڵەکەی دانیشت. بەچاوە تەڕەکانی لە منالەکەی ڕامابوو کە لەسەر عەرزی وەکوو مێوژۆکە دەلەرزیی. فرمێسکی هاتەخوارێ و هێور هێور گریانی لێ بوو بە هاوار. داهاتەوە و منداڵی بە باوەشی خۆی دادا و لە ماڵێ وەدەرکەوت.

گەرمای دەرێ بێ ئامان بوو. هەواکەی وەک قوڕقوشم قورس بوو و پیاوی وەهەناسەبڕکێ دەخست. ماوەیەک بێ ئەوەی بزانێ بۆ کوێ دەڕوا، لەو کوڵەکوڵی گەرمایەدا بەملاو ئەولا دەڕۆیی. تاو تاویش لە شوێنێک بۆ شوێنی تر بێ مەبەست هەڵدەهات. یەک، دوو ژن کە هێشتا نەچووبوونە مەزرایە، تا دیتیان ئەو ژنە وەک شێتان بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، پیلیان گرت و گەیاندیانەوە ماڵێ. لە ژووری کەمێکیان لاواندەوە و پاشان ملی ڕێگای مەزرایان گرت و بەجێیان هێشت. ئەخە کاری جەماعەت لادێیی قەت تەواوی نایە و دایم خەریکی کوێرەوەرین.

ژنە کە منداڵەکەی لە نۆبەتێدا دەسووتا، توند بە باوەشی خۆیەوە دەگوشی. نەیدەزانی چ بکا. ببوویە پۆلوویەک ئاور و بڵێسەی دەهات. لە تاوی منداڵەکەی ئاوی زاری ویشک ببوو، داینا عەرزی و بە قەڵسیی خۆی گەیاندە لای مۆسلوو. هەرتک دەستی گرت و بە هەموو هێزی خۆی کێشایە لای خۆی و لە بن گوێیدا گوڕاندی:

ـ مۆسلوو! مۆسلوو! ئەوبەستەزمانە وەختە ڕۆحی دەرچێ، دەیەوێ بمرێ. هەستە پیاوەکە!

ماوەیەک یەکبین هەر گوڕاندی، وردە وردە دەنگی نووسا، هەر بەو حاڵەیەوە بە دەنگ هەڵبراویی بەردەوام بووە. چاوێکیشی بەسەر منداڵەکەیەوە بوو کە لەسەر دۆشەگەڵە

خەوی لێ کەوتبوو، چەشنی کەسێکی فێدار دموچاوی زەرد هەڵگەڕابوو و کەفی هەڵدەخڕاند.
ژنە دەیگوت:« گوێ بدەیە مۆسلوو! ئەوێ دەمی کە ناردتە سەرم دەتگوت، ئەمن بە شیری مریشکی بووبێ بە خێوت دەکەم. بە تەمای من مانگ و ساڵت پێکەوەگرێدان. بابم بەو مەسڵەتە ڕازی نەبوو، بەڵام ئەمن دایک و باب و برا و خوشکەکانم بۆ تۆ فڕێ دا و ڕەدووت کەوتم. پازدە ساڵان ڕەنگی دایک و بابی خۆم نەبینی. بە خۆم دەگوت، ئەتۆ بۆ من هەم دایکی و هەم باب.
مۆسلوو! تا چاومان لەسەریەک دانا ئەو پازدەساڵە ڕابرد. ئەتۆ لەو ماوەیدا هەر وەدوای ڕاوی خۆت کەوتی. کاروباری جووتێری، دروێنە و کێشەوەی کلۆش و گێرە هەر لەسەر شانی من بوو. ئاخرسەریش، بە ژنایەتی خۆمەوە داهاتەکەم دەبردە بازاڕ و دەمفرۆشت. بەڵام بەدرێژایی ئەو پازدەساڵە تۆ لەو ماڵەدا دەستت لە ڕەش و سپی نەدا. تەواوی ئەو کوێرەوەرییانە هەر بۆ من بوو. چاوێک لەو قژە سپییانەی من بکە مۆسلوو! ئەمن لەو تەمەنەدا دەبێ ئاوا پیر بم؟ هەرگیز بۆ جارێکیش بە مێشکمدا نەهات بەجێت بهێڵم! شەوەکانی زستانێ کە دەچوویە بۆسەی مراوییان، بەخۆم نەبوو لە تاوانت نەمدەتوانی بۆ ئانێکیش چاو لەسەریەک دانێم. لەبەر خۆمەوە دەمگوت، نەکا مۆسڵوو بکەوێتە ناو زەلکاو و لێی بێ‌هەواڵ بمێنم. خەوم لە چاوی خۆم حەرام کردبوو. بەو شەوگارە درێژانە هەر لە فکر تۆ دابووم و فرمێسکم هەڵدەوەراندن. ئادی مۆسلوو، ئەوێ دەمی کە «سولەیمان» مرد، ئەتۆ مردووەکەشیت نەدیت. وەختێک «دەروێش»م لە دەست ڕۆیی، قەبرێکت بۆ هەڵنەقەند. لەشی هێشتا بەتەواوی سارد نەببۆوە کە دەستت دایە تفەنگەکەت و ڕۆییشتییەوە بۆ ڕاوێ. دیسانەکە ددانم بەسەرجەرگی خۆم داگرت و لە دڵی خۆمدا گوتم، نەکا مۆسلوو دڵی بهێشێ. ئەمن ئەو قسانەم لە لای تۆ نەدرکاند، هەر کردمە زووخاو. هەستە مۆسلوو! هەستە بە من بڵێ چ قوڕێکی وەسەری خۆم بکەم. مۆسڵوو دەگەڵ تۆمە!»
مۆسلوو سەبرێکی لەسەر جێگاکەی بەربۆوە سەر پشت. ژنەش ڕۆییشتەوە لای منداڵەکەی و بە مات و داماویی لە بن سەری ڕاوەستا. هێندەی نەخایاند منداڵەکە کەف و کوڵێکی زۆرتری لە دموزاری هاتە دەر. باوێشکێکی هاتێ و لەشی شل بۆوە. مردنی «سولەیمان»یش هەر ئاوا بوو. ژنە خۆی بەسەر منداڵەکەیدا کێشا. منداڵ نووزەی لێ بڕابوو. دایکەش ئیدی فرمێسکی نەهاتە خوار. گوند چۆڵ و هۆڵ بوو و کەس نەبوو ئەو منداڵە مردوویەی لەسەر عەرز هەڵگرێ و بۆ ناشتنەکەی یارمەتی بدات.
لای ڕۆژاوابوون، مۆسلوو ڕێک لەکات و وەختی خۆیدا بەخەبەر هات. تا ماوەیەک چەلێ هەر چاوەکانی داماڵین.
ژنە گوتی:«مۆسلوو، منداڵەکەمان مرد. مۆسلوو!»
ژنە بە دڵەڕاوکێ ئەو قسانەی گوتن، کەچی مۆسلوو وەک بڵێی گوێی لە قسەکانی نەبووبێ، هەستا تفەنگەکەی دەست دایە، خاوێنی کردەوە و پاشان بێ ئەوەی ئاوڕێک بۆ دواوەی خۆی بداتەوە، ملی ڕێگای ئاخچەسازی گرت و ڕۆیی.
ژنە هیچی نەگوت. بە عادەتی مێردەکەی بەڵەد بوو، سوور دەیزانی لە دەرئەنجامدا هەر دەچێتەوە ڕاوێ. لە جیرانەکان «عەلی ئۆنباشی» لە مەزرایە گەڕابۆوە، خۆی دەماڵەکەی هاویشت و ڕووی لێنا:«کاکە گیان! کاک عەلی! منداڵەکەمان مرد. منی مل بەکوێن ئەلحان دەبێ چبکەم»؟
ئۆنباشی بەماندوویەتی خۆیەوە ڕۆیی و گوندییەکانی دیکەی خەبەر کرد. ژنەکان بە یارمەتی یەکدی مردوویان شۆرد و لە شەوێکی نوتەک و ئەنگوستەچاو لە قەبرێکی چکۆڵە و تاریکدا ناشتیان.
گوندییەکان لۆمەی ژنەیان کرد:« بەشقی خودای بەزەییت بەخودا بێ، بڕۆ ماڵی باوکت. ئەو مۆسلوویە بۆ تۆ خێر ناداتەوە. هەتا زوو بڕۆی، درەنگە».
ڕۆژ نەبوو ئە قسانەی بەگوێ هەڵنەهێنن، کەچی زۆری بەلاوە گرینگ نەبوو. لەم گوێیە وەریدەگرت و لەو گوێ دەیبردە دەرێ، بەڵام ئەوجار قسەکانیان وەک گوللە لەسەر دڵی کاری کرد. تا بەیانی چاوی لەسەر یەک دانەنا. دەگەڵ تاوئەنگوت، خرتوپرتەکانی لەنێو بوخچە نا و بۆلای ماڵی باوکی کە پازدە ساڵ بوو سەری لێ‌نەدابوون، وەڕێ کەوت.
گۆلاوی ڕووباریی جەیهان، زەلکاوی ئاخچەساز
مۆسلوو کە لەبەر هێش و ژانی زۆر، خۆی وێکهێنابۆوە هاتەوە ماڵێ. ماڵ چۆل و هۆل بوو. باوەڕی نەدەکرد ژنەکەی بەجێی هێشتبێ. وەک بڵێی گوللەیان لێدابێ لە بەردەرکێ بەربۆوە و هەڵنەستایەوە. ئازای گیانی بەقوڕ بوو. دراوسێیەکان هەڵیانگرتەوە و بردیانە ژوورێ و لەسەر جێوبانەکەی درێژیان کرد.
لێواری ئاخچەساز بە هیچ کلۆجێ بۆ خانووسازکردن نابێ. مرۆ لە ماوەی مانگێکدا بەهۆی نەخۆشیی مالاریا دەمرێ. ئەلحانیشی دەگەڵ بێ، کەس نەیتوانیوە لەو شوێنە خانوو دروست بکات. هەنووکە لە ڕۆژهەڵاتی لێوارەکانی ئاخچەساز چارداخێکی چووکەی لێیە. دەوراندەوری چارداخەکە پڕە لە تووکە مراوی، پەپووسلێمانکە، هەوێردە و باڵندەی دیکە کە پیاو نێویشیان نازانێ. تووکەکان بە دەوەن و پنچکانەوە نووساون.
نێوان کێوی حەمیتە و ئەناوەرزا، دەشتاییەکی پانوپۆڕ هەڵکەوتووە. لە هەردێکی وەها تەختان، پازدە تا بیست گوندی لێ ڕۆنراوە. هەر لەو نیزیکانە پیاوێک کە هەموو گیان و لەتەری قوڕاوییە، تفەنگی دەشان کردووە و تووکی سەر و ڕدێنی تێکەڵ بۆتەوە. لە مێژساڵە ڕاوی نێچیر دەکا و بە گوندییەکانی دەفرۆشێ. ناوی ئەو پیاوە، «مۆسلوو»یە.



بەشی١٨

# وێژەوانانی موکریان

**سەید نووح عینایەتی (نەبەز) - مەهاباد**

بەپێی بڕیاری گۆڤاری بەیان، هەموو ژمارەیەک، چەند کەس لە چالاکانی بەستێنی فەرهەنگی و ئەدەبی وڵاتەکەمان دەناسێندرێن.
لەم ژمارەیە:

## مریەم ئاباریان



خاتوو «مریەم ئاباریان» بە ناسناوی «سروە»یە لە خەرمانانی ساڵی ١٣٥٦ (١٩٧٧)لە شاری مەهاباد لە دایک بووە. ئەم بەڕێزە لە درێژەی خوێندن و چالاکییەکانیدا، لەسەر دوو ژانری ئەدەبیی شیعر و چیرۆک کاری کردووە. یەکەم بەرهەمی شیعری بە ناوی «پرێسکەی بڵاو» کە کۆکراوی ساڵانی ٨١ تا ٩٦ لەخۆ دەگرێت، لە لایەن نەشری «ژیر» چاپ و بڵاو کراوەتەوە و بەم هۆیەی کە ماوەی چەند ساڵە لە ناوەندی کەمئەندامانی زەینی و جەستەیی «کەوین» سەرقاڵی خزمەتە، وەک یەکەمین بەرهەمی خۆی بە شانازییەوە پێشکەشی کردووە بەو پەپوولە پاک و بێگەردانە. خۆی لە بارەی ئەم شوێنەدا ئاوا دەدوێت:

«ئەم شوێنە بۆ من تەنیا شوێنی کار نییە، بەڵکوو گەورەترین ئەزموون و بەشێکە لە ژیانم. ئێمە پێویستە ئەو شوێنانە ببینین و لە نزیکەوە لەگەڵیان ئاشنا بین، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئێستاشی لەگەڵ بێ فەرهەنگ و کولتوور نەیناسیون و نەیناساندوون، بەڵێ! ئێستاشی لەگەڵ بێ کۆمەڵگا بێهەواڵە لە پاکیی و بێخەوشی ئەو کەسانە.»

« ئێمە لە دونیای بەرفراوان و پانوپۆڕی ژیان و زەینمان هەمیشە بە شوێن کەسێکی دڵسۆزین، بە شوێن کەسێکین کە بە هەزاران ئاخ و حەسرەت، چاوەڕوانی خۆشەویستی و وەفاداری لێ دەکەین. من ئەو ئەزموونە، ئەو ئارامییە، ئەو دنیایەم کە هەرگیز و هیچ یەکیان زەرەر و زیانت پێناگەیێنن و بگرە تا ئەوپەڕی خۆی چاوەڕێتن و خۆشیان دەوێی، لەو ناوەندە دیتەوە.»

«زۆر جار من ڕۆڵی دایکێک بۆ پەنجا کەس دەگێڕم کە بە شێوەی جۆراوجۆر لەوێ شەو و ڕۆژ ئاگادارییان لێ دەکرێ، ئەوانەی زمانیان نییە بە نیگا دەدوێن، ئەوانەی ناتوانن بڕۆن و ورە دانانێن و لەسەر چۆک دەخشکێن، ئەوانەی مێشکیان دەرەقەتی ماندوویەتی ژیان نایە و دایمە لە پشوودان، بەڵام بە ڕووی ئاگریش پێدەکەنن، نە لەسەرما زیز دەبن، نە خەمی نان دەخۆن. چرکە چرکە لەگەڵیان فێری وانە جوانەکانی ژیان و خۆڕاگری بووم. کاتێک دیتم لە «کەوین» ئی وایە بە دە ساڵیش دایکێک یان باوکێک شک نابا لێی بپرسێ، جێژنە پیرۆزەیەکی لێ بکا، خۆم ڕاهێنا لەگەڵ ئەوانە هاودەنگ بم، جێژنانەم خۆشییەکانیان بێ و سەردانەکانم دیتنیان، ڕێگام پێ دان لەو کاتە هەستیارانەی دەبمە دایک، پەنجا دەنگی نارازی یا ٥٠ داواکاری نان و چێشت ببیسم، زۆر جار دەبمە دەفتەرێکی سپی و هەر کەس ویستی دێت و دەردی دڵ هەڵدەڕێژێ و من دەیبیسم. بە گیان، بە دڵ، بە هەست، بە بیر و ئاوەز، هەموو جۆرە ئەزموونێکیان پێ تاقی کردوومەوە: قاقا، پێکەنین، گریان، هەڵپەڕین و. ..».

خاتوو مریەم لەسەر ئەو بڕوایە سووره کە ئاسۆی ڕوانینی خزمەتە بە ئەدەبی کوردی و باوەڕی وایە کە نووسەران بە هەموو شێوە لە ئاست کۆمەڵگا و کولتوور، نەتەوە، زمان، ئەدەب، نووسین، خوێندنەوە و... بەرپرسیارن و ئەرکەوەخۆگر. هەروەها ئاواتەخوازە دونیای مۆدێرنیتە، نووسەران لە خەمخۆری و مێژووی ڕابردوویان دوور نەکاتەوە و بەردەوام خۆیان بە درێژەدەری ئەو ڕێباز و خزمەتە ببینن و بناسن.

......

هەڵتدەخەمە تەنافی کەزییەکانم و
دەتپێوم...بە قەوارەی ئازادیم
ناتخەمە کونجی جانتای بیرەوەری
«با»بۆ سیسبوونیان بەکرە شووڤارە
و
بۆ سڕینەوەیان جەوهەری خوێن!
وەنەبی نەزانم کارم بێ؟
ناااا
تاساوم لە فریو و مەکری شەقامەکانی شار
بە دەیان و سەتان پاتەبوون
بە سووخرە دەبەنە نیگام و
هەنییەم بەر تەوژمی تاتۆ دەبەن
من بەرۆژ نیم !
بەر لە ڕۆژم!
تێکەڵاوی هەر هەنیسک و ئاخ و داخێکم،
دیوارەکان بە گەپ بە ڕەپی دەبەن
تێبینی: ڕەپ لێرە شوێنی بە ڕابردوو لێژ کرد
بۆیە گەپی پێدەردرێ

ئەوەنی هەڵامەتیش بگری
کەس هەلیماو ناخوا
لە خانانت دادەبەزێ!
قاوەی ئەو جارەم تفت و تاڵ بوو
کەترێکی بچووکی زەرد،
نا ڕەش نا
بۆنی ئاورم پێ خۆش نییە
لەگەڵ کەچکێک دارچین و زەنجەفیل
بۆتە پرۆگرامێک
شاشەکان وەک دەسرەی سەرچۆپی
گرێوی بۆ دەبەستن
بۆ هەموو شت باشە
ئیلا
ڕووی مەجلیسانی نییە،
دەڵێن ئی وایە بێز دەکا
لەو دەقەدا تەناف لە کەزێدا ون بوو
لە ڕاستیدا
«کەزی مەخمەری کراوە»
هەرچی بەسەر ئەو دەقەدا بڕوا
وەک ئاڵای ڕوومێ زەق زەق
چاو دەترووکێنێ
جانتایەکی دەستەمۆ دەکڕم
کوێ بارکەوتوو بێ
باری بخات
و لە کوێ کڕیار بێ
شتێکی پێ بمێنێ
دەنا ماڵداری بە ڕابردوو ناکرێ!
نا...ناک.

**قومری ئەحمەدنژاد**



خاتوو قومری ئەحمەدنژاد ناسراو بە «گەشبین» ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی(١٩٧٧) لە ئاوایی «دەرماناوێ»ی شاری سەردەشت لەدایک بووە. نەورۆزی ساڵی ١٣٦٣ بەهۆی کارەساتێکی دڵتەزێن بەداخەوە بینایی خۆی لە دەست دەدا بەڵام دەس لە ژیان و هەوڵ و تێکۆشان هەڵناگرێ و بەرەنگاری نەهامەتییەکان دەبێتەوە و بەچۆکیاندا دێنێ. ساڵی ١٣٧٣ لە بێهزیستی(خانەی بێسەرپەرشتان) بە شێوەی خەتی بریل (تایبەتی نابینایان) دەست بە خوێندن دەکات و ئەوەندەی ئاگادار بین خەریکی تێپەڕکردنی قۆناغەکانی ناوەندی خوێندنە. ساڵی ١٣٧٨ یەکەم شیعری خۆی لە ئەنجوومەنی ئەدەبیی سەردەشت دەخوێنێتەوە و وەک ئافرەتێکی لێهاتوو نیشان دەدا کە لە بەرانبەر ورەی بەرز و پۆڵایینی ئەودا هیچ بەربەستێک خۆ ڕاناگرێ.

چەتری عەداڵەت
ئەی ئەو کەسەی ساڵەهای ساڵە لە نیسێی ژیانتەوە
چاو لە تیشکی هەتاو ئەبڕی
وەک ئاسکی بیابان
بۆ کوێستانی حەزت ڕێ ئەبڕی
تۆ دارمێوێکی
لە سێبەری مێهرەبانیتدا هەزاران ماندوو شیو ئەدەن
ئاوێکی مەند و سازگاری
بە ئەوینی خۆت تینوویەتی هەزاران ئەشکێنی
تۆ پەپوولە سپیپۆشەکەی مێرگی بەهەشتی
چ ڕازێک لە ناو دڵتدا ژەنگی هێناوە
ئەتهەوێ بۆ کام مەلائیکەی دەربڕی
ئەی ژاکاو کەس نییە بۆ سکاڵای پڕ لە ئێشت گوێ ڕاگرێ
تۆش لە داخی بێدەنگیی ئەوان
نەفرەت ئەکەی لەم ژیانەت
دەستی تەناف و ئاگر ئەگری
چاوەکانت وەک گوڵی لاولاوی سوور
لەگەڵ ئاوابوونی خۆر
بەرەو خەوی مەرگ ئەڕۆن
لەکاتی ماڵئاوایی تا ئەڵێی
ئەی ئازادی!
جیاوازی چ دڕکێکە لە بەینی ئێمەدا
با لەگەڵ هاتنی بەهار بەڵێن بدەین
بۆ گوڵە سپییەکەی شیلان
چەتری عەداڵەت هەڵبدەین

**ماریا حەسەنپوورئەقدەم**



خاتوو «ماریا حەسەنپوور ئەقدەم» لە ساڵی١٣٨١ (٢٠٠٢) لە شارۆچکەی «ڕەبەت» لەدایک بووە. چەندین ساڵە حەز و خولیای نووسینی هەیە و ئاواتیشی ئەوەیە بتوانێت بە نووسین خزمەتێک بە کوردستان بکات. بەداخەوە زانیارییەکی زۆر کەممان سەبارەت بە ژیان و تێکۆشانی ئەدەبی و چۆنیەتی

تێکەڵاوبوونـی بـە دونیـای پـڕ لـە جوانیـی شـیعر و ئـەدەب هەیـە و هیواداریـن بـە دیـتن و خوێندنـەوەی ئـەو کورتـە نـووسراوە، بـە تێروتەسـەلی باسـی خـۆی و ئـاوات و خولیاکانـی بـکات و هـەر بـە ناونیشـانی ئـەم گۆڤـارە بۆمانـی بنێرێـت تـا خوێنـەران و خەڵکـی کوردسـتان زیاتـر بیناسـن و لـە بەسـەرهاتی تـاڵ و شـیرنی ئـەو خاتوونـە ئازیـزە ئـاگادار بـن.

جارێ وەرە لام!
بەڵێن بێت؛
شاخەکان ورد نابن
چاڵاوەکان وشک نابن
ئەستێرەکان ون نابن.
جارێ بمدوێنە!
بەڵێن بێت؛
کەس شۆڕش ناکا
کەس ڕق داناگرێ
کەس دوعامان لێ ناکا
دوعامان بۆ دەکا.
جارێ وەرە لام!
کێ دەزانێ، لە خۆشیی دڵی من
زستان چۆڵی ناکا و نایدا بە بەهار
جارێ سەیرم بکە!
با گشت گوڵە نوستووەکانی دونیا
هەستن، دیمەن وەڕازێنن بۆمان
با باران بڕێژێ لە دوامان
هیوای کامەرانیمان بۆ بخوازێ لە خوا
بەڵێن بێت؛
ئاوەکان ئاگر ناگرن
لێوەکان نادوورێن
باڵەکان ناشکێن.
بەڵێن بێت؛
ئازیزم!
دونیا خەرا نابێ
کە تۆش جارێ
دەری بری
هەستی دەروونت!



**بە خۆشییەوە بە ئاگاداری گشت ئەدەبدۆستان و خۆشەویستان ڕادەگەیەنین کە کتێبی «کۆچ» کۆمەڵەیێک شێعر بۆ سەر کێل و بەردی مەزاری خۆشەویستان چاپ و بڵاو بۆوە. شێعرەکانی ئەم کتێبە کە پێک هاتوو لە پتر لە ٤٠٠ دوو بەیتییە، بۆ دایک و باوکان، جگەرگۆشەکانی لە دەستچوو، شەهیدانی وەتەن و... نووسراون کە هەر کەسێکی ئازیزێکی لە دەست داوە دەتوانێ بۆ مەبەستی خۆی شێعری لێ هەڵبژێرێ و لەسەر کێلی کۆچکردووانی بنووسێ. هەڵبەت دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین کە تەرحی ڕووبەرگی ئەم کتێبە حاسڵی دەست و قەڵەمی هونەرمەندی نیگارکێش مامۆستا «ئیرەج قادری ئازەر (ژیلەمۆ)»یە و دیزاین و ڕازاندنەوەکەشی بەرهەمی زەحمەتەکانی هونەروەری زێدە ئازیز و خۆشەویست خودالێخۆشبوو کاک «ئاوات حەکیمزادە»یە کە زۆر زۆر حەزی لێبوو چاپی ئەو کتێبە ببینێ و بەشداری خۆشیی ئێمە بێ کە بە داخێکی زۆر گرانەوە مەرگ مۆڵەتی نەدا و لە ناکاو دڵی تەزاندین و لەنێومان ڕۆیی بەڵام بێ گومان هەرگیزاوهەرگیز خۆشەویستی و ڕوحسووکی و وەفاداری ئەو مەزنەهونەرمەندە لە دڵمان ناچێتە دەر.**

**لە کۆتاییدا هیواداریـن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پێشوازیمان لێ بکەن و ئەم بەرهەمە بتوانێ جێی ڕەزامەندی بێ و چاوەڕوانییەکانی ئەو خەڵکە خۆشەویستە بەجێ بهێنێ.**

**سەید نووح عینایەتی (نەبەز)**

هەواڵنامەی کتێب

# کاک ئاوات حەکیمزادە



بە دڵێکی پڕ لە پەژارەوە بە پێویستمان زانی لەم ژمارەدا بە کورتەیەک لە ژیان و بەسەرهاتی پڕ لە جوانی و چالاکیی میوانێکی تایبەتی گۆڤار و هەروەها میوانی هەمیشەیی ناخی هونەرمەندانی ئەم دەڤەرەتان پێ بناسێنین. بەڵێ ئەم خۆشەویستە خودالێخۆشبوو کاک ئاوات حەکیمزادەیە کە هەرچەند و هەرچۆنی باس لێبکەین هێشتا ناتوانین لە جوامێری و ڕەزاسووکی و دڵاوایی ئەم خەزێنە بەنرخە بە شیاوی بدوێین.

ئاواتی حەکیم زادە لە ڕێکەوتی ٣٠ خەرمانانی ١٣٥٥ هەتاوی لە شاری مەهاباد، لە بنەماڵەیەکی فەرهەنگدۆست و کوردپەروەر لە دایک بووە (لە باوکەوە دەگەڕێتەوە بۆ مەلای پیرەباب و لە دایکیشەوە نەوەی میرزا حوسێنی فەقێزادەیە). خویندنی سەرەتایی هەر لە مەهاباد تەواو کرد و بەهۆی نەمانی باوکی ئەرکی قورسی بنەماڵەی کەوتە سەر شانە لاوازەکانی و نەیتوانی درێژە بەخوێندنی ئاکادیمی بدا. بەڵام بەهۆی خۆشەویستییەکی کە بۆ نیشتمانەکەی هەبوو، لە ساڵی ١٣٧٩ یەکەم کاری فەرهەنگی خۆی وەک دیزاینێر و گرافیست لە دوحەوتەنامەی «ڕۆژی روون» هاوشانی براکەی دەست پێکرد و لە ساڵی ٨۴ لە حەوتەنامەی «پەیامی کوردستان» ژیانی هونەری خۆی وەک کەسایەتێکی بەناوبانگ لەنێو نووسەران و ئەدیبانی کوردی ڕۆژهەڵات و کتێبخانەی کوردی ناساند و لە هەمان کاتیشدا وەک کارمەندی پێوەندییە گشتییەکانی زانکۆی ئازادی مهاباد هەوڵی خۆی بۆ گۆڤارە ناوخۆکانی زانکۆ و هەروەها هاوکاری کردنی پرۆژە فەرهەنگییەکانی نووسەران ڕەخساند. دواتر لە ساڵەکانی ٩٦ بۆ ٩٨ بەرەو باشوور ڕۆیی و لە شارەکانی هەولێر و کۆیە و سلێمانیش جێ شوێنی پەنجە ڕەنگینەکانی بە ڕازاندنەوەی کۆمەڵێکی زۆر لە پەڕتووکە کوردییەکان وەک یادگار بەجێ هێشت، بۆ نموونە کتیبەکانی «تەفسیری مەلای کۆیە» و «ئەو ڕۆژانەی نیشتمان ئی هەموان بوو» و زۆر ئاسەواری دیکەش.

پاشان بەرەو مەهاباد گەڕاوە و بۆ خزمەت بە گەلەکەی و نووسەران و زانایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قۆڵی هەوڵ و هیممەتی لێهەڵماڵی.

ئاوات بێجگە لە دیزاین و ڕازاندنەوەی کتێبی زانایانی زۆربەی شارەکانی کوردستان و تەنانەت کوردەکانی تاراوگەش کە لە ئەژمار نایەن، هاوکاریی نزیک و بەردەوامی وەکوو پیتچنی زمانی کوردی و بەتایبەت دیزاینێرێکی زۆر لێهاتوو و کارامە لەگەڵ گۆڤارەکانی «مەهاباد»، «بەیان» و «زانکۆ» و «گروگالی نوێ»ی لە کارنامەی ڕەنگینی خۆیدا تۆمار کردووە و دەورێکی بەرچاوی هەبووە. کاک ئاوات وەک هونەرمەندێک بۆ خزمەت بە نەتەوەکەی ڕاوەستانی نەبوو و جگە لە کاری پیتچنی و دیزاین و ڕازاندنەوە وەکوو مرۆڤێکی ڕوحسووک و ڕەزاشیرن و کارامە، جێی خۆی لە دڵی هەموو هونەرمەندانەدا کردبۆوە.

هەر کەس تەنیا جارێک کاک ئاواتی دیتبا، لە دڵی دەنیشت و بەوپەڕی خۆشەویستییەوە شانازی بە ناسینی دەکرد، چونکە نە لاف و گەزافی لێدەدا و نە بۆ ساتێک لەخۆبایی دەبوو و نە ماڵی دونیاش توانیبووی تۆزی خەفەت بخاتە سەر ئاوێنەی دڵی، بەڵکوو تەنیا مەبەستی ئەوە بوو کارێکی پوخت و جوان و شیاوی کتێبخانەی کوردی بداتە دەر و هەروەها ڕەزامەندی نووسەرانیش پێک بێنێ. زۆر سەختە لەو ڕۆژگارە تاڵەدا بتوانی وەک کاک ئاوات ئەوەندەی پەنجەت هونەری لێ بچۆڕێ چەند ئەوەندەی تریش ڕوحسووک و خۆشەویست و لەبەردڵان بی. داخ و سەت داخ ئەجەل مۆڵەتی نەدا و لەو دواییانەدا پەتای کرۆنا ئەو گوڵە تاک و جوان و بۆنخۆشەی لە گوڵزاری وێژە و ئەدەب هەڵپساند و ماتەمێکی سارێژ نەکراوی لەسەر دڵی زانایانی وڵاتەکەی دانا و دڵی هەموومانی زامدار کرد. نەمانی کاک ئاوات تەنیا نەمانی هونەروەرێک نەبوو، بەڵکوو سەت حەیف و مخابن کە مرۆڤێکی ڕاستەقینە و هەڵکەوتەمان لە دەست دا کە بۆ هەمیشە جێگەی لە کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبیدا بەتاڵ دەمێنێ و هەرگیز لە یاد ناکرێ.

لە یەزدانی مەزن ئاواتەخوازین ڕوحی پیرۆزی ئەو خۆشەویستە بە بەهەشتی بەرین شاد بکا .دڵنیام بۆ شادکردنی ڕەوانی کاک ئاوات هەرچی بکەین هەر قەرزدارین و هەر قەرزدار.



حەسەن سینا - مەهاباد

یانەی شاخەوانی بەرزینی مەهاباد

# خڕی هەنجیران

**بڕیارمان داوە لووتکەکان ببەزێنین و چاوێکمان لە نیشتمانمان بێ و پارێزەری بەئەمەگی ژینگەمان بین.**

Mahabad BARZIN Mountain Climbing Group



**ناوی ڕاپۆرت:** خڕێ هەنجیران

**بارودۆخی بەرنامە:** سووک

**بەرزایی:** بەرزایی لە ڕووکاری دەریا ١٣٣٠ مەتر

**ڕێکەوتی بەرنامە:** ڕۆژی سێشەممە ١٧ی خاکە لێوەی ٢٧٢١ ی کوردی

**کاتی ڕێ کەوتن:** کاتژمێر ١٤ی دوا نیوەڕۆ

**ژمارەی بەشداران:** ٢٣ کەس

**بەرپرسی بەرنامە:** مەحموود پێدرام

**کورتەباسێک لەسەر خڕێ هەنجیران:**

نەخش و نیگارەکانی هەڵکەنراوی خڕێ هەنجیران لە ٢٦ کیلۆمەتری باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری مەهاباد، لە قەراغ ڕێگای مەهاباد بۆ سەردەشت هەڵکەوتووە.

لەو شوێنە چەندین گردی لێیە کە خڕێ هەنجیران بە بەرزایی ١٣٣٠ مەتر لە ڕووکاری دەریا، یەکێک لەو گردانەیە. ئەو شوێنەوارە مێژووییە لەسەر گردێکە کە هەر بەو ناوە کراوە و دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی سێهەمی زەویناسی.

سەرجەم نەخش و نیگارەکانی خڕێ هەنجیران ٣٠ نەخش و نیگارە کە لەسەر دوو بەردی گەورە هەڵکەنراون و ٢٤ دانەیان تەنیا لەسەر یەک بەردە.

نیگارەکان هەموویان لە وێنەی ئاژەڵ و مرۆڤن کە مرۆڤەکان گشتیان لە یەک دەچن. لەشیان وەکوو خاچە کە دەست و لاقی تەواو ئاوەڵایان هەیە. چەند دانەیەک دەستیان بەرداوەتەوە و بەشێکیش دەستیان لە ڕادەبەدەر گەورەیە و وێدەچێ کەرەستەیەک وەکوو خەنجەر یان شمشێریان لە دەستدا بێ کە دەڵێی لە حاڵی هەڵاتن یاخود وەدواکەوتن بە دوای شتێکی تایبەتن. ( چەشنی ئەو وێنانە لە دەڤەری هومیان و ناوچەی سەراوان لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان بینراوە )

لە وێنەی مرۆڤەکان، یەکیان لە ناوەڕاستی کۆڕەکەدایە کە دەگەڵ هەموویان جیاوازە ( هەموویان ڕاوەستاون بەڵام ئەو داهاتۆتەوە و لاقی قوڵەتر لە مرۆڤەکانی دیکەیە )

جگە لەو نیگارانە، نەخش و نیگاری هێندێک ئاژەڵ بە کلکی بڵیند و کەوتوو کە وەکوو ڕێوی دەچن لە لای سەرەوە هەڵکەنراون

که بۆ سازکردنی یەکیان سەرنجی کەمتر دراوە.

لە خوارەوە چەند بزنەکێوی دەبینین کە بە تایبەت بۆ وێنەی یەکێک لەوان، سەرنجی زیاتریان ڕاکێشاوە ( دەست و پێ و شاخ و لەشی دیارە بەڵام ئەوانی تر ئەوتۆ نین )

نیگارێکی جیاوازتر، ئاژەڵێکی چوار دەست و پێ، بە کلکی شۆڕ، لەشێکی گەورە، بێ شاخە و سەری نادیارە کە وێدەچێ ئاژەڵێکی گۆشتخۆر بووبێ ( جێگای سەرنجە کە وادیارە وێنەی مرۆڤ لەسەر لەشی ئەو ئاژەڵە هەڵکەنرابێ )

لە نیگارێکی بەرچاو، سوارێکە کە لەو دەڤەرانە تەنیا لە خڕێ هەنجیران دۆزراوەتەوە.

جیاوازییەکی کە لەو شوێنەوارەدا دیارە، ئەوەیە کە بە پێچەوانەی تەواوی ئاسەوارەکانی ئێران، لێرەدا ئەوە ئاژەڵی گۆشتخۆرە کە لە ئاژەڵی گیاخۆر دەستی باڵاتری هەیە و زیاتر خۆی دەنوێنێ.

دەتوانین بڵێین سەرجەمی ئەو نیگارانە گێڕانەوەی داستانێکە لە نێچیر و نێچیروانی.

هێندێک لە پسپۆڕان دەڵێن دەبێ شێوازێک لە نووسین بێ کە ئەو بۆچوونە زۆر جێگای متمانە نییە.

ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە بۆ شیکردنەوەی دەبێ زانیارییەکی پتەو لەسەر شوێنی هەڵکەوتووی ئاسەوار، بارودۆخی جۆگرافیایی، ناسینی نیگارەکان و پێوەندییان لەگەڵ یەکتر، ئاشنا بوون بە فەرهەنگ و کولتووری خۆماڵیی ناوچەکە و بەرچاوگرتنی بەڵگەکانی سەلمێنراوی دیکە هەبێت.

لەسەر هەردبوون و سەرپۆشنەبوونی ئاسەواری خڕێ هەنجیران و کەش و هەوای ناوچە، بۆتە هۆی مەترسی بۆ لەناوچوونیان تا ڕادەیەک کە هێندێکیان بە دژواری دەناسرێنەوە.

بەختەوەرانە جگە لە شوێنی چەند گوللەیەک، کەس بە مەبەستی لەناوبردنیان کارێکی نەکردووە ( بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە بەرپرسان بۆ پاراستنی ئەو شوێنە هەوڵ و تێکۆشانیان نەبێ )

بۆ گەییشتن بە ئامانجی زیاتر لەسەر ڕوونکردنەوەی ئاسەواری هەڵکەنراو لەسەر ڕەوەزی بەردین کە وێنەی ئەسپیان لەسەرە، پێویستە لە پەڕتووکی Lahfian ٢٠٠٤ ، لە پێوەندی لەگەڵ نیگارەکانی کوردستان و هەروەها لەگەڵ نیگارەکانی هومیان لە سیستان و بەلووچستان لە پەڕتووکی McBurney١٩٦٩ کەڵک وەرگیرێ.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا سپاس و پێزانینم هەیە بۆ بەڕێزان: کاک مەحموود پێدرام ( مامۆستا زۆزان )، دوکتۆر ڕەحمەت نادری، کاک سیروان محەممەدی قەسریان کە زانیارە مێژووییەکە بە یارمەتی ئەوان وەدەست خراوە.

**کەش و هەوای خڕێ هەنجیران:**

بەهۆی کوێستانیبوونی ئەم دەڤەرە و بارینی ساڵانە نزیک ٧٠٠ میلیمەتر باران لە هەر چوار وەرزی ساڵ، فێنکە. خاکی ئەو شوێنە بەشێکە لە خاکەکانی لیتۆسۆلی تانشین کە زۆر بەبڕشتە.

**گیا و گوڵی خڕێ هەنجیران:**

گیای کوێستانی وەکوو جاترە، کوڕادە، چاڵووک، ئەسپینگ، ڕێواس ( بە دەگمەن )، کەنگر، هەروەها گوڵی ورد و جۆراوجۆری کوێستانەکانی کوردەواری ڕازێنەری ئەو شوێنەیە.

**زیندەوەرانی خڕێ هەنجیران:**

زیندەوەری وەکوو گورگ، ڕێوی و باڵندەی وەک چۆلەکە، کەو، کۆترەباریکە، کاشەڵە شینکە، دارکوت و هێندێکی تر لە درێژایی زەمان بە بارودۆخی ئەو شوێنە خۆیان ڕاهێناوە و بۆتە ژینگەیان.

**ڕاپۆرتی بەرنامە:**

بەپێی بڕیارێک کە درابوو، کاتژمێر سێی دوا نیوەڕۆ لە مەیدانی فەرمانداری کۆ بووینەوە و بە مینی بووس وەڕێ کەوتین و لە دوای چل خولەک گەییشتینە داوێنی ئەو گردەی کە نیگارەکانی کۆنی خڕێ هەنجیران لەسەر ڕێگای مەهاباد بۆ سەردەشت خۆی دەنواند و بە جوانی دیار بوون.

هەر کە لە ماشێن دابەزین، هاوڕێیان وردە وردە بەرەو هەوراز هەڵکشان کە بیست خولەکی خایاند تا گەییشتینە لای ئەو ئاسەوارە مێژوویی و بە نرخەی وڵاتمان و بە سەرسووڕمانەوە دەستمان پێدا دەهێنان و هەستێکی مێژوویی خۆشی بە ئێمە دەبەخشی.

لە دوای پشوودانێک، کاک مەحمووود پێدرام دەستی کرد بە باسکردن و شرۆڤەکاری لەسەر ئەو بەردە هەڵکەنراوانەی کە هەزاران ساڵ بوو بە بێ‌هیچ سەرپەنایەک لە بەرانبەر گەرما و سەرما و بەفر و با و باران خۆیان ڕاگرتبوو.

هەرچی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێ کراوە لە لایەن کاک مەحموود بە تامەزرۆیی باسی کرا کە بوو بەهۆی سەرنجدانی هەموو بەشداران کە وشە بە وشەی مامۆستایان بە دڵ و گیان دەقۆستەوە تا ئەوانیش لە بنەماڵەکانیان لێی بدوێن.

زیاتر لەکاتژمێرێک لە دەوری هەر دوو بەرد دانیشتین و گوێمان دا بە زانیارییە بە نرخەکانی مامۆستامان و لە ئەنجامدا بە تێکڕایی وێنەی یادگارییمان گرت.

لە کۆتایی بەرنامە هەمووومان بەرەو خوارەوەی گردەکە شۆڕ بووینەوە و لە ژێر دارە قەڵەمەکانی ئەوبەری ڕێگاکە لە دەوری کانیاوێک و لەسەر ڕێی جۆگەلەئاوێک کە سەریان بە ئاسمانەوە کێشابوو، لەسەر زەوی و سەوزایی ڕەنگینی خاکەلێوە بە سازکردنی چاییەکی کەترییەڕەشە لەسەر ئاور ( وێڕای ڕەچاوگرتنی ژینگە و ژینگەپارێزی ) و خواردنەوەی لەگەڵ هاوڕێیان، بە ئارامی بەرەو شاری ساباڵاغ گەڕاینەوە.

**خاڵی بەهێزی بەرنامە:**

بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی مێژوویی هاوڕێیان.

**بەشدارانی بەرنامە:**

مەحموود پێدرام، حەسەن سینا، هادی ئاب خزر، سیروان نیزامی، ڕامین قادری، فریشتە ئازەرپوور، سامان خەیات، خەدیجە ئۆمیا، مەهتاب حوسێنی، ئاریا فەرووخی کورد، شلێر ئەغوای، مەنسوور داوودی، سامان سیامەندی، جەمیلە سیگاری، محەممەد نیکپوور، قەرەنی مەعرووفی، تاهیر کاکە ڕەشی ( ئومێد )، پەریسا نەقشبەندی ( تارا )، کەژاڵ پاکمێهر، کەیوان ئیسووفی، حەلیمە بێهیار، سیامەند مەحموودی ئازەر، هێلیا مەحموودی ئازەر.



زانیار سۆفی ئەمینی - مەهاباد

# دیدارێک لەگەڵ خاتوو دونیا شەهیدی

پ: هونەرمەندی ڕێزدار خاتوو شەهیدی تکایە خۆتان بناسێنن

و: ساڵی ١٣٦٣ لە شاری سنە لەدایک بووم، باوکم کرماشانییە و دایکم سنەیی. خوێندنی سەرەتایی ناوەندی و دواناوەندیم لە سنە تێپەڕ کردووە. دیپلۆمی (کاردانی) زمانی ئینگلیزیم لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی کرماشان وەرگرتووە. بۆ درێژەدان بە خوێندن چوومە سنە کە ئەم دووساڵە باشترین ساڵەکانی خوێندنم بوو. تەنیا کوردێک دەزانێ کە خوێندن لە شوێنێک کە دەتوانی تێیدا بە کوردی بدوێی چەندە شیرینە. دەستپێکی چالاکی هونەریم لە سایەی هاوپۆلییەکی خۆشەویستم بە ناوی خاتوو «ئاسۆ زارعی» بوو کە بەڕێزیان ژەنیاری تەنبوور بوو. زۆری من هان دا تا فێری دەف بم.

پ: خاتوو شەهیدی چ ساڵێک بوو کە دەستتان بە کاری هونەری کرد و لەم بوارەدا چ شانازیگەلێکتان هەیە؟

و: من لە ساڵی ١٣٨٠ بە شێوەی تایبەت فێربوونی ئامێری دەفم لە لای مامۆستای بەڕێزم «موحسین ئەمینی» دەست پێ کرد. لەو کاتەوە تا ئێستا توانیومە ئەم پلە و مەقامانە وەدەست بێنم:

ژەنیاری لە گروپی «ژنانی خۆر» بە سرپرشتیاری «موزەفەر برینجی» ١٣٨٠

ژەنیاری لە گروپی «پەژواک» بە سەرپەرشتیی «موحسین ئەمینی» ١٣٨٥

ئەندامی گرووپی «ژەنیارانی تەنبوری دایراک خاتوون» بە سەرپەرشتیی خاتوو «فەریبا شاحوسێنی» و لەژێر چاوەدێری مامۆستا «عەلیئەکبەر مورادی» ١٣٨٦

ژەنیاری لە گرووپە جۆراوجۆرەکانی وەک: خەیام، ئاراد و سەرپەرشتی گروپی «تریفەی مانگەشەو»

پلەی دووهەمی تاکژەنی دەف لە فێستیواڵی کرماشان١٣٨٦

پلەی دووهەمی فێستیواڵی مۆسیقای ڕۆژاوای وڵات هاوڕێ لەگەڵ گروپی پەژواک بە سەرپەرشتیی «موحسین ئەمینی» ١٣٨٦

پلەی یەکەمی گرووپژەنی لە یەکەمین فیستیواڵی تەنبووری داڵاهۆ ١٣٨٦

پلەی یەکەمی گرووپژەنی لە دووهەمین فێستیواڵی تەنبووری داڵاهۆ ١٣٨٦

پلەی یەکەمی تاکژەنی دەف لە فێستیواڵی باربۆد ١٣٨٨

پلەی سێهەمی بەشی کلاسیکی فێستیواڵی مۆسیقای مەقامی ناوچەیی ڕۆژاوای وڵات هاوڕێ لەگەڵ گرووپی خەیام بە سەرپەرشتی سامان یەزدانیپوور لە ساڵی ١٣٨٩

پلەی یەکەمی گرووپژەنی لە سێهەمین فێستیواڵی مۆسیقای داڵاهۆ ١٣٨٩

پلەی یەکەمی گرووپژەنی لە فێستیواڵی گەهوارە ١٣٨٩

پلەی یەکەمی گرووپژەنی لە فێستیواڵی مۆسیقای سنە لە ساڵی ١٣٨٩

پلەی یەکەمی گرووپژەنی لە فێستیواڵی مۆسیقای کوردیی داڵاهۆ لە ساڵی ١٣٩٠

باشترین ژەنیاری دەف و ئۆدۆ لە فێستیواڵی سنووردارانی سەرپێڵزەهاو لە ساڵی ١٣٩١

پلەی دووهەمی گرووپژەنی وێڕای گرووپی ئاراد لە فێستیواڵی مۆسیقای کوردی لە ساڵی ١٣٩١

پلەی دووهەمی گرووپژەنی وێڕای گرووپی ئاراد لە فێستیواڵی سەرپێڵزەهاو لە ساڵی ١٣٩١

پلەی یەکەمی فێستیواڵی دەفژەنی مەجازی لە ساڵی ١٣٩٩ و هەروەها ژەنیاری لە کۆنسێرتە جۆراوجۆرەکانی شارە کوردنشینەکان.



پ: خاتوو جەنابت بەبنێکە دەستت کردووە بە دیکلەمەی شێعر، چۆن بوو هاتییە نێو ئەم بوارەوە و کێ هانی دای کە خۆت لەو بوارەشدا تاقی کەیەوە؟

و: لەمێژ نییە کە دەستم کردووە بە دیکلەمەی شێعر. باوکم زۆری حەز لە شێعر و وێژە بوو. بیر و زەینێکی باشی هەبوو، بۆیەش زۆر یەک لە شێعری شاعیرە کوردەکانی لەبەر بوو. ماڵەکەمان هەمیشە شێعری لێ دەخوێندراوە. بیستنی نەوارەکانی هەوارگەی دڵان بە دەنگی مامۆستا «سەید تاهیر سەیدزادەی هاشمی» کاریگەرییەکی زۆری لەسەر چۆنیەتی خوێندنەوەی

شێعر لەسەر من هەبوو. هەر بۆیە حەزی من بە شیعر خوێندنەوە بۆ ساڵەکانی دوورتر دەگەڕێتەوە. دوای کۆچی دوایی باوکم، بیستن و خوێندنەوەی هەندیک لە شێعرەکان یادی باوکمی بۆ زیندوو دەکردمەوە. بۆیە بڕیارم دا ئەو شێعرانەی کە باوکم حەزی لێیان بوو تۆمار بکەم. یەکەم بەرهەمم کە شێعرێکی «میسبائولدیوانی ئەدەب» بوو دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو. هەر بۆیەش زیاترم حەز کەوتە سەر شیعر خوێندنەوە و دیکلەمە.

دوایین بەرهەمم شێعرێکی جوانی «جیهانئاراخانمی پاوەیی» بوو کە یەکەم دیکلەمەی من بوو بە زاراوەی هەورامی. کوڕەپووریکی ویژەوان و ژیرم بە ناوی سەید زاهید هاشمی و کچەپوورێکم بە ناوی خاتوو مریەم محەممەدکەریمی زۆریان یاریدە دام تا بتوانم شێعرەکە درووست بخوێنمەوە. بەڕێز زانیار سۆفی ئەمینی دیزاینێکی زۆر جوان و دڵگری بۆ ئەم کارە کرد کە لەباری دیدارییەوە خۆی دەنواند و پێشوازییەکی زۆر باشتری لێکرا. بابەتێک کە منی بۆ خوێندنەوەی شێعری ئەم ژنەشاعیرە هان دا ئەمە بوو کە خۆشم لە ڕەچەڵەکی جیهانئاراخانمی پاوەییم و ئەمە هەستێکی سەیری پێدەدام.

خوالێخۆشبوو جیهانئارا کچی خوالێخۆشبوو مەلا نەشئەتی پاوەیی و خوشکی ئاغا هیدایەت و پووری شاعیری گەورەی کورد ئاغا عینایەتە.

ئاغا عینایەت خاڵی خوالێخۆشبوو سەید ڕەزا شەهیدی باوکەگەورەی منە. جیهانئاراخانم پێشتر خێزانی کوڕەپووری خۆی خودالێخۆشبوو عەلیئەکبەرخانی شەڕەفەڵمولکی ئەردەڵان لە حاکمان و گەورەپیاوانی ئەردەڵان لە ساڵەکانی ١٢٩٢ی کۆچی مانگی بووە.

شەڕەفەڵمولکی ئەردەڵان بەپێی هەندێک هۆکار لەسەردەمی ناسریدا بانگهێشتی تاران دەکری و وێڕای ڕەحیمخانی عەلائولدەولە دەبنە حاکمی ئازەربایجان.

شەڕەفەڵمولک دەبێتە حاکمی ئەردەبیل و بەهۆی هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێک لە شازادەکانی قاجار، ناچار دەبێ جیهانئاراخانم تەڵاق بدا. دواتر ئەم خاتوونە لەگەڵ حەبیبوڵلاخانی ئیلبەیگی کە لە جافەکانی جوانڕۆ بوو هاوسەرگیری دەکا. ئەم شێعرش باس لەم ڕووداوانە دەکا کە بەشێکی پێشکەشتان دەکەم.

قیبلەم دەماخم، قیبلەم دەماخم
نەمەنەن، نیەن بەرزی دەماخم
دوور جە تۆ پەردەی دەروون داخ داخم
زەنجیر تەقدیر کەردەن یاساخم
کەم کەم کەردەن کەم سۆمای چراخم
پەژموردەن غونچەی گوڕاڵەی باخم
پەڕ کەندەن کەڵاف، خەیاتەی دێزم
نمینەن نەرگس، شەهلای خوونڕێزم
زەردەن گوڵ وەرەق، گۆنای گوڵنارم
کەساسەن توحفەی مایەی بازارم
تاڵەن تام دەم، تاڵاو وەردەکەم
کاڵەن ئاە سەرد، سیای سەردەکەم
لێڵەن ئاینەی جام جەمینم
قەڵاخەن کاڵای باڵای خەمینم
نارەواجەن لاڵ، دورج یەمانیم
بێ قەیرەن گوهەر، نەقل نەهانیم
بێ سەیرەن سەفای قەوس قەشەنگم
تۆز خێڵ خەم، وەشتەن نەڕەنگم
تەمام هەر جە تیر تانەی بەدکاران
مەر حەق بزانۆ چوونم ویاران
عازیزم! یە گشت مەینەتباری تۆن
ئێشونێش غەم وە زامداری تۆن

پ: چالاکی هونەری ناخۆشییەکانی خۆی هەیە، چۆن بەسەریاندا زاڵ بووی؟

و: لە ڕێگای چالاکییە هونەرییەکانمدا زۆرم دەرد و مەینەت کێشاوە. بێ پشتیوانی ماڵی خەریکم کارەکانم ڕادەپەڕینم. بەڵام خۆشەویستی من بە هونەرەکەم و زمان و کەلتوورەکەم وا دەکا لەم ڕێگایە بەردەوام بم.

لەم ناوەدا هاندانی دۆستان و نیزیکانم بۆ بەرەوپێش چوون هانم دەدا. لە کۆمەڵگای ئێمەدا ژنان لە کەمترین پاڵپشتی و بوونی کەمترین پێداویستی بەهرەمەندن. بەڵام لە کچان و ژنانی وڵاتەکەم دەوێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان هەوڵ بدەن. ڕەنگە لەسەرەتادا تووشی تەنگ و چەڵەمە بن بەڵام ئەوان نابێ شلوێ بین. بەرهەمی باش ڕێگای خۆی دەبینێتەوە و ئیتر ئەم بەرهەمە هی خۆیان نییە و ئەوانیش ئیتر تەنیا نین. ئاواتەخوازم لەم ڕێگەیەدا بە باشی چالاکیم کردبێ و بۆ ناساندی کەلتوور و زمانی چرووپری کوردی هەنگاوێکم هەڵێنابێتەوە تەنانەت ئەگەر چکۆلەش بێ. هەروەک لە فارسیدا کەسایەتی گەورەمان هەیە کە شاکارگەلێکیان خوڵقاندووە، لە کوردیشدا کەسایەتی زۆر گەورەمان هەیە کە بێناز ماونەوە. لە هاوزمانەکانی خۆم داوا دەکەم کە بۆ ناساندنی جوانییەکانی زمان و کەلتووری کوردی هەوڵ بدەن هەتا ناوی گەورەکانمان لەنێو بەرەی نوێ و جیلی تازەش نەسڕدرێتەوە و بزانن کە کەلتوور و زمانی کوردی چ خەزنەیەکی گرانبایە.

پ: بۆ ژنانی و کچانی کورد چ پێشنیارێکتان هەیە؟

و: ژنان لەمپەرگەلێکی زۆریان لەسەر ڕێیە. ڕەنگە هەنگاوەکانیان چکۆلەتر و لەسەرەخۆتر هەڵێننەوە، بەڵام بەردەوامن. بۆ پێشکەوتن دەبێ پشتیوانییەکان فرەڕەهەند بێ و ئاسۆیەک بۆ چالاکییەکانت دیاری بکەی. هەرچەند ئاسۆ تاریک و لێڵ بێ هەمیسان دەبێ بە ورەوە بەرەوپێش هەنگاو بنێی. لەم ناوەدا کچان و ژنان کە لە شارە چکۆلەکان دەژین لە دۆخێکی چەتووندان. پێداویستییەکانیان کەمتر بۆ تەیارە و کار و پیشەکەشیان کەمتر لە لایەن کۆمەڵگاوە وەردەگیرێ. زۆریەک لە تەنگ و چەڵەمەکان هی ژنانێکن کە شانسی وەیان نەبووە لە پێتەخت (تاران) بژین. لە شاری ئێمە لەمۆرەکان زۆرن و زۆر یەک لە توانایەکان پێش سەرهەڵدان و دەرکەوتن لەناو دەچن. ئەم کارەش یان بنەماڵە دەیکا یان بەهۆی دەرەکییەوە ڕوو

دەدەن. بانگەشەی بەربڵاو و کارامەی هەندێک لە فێرگە مۆسیقاییەکان ڕێگای بۆ هۆگرانی ئەم بوارە خۆشتر کردووە. بوونی مامۆستایانی دڵسۆز لە زانکۆی فەرهەنگ و هونەری کرماشان بوو بە هۆیەک بۆ پەروەردەی ژەنیارانێکی باش کە خوێندەواری ئاکادێمیکیشیان هەیە. لە دوو دەیەی دواییدا بەشداری بەرچاوی ژنان و کچان ڕێگەی بۆ هاتنەپێشی بەرەی نوێ خۆشتر کردووە. ڕێژەی دایکانێک کە منداڵەکانیان لە فێرگە مۆسیقاییەکان ناونووسی دەکەن زۆر زیاتر بووە کە ئەمە خۆی مزگێنییەکی گەورەیە. کچانی کرماشانی لە چەند ساڵی دواییدا سەرکەوتنگەلێکی زۆریان وەدەست هێناوە و بوون بە کەسایەتییەکی بەناوبانگ لە ئاستی ئێراندا. بەشدارییان لە فێرگە مۆسیقاییەکان و سەرقاڵبوونیان بە فێرکاری زۆر بەرچاوە. لە ئێستادا لە کرماشان فێرگەیەک نابینیەوە کە مامۆستای خاتوونی لێ نەبێ و ئەمە زۆر دڵخۆشکەرە. لە کۆمەڵگایەکدا کە ڕوح و مۆسیقا تێکەڵاون زۆریەک لە دیاردە قێزەونەکان کەمتر ڕوو دەدەن. ژنان لە پەروەردەکردنی بەرەی داهاتوو ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە هەربۆیە هیوادارم ڕێگایان خۆشتر، پاڵپشتی لەوان زیاتر و بۆخۆشیان سەرکەوتووتر لەپێشوو بن. وەک چۆن مەولانا دەفەرموێ:

گر هیچ نشانه نیست اندر وادی
بسیار امیدهاست در نومیدی
ای دل مبر امید که در روضهٔ جان
خرما دهی، ار نیز درخت بیدی

پ: وەک دوایین پرسیار ئەگەر شتێک ماوە بیفەرموون؟

و: لە کۆتاییدا دەبێ لە پاڵپشتییەکانی بنەماڵەکەم و هاوڕێیان و گشتی ئەم کەسانەی کە بە هەرچەشنێک لەم ڕیگەیەدا هاندەر و پشتیوانم بوون سپاس بکەم. هەروەها لە هاوڕێ و هاواڵم، کوری جوانم «کیا» گیان سپاس بکەم کە هەمووکات لە لام بووە هەروەها دایکی خۆشەویستم کە دوایی مەرگی بابم زۆری زەحمەت لەگەڵ من کێشاوە و ڕێز و حورمەتم هەیە بۆ مامۆستایانی بەڕێزم مامۆستا عەلی ئەکبەری مورادی، مامۆستا سیاوەش نووریوور و مامۆستا موزەفەر برنجی کە زیاتر لە مۆسیقا دەرسی ژیانیان لێ فێر بووم. سپاس بۆ ئێوەش کە منتان بەسەر کردەوە تا وتەکانم لەم گۆڤارە جوان و ڕەنگینەدا چاپ بکرێ.

# گرووپی چەنگ

ئەم گرووپە لە کۆمەڵێک خاتوونی هونەرمەندی شاری سەقز پێکهاتووە و دەف لێدەدەن.

مامۆستا و بەرپرسی گرووپی چەنگ خاتوونی هونەرمەند فەریبا بێهزادنیایە.

فەریبا بێهزادنیا لە دایکبووی ساڵی ۱۳۵۱ هـ و ماوەی حەوت ساڵە خەریکی ئەم هونەرەیە. چوار ساڵە فێرگەی داناوە و فێرخوازی هەیە.

ئەم گرووپە بۆ داهاتوویەکی باش و پڕ لەسەرکەوتن دەف دەژنن و ئاواتەخوازن بتوانن خزمەتێکی بەرچاو بە موسیقای کوردی بکەن.

ئێمەش پڕ بە دڵ هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین و چاوەڕوانین کاری بەپێز و مەزنیان لێ ببینین.

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەیان



هەواڵنامەی کتێب

# ب بۆنەیا سەرکەڤتنا تیما فووتسالا ملیتان



رەسوول گەلەبان - ئورمیە



ملیتان؛ ناڤەکە کو ڤان رۆژان بالا هەموو ئالیێن ئوورمیێ کشاندیە سەر خوە. هەر کەس ژ خوە رە ڤەگۆتنەکێ دئافرینە و ییێن دن ژی خوەدێ تێگهشتنێن دنن. لێ یا کو ئەز دخوازم ببێژم نە نێرینەک شەخسی، بەلکی ڤەدیتنەکە نەگۆتی یا کەچێن ملیتانە.

نێزیکی سالەک بەری نها، شێرەکەچەکێ بانگەک ژ ئالییێ دالامپەرا هەر دەم سەربلند بهیست. دەنگەک دبە کو ئەسمانی بە. دەنگەکی کو ژێ رە دبێژە: تو ژنی، تو ئافرینەرا ژیانێ یی، رابە سەر خوە، شەر بکە، ل بەرخوە بدە و ژ بۆ ژن و کەچێن دەردۆرا خوە ژیانەکە نوو ئاڤا بکە و ببە میناکەک ژ بۆ سەرکەفتنێ.

دۆنیا بەندار، ئەڤ شێرە کەچا ملیتان رادبە؛ گوند ب گوند، وار ب وار، کۆلان ب کۆلان، مال ب مال ل ئەڤینداریێن خوە دگەرە. هەتا رۆژەکێ کو وان دبینە. نە یەک، نە دو، نە سێ، بەلکی ١٩ کەس. یەک د متباخێ دا، یەک ل جلشووشتنێ و یا دن ل وار و بێریڤانە. لێ ئەو ملیتان بوون، ژ بۆ شەر هاتبوون ئافراندن. ژ وان را هاتبوو گۆتن کو رۆژەکێ دێ بێت، رۆژەکێ پێخەمبەرەکی وەکی وان دێ بێتە ل دوو وان دا کو ب هەڤ را پێ یێ خوە دانێنە سەر هەموو چارچۆڤەیێن زایەندی و کەڤنەشۆپی و واتەیەکێ بدەنە وەکهەڤیێ.

دۆماهیێ، پشتی سالەک هەولدان، سالەک تێکۆشین، سالەک راهێنان، سالەک زەحمەتی، رۆژا سۆزا داوی هات. رۆژا کو دڤیابوو ئیسپات بکرا کو د جڤاکەکێ دە چقاس کەڤنەشۆپی، چ قاس بێپار و پاشگوه کرن هەبە، د هەمان دەمێ دا ژنەک گەر دل بکە، دکارە ببە لەهەنگ و نەتەوەیەکێ بەختەوەر بکە.

کەچێن ملیتان سەرکەفتنا خوە وەک تیمەکە هەرێمی پیرۆز کرن. کەچێن کو ژ ٦ گوندێن ل سەر سینۆر هاتن جەم هەڤ و مل دان ملێن هەڤ و پلەیا سێیەمین د ئاستا پارێزگەها ئازەربایجانا رۆژاڤا دا ب دەست خستن. ل شنۆییێ هەتا باکووریێ پارێزگەهێ، ب جۆشەکە تایبەت داگرتی بوو و ئەنەرژیا ئەرێنی ب ڤان کەچان هاتە دایین. ئەنەرژیەک کو دکارە وان بەر ب پلەیێن نەتەوەیی و بلندتر ڤە ببە.

ژ بۆ ڤان کەچان نها دنیا نە تەنێ راهێنەرە، بەلکی قبلەیە. قبلەیا کو قەنجی و خەرابی یان ژی راستی و نەباشیا ڤێ ژ بۆ وان کچان فەرق ناکە. تشتا کو ژ بۆ وان گرینگە، چالاکی و گۆتنێن دنیایێ نە.

لێ ئەز پر کێفخوەشم کو یەک ژ ڤان ملیتانان هەڤکارا منا مەدیایێ یە. هەڤکارەک کو هەر تم د قادا مەدیایێ دا تێدکۆشە. ملیتانەک کو دێ د پێشەرۆژەکە نە ئەوقاس دوور دا دێ ببە یەک ژ باشترینێن دەڤەرێ.

شێرە کچێن ملیتان، ئیرۆ ژ هەر دەمی زێدەتر حەوجەیی من و تە نە. پێدڤیەک کو نە تەنێ ئابۆرییە. پێدڤیەک کو دبە ب قاسی گۆتنا هوون دکارنەکێ بە. دەما کو هوون ژ وان را دبێژن هوون دکارن، ئەو رێیا خوە پەیدا دکن و بەر ب پێش ڤە دچن. ژ بەر ڤێ یەکێ گەر ئەم نەکارن ب وان را بن، ئان ژی ب وان را بمینن، ئەم نەبن ئاستەنگ. دڤێ بکارن دا کو هێڤیا کو ژ کەچ و ژنێن دەردۆرا وان را تێ دایین، ل هەرێمێن دن را ببە میناک.

راستە کەچێن ملیتان د پێنگاڤا یەکەم دا کارین پلەیا سێیەم ب دەست بخن، لێ ژ بۆ مە هەر تم قەهرەمانن. دڤێ ئەم کەچێن خوەیێن ملیتان ب تەنێ نەهێلن و ب هەر ئاوایەکی پشتگریا وان بکن.

# کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت




کۆمەڵــگــەی پەروەردەیــی مارگرێت، لە میانــەی چالاکییە پەروەردەیــی و کولتوورییەکانــی خۆیدا لە ڕێــی ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی پەروەردەیی و ڕۆشــنبیری بۆ خزمەتکردنی بــواری پەروەردە و کولتوور لە کوردســتاندا، لــە ماوەی مانگی هەشــتی ئەمســاڵدا ئەم چالاکییانەی بەڕێوە بــردووە کە لێرەدا بەشێکیان دەخەینە ڕوو.

یەکەم: دروســتکردنی پەیکەرێک بۆ شــاعیر و نووسەری کورد مامۆســتا (جەمال شــارباژێڕی)، کە ڕۆژی ٢٠٢١/٨/٢ لە شــارۆچکەی چوارتا پەردە لەســەر پەیکەری مامۆســتا جەمال شــارباژێڕی لا درا و بــە چەنــد چالاکییەکــی ڕۆشــنبیری و خوێندنــەوەی ژیاننامە و وتار و هەروەهــا خوێندنەوەی چەند پارچە شــیعرێک بۆنەکە ڕازێنرایــەوە. ئەمەش وەک ئەمەک و پێزانینێک بوو بۆ ئەو خزمەتە زۆرەی مامۆســتا جەمال بە بواری پــەروەردە و زانســت و ئەدەب لــە کوردســتاندا کردوویەتی. سپۆنســەری ئەم ئەرکە پیــرۆزە و دروســتکردنی پەیکەرەکە لە ئەستۆی کۆمەڵگەی مارگرێت بوو.

دووهــەم: یادێک بۆ شــاعیری مــەزن و نوێخواز مامۆســتا (شــێرکۆ بێکەس) لە هۆڵی ڕامادای شــاری سلێمانی، لە ڕۆژی شــەممە ڕۆژبەری ٢٠٢١/٨/٢١ بە ئامادەبوونی سەدان کەس لە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان و چالاکوانان و بەرپرسانی ئیداری و نوێنەری سەرۆکی هەرێم و داژدارانی شیعری کوردی، ڕێوڕەسمێکی پرشکۆ بۆ یادی مامۆستای گەورە شێرکۆ بێکەس بەڕێوەچوو کە تێیدا وێــستگە گرینگەکانی ژیانی ئەم شــاعیرە مەزنە و بەرهەمەکانی تیشــکیان خرایە ســەر، هەروەها چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی تێیدا پێشکەش کران.

ســێهەم: کۆتاییهێنان بە خولی هاوینەی منالانی پەیمانگەی مارگرێت کە لە ١٠/٧/٢٠٢١ دەستی پێ کردبوو بۆ ١/٩/٢٠٢١ کە تواندرا بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێ بهێنرێت ئەم چالاکییە، چالاکییەکی پەروەردەییە و هەموو ساڵێک لە وەرزی هاویندا بۆ خزمەتکردنی منالانی کوردســتان و پێگەیاندنی نەوەی دواڕۆژ بــە فەرهەنگ و زمانی کوردی و گۆشــکردنیان بــە پەروەردە و زانست ئەنجام دەدرێت.

چوارەم: پرۆژەی سەد هەزار کتێب

ئــەم پرۆژەیــە بریتییە لــە بەخشــینی کتێب بــە قوتابخانە و خوێندنگەکانی ناو شاری سلێمانی و دەوروبەری بۆ شارۆچکە و ناحیە و شــوێنە دوورەدەســتەکان کە بریتییە لە بەخشینی ١٠٠ کتێب لەگەڵ کتێبخانەیەک بۆ هەر قوتابخانە و خوێندنگەیەک، بــۆ ئەوەی مامۆســتا و قوتابییان بتوانن لەســەرچاوەی زانســتی و پەروەردەیی کــە هەموو ژانرەکانی وەک ئەدەب، فەلســەفە، زانست، هزرو بیر، مێژوو و هتد لە خۆ دەگرێت،سوودمەند ببن. لە ماوەی مانگی ڕابردوودا کۆمەڵگەی پەروەردیی مارگرێت توانیویەتی کتێب ببەخشێتە سێ قوتابخانە.

پێنجــەم: بەڕێوەچوونــی ئاهەنگی دەرچووانــی پۆلی ٩ ی بنەڕەتــی بۆ پۆلــی ١٠ی ئامادەیی، بــە بەشــداری پارێزگاری ســلێمانی و بەڕێوەبەری پەروەردەی ســلێمانی و مامۆستایان و کەس و کاری خوێندکاران.

شەشــەم: سازدانی ســیمینارێک بۆ پرۆفیسۆر دوکتۆر ئالان دیلانــی لە ڕۆژی ٥/١٠/٢٠٢١ لە هۆتێــل تایتانیک. دەربارەی بنەماکانی کۆمەڵگەیەکی تەندروســت و دیزاینی بینا و شێوازی ژیان» بە ئامادەبوونی چەندان پرۆفیســۆر و مامۆســتای زانکۆ و شارەزای بواری بیناسازی.



# ئاوڕێک لە زانستی کۆمەڵناسیی ژنان



عەلی هادیزادە (س. شنۆیی) - شنۆ



فەریدە ئەمینەدار

کۆمەڵناسی، زانستی خوێندنەوەی پەیوەندییە مرۆییەکانە، لەو ناساندنەدا سێ ماکی بنەڕەتیی زانست، پەیوەندی و مرۆڤ دەوریان هەیە، (زانست لێرەکانە لە واتای تاقیکارییەکاندا وەبەر چاو گیراوە). لە کۆمەڵناسیدا دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەم جۆرە کە هەنە لێکدانەوەیان بۆ دەکرێ، نە ئەو جۆرە کە دەبێ ببن یان پێمان خۆشە ببن. کۆمەڵناسی بە چۆنیەتی و بۆچیەتی ئەوەی هەیە سەرقاڵە نەک حەزی بەهادار و ڕێسایی.

دوو ماکی تر دە ناساندنی کۆمەڵناسیدا بریتین لە: پەیوەندی و مرۆڤ. لە ڕاستیدا کۆمەڵناسی، زانستی خوێندنەوەی کارلێکە مرۆییەکانە. چەمکی کارلێک، دەرخەری پەیوەندی واتاداری مرۆڤ دەگەڵ مرۆڤە. بەو پێیە یەکەی لێکدانەوە و ڕاڤە دە کۆمەڵناسیدا مرۆڤی تەنیا و جیا لە وانی تر نییە، بەڵکوو ئەو یەکەیە، پەیوەندی مرۆڤ دەگەڵ مرۆڤە دە قەوارەیەکی جیا لە خۆماک دا. ئەو قەوارەیە کۆمەڵگایە کە بە کولتوور، پەیوەندی مرۆڤەکان واتادار دەکات و هەڵسوکەوت و پەیوەندی خۆماکی لە کارلێکی کۆمەڵایەتی جیا دەکاتەوە.

**بەستێنەکانی زانستی کۆمەڵناسی ژنان:**

مژاری ڕەگەز کە ژن یان پیاو دەگرێتە خۆی، جیا لە مژاری نێرمایە کە پێک دێت لە ژنایەتی و پیاوەتی. بەو پێیە وشەی ڕەگەز پەیوەستە بە تایبەتمەندییەکانی بیۆلۆژیکی و مرۆڤەکان بە دوو تاقمی ژن و پیاو دابەش دەکات. ئەو بەشە دە بواری خوێندنەوەی زانستی زیندەوەرناسیدایە. بەڵام وشەی نێرمایە ئاماژە بە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و وەدەست هاتووەکانی هەر دوو ڕەگەز دەکات بۆ وێنە دەڵێن فلانە پیاوە هەڵسوکەوتی ژنانەیە و بەپێچەوانە فلانە ژنە وەک پیاوان دەجووڵێتەوە یاخۆ فلانی نێرەکچە، کارلێکە مرۆییەکان بە دوو تاقمی ژنانە و پیاوانە دابەش دەبن. ئەو مژارە هیچ حەوجەیەکی ژیواری نییە و تەنها لە ژێرکاریگەری ڕەوتی کۆمەڵ وەخۆگریدایە. بەو هۆیە بابەتی زانستی کۆمەڵناسییە.

مەبەست لە کۆمەڵناسیی ژنان، تاوتوێکردنی چەشنێکی تایبەت لە کارلێکە کە دە شێوەی باودا پێی دەگوترێ ژنانە. یانی ئەو تاقمە کارلێکانەی ژنان جیا لەوانەیە کە پیاوەکان ئەنجامی دەدەن. هەروەها ئەو کارلێکە تایبەتانەی کە پیاوەکان بەستراوە بە ژنان ئەنجامی دەدەن، دەخرێنە بواری کۆمەڵناسیی ژنان. هەر چەشنە کارلێکی ژنانە تاکی، ژنانەی تاقمی، ژنانەی بنیاتی و ژنانەی پێکهاتەیی دە بواری کۆمەڵناسیی ژناندان. بەو پێیە هەر جۆرە کارلێک و دانوستانی پێکهاتەیی، بنیاتی، تاک و کۆ کە دەودا ئاراستەی ڕەگەز باڵادەست بێنە ئاراستەی مرۆڤ، بابەتی خوێندنەوەی لقی کۆمەڵناسیی ژنانە.

**کۆمەڵناسیی ژنان چییە ؟**

تاوتوێکردن لە کۆمەڵناسیی ژناندا دەبێ جیا لە بایەخەکان و لاگیری لە شێوەکانی خۆی بێ. گرینگی ئەو مەرجە تا ڕادەیەکە کە هەر بابەتێک ئەو مەرجەی نەبێ بێ ئەولاوئەولا بەدەر لە بواری کۆمەڵناسیی ژنانە. بەو پێیە کۆمەڵناسیی ژنان دەبێ بە بەجێگەیاندنی مەرجی لاگیرینەکردن لە شێوەکانی لێکۆڵینەوە لانیکەم سێ بابەتی گرینگ لێک بداتەوە. بابەتی یەکەم، ڕوونی بکاتەوە چۆن و بۆچی دە کۆمەڵگادا کارلێکە نێرماییەکان بیچم دەگرن کە لە سەر بنەما و ئاستی ژیوار و دەروونی یەکەکان نین، بەڵکوو تەنیا سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەکان و بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان، بە واتایەکی تر نێرماینە، نە ڕەگەزی.

بابەتی دووهەم، کە لە کۆمەڵناسیی ژناندا وەبەرچاو گیراوە ئەوەیە کە ڕەگەز و بە تایبەت ڕەگەزی ژنانە چ کاردانەوەیەکی لە سەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی ورد و نێوانی و گشتییدا هەیە ؟

بابەتی سێهەم، کۆمەڵنایسی ژنان دەبێ ڕوونی بکاتەوە کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی ورد و نێوانی و گشتییدا چ کاردانەوەیەکیان لە سەر ژیانی ژناندا هەیە.

**بابەتەکانی جێی باس دە کۆمەڵناسیی ژنان دا:**

بابەتەکانی جێی باس لە کۆمەڵناسیی ژناندا ئێگجار زۆر و بەربڵاون، بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە پیشەی ژنان، لاساری و لاڕێ چوونی ژنان، ژن و بنەماڵە، ڕاهێنان و پەروەردەی ڕەگەزی، ژنان و ڕامیاری، پێگەی کۆمەڵایەتی ژنان و هێدبکرێ. باس و تاوتوێی هەمووی ئەو بابەتانە کاتی زۆر و پشووی درێژی دەوێ، لە درێژەدا بۆ دیاریکردنی چەمکی لقی کۆمەڵناسیی ژنان بەشێوەی هەڵبژاردە و زۆر بە کورتی ئاماژە بە دوو بواری خوێندنەوەی ئەو زانستە دەکەین.

١ - تاوتوێی دۆخی ژنان لە ڕەوتی چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکانی نەریتی، مۆدێڕن و پۆست مۆدێڕندا

٢ - تاوتوێی دۆخی ژنان لە پلاندانانی گەشەی وڵاتاندا

**ژن لە ڕەوتی گۆڕانی مێژووی کۆمەڵگا:**

یەکەم، ژن لە کۆمەڵگای نەریتیدا: لە درێژەی مێژوودا لە ڕەوتی کارتێکەری دوولایەنەی ژن و پیاودا وا باو بووە کە ژن ڕەگەزی ناسک و نەرم و نۆڵ و پیاو ڕەگەزی پتەو و بەهێزە. ژنەکانیش لە سەر شوێنی ئەو قەوارە ڕەگەزییە کەمتر

لەشی خۆیان بەهێز و ڕەق و پتەو بارهێناوە. بەم هۆیە لەشی پیاوانە بەردەوام بەهێزتر لە لەشی ژنان بووە، کە لە ڕاستیدا پاژێک لەم جیاوازییە سەرچاوەی ژیواری و پاژێکیش سەرچاوەی کۆمەڵایەتی هەیە.

لە کۆمەڵگای نەریتیی پێش پیشەسازیدا، کێڵگەی جووتیاری شوێن و یەکەی بەرهەمهێنانی بنەماڵە بووە. لە ئەوا دۆخێکدا ژنەکانیش دەبوو پێبەپێی پیاوان لە ڕەوتی بەرهەمهێنان ئامادە بن و لە بواری ڕامیاریدا دەوری بەرچاویان هەبێ. بەڵام کاری وەرزێری زیاتر کاری سەخت و تاقەتپڕووکێنی جەستەیی بووە. بۆیە جەستەی پیاوانە زۆر گونجاوتر بۆ ئەو کارە دەناسرا. بەو پێیە دە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا پیاو دەوری یەکەمی بووە. بەڵام ئەوە بە واتای ناچالاکبوونی ژن نەبووە، چونکە ژنیش پێ بە پێی پیاو دە کێڵگەدا ئامادە بووە. بە واتایەکی تر ژن دەوری بووە، بەڵام لە پلەی دووهەمدا. ئەو بابەتە بیووە هۆی بەستراوەیی دوولایەنەی ژن و پیاو بە یەکتری. بە دەربڕینێکی تر، ژن لە چاوگەی ڕامیاری هەرچەندە دەوری دووهەم، بەڵام گرینگ و شوێندانەری بووە.

لە تەواوی ڕاڤەکانی کۆمەڵناسیدا دەوری پێکهاتەی ڕامیاری، گرینگ و حاشاهەڵنەگرە. بە جۆرێک کە ڕەنگدانەوەی ئەو پێکهاتەیە بەردەوام لە پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگادا وەک کولتوور، ڕامیاری.. هتد بەرچاوە. بەو پێیە دە چاکسازیی کۆمەڵگای نەریتیدا پیاو زۆرتر خاوەنی کێڵگە و سەرۆکی بنەماڵە بووە. ئەو بابەتە دەبووە هۆی ئەوەی کە هەر چەند ژن یەکسان دەگەڵ پیاو نەبوو بەڵام تا ڕادەیەک پێگەی بەهێز و چارەنووسسازی بووە.

**ژن دە کۆمەڵگای پیشەسازیدا:**

لە زۆربەی بەشەکانی مێژوودا، ژنان لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ بوونە. بەڵام پاش شۆڕشی پیشەسازی و سەرهەڵدانی قۆناخی نوێی پیشەسازی بارودۆخێکی زۆر تایبەت و کەم تاکورتێک ناڕوون بۆ ژنان هاتە ئاراوە. بە جێگرتنەوەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، جێگای بەرهەمهێنان لە کێڵگە بۆ کارگە و کۆمپانیا گوازرایەوە. یەکەمین و ساکارترین ئاکامی ئەو کارە، جیابوونەوەی کار لە بنەماڵە بوو. دە دۆخێکی وادا پێویست بوو دابەشکردنی کار ڕوو بدا. بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا ئاستەمترە لە کۆمەڵگای وەرزێری. کار بە ئامێرەکانی پیشەسازی هۆی چوونی پیاوان بۆ کارگە و مانەوەی ژنان لە ماڵدا بوو. لە دوای ئەم ڕووداوە، پیاو دەوری یەکەم و کۆتایی لە بەرهەمهێنان دا بووە. ژنەکانیش بە یەکجاری لە ڕەوتی بەرهەمهێنان دوور خرانەوە. دەو بارودۆخەدا پیاو بوو بە خاوەن داهات و سەربەخۆ لە ژن، بە پێچەوانەوە ژن بوو بە پاژێک لە سامانی پیاو. ئەو هەلومەرجەی ئابووری کاریگەرییەکی زۆر و گرینگی لە سەر بنیاتەکانی تری کۆمەڵگا دانا، تەنانەت شێوەی زەماوەندیشی گۆڕی. پێگەی زەماوەند لە سەر ئەوین بنیات نرا، بە شێوەیەک کە پیاو ئاشق دەبێ و ژن قەبووڵی دەکات. هەرکات بەرژەوەندییەکانی پیاو بخوازێ ئەوینەکەی دەکات بە ڕق. لەو دۆخەدا کە ژن لە چوارچێوەیەکی چەمۆڵە و بەرتەسک بە ناوی ماڵ جێگیر دەکرێ لە هەر لایەنێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەکرێ بە بوونەوەرێکی دەرهەست. چونکە لە کەشی ڕاستەقینەی کۆمەڵگا دوور خراوەتەوە، تێگەییشتنی لە کۆمەڵگا دەرهەست و دووراو دوورە. ڕەنگە هۆی ئەوەی کە ژنەکان لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا دەبنە بوونەوەرێکی سۆزدار و بەهەست و کەمتر ڕاستبینییان لێ چاوەڕوان بکرێت،هەر بۆ ئەوە بگەڕێتەوە. ئەم دۆخە کە لە دوای چاکسازیی کۆمەڵایەتی وەدیار کەوتووە، ڕەنگە مەترسیدارترین دۆخ بۆ ژنان بێتە ئاراوە.

شەڕە جیهانییەکانی یەکەم و دووهەم هەلێکی لەباریان بۆ ژنان ڕەخساند. پیاوەکان، کۆمپانیا و کارگە و پیشەسازییان جێ هێشت و چوونە بەرەکانی شەڕ. بەم پێیە ژنەکان دەبووایە جێگایان پڕ بکەنەوە، بەم هۆیە ژنەکان لە دەوروبەری ماڵ و بنەماڵە هاتنە نێو بازاڕی کار. ئەم هەلە هەرچەندە خێرا و سنووردار بووە، بەڵام لە وەخۆهاتنەوەی ژناندا کاریگەر بووە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و هزرییەکان سەریان هەڵدا، بەڵام هێشتاش بەتەواوی، بەستێنەکانی کۆمەڵگا بۆ خۆنیشاندانی ژنان خۆش نەکرابوو. چونکە گیرۆدەی دەست توند و تیژی و چەرمەسەرییەکانی دنیای پیشەسازی بوون، یەکسەرە لە پێناو و هاودەنگ دەگەڵ گەشەی کارلێکەری ڕەگەزی بووە. بۆیە دەوری جیاوازی ژن و پیاو ئاشکرا دەکرا.

**ژن لە کۆمەڵگای واوە پیشەسازی:**

گۆڕان و پەرەسەندنی خێرای تێکنۆلۆژی تایبەتمەندی کۆمەڵگای پیشەسازییە. لە لایەکی ترەوە گۆڕانە تێکنۆلۆژیاییەکان دەوری بەرچاو و گرینگیان لە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا بووە. چونکە گۆڕانی تێکنۆلۆژیکی دەبێتە هۆی گۆڕان دە پێکهاتەی ئابووری و گۆڕان دە پێکهاتە ئابووری دەبێتە هۆی وەرچەرخان دە چاکسازیی کۆمەڵایەتیدا. لە سەردەمی پیشەسازی و نوێبوونەوە، هێزی جەستەیی و بەشە ڕەقئامێرەکەی مرۆڤ گرینگ بووە. بەڵام گۆڕانە تێکنۆلۆژیاییەکەکان هێدی و لە سەرەخۆ ئەو گرینگایەتییەیان کاڵ کردۆتەوە. پیشەسازی تا ئاستێک پەلی هاویشتووە کە بەردەوام بەشی هزر و بیر و زانیارییەکان زیاتر دەبن.

لە قۆناغی دواتردا کە پیشەسازی لە زانیارییە تەکنیکی و زانستی و داهێنانە هزرییەکان نزیک دەبووەوە، بارودۆخ بۆ هاتنە نێو بازاڕی کار و شانەوشان ڕۆییشتنی ژنان دەگەڵ

پیـاوان وەدی دەهـات. هـەر چەنـدە کـە پیشەسـازی گەشـەی دەکـرد، دەوری جەسـتەی پیاوانـە کاڵـتر دەبـووەوە. تـا ئـەو ئاستە کـە بـە هاتنـی کۆمپیوتـەر و زاڵبوونـی ئەلەکترۆنیـک بەسـەر پیشەسـازیدا هیچ پاسـاوێک بـۆ کارلێکـەری ڕەگـەزی نەمـا. دە وێـژەی کۆمەڵناسـیدا بـەو سـەردەمەی کـە زانیارییـەکان دەوری یەکـەم و بنچینەیـی دەگێـڕن، سـەردەمی پۆست مۆدێـڕن یـا واوە پیشەسـازی دەوتـرێ.

ژن دە ڕەوتـی بەرهەمهێنانـی واوە پیشەسـازیدا دەکـرێ سـەربەخۆ بـێ چونکە کۆمەڵگای واوە پیشەسازی بەستێنێکی پێک هێنا کە نایەکسانی مێژوویـی ژن و پیـاو و کارلێکـەری چەقبەسـتووی ڕەگـەزی تێـک دا.

**پێگەی ژنان و پلانەکانی گەشە:**

گەشـە، ڕەوتێکـی چـەن لایەنەیـە کـە پێویسـتی بـە گۆڕانـی بناغەیـی لـە پێکهاتـەی کۆمەلایەتـی، شـێوەی تێگەییشـتنی سـەرجەمی خەڵـک و بنیاتـە نەتەوەییـەکان و هەروەهـا خێرایـی پەرەگرتنـی ئابـووری، نزمتر بوونی نایەکسانی و خاشـەبڕکرنی هـەژاری گشتی هەیـە. (مایکێل تـودارۆ )سـێ پرسـی بنەڕەتـی لـە پەیوەنـدی ژنـان و گەشـەی کۆمەڵـگادا دێتـە ئـاراوە. یەکـەم: ئێسـتا ژنـان لـە ڕووی ئابـووری زۆرتـر لـەوەی کـە دیـارن دەور دەگێـڕن. دووهـەم: زۆربـەی تواناکانی ژنـان بـۆ کارکـردن لـە هەمبـەر کولتـوور و نەریت کـە جار و بـار دەبێتـە یاسـا یـان سزا سـنووردار دەکـرێ و لـە ڕادەی بەرهەمهێنەربوونـی ئـەوان کـەم دەکاتـەوە. سێهـەم: دابینکردنـی سـەرمایە لـە ئاسـت ژنـان دەتوانـێ ئاقارێکـی بـاش بـۆ کارامەیـی ئابـووری و ئامانجەکانـی تـری گەشـەی کۆمەڵـگا بـێ. زۆربـەی ژنـان ئامانـج یـان قازانجـدەرن و کەمـتر وەک جێبەجێـکار و یاریـدەدەری لێهاتـووی گەشـەی کۆمەڵـگا وەبـەر چـاو دێـن.

گەییشـتن بـە ئامانجەکانـی گەشـەی کۆمەڵـگا، پێویسـتی بـە دووربینـی و هەوڵـی شـارەزایانە بـۆ دابینکردنـی بەرژەوەندییەکانـی ژنـان و پیـاوان هەیـە.

فەرهەنگۆک:

ماک : element عنصر

چۆنیەتی: quality کیفیت

بۆچییەتی: argument چرایی

کارلێکە مرۆییەکان: human actions کنشهای انسانی

خۆماک: instinct غریزە

ڕەگەز: gender جنسیت

ژیواری: biological زیستی

کۆمەڵوەخۆگری: sociability جامعەپذیری

داهێنانە هزرییەکان: mental creativity خلاقیتهای ذهنی

سەرچاوە:


١. تـودارۆ، مایکێـل، گەشـەی ئابـووری لـە جیهانـی سـێهەم، وەرگێڕانـی غولامعەلـی فەرجـادی، ١٣٩١،

٢. https://www.facebook.com/FeministSchool




# شلێرە

من شلێرەی شاخی کوردم، بێ وەتەن گیانم نییە
ڕێبەرم شیعری «هەژار» و هەست و فیکرم «خانی»یە

گەرچی ژنبوون و کەلەبچە و دەردی کورد فەوتاندمی
قەت نەڵێن ترساوە گیانە، دڵنیابن وا نییە

وەک شلێرە شین دەبێ سوور سوور لەسەر خوێنی شەهید
ڕووم لە خاکی پاکی کوردە و ڕۆحی من ئاسمانییە

بێژمارە زامەکانم، دەس لەسەر جەرگم بنێن
خوێن دەچۆڕێ بۆ گەلی کورد، کۆیلەییم هەرزانییە

چۆن وەکوو تەیرێکی زستانی بەرەو گەرمێن نەڕۆم
سارد بووە ماڵی دڵم، هیچ تاو و تینی تیا نییە

ڕۆژهەلات سەرمایە، شەختە دای لە گوڵزاری شیعر
من شلێرەم، مانەوەم لەم بەفر و سەرما چا نییە

شلێر ڕەشیدی - سەقز

# ئاشتی و سەقامگیری و مافی ژنان



کەریم ڕەحمانی - بانە

چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێردەست کە کچ دابەستە بێ
بەس نەبێ ئەو کۆیلەتی و ئەو کچ لە ژوور دابەستنە
دەرکی داخستووە لە تۆ بابت کەچی دەرکی نییە
دەرکەداخستن لە تۆ دەرکی هومێد داخستنە
«مامۆستا هێمن»

جیهان پێویستی بە ژنانی کۆڵنەدەرە. ژنانێک کە بێ سەرنجدان بە دەوروبەریان ئارەزوومەند، دڵخۆش و بەبڕستن. ژنانێک کە لە وتنی ڕاستییەکان و بیروڕادەربڕین ناترسن و بەهرەمەند و دڵسۆز و دلۆڤانن. خۆیان لەتەک پیاواندا بەراورد ناکەن. دەگەڵ ژنانی دیکەدا بەشەڕ نایەن، گشت مرۆڤەکان وەک خۆیان چۆنن، دەبینن. بەردەوام بە دووی ژینی باشتر و ئەوینی پتەو و پاوەجێوەن.

دوای تەفروتووناکردنی تاڵەبان، لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە لە ساڵی ۲۰۰۱ز، ڕادەی نێونووسینی کچان لە فێرگەکانی بنەڕەتیدا، لە سیفرەوە بە ۸۰ لەسەد گەیشت. مردنی تفلی تازەبوو تەواو کەم بۆوە.بە شوودانی زۆرەملی نایاسایی کرا.

- هەڵبەت هێندێ فێرگەی پڕتووکاو و بڕێک بنەماڵە هەبوون کە یاسای وڵاتیان پشتگوێ دەخست.

شکی تێدا نییە کە کچان و ژنانی ئەفغان لە بیست ساڵی ڕابردوودا پێنگاڤی مەزنیان هاویشتووە و پێشکەوتنی گەورەیان وەدەست هێناوە، کە ئێستا ئەو دەسکەوتانە لە مەترسی کەوتوون.

بە گوتەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەفغانستان لە ڕێی سیاسەتی دەرەوەی خۆیەوە «بەرەو پێشبردنی بەرانبەری ڕەگەزی» دەستەبەر کردووە.ئەم قسەیە لەگەڵ بەجێهێشتنی چەکوچۆڵی زۆر و زەوەند لە لایەن ئەمریکاییەکانەوە بۆ تاقمی بناژۆخواز و دژەژن (تاڵەبان) نایەتەوە.هیلاری کلینتۆن دەیەیەک لەوەبەر دەیگوت:» سەرسپێراوی ژنان، گەڤ و هەڕەشەیە بۆ هێمنایەتی هەموو خەڵکی جیهان.»کۆمەڵگایەک کە زوڵم لە ئافرەتان دەکات، زۆر شیمانەی ئەوە دەکرێ کە تووشی توندوتیژی و ناسەقامگیریی ببێ.

لەو کۆمەڵگایانەی کە یەکسانی ڕەگەزی نییە، کچان لە زگی دایکیاندا بە ئەنقەست لەبار دەبرێن یان بەهۆی بە هێندنەگرتنیان لە لایەن دایک و بابیانەوە تێدا دەچن.لە ئاکامدا کوڕان لە کچان زۆرتر دەبن و بە میلوێنان کوڕ، بە زگوردی دەمێننەوە.کوڕانی سەڵت و دڵسارد و زویر دەبن و تووشی تاوانی توندوتیژی دەبن. بەرپرسانی تاقمە بناژۆخوازەکانی وەک داعش و بوکوحەرام و... ئەم پرسە باش دەزانن و بە ئەندامەکانیان بەڵێنی ئەوە دەدەن کە دەتوانن لەنێو دەسکەوتەکانی شەڕدا هاوسەر بۆ خۆیان پەیدا بکەن.لە کۆمەڵگاکانی پاشکەوتوودا چەندژنیش هەیە کە ئەوەش پیاوانی ڕەبەن زۆرتر دەکات. بۆ وێنە، چەند هاوسەریی پیاوانی ئەندامەباڵاکانی تاقمە ئیسلامییەکان، بە واتای بەسەڵت مانەوەی ئەندامە پلە خوارینەکانیانە.

گشت شەڕ و کێشەکان هۆکارگەلی پێچەڵاوپێچ و هاڵۆزیان هەیە. ناوچەی کشمیر، یەکێک لە ناهاوسەنگییە ڕەگەزییەکانە لە وڵاتی هیندستان، کە ڕێژەی پیاوان لە ژنان زیاترە.لە ۲۰ وڵاتی پڕئاژاوەی نێو لیستی «سندووقی ئاشتی»دا چەندژنیی و فرەهاوسەری باوە.لە گینە کە لە پێنجی سێپتەمبەری ئەو ساڵدا کوودەتا کرا ٤٢لەسەدی ژنانی مێرددار تەمەن٤٩ - ١٥ ساڵە، سەر بەهەوێ شوویان کردووە.هەر ئەوەش بۆتە هۆی بەسەڵتی مانەوەی کەسانی بەلەنگاز لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە وڵاتانی دراوسێ ترسی ئەوەیان ڕێنیشتووە کە ڕۆژێ قین و ڕقی پیاوانی زگوردی گینە کەلاو بکات و هاشاوڵ بۆ ئەوان بێنن.

وڵاتانی دیمۆکرات و دەوڵەمەندی لێ دەرچێ، لە وڵاتانی دیکەدا ژن و ژنخوازی لەنێو خزماندا و خاسما لە نێو ئامۆزاکاندا باوە کە بە زۆری ژنەکان ناڕازیین و بەهۆی نەریتی تایەفەوە کچان دەبێ بە نابەدڵی پێملی سوننەت بن.شەڕی تایفەیی لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناویندا هەیە و تیرە و بەرەبابەکان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بە شێوەی توندوتیژی بە یەکەوە ڕکابەری دەکەن هەتا پۆست و پیشەکان و دەسکەوتەکان لەنێو خۆیاندا دابەش بکەن.وەها حوکوومەتێکیش گەندەڵ و کارلێنەهاتوو دەبێ. هاووڵاتییان لێیان نەبان دەبن و پشتیوانی لە توندڕۆیەکان دەکەن کە مزگێنی حوکوومەتی دادگەرانە دەدەن.

لەنێوان ساڵەکانی ۱۹۹۲ هەتا۲۰۱۹ز تەنێ ۱۳لەسەد، دانوستانکاران و ٦لەسەد واژۆکارانی پەیمانەکانی ئاشتی ژن بوون.

کۆمەڵگایەک کە لەسەر بنەمای پێوەندییەکانی پیاوسالاری دامەزراوە، ژنان ملکەچ و سەرسپێراو بار دەهێنن. باوکەکان دیاری دەکەن کە کچەکانیان لە تەک کێدا زەماوەند بکات. فرە جاران مارەیی زۆر دادەنێن کە دەبێ ماڵە زاوا بە ماڵە بووکی بدەن. هەر ئەو مارەییە زۆرەش باوکەکان هان دەدا کە کچەکانیان لە تەمەنی منداڵیدا بە مێرد بدەن.مارەیی، کێشەیەکی کەم نییە و لە نیوەی وڵاتانی دنیادا باوە. یەک لەسەر پێنجی ژنان لە دنیادا بەر لە هەژدە ساڵان و یەک لەسەر بیستیش پێش لە پازدەساڵان بە مێرد دەدرێن.(منداڵ هاوسەری) لە ئاکامدا کچەکان واز لە خوێندن دەهێنن و کەم واش هەیە لە هەمبەر توندوتیژی و تووڕەیی مێردەکانیان پشتیوانی لە خۆیان بکەن و کەمیش هەڵدەکەوێ منداڵی ساغ و خوێندەوار و عاملاو پەروەردە بکەن.

لێکۆڵەرانی زانستگاکانی تێگزاس و پریکام یانگ پێڕستێک لە تێڕوانینەکانی خەڵکی جیهانیان دەرهەق بە ژنان ئامادە کردووە کە بڕێک لەوانە بریتین لە:

یاساکانی بنەماڵە لەسەر بناغەی جیاوازیی ڕەگەزی دانراوە.
- مافی خاوەنداریەتی نایەکسان لەنێوان کچان و کوڕان. - زوو بە شوودانی کچان - هەڵبژاردنی زێدی کوڕ بۆ ژیان - چەند هاوسەریی - چاوسوورکردنەوە و توندوتیژی دژ بە ژنان - مارەیی - گوڵەجەرگە و لەسەرتر دانانی کوڕان لە چاو کچان - لێخۆشبوون لە پیاوانی تاوانبار کە تاوانیان دژ بە ژنان ئەنجام داوە و بە هێندنەگرتنی تاوانی پیاوان دەرهەق بە ژنان کە گشت ئەم ڕوانگانە باندۆرن لە ناسەقامگیری بنەماڵە و وڵات.

کاتێک ژنان لە دانوستانەکانی ئاشتیدا بەشدار دەبن ئەو ئاشتییە پتەوتر و پاوەجێتر دەبێ. ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێ کە ژنان بۆ تەبایی و پێکەوژیان ئامادەترن. نەبوونی ژنان لە دانوستانەکاندا، فێڵی پیاوانی چەکداری پێوە دەبێ کە سەرنجی ئەوتۆ بە خەڵکی سیڤیل و ئاسایی نادەن.

بۆ نموونە وڵاتی لیبریا ئەو خاڵانە دەزانێ و کۆتایی بە شەڕی ترسناکی ناوخۆ هێنا، لێ دەسەڵاتدارانی تاڵەبان و... هەرگیز ئەو مەترسییە دەرک ناکەن.

کاتێک دەسەڵاتداران دەڵێن خوازیاری ئازادی ژنانین دەبێ قسە و بەڵێنییەکانیان بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە. کچان وەبەر خوێندن بنێن و فێری ئازادییان بکەن. زۆرێ لە کچان هەر کە ئاهۆی کۆرۆنا هات و ماڵباتەکەیان داهاتیان لە کزی دا، وازیان لە خوێندن هێنا و ڕوویان لە کارکردن کرد یان زەماوەندیان کرد. ئەشێ بەر لە بە مێرددانی کچانی کەم تەمەن و سونەتکردنیان بگیرێ. میراتی کوڕان و کچان بەرانبەر بێ. کوڕان ڕابهێنرێن ژن ئازار نەدەن. بەساڵداچووان و لەکارکەوتووان بەشێوەی مانگانە وبەردەوام

مووچەیان بدرێتێ هەتا ژن و مێردەکان ناچار نەبن لە ماڵەباوان وەمێنن و وەدووی ژینی خۆیان کەون.

زۆربەی ئەو کارانە ئەرکی وڵاتەکەی خۆیانە و وڵاتانی بیانیش کاریگەرییان هەیە. مینا کاتێک وڵاتانی ڕۆژاوا سوور بوون لەسەر خوێندنی کچانی ئەفغانستان، ڕێژەی کچانی خوێندکار چووەتە سەرێ. هەڵمەتی نارازییان دژ بە زوو بەشوودانی کچان بۆتە ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠٠٠ز هەتا ئێستا پەنجا وڵات لانیکەمی تەمەنی شووکردنیان بردۆتە بان. کوڕانیش دەبێ هێمنی و سازان لە مامۆستاکانی خۆجێیی خۆیانەوە فێر بن. ئەم هزر و بیرۆکانە لە لایەن تۆڕی جیهانیی ڕێکخراوەکانی خێرخوازی و توێژینگەوە، وەبرەو کەوتووە. ئالیگرانی ماڵی ئەو بیرۆکەیە وەک «ڕێکخراوی یارمەتییەکانی نێونەتەوەیی ئەمریکا» و «بانکی جیهانی» ڕۆڵی کارایان لە برەودان بە مافی خاوەنداریەتی ژنان هەبووە. هەر چەند ئەم یارمەتی و حەول و تێکۆشانە لە ئەفغانستان، بەمزووانە دەبێتە هیچ و لەنێو دەبرێ.


ژێدەر:
دیوانی مامۆستا هێمن
پیاوەکانی خەونت وەبینە، ماری فرلئو
عیرفان سابتی، ڕێگایەک کە نەتەوە بیدۆڕێنێ ژنانیش دەیدۆڕێنن، کاناڵی «آسو»


ل٨٦

٣- ئازاری جینسی و گێچەڵ سازکردن بۆ ژنان، لە هەر جۆر و فۆرمێکدا چ ڕاگەیاناندن و میدیا بێ چ لە سۆشیال میدیا

٤- بێرێزیکردن بە ژنان بە پۆست و کۆمێنت

٥- گاڵتەکردن بە کەسایەتی ژنان بۆ شکاندنی ژنانی ڕەخنەگر

٦- سەرکوتکردنی ژنانی خاوەن بیر و هزر بە وشەگەلی جنسی و تۆمەتی جنسی و جنێو

٧- کەڵکوەرگرتن لە ژنانی کەم ئەزموون دژ بە ژنان و بزاڤی ژنان

٨- هەوڵ بۆ لە مەیدان بەدەرکردنی ژنان

٩- تۆمەتبارکردن و خەتابارنیشاندانی ژنانێک کە دەنگیان ئازایانە دژ بە نموونەکانی گێچەڵ سازکردنی پیاوان، بە تایبەت پیاوانی ڕۆشنبیر نوێن دەردەبڕن.

١٠- تێنەگەییشتن لە چەمکی ئازادی و بە ئاسایی و نۆرماڵ لەقەڵەمدانی گێچەڵ سازکردن بۆ ژنان وەک واتای ئازادی! هەروەها گاڵتەکردن بە ژنانی ڕەخنەگری ئەو جۆرە هەڵانە وەک ڕێگرانی ئازادی!!

١١- تۆمەت سازکردن بۆ ژنانێک کە تەسلیمی داخوازی پیاوان نابن

١٢- بە کاڵای سێکسی زانینی ژن

١٣- هەوڵ بۆ ڕاوی ژنانی گەنج، کەم ئەزموون یان تەنیا بە مەبەستی چێژی جنسیی کاتی (چ فیزیکی چ ئۆنلاین) و خەڵەتاندن بە ناوی عەشق و ئەڤین و کایە بە هەست و نەستی ژنان کردن، و دواتریش شانازییکردنی ئەو جۆرە پیاوە نزم نەفسانە لە نێو گرووپگەلی دۆستانەی خۆیان و شانازی بەوەی کە چەند ژن و لە چەن نەتەوەیان ساز کردووە!

١٤- هەوڵی زمان لووسانە بۆ دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ چەندین ژن و زەمینە ڕەخساندن بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەو ژنانە بە ئامادەبوونی ئەوی تر و چێژی نەخۆشانەی دەروونی لە بەگژ یەکتردادانی ژنان

١٥- بە سووک ڕوانینی ژنان

١٦- بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بۆ پۆرنۆگرافی

١٧- ئاگادار بن ژنی ئیمڕۆی کورد ژنێکی مەزڵووم و دواکەوتووی نەریتی نییە کە بە هەر ستەمێک ڕازی بێت و دەنگی کپ بکرێت. ژنی ئیمڕۆ، ژنێکی خاوەن باوەڕبەخۆ و زانایە و بۆ ئاڵوگۆڕ بەرەو یەکسانی و بەها مرۆییەکان تێدەکۆشێت. تەواو بوو ئەو دەورانەی کە ژنان هەر ستەمێک قبووڵ بکەن و بەڵێوێژ بن.

بەشی پەروەردەی گۆڤاری بەیان بە سەرپەرشتیی مامۆستایان:

١. م. عەباس ئەحمەد جوامێری
٢. م. ڕزگار خدر مستەفا
٣. م. سەعید ئەحمەد غەفوور
٤. د. ئیسماعیل مستەفازادە




پەروەردە لە پێناو داهاتوویەکی جوانتر



# بیرکاری بەکوردی



## پۆلی شەشەمی بنەڕەتی (ششم دبستان)

عەباس جوامێری ـ سلێمانی

بیـرکاری، بەئینگلیـزی (Mathematics)زانستـی ڕیزکـردن، ڕێکخستنەکان و بیناکردنە. خاوەنـی هەژمێرکردن و لۆژیکە، لـە پێوانـەکان و وەسفی شتەکانەوە پەرەی سـەندووە، هـەر لـە سـەدەکانی زووەوە زانسـتی بیـرکاری پێشـەنگی هەمـوو زانستەکان بـووە و تەواوکـەری زانسـتی فیزیـا بـووە. وشـەی Mathematics بـە یۆنانی بەواتای(زانیـن، خوێندن، فێربوون) دێت یان لـە لێکۆڵینەوەکانی وەک بابەتی چەندێتی(تیۆری ژمـارە)، ئەبستراکت(جەبر)بۆشـایی(ئەندازە)، جیـاکاری و تەواوکاری(شـیکاری)پێک دێـت، بەگشـتی پێناسـەیەکی قبووڵکـراو نییـە، چونکـە بـەرە بـەرە بەپێـی پێویسـتی زانستەکانی دیکـە لـە پەرەسـەندندایە. مـرۆڤ لـە ژیانیـدا بەشێوەیەکی بەربڵاو لە ژیانی ڕۆژانە و لـەکارو فرمانەکانیـدا بـەردەوام پێویسـتییەتی و بـەکاری دەهێنێـت.

بیـرکاری بەشـێوەیەکی گشـتی دەکرێـت بـە دوو بەشـەوە؛ بیـرکاری ئەبسـتراکت(پوختە، پەتـی، ڕووت) و بیـرکاری جێبەجێکاری(تطبیقـی). بیـرکاری ئەبسـتراکت گرینگـی بـە پەرەپێدانـی مەعریفـەی بیرکارییانـە دەدات، بـۆ جێبەجێکارییەکـی دیاریکـراو نییـە، بیـرکاری جێبەجێـکاری گرینگـی بـە پەرەسـەندنی شـێوازەکانی بیـرکاری دەدات بـۆ بەکارهێنانـی لـە زانسـتەکان و بوارەکانـی دیکـەدا. شـایانی باسـە کـە سـنووری نێـوان ئـەو دوو بەشـە زۆرجـار بەتـەواوی ئەوەنـدە ڕوون نییـە زۆربـەی بیرۆکەکانـی بیـرکاری جێبەجێـکاری بـەرەو بیـرکاری ئەبسـتراکی دەبـات. بەمجـۆرە هەریـەک لـەو دوو بەشـە سـەرەکییەش بەشـی تریـان لـێ دەبێتـەوە، لێـرەدا هـەر ئەوەندەمـان بـوار هەبـوو باسـی بکەیـن. مەبەسـتم لـە نووسـینی ئـەم باسکردنەی بیـرکاری و شـێوە فەرهەنگـە ئەوەیـە کـە مامۆسـتا و خوێنـدکاران لـە کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات ڕۆچنە و دەرچەیەکیان بـۆ بکرێتـەوە و هەنـدێ لـەو وشـە و زاراوە بیرکارییانەیـان بەکـوردی بەرچاو و گـوێ بکەوێـت بـۆ ئـەوەی ئەگـەر خـوا کـردی و لـە دواڕۆژێکـی نزیکـدا ئـەم زانسـتە بەپێـزە لـە فێرگـەکاندا بەکـوردی خوێنـرا، سـوود لـەم بابەتـەش وەربگیـرێ، بەهیـوای ئـەو ڕۆژە.

**پۆلی شەشەمی بنەڕەتی(ششم دبستان)**

**بەشـی یەکـەم:** ژمـارە سروشـتییەکان و کردارەکان(اعـدد طبیعـی و عملیـات)
١ – خەمڵاندن(حـدس بـزن) ٢ – بـڕەکان(مقداره هـا)، ڕادەی جەبری(عبـارت جـبری)، بـڕی ژمارەیـی ڕادەیەکـی جەبری(مقـدار عـدد یـک عبارت جـبری) ٣ – هاوکێشـەکان و ئەژمێرکردنـی هزری(معادلـە هـا و محاسـبات ذهنـی) ٤ – بەکارهێنانـی سـیفەتی کردارەکان(کابـرد ویژگـی فراینـدها ــ از ویژگیهـای عملیـات اسـتفاده کنیـد) ٥ – هێزەکان(قـدرت ــ تـوان) ٦ – ڕیزبەنـدی کردارەکان(ترتیـب عملیـات هـا) ٧ – ڕێگاکانـی شـیکارکردنی پرسیارەکان(روشـهای حـل مسـائل) – بخەمڵێنـە و سـاغ بکەوە(حـدس بـزن و بـررسی کنیـد).

**بەشـی دووهەم:** ژمـارە دەییـەکان( اعداد اعشاری)
بـۆ نووسـینی ژمـارەی دەیـی کەڵـک لـە فاریـزە وەردەگیرێـت کـە هێماکـەی (،)ی بـۆ دادەنرێـت (بـرای نوشـتن اعـداد اعشـاری از ممیـز اسـتفاده می‌کنیـم و نمـاد آن (،) اسـت مثـلا ٢٨،٣ .)
زانیارییەکانـت سـاغ بکەوە(اطلاعـات را بـررسی کنیـد)، ١ – ڕیزکردنـی ژمـارە دەییەکان(ترتیـب اعـداد اعشـاری)، ٢ – ژمـارە دەییـەکان و ژمـارە سـەدییەکان(اعداد اعشاری و در صـد اعشـار و در صدهـا)، ٣ – خەمڵاندنـی ژمارە دەییەکان(حـدس‌زدن اعشـار) ٤ – کۆکردنـەوە و لێدەرکردنـی ژمارە دەییەکان(جمـع و تفریـق اعداد اعشـاری) ٥ – لێکدانـی ژمـارە دەییـەکان(ضرب اعـداد اعشـاری) ٦ – دابەشـکردنی ژمارە دەییەکان(تقسـیم اعداد اعشـاری) ٧ – بـڕە دەییـەکان و هاوکێشـەکان(مقدار اعـداد اعشـاری و معـادلات) ٨ – ڕێگاکانـی شـیکارکردنی پرسـیارەکان – ڕوونکردنـەوەی




ماوە(بقیه را روشن کنید ـ مشخصات باقی مانده).

**بەشی سێهەم:** کۆکردنەوەی زانیارییەکان و ڕێکخستنیان(جمع آوری و سازماندهی اطلاعات) ١ - نموونەکان یان سامپڵەکان(مدل ها) ٢ - وێنەی ڕوونکردنەوەیی(نمودار) ٣ - پێوانەکانی ڕووکردنە چەق(إقدامات گرایش مرکزی) ٤ - نواندنی شێوێنەرەکان(بازنمایی تحریف شده نمایش گمراه کننده).

**بەشی چوارەم:** ژمارە سروشتییەکان و کەرتەکان(اعداد طبیعی و کسرها)
١ - توانای دابەشبوون(بخش پذیر) و شیتەڵی خۆبەش(عامل اصلی)، ٢ - گەورەترین کۆلکەی هاوبەش(بزرگ ترین مخرج مشترک) و بچووکترین چەندجارەی هاوبەش(کوچک ترین مضرب مشترک)، ٣ - شێوازی شیکاری پرسیارەکان - لیستێکی ڕێک پێک بهێنە٤ - کەرتەکان(کسرها)٥ - بەراوردکردنی کەرتەکان و ڕیزکردنیان( مقایسه و ترتیب کسرها) ٦ - کەرتەکان، ژمارە دەییەکان و ڕێژە سەدییەکان( کسرها، اعشار و درصدها) ٧ - چەند شێوازێک لە یەک لە دوای یەکەکان.

**بەشی پێنجەم:** کردارەکان لەسەر کەرتەکان و ژمارە کەرتدارەکان (عملیات بر کسرها و اعداد مخلوط) زانیارییەکانت ساغ بکەوە (آنچە را کە می دانید بررسی کنید) ١ - کۆکردنەوە و لێدەرکردنی کەرتەکان (جمع و تفریق کسرها) ٢ - کۆکردنەوە و لێدەرکردنی ژمارە کەرتدارەکان (جمع و تفریق اعداد مخلوط) ٣ - لێکدانی کەرتەکان و ژمارە کەرتدارەکان (ضرب کسرها و اعداد مخلوط) ٤ - دابەشکردنی کەرتەکان و ژمارە کەرتدارەکان (تقسیم کسرها و اعداد مخلوط) ٥ - ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان ( راههای حل مسأله) ـ ( یک طرح را بسازید ـ نمودار رسم کنید)، پێداچوونەوە( حسابرسی ـ بررسیها)، ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوە( آمادگی ازمونها ـ کاغذ تست)

**بەشی شەشەم:** ژمارە تەواوەکان( اعداد صحیح)
١ - ژمارە تەواوەکان( اعداد صحیح) ٢ - ژمارە ڕێژەییەکان(اعدد گویا) ٣ - کۆکردنەوەی ژمارە تەواوەکان (جمع اعداد صحیح) ٤ - لێدەرکردنی ژمارە تەواوەکان( تفریق اعداد صحیح) ٥ - لێکدان و دابەشکردنی ژمارە تەواوەکان( ضرب و تقسیم اعداد صحیح) ٦ - ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان، دەرئەنجامی ژیربێژی(نتجە گیری منطقی).

**بەشی حەوتەم:** بڕەکان و هاوکێشەکان(مقدار و معادلات)
١ - بەهای بڕ (أرزش مقدار ) ٢ - دەق و هاوکێشە(متن و معادلە) ٣ - هاوکێشەکانی کۆکردنەوە( معادلات جمع) ٤ - هاوکێشەکانی لێدەرکردن(معادلات تفریق) ٥ - هاوکێشەکانی لێکدان و دابەشکردن(معادلات ضرب و تقسیم) ٦ - بەکارهێنانی یاساکان(با إستفاده از فرمول ها - کاربرد فرمول ها) ٧ - ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان - بەهەنگاوەکانتدا بگەڕێوە(خطوات را بررسی کنید ـ کار عقب افتادە).

**بەشی هەشتەم:** ئەندازە( هندسە)
١ - پێوەندی نێوان گۆشەکان (رابط بین زاویە ها)٢ - ڕاستەهێڵەکان و گۆشەکان( خطوط و زوایەها) ٣ - سێگۆشەکان (مثلث ها) ٤ - چوارکان( چهار ضلعها) ٥ - بازنە(دایرە) ٦ - پارچەڕاستەهێڵە جووتبووەکان و گۆشە جووتبووەکان(متناظر و بخش ها و زوایا) ٧ - لەتکردنی پارچەڕاستەهێڵ و گۆشەکان( بخش های خط بیسک و زوایا) ٨ - شێوە هاوشێوەکان و شێوە جووتبووەکان(اشکال مشابە و اشکال یکسان) ٩ - ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان - بەدوای شێوازێکدا بگەڕێ(برنامە پیدا کنید).

**بەشی نۆیەم:** ڕێژە و شێوازە ئەندازەییەکان ( درصد و الگوهای هندسی)
١ - ڕێژە و تێکڕا( نسب و میزان)٢ - ڕێژەکان و شێوە هاوشێوەکان( نسب و ارقام مشابە) ٣ - بەکارهێنانی شێوە هاوشێوەکان( با استفادە از ارقام مشابە ـ کاربرد ارقام مشابە) ٤ - پێوەری وێنەکێشان( ترسیم مقیاس) ٥ - داشکان و باج( تخفیف و مالیات) ٦ - شێوازە ئەندازەییەکان( الگوهای هندسی) ٧ - جێگۆڕکێی شێوە ئەندازەییەکان( تغییر شکلهای صفحە) ٨ - ڕیزبەندی(ترتیب)

**بەشی دەیەم:** قەبارە و ڕووبەر(حجم و مساحت)
١ - چێوەی چەندلا( محیط چند ضلعی ها)٢ - چێوەی بازنە(محیط دایرە) ٣ - ڕووبەر( مساحت) ٤ - ڕووبەری بازنە(مساحت دایرە) ٥ - ڕووبەری گشتی بۆ لاکێشە تەریبەکان و هەرەم( سطح منشور مستطیل شکل و هرم)٦ - قەبارە( حجم).

تێبینی: زۆر سوپاس بۆ ڕا و سەرنجەکانتان، دەستخۆشی لەو کەسە دەکەم هەڵەم بۆ ڕاست دەکاتەوە.

# ماڵە بابم

سابڵاغی جاران



پەروانە ئەحمەدێن - مەهاباد

نێوەڕاستی مانگی ڕێبەندانە و سەرما وسایقەیە، تف هەڵاوێی، دەیبەستێ. سۆبە بە قەڵاشکەری داری کووران نێڵ دراوە و وەک پۆلووی سوور بۆتەوە، هەر کەسە لە لایەکی ژووریَ دانیشتووە و خەریکی کاری خۆیەتی. ئەمنیش وەک بەرخۆڵەی ترسی گورگی لە زگدا بێ، لە پەنا کوورەی خوداخودامە خەوم لێ کەوێ و دڵیان نەیە هەڵم بستێنن، دەزانم ئەوشەو نانکەر دێ و خۆ دەبێ هەر منیش بچم دەرەکەی بکەمەوە. جا خەو بە زۆریش نایە. بیر دەکەمەوە و ناجووڵێمەوە.

شەودرەنگانە تەقتەقانەی دەرکێ هاواری لێ هەڵدەستێ! هەموو دەڵێن تۆ بڵێی کێ بێ بەو شەو درەنگانە ڕێی لێ ون بووبێ؟ نەنکم دەڵێ ماڵتان نەشێوێ ئەوە دوو ڕۆژە چاوڕوانی خات حەلیمێم، نان و کولێرەمان نەماوە. ماڵوو خرا نەبێ دەڵێی قەت ئەو دەمانە کەسمان لێ وەژوور نەکەوتووە!

بەڵێ فیتووی خۆم دەناسم و دەزانم دەرگاکردنەوە بێگاری کچەچکۆلەی ماڵێیە و لە ترسان زگم وەژان دەکەوێ. هێندەی دیش خۆم لە پەنای سۆبەکە مەڵۆس دەکەم و وەک ماری مردوو خۆم لە خەو دەکەم. ئاخر سەر لە ئێوارێ لە دەرێ بووم وەختا بوو لەسەرمان دەستم کۆڵ بن و دەزانم زۆر ساردە نامهەوێ بچم دەرکەی بکەمەوە. لەپڕ دایکم دەڵێ: ڕۆڵە مەحسووم خێرت دەگاتێ خات حەلێم سەرما بردی، ڕەق هەڵات، خێرایەک بچۆ دەرکەی بکەوە. مەحسووم دەڵێ: ئاخر خانم ناوێرم بەتەنێ بچم با پەپوو لەگەڵم بێ. نەنکم دەڵێ: پەپوو لە حەوت ساڵان ڕاست بۆتەوە ئەوە خەونی حەوت پاشایان دەبینێ. جا چما لەبەر بزۆزی و عەجوولیان خۆم پێڕادەگیرێ؟ لەپڕ لە فرقەی پێکەنینێ دەدەم و دەزانن خۆم لە خەو داوە. بە قوونەشەڕ و پرتەپرت و بۆڵە بۆڵ و چاوکوشێنەوە وەدوای مەحسوومی کاردار دەکەوم. هەر دوو دەستم لەبن پیلم دەنێم، هەوا گەلێک ساردە و بایەکی توند دێ سەری کەوێ دەپەڕێنێت. ئاسمان ساوی پاکە و هەر دەڵێی گا لسکی لێ داوە. ئەستێرەکان لەسەرمان وەزریوە کەوتوون و مانگ کەسیرەتر لە من و لە وان بە بەرئاسمانەوە سیس هەڵاتووە و خواخوایەتی بەرنەبێتەوە. لکی دارەکانی حەساری سەرمایان لێ دەبارێ؛ زوقم دایپۆشیون.

خات حەلیم لە پشت دەرکەی لەسەرمان عاجز و جارِز بووە، لێمان تووڕە دەبێ. دەڵێ: دەک ماڵتان بە قوڕێ نەگیرێ بۆ دەرگا ناکەنەوە؟ بۆ دەنا کافرم ؟ ڕۆحم فرۆشتوە؟ ئەوە خات مەحسووم دێڵەسەگ بۆ دەرکەم لێ ناکەیەوە؟ وەڵا حەقایەتتان بۆ ناڵێم. بتمێنێ خات پەروانە بەسەری ئەو حاجی شێخ عەبڵا ئەفەندییە بەلای مدبەق و تەندوورێدا بێی و بڵێی نان و کولێرەی چکۆلە ساز دەکەم هەر سەگت پێوە دەنێم. بەو قوڕئانەی بابم لێی خوێندووە ئەوجار لە بەر سەرمایە کەسیرەم کەن، تازە تەپەوبۆ لە هەویرێ ناهێنم، دە بڕۆ، دەی. مستێک بەفر هەڵدەگرم و بە تیغەرەی پشتی مەحسوومێی دادەدەم و هەڵدێم. ڕەپێم دەنێ و هاوار دەکا ماریڵێ چما دەستم نەتگاتێ حەیاتی ڕەشت لێدەبڕم. زمانی لێ دەردێنم بەغاردان دەچمە ژوورێ و لە پشت نەنکم خۆم دەشارمەوە. مەحسووم دێ بۆ لام دەزریکێنم و لەبەر نەنکم دەپاڕێمەوە لە دەست مەحسوومێ ڕزگارم کات. نەنکم دەڵێ: مەحسووم ڕۆڵە تۆ جحێڵی چت بەو کچۆڵە داوە؟ دەڵێ: خانم نازانی وەرهەمی پێ هەڵێناوم. ئەو جاریش بەخاتری تۆ خانم وازی لێدێنم بەڵام لە دەستانی شێت بووم، هەراسانی کردووم.

خات حەلیم خەریکی ڕیتکەگرتنەوەی دەبێ و لەبن زاری نارە ناری دێ. دەچم لە پەنای هەڵدەکرووشمێم بزانم چ گۆرانییەکی دەڵێ؟ دایکم دەڵێ: حەلێم ئەوە چێ؟ دەڵێی مانگی شەرمێتە دا ماڵتە دەنگ هەڵێنە با گوێمان لێ بێ. خات حەلێم لە ڕوومەتی دادات دەڵێ بەخاتری خودای ئاغا گوێی لێ بێ ئابڕووی بە هەزار ساڵم دەچێ! دایکم دەڵێ: ئاغا لە ماڵ نێ. خات حەلیم دەستەژنێکی میانساڵە و کەمێک وەنێوکەوتووە بەڵام خڕ و خۆڵ و خوێنی شیرین و سوور و سپییە، وەک دەڵێن کاتی خۆی لاوکوژێکی جوان و لەبار بووە، خوا هەڵناگرێ ئێستاش چاک بە خۆی ڕادەگا. سەری قامکەکانی فندقچەیە و هەمیشە بۆنی گوڵاوی لێ دێ.

جا بە دوای داوای دایکم خات حەلیم دەنگ هەڵدێنێ و ئەوەی دەیلێ نایلێتەوە(قوربانت بم ئەی بای شەوێ، خەو دێ لە چاوم ناکەوێ؛ دڵ مەجنوونە، لەیلێی دەوێ؛ دووگمەت داخە، دووگمەکەت؛ کەس نەبینێ خاڵی نێوان مەمکەکەت. ......). دەنگێکی مەلەکووتی هەیە، نەرم هێدی و گیرا، هەر دەگەڵ کوتنەکەشی قوولکەیەکی دەکەوێتە سەر لا ڕوومەتان هێندەی دی خوێنشیرین

هەوالنامەی کتێب

دەبێ. هەر خۆشە گوێی بۆ بگری و چاو لەسەر و چاوی بکەی.

لەسەر زگ ڕادەکشێم و دەستەکانم لە بن چەنەگەم دەنێم. چاو لە زاری دەبڕم و گوێ دەدەمە گۆرانییەکانی و چاوەڕێ دەبم حەقایەتی مام گوڕنەتەڵەم بۆ دەست پێ بکات. تاوناتاوێک خەو شلم دەکات و خەونووچکە دەمباتەوە، دەستی ژێر چەنەگەم دەنووشتێتەوە و بەلادا دێم، لەپڕ وەخەبەر دێم. ئاخر دەمهەوێ دانە دانەی وشەکان لەبەر کەم و بەیانی بۆ ئایشەگوڵی ئاواڵم بگێڕمەوە.

نازانم کەنگێ خەو کەلەلای کردووم و کێ بردوویمە سەر جێگاکەم. بەیانەیە و بە دەنگی نەنکم وەخەبەر دێم، ڕۆڵە پەپوولە، پەریلێ؛ مێریلێ؛ دایکەکەم، خوشکەکەم، دە هەستە دادیلێ گیان بچۆ دەست و دم و چاوت بشۆ، وەرە نان و چای بخۆ بە قوربان، چاو ئەو نانە گەرمە گەڵا گەڵایە چەند جوانە. بە نەقەنەق و خۆکێشانەوە و بە نابەدڵی هەڵدەستم. نەنە گیان زۆر ساردە بە ئاوە ساردەکە دەستم دەیبەستێ. نەنکم دەڵێ: ماڵتە بۆ هەمیشە سەرمابردووی؟ هەستە کەسم گیان ئاوی سەر سۆبەکە گەرمە، چۆن دێڵم سەرمات بێ؟

دوایە بە خلیسکێن و هەنگڵەشەلەسەرێکی مدبەقێ دەدەم. خات حەلیم دەڵێ: ئەوە هاتی؟ یاخودا نەبی بە قاتی، لەوەتا ئەمن نەمدیوی چەندان خێریان لێ دیوی؟ خەونی خۆشت دی؟ ئەوە هەستای نازیلێی نازان؛ تەق تەقی کەوشان؛ بۆنی وەنەوشان؛ سەدای چاوڕەشان؛ بۆ کوێ دەچی؟ کچێ پەپوو نەڵێی دەچمە شاری شووکردوو! ئابرووم نەبەی. زارجوویەکم بنێشتی کوردی دەداتێ و ئەنگوتکێکی چکۆلەی هەویری. دەڵێ: بە زات و سفەتی ئەو خودایەی لیکاوی و چڵماوی و وەک داغی ڕەشی لێ بکەی، بۆت بە تەندووریوە نانێم. دوایە نەیکەی گریان و نووکەنووک و هۆلەهۆل، شکایەتیشم لەکن ئاغای لێ نەکەی، تەندوورەکەم لێ پیس دەبێ. جووجیلێ پاک و خاوێن و ئاقڵ بە. دادەی بزانم ئەوە ئەو پشتە دەستەت بۆ قەڵشیوە؟ ئاخر پێم نەکوتی ئەوەندە خلیسکێن و تۆپ تۆپێنێ بە بەفرێ مەکە؟ ئێستا ئەو هەموو بووکەڵە بەفرینە خوار و خێچانە چن لە حەسارێ سازت کردوون؟ ئەوە بۆیە دەستۆڵەکانت قەڵشیون. وەڵا تێرم خوارد، هەر ئەمن نەسیحەتت دەکەم و ئەتۆش مێشی لە گوونی خەرەکان دەبژێری!

دوایە دەڵێ: ئاییییی خۆزگەم بە خۆت پەپووگیان ڕۆژی خۆشت ئێستایە، خودا دەزانێ داهاتووت چ دەبێ؟ کێ دەیکووت ئەمن ڕۆژ تاکوو شەوێ لە قوون تەندوورێ شەڕە ئاورێ دەکەم؟ ئاخێک هەڵدەکێشێ.

مەحسووم لە لایەکی مدبەقێ شیوێ دەکا، شەریف خۆ بە مدبەقێ دادەکات. خات حەلیم چاوی تێدەبڕێ دەڵێ: هەتیوە بێ شەرمە کوا سەر و سڵاوت؟ پێرار سمێڵت گووگرە ببوو. شەریف دەڵێ ماڵتە ڕاوەستە لە بەر دووکەڵێ نەمدیوی.

شەریف لە لای مەحسوومێ لەسەر کۆلکەدارێکی دادەنیشێ، لەنەکاو پڕ دەداتە ئاواڵ کراسەکەی مەحسوومێ کە دایناوە بیشوات. بۆلای کەپۆی دەبات و هەڵی دەمیسێ، دوایە دەڵێ چەتیوە مەحسووم ئەوە بۆ بۆنی خۆشی لێ نایە؟ ئەوە میزت پێداکردوە؟ مەحسووم شێت دەبێ دەست دەداتە دڕکەگوێنێکی و بە دم و چاوی شەریفی دادەدا. شەریف هاواری لێ هەڵدەستی، دەک مەحسووم دەستت خۆش بێ بەڵام چەتیوە سەر و سمێڵم زۆر ئێشا. با بتمێنێ نەمرم تۆڵەت هەر لێدەکەمەوە بەڵام بە دڕک وداڵ نا بە کلکی کەروێشکێ! دڕووگوێنی لەسەر و سەکوت و دەم و چاوی دەردێنێتەوە. چاوێک لە مەحسوومێ دادەگرێ.

لەو دەمەدا نەنکم لە مدبەقێ وەژوور دەکەوێ، دەڵێ ئەوە چێ؟ دیسان سەگ و پشیلە پێک وەربوون؟ حەلێم ئەوە بۆ نەسیحەتێکیان ناکەی؟ وەڵا ئەتۆ ئەو بەزمەت لە جووتەی خێر و شەڕێ پێ خۆشترە. ڕۆڵە عەیبە شەرمێ بکەن، شەریف دەڵێ خانم بۆ خۆت دەزانی ئەمن چەند بەستەزمانم خۆ مێشم لەبەردمی هەڵنافڕێ هەموو خەتای مەحسوومێیە، لاق لەسەر کلکم دادەنێ، قەڵسم دەکات. مەحسووم دەڵێ بۆ خانمێ بگێڕمەوە چت کرد؟ خات حەلیم چاو لە دەرکەی دەکات و لە ڕوومەتی خۆی دەدا و دەڵێ مەحسووم وس بە، وس. ئاوڕ دەدەمەوە بابم لەنێو دەرکەی ڕاوەستاوە و شەریف غاردەداتە پشت کەندووی ئاردی و مەحسووم یەک پێ ڕادەوەستێ. بابم دەڵێ حەلیم ڕۆڵە ماندوو نەبی، ڕووت سپی بێ؛ قالبت ساغ بێ. پەپوو ئەوە نانی دەکەی؟ ئەی لە بابی خۆت کەوێ، ئەوە دەچمە سەرێ نانەکانی خۆتم بۆ بێنە ئەوڕۆ میوانی کچی خۆم دەبم.

بابم دەچێتە سەرێ و شەریف دێتە دەرێ، ڕەنگی بە ڕووە نەماوە. نەقورچێکی لە مەحسوومێ دەدا و بەغاردان وەدەر دەکەوێ. نیزیک قاوەڵتوونێ دایە خورشید، ژنی خالۆزای بابم کە ئاواڵی دایکمە لێمان وەژوور دەکەوێ. وەک هەمیشە کەوشی پانێ مێشووڵەداری بڵیندی لە پێ کردووە، دەرزیلە و تارایەکی کەمە، هەر لە دەرکێڕا هاوار دەکا کچێ سەیدە سواڵکەر (بەدایکم بە شۆخی دەڵێ) بۆ بەرەوپیرم نایەی؟ ئەمن گەورک و تۆ کرمانج، وەرە لە دەوری ئەو حەوزەی دەستێکی بگرین. دایکم بە ئامێزی ئاوەڵە بەرەوپیری دێ، دایە خورشید دەست دەکا بە گۆرانییان و بە لکی دەسماڵی چۆپێ دەکێشێ،دوو بە دوو لە دەوری حەوزەگەورەکەی حەسارێ لەنێو بەفران گەڕێکی خۆش هەڵدەپەڕن. ئەمنیش گاوانی دەگرم، تاو نا تاوێک زرم خۆم لە ئەرزی ڕادەکێشم. دەڵێی خودا خەنی کردووم دایە خورشید هاتووە، ئاخر دایە خورشید شیری داومێ.

دەڵێم دایە خورشید پێنج بەردەی بکەین؟ دەڵێ پەپوو پێنج بەردم بۆ هێناوی وەک چاوی ماسی خڕ. بەردی

پانیشم بۆت هێناوە، جا دووبەدوو بازەڵێنێ دەکەین. خۆم لە باوەشـی داوێم و ڕوومەتم بە ڕوومەتیوە دەنێم و بۆنی هەڵدەمیسم. دەڵێم دایە خورشید چەند خۆشە هاتی.

خات حەلیـم خەریکی کولێـرە سـازکردنییە، دایکم بە ماسـوولەی چەرخـی خەیاتی کولێرەکان دەنەخشـێنێ. هەویـری کولێـرەی خۆم پـان کردۆتەوە بـەڵام نازانم بە چی بینەخشـێنم؟ خۆ ناوێرم ماسوولەی لە دەستی دایکم دەرێنم. بەغاردان دەچمە سـەرێ قەڵەمتراشێکی دەست دەدەمـێ و دێمـەوە مدبەقێ و کولێرەکەم دەنەخشـێنم. خـات حەلیم بۆم بـە تەندووریوە دەنـێ. دەبرژێ و لێی دەکاتـەوە و دەیهاوێتـە سـەر مەجۆعمەی، خێـرا پری دەدەمـێ و هەڵیدەگرم بەڵام ئەوەندە گەرمە دەستم ئاگا دەکات و فرێـی دەدەمـەوە. خات حەلیـم دەڵێ ئەرێ سەیدە ئەو کچەت بە حەوت مانگی بووە؟ خۆ حەجمینی نێ.

مەحسـووم هەر لە هات و چۆدایە؛ بەشە نان و کولێرەی جیرانان دەبات. شـەریف لە حەسارێ پێشی پێ دەگرێ و کولێریەکی لە دەسـتی دەرفێنـێ، چوارلەتی دەکات و لە لاگووپی دەنێ. مەحسـووم مۆرێکی لێدەکا و دەڵێ وشیاربە خۆت نەخنکێنی. شـەریف زمانی لێ دەردێنێ و دەڵێ جا بۆم دەگری؟ مەحسـووم دەڵێ ئەدی بەسەری بابـت! خات حەلیم تـەواو بووە و کووپـە و کوولەکەی شـاقەباغی ڕۆ دێڵێتە تەندووری تـا کوولەکەکان ببرژێن و کووپەکان بزرینگێنەوە. نەنکم دەسـتە دەسـتە نانەکان لەسەر جۆلانەی دادەنێ بۆ وەی مشک تخونیان نەبێ.

خـات بەگـی جیرانمان دەسـتەوارێکی جـل هێناوە لە تەندووریٚ دا دەیانسووڕێنێ! دەڵێم خات بەگی کراسەکەم دەربێنم وەک تۆ لەنێو تەندووریدا بیسووڕێنم؟ پێدەکەنێ دەڵێ پەپوو گیان جلێ تـۆ خاوێنە ئەوە جلی میوانەکانی منن لە تەندوورێیان دەوەشـێنم. دەپرسم دەوەشێنم یانی چـی؟ دەڵێ دەعبایان تێدا، دەعبـا! دەعباکان بە گەرمای تەندووریٚ دەکوژم. لە پڕ هەڵدێمە سەرێ دەڵێم نەنە وەرە خات بەگی دەعبایان دەسووتێنێ. هەموو پێم پێدەکەنن، تەریق دەبمەوە.

دوای خوارنی شـێوی شەوان، خات زیبا و عایشە خان و خات بەگی (جیرانەکان) و نەنکم و دایکم دەچنە مدبەقێ. وەک هەمیشـە بە هەڵبەز دابەز بەدوایانەوەم، لاقیان لە نیو تەندووریٚ دەکێشن بە پاڵەپەستیو جێ بۆ خۆم دەکەمەوە، خات زیبای ئاوکێش دەڵێ پەپوو ئەتۆش باداری؟ دەڵێم خـات زیبا بـا نایە، دیسـان هەموو دەسـت پێدەکەن بە پێکەنینـێ. نازانم ئەو گەورانە بۆ بە قسـەکانم پێدەکەنن؟ شێتن، شێت. ژنەکان دەسـتیان پێ کردووە بە تۆ قرتاندن و نەقڵ و باسـان و ئارقچین چنینێ. خەو دەمباتەوە، یەک دوو جار ڕادەچەنم وەدەزانم لە تەندووریٚ کەوتووم.

بەیانـی کـە وەخەبەر دێـم، ماڵێ وەک ڕۆژانی پێشـوو نـێ. بابـم توورەیـە و لـە ژووریٚ قەدەمان لـێ دەدات. نەنکم و دایکم پەرێشـانن. شـەریف چاوی تەڕە! باسی مەحسـوومێ دەکەن بەڵام لێم حاڵی نێ چ خەبەرە؟ لەپڕ دەڵێـم نەنە گیان مەحسـووم چۆتە حەمامـێ، هەموو بۆ لام دێـن دەورەم دەدەن دەڵێـن چووزانی؟ دەڵێم دوێنێ شـەوێ بووخچەکەی لە پەنا دەرکەکەی حەسـارێ دانا کوتـی پەپـوو بەیانـی زوو دەچمە حەمامێ. شـەریف بەسـەری خۆی دادەدات و دەڵێ چەتیوە ئاخری کاری خۆی کرد، خانم بەجەدی باپیرم ڕەدوا کەوتووە، ڕەدوای ئەو هەتیوە گرووبانەی کووچەی سـێ ئاشـان کەوتووە، بێچارە بووم. نەنکم لەبەر خۆیەوە دەڵێ ڕۆڵە مەحسـووم خـودا خەجاڵەتت کا، ئاخر ڕۆڵە پێـت کووتبان هاتبانە خوازبێنیت خۆ پێم کوتبووی بە نازی ماڵی بابت بە جیاز و دڵی خۆش بەرێت دەکەم. ڕۆڵە بۆ وات کرد؟ بابم کاتی وەدەرکەوتن لە ماڵێ دەڵێ مەحسـووم مرد کەس حەقی نێ باسـی بکات. داوێنی نەنکم دەگـرم دەڵێم نەنە گیان مەحسـووم چۆتە حەمامێ ڕەدوای بکرێ؟ ڕەدوا چۆنە؟ گەورەیە؟ خوشـکم نەقورچێکم لێ دەدات و دەڵێ لاڵ بە ماڵت نەشـێوێ، بۆ ئەوەندە دەپرسی و قسان دەکەی؟ ئەوە بۆ قەت ماندوو نابی؟ شەریف چەپۆکێکی بە سەری خـۆی دادەدات و لە حەسـارێ دەچێتـە دەرێ و ئیدی ناگەڕێتەوە. قەت ناگەڕێتەوە.

خات زیبا بە هەرەمە دێتە ماڵێ و لە ڕوومەتی خۆی دەدا و دەڵێ دێڵەسـەگە ڕۆیی؟ هاجەرەخاتـوون بەمەرقەدی شـێخی زەنبیلی قەدەرێک بوو مەحسـووم یـا نارەناری دەهات یان فرمێسکی هەڵدەوەراند و هۆڵەهۆڵی دەهات. ئەی لـەو دێڵەبەبایـە، ئەوەی لەبـن سـەری‌دابوو، بۆیە خۆشـکێ بەو سەرە سـپییەم دەهاتمە ژووریٚ قەدەرێک بـوو قوونی لەبـەر نەدەبزاوتم، هەر لە فکـر و خەیاڵاندا بوو! ئەی لەو نەمەک بەحەرامەی! جا چۆن ڕەدوا کەوت؟ دەک ڕووی ڕەش بێ. خۆ جارێک نەهاتنە سـەری. ئای دنیا چەند خـراپ بووە. هاجەرخانم بەخودای بۆیە ڕەدوا کەوت بۆ وەی سـەگباب پارچەزێرێکـی بۆ نەکرێ. جا ئەوە دەبینـن پێموانێ بەختەوەر بـێ. نەنکم دەڵێ خات زیبـا تۆخودا وا مەڵێ یاخـودا داو و دامەرزاو بێ و لەبەر بەختی خۆی بحەسـێتەوە بـەڵام خۆزگە بە جیـاز و نیاز دەرۆیشـت. خات زیبا بەپرتەپرت دەچـێ لە تەکێی بابە خەلیفەی ئـاوێ بێنێ. دەڵێم نەنە گیان خـات زیبا بۆنی ناخۆشـە. دەڵێ شـێتە وا مەڵـێ خات زیبا دڵی دێشـێ، خات زیبا لە قەسـابخانەی کارێ دەکا و چەوری کەوڵان لێ دەکاتـەوە و چزیلکان دەبرژێنـێ، ڕۆنەکەی دەگرێ سـابوونی پێ ساز دەکا و دەیفرۆشـێ. دەڵێم نەنە ئەگەر خات زیبا دڵی ئێشـا بیبە کن دوکتووری؛ دەڵێ ئەی لەو بێ عاقڵەی! ئاخر ئەمن ئەو شتانەت چۆن فێر کەم ؟؟؟؟

باوەشێک ڕێز و ئامێز



# ژنێن ناڤداریێن کورد (مەریەم خان)

عەبدولکەریم سورووش (ئاریاس) - ئورمیە

مەریەم خان (مەریەم محەممەد ئەحمەد) د سالا ١٩٠٤، ل گوندێ "دێرگولێ" سەر بە ناوچەیا جزیرا بۆتان ژدایيك بووە.

مەریەم خان ل ناڤا ژیانا خوە دا تووشی گیر و گرفتێن گەلەک نەخوەش بوویە. لێبەلێ کارییە ب شییان و هێزا خوە ل هەمبەری ئەوان گیر و گرفتان بسەرکەڤیت. یەک ل تایبەتمەندیێ مەریەم خان ئەڤە بوویە کو ئەوێ هەرتم لەچک ل سەر سەرێ خوە گرێ دایە. شێڤازا لەچک گرێدانا ئەوێ هونەرمەندا کورد هێ ژی ل ناڤا کۆچەران و ل هنەدەک دەڤەرێن "شەنگالێ" بەردەوامە. پشتی شەرێ جیهانی یێ یەکەم مەریەم خان ل جھ و وارێ خوە کۆچ دکە و بەرەڤ شامێ ڤە دچیت. مدەهەکێ ل باژارێ "دەمێشقێ" دا دمینە و پشتەرە د سالا ١٩٢٤ان دا دچیتە باشوورێ کوردستانێ و ل باژارێ "زاخۆیێ" دا جیوار دبیت. پشتێ دەمەکێ کومپانیا تۆمارگەها "دەنگ" ل باژارێ "بەخدایێ" تێتە دامەزراندن. ئەو تۆمارگەھ ستranان ل سەر قەوان تومار دکر. مەریەم خان ژی ژ بۆنا کو سترانێن خوە ل سەر قەوان تۆمار بکەت دچە باژارێ «بەخدایێ» و د سالا ١٩٣٠ان دا چەند لاوک و سترانێن خوە ژ لایێ کۆمپانیێن "بەیزافۆن، ئۆدیۆن و ئەبولکەلب" ڤە ل سەر قەوان تۆماردکە. یەکەمین قەوان د سالا ١٩٣٠ان دا ب ناڤێ "دۆمامێ" هاتە تۆمارکرن. مەریەم خان یەکەمین ژنا کوردە کو سترانێن خوە ل سەر قەوان یان گرامافۆن تۆمار کرییە. خێنجی سترین ل سەر قەوان، مەریەم خان ل ئیزگەها رادیۆیا بەخدایێ ل تەڤ دەنگبێژێن ناڤەیان وەکی: مهەمەد عارفێ جزراوی، هەسەنێ جزراوی و ئەلماس مهەمەد سترایە. مەریەم خان ژ لایێ کۆمپانیا "هیس ماستەرس ڤۆیس" ١٢ لاوک و بەستە ب ٥ قەوان و ٤ قەوانێ کۆمپانیا "کۆلومبیا" کو سەرجەم دبنە ٩ قەوان تۆمار کرییە.

هنەک بەرهەمێن دەنگبێژ و سترانبێژا ناڤەیان مەریەم خان:

- لۆرکێ لۆرکێ
- گولێ وەی نار
- هەی بەردە بەردە
- لێلێ وەسۆ
- گول شێنی شێنی
- یار هەلیمێ
- مهەمەدۆ رۆنی
- لێلێ ئێمێ
- لێ دایێ
- لۆلۆ سوارۆ
- ئەی دەلال
- زەنبیلفرۆش

دیارە کو مەریام خان یەکەمین ژنا دەنگبێژ یا کوردە کو ب زاراوایێ کورمانجییا باکووری ستران ل سەر قەوان گۆتیە و سترایە. مەریەم خان ١٣ بەستەیێ فۆلکلۆریک، شەش لاوکێ نەتەڤی و ١٥ حەیرانۆکێن ئەڤینداری سترایە. هەروسا ژ سەر گۆتنێن برێز "کاملێ کاکەمین" مەریەم خان یەکەمین بێژەرێ رادیۆیا کوردی یا "بەخدایێ" ژی بوویە.

مەریەم خان د سالا ١٩٤٩ان دا تووشی نەخوەشییەکە پر خراب تێ و پشتی کێشانا گەلەک ئێش و ئازاران د ناڤا خەریبی و ئێشێن مەزن. داویا مەها تەموزێ سالا ١٩٤٩ان دا د باژارێ بەخدایێ چاڤ ل ڤێ دنیایا خاپخاپۆک مچان و کۆچا داوی کر.

مەریەم خان و جڤاتا کوردی

د دەمەکێ دە کو د جڤاکا کوردی دە ب شەرم دهات دیتن کو ژن ببن دەنگبێژ یان موزیکڤان و پرانیا دەنگبێژێن کوردان زلام بوون، مەریەم خان خوە دا بایێ هونەرا کوردی و ژ بەر ڤێ یەکێ گەلەک زەھمەتی کشاندن. مەریەم خان د ناڤ کوردان دە وەکە یەکەمین سترانبێژا ژن تێ ناسکرن.

ل گەل رێز حورمەت ژبۆ برێز ئاریان دەرگەڵەیی ل باژارێ هەولێرێ.



# ژنی کورد و دنیای ئۆنلاین



دهۆک بارزانی - سۆران

ژن بە درێژایی مێژوو لە سیستەمی زاڵی پیاوسالاریدا وەلانراوە، پشتگوێ خراوە، دەنگی نەبیستراوە، سەرکوت کراوە، وەک کۆیلە چەوسێندراوەتەوە و کەسایەتی مرۆڤانەی تێک شکێندراوە. بەداخەوە ژن هەر چەندە توانای هزری و زانستی بوو‌بێت لەو سیستەمەدا بەس وەک سێکس ئۆبجێکت سەیر کراوە. جوانی جەستەی، سەرەکیترین پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی بووە و بایەخی ئەوتۆ بە تواناکانی تری نەدراوە. کاتێکیش بەپێی پێویست بایەخێک بە ژن درابێ، لە سیستەمی پیاوسالاردا زیاتر وەک ئامێر بەکار هێنراوە. ئەم دیاردە ناشیرینە لە گشت کۆمەڵگاکانی جیهاندا بینراوە و دیارە کۆمەڵگای کوردیش لەو دیاردە ناحەزە بێبەش نەبووە.

ئەگەرچی لە سایەی بزاڤی جیهانیی ژنانەوە بارودۆخی ژنان لە برێک لە وڵاتان گۆڕدراوە و بەرەو باشتربوون چووە و دەچێ، بەڵام بەداخەوە بارودۆخی ژنی کورد هێشتا وەک بارودۆخی نەتەوەی کورد نالەبار و ئاڵۆزە. لەوانەیە زۆر کەس نالەباری دۆخی کورد بکەنە پاساوێک بۆ هەڵسوکەوتی نادروست لەگەڵ ژنانی کورد و بڵێن مرۆڤی کۆمەڵگای ئێمە بە ژن و پیاوەوە پەروەردەی سیستەمێکی وێرانن کە دەسەڵات بەسەریدا داسەپاندوون، کەواتە ئەو هەڵسوکەوتە دژ بە ژن بۆ کۆمەڵگایەکی بندەست ئاساییە! بەڵام بە بڕوای ئێمە وا نییە. هیچ توندوتیژی و ئازار و سێکسیزم و ناحەقی و مافخواردنێک ئاسایی نییە. جا چ مافی ژن بێت چ مافی کورد و چ مافی هەر ئینسانێک و نەتەوەیەک لەم جیهانەدا.

هەروەها جێگای سەرنج و دڵخۆشییە کە گشت پیاوانی کورد هەڵسوکەوتی قێزەونیان دژ بە ژن نییە. ئەگەرچی ژمارە و ئاماری ڕاستەقینەی ئەو پیاوانە نازانین بەڵام ژمارەیان هەرچەندە بێ، خۆ ئەوانیش لە هەمان کۆمەڵگا و سیستەمدا پەروەردە بوون! دیسانیش پاساوی ژێر دەستەبوون و تاوانبارکردنی دەسەڵات تەنیا خۆپەڕاندنەوەیەکی وێرانگەری کۆمەڵاتییە لە بەرپرسیارێتی تاک و کۆمەڵ و کولتوورمان بۆ پێشکەوتن و هەنگاونان بەرەو گەشە.

دیارە سیستەمی پیاوسالار هەزاران ساڵە کە بەردەوامە و جیلی ئیمڕۆ لەوەتی چاوی کردۆتەوە لە سیستەمێکدا لە دایک بووە کە تا مێشکی ئێسقانی کۆمەڵگا ڕیشەی ڕواندوە و پەرەی سەندووە. لە هەر لایەکەوە دەستی بۆ دەبەین تا ڕیشەیەکی بقرتێنین هێشتا ئەم دارە ڕیشەی زۆرە و کاری بێوچانی چەندین جیلی دەوێت تا بگۆڕدرێت و دڵنیاشین ڕۆژێک هەر دەگۆڕدرێت.

دنیای ئۆنلاین، کۆمەڵگایەکی تازەیە کە بەهۆی دەسکەوتی تەکنۆلۆژیای زانایانی ڕۆژاواوە بەدی هاتووە و لەسەرانسەری جیهاندا پەرەی سەندووە. کۆمەڵگایەکی تازە بە فۆرمێکی تازە کە دنیای بچووک کردۆتەوە و پێکەوەی گرێ داوە. ئێمەی کورد لەم دنیا تازەشدا هەین و ناتوانین تێیدا نەبین. ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا ڕۆژبەڕۆژ پەرە دەستێنێ و ئاسەوار و کاریگەرێتی خۆی لەسەر کۆمەڵگا نەریتییەکان نیشان دەدا. ئێستا وای لێ هاتووە کە تەنانەت لە شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە خەڵکانێکی زۆر ئەندامی سۆشیال میدیان و لەگەڵ جیهانی ئەودیو سنوورە دەستکردەکان لە پێوەندیدان.

تەنانەت دەورە میوانییەکانیش وەک جاران نەماوە و خەڵک هەریەک بە مۆبایلی خۆی ئاگای لە دنیای دەرەوەی میوانی و شەونشینییە.

باسی ئێمە ئەوەیە کە ئەگەر یەکسانیخوازان هەزاران هەزار ساڵ لەمەوبەر نەبوون یان ژمارەیان ئەوەندە نەبوو تا لە ڕەوتی دروستبوونی کۆمەڵگای ئینسانیدا دەور بگێڕن و ڕێگا بە پیاوسالاری نەدەن و مرۆڤسالاری باو بکەن، لەم دەورەدا بە ژمارەیەکی زۆر هەین و دەتوانین لە بیچمگرتنی کۆمەڵگای ئۆنلایندا بە شێوەی کۆمەڵگایەکی مرۆڤسالار کە بەرانبەری و یەکسانی و ماف و حورمەتە ئینسانییەکان لە بناغە سەرەکییەکانی بێت، دەورمان هەبێ. ئەگەر بهێڵین کۆمەڵگای ئۆنلاینیش تووشی هەمان پەتای پیاوسالاریی نەریتی و دواکەوتوو بێت، ئێمە وەک نەتەوەی کورد، دۆڕاوی چاخی ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیا و دنیای ئۆنلاینیش دەبین. ئایا بێ دەسکەوتبوون و سەرکوت و هەناسەساردی نێو کۆمەڵگای واقیعیمان بەس نییە و لێی بێزار نین؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە لە جیاتی پەرەپێدان بە ڤایرۆسی نەخۆشییە نەریتییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نێو دنیای ئۆنلاین، بە پێچەوانەوە دنیای ئۆنلاین بکەینە کۆمەڵگایەکی بە فەرهەنگ و پێشکەوتوو بە چەشنێک کە بتوانێت ڕۆڵی پۆزەتیڤ و ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگای نەریتیمان بگێڕێت و تەنانەت لەوێشدا ئاڵوگۆڕ بەدی بهێنێت؟ بەڕای ئێمە دەکرێ ئینتێرنیت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە جیاتی فەزایەکی خۆخۆری کوردان و پانتاییەکی دژە ژن، بکرێت بە پانتاییەکی زانستی و فەرهەنگی و یەکگرتن و پێشکەوتن.

ئێمە واژۆکەرانی ئەم نامە بریتی لە ژنان و پیاوانی کورد، بریار دەدەین چیتر قبووڵی ئەم دیاردە ناحەزانە لە دنیای ئۆنلاین دا ناکەین و زۆر بە جیدی و یەکگرتوو بەرەورووی کەسانێک دەبینەوە کە ئاگایانە یان نائاگایانە پەرە دەدەن بە:

١-توندوتیژی دژ بە ژنان بە هەر چەشنێک

٢- سێکسیزم

ل٧٩

# تاریخچه رادیو های کردی در ایران و جهان



سالینا سروش - تهران

رادیـو در عـصر پرشـتاب رسـانه هـا، یـکي از رسـانه هـاب پرسرعـت در انتقـال پیـام اسـت، در مقایسـه بـا دیگـر رسـانه هـاي نوشـتاري و تصـویري، رادیـو مـي توانـد در مـدت کوتـاه اخبـار مختلفـي را در سـطوح مـلي و بـین المللي بـه مخاطبـان انتقـال دهـد، حـال آنکه رسـانه هایي مثـل تلویزیـون و ماهواره بـراي تولید یـك برنامـه نیازمند فراهـم آوردن مقدماتي هسـتند کـه مسـتلزم صرف زمـان بیبشـتري اسـت. رادیـو رسـانه‌ای کور اسـت و صـدا تشـکیل‌دهنده مـاده اصلـی پیام‌هـای رادیویـی اسـت. بنابرایـن، ترکیـب آن بـا دیگـر عنـاصر صوتـی رادیـو (موسیقی، افکـت و سـکوت)، ارتبـاط فکری و معنـوی کاملی برقـرار می‌سـازد. همیـن امـر سـبب مزایایـی بـرای رادیـو در مقابـل رسـانه‌های تصویـری دیگـر شـده اسـت کـه یکـی از آنهـا بیـان کلیات اسـت؛ در صورتی که رسـانه‌های تصویری هماننـد تلویزیـون تنهـا قادرنـد جزئیـات را نشـان دهنـد. عنـاصر انتزاعـی و کلی ماننـد امید، ایمان، تـرس و هیجان، جز بـا تنـزل سـطح آن بـه برخـی از صـور ابتدایـی، قابـل ارایـه تصویـری نیسـتند. بـا گسـترش رسـانه‌های جمعـی، رادیـو بـه عنـوان یکـی از رسـانه‌ها وضعیـت ویـژه‌ای پیـدا کـرده اسـت و بـا توجـه بـه ایـن جایـگاه خـاص و غیـر قابـل جایگزیـن در عرصـه ارتباطـات، نبایـد نگـران از دسـت دادن جایـگاه خـود در سـپهر رسـانه‌ای باشـد. اگـر رادیـو بتوانـد از قابلیت‌هـای خـاص خـود و همچنـین قابلیت‌هـای عـام سـایر رسـانه‌ها بـرای جـذب مخاطبـان اسـتفاده کنـد، خواهـد توانسـت بـه عنـوان یـك رسـانه قدرتمنـد در عرصـه ارتباطـات همچنـان حضـور داشـته باشـد.

ایـن رسـانه شـنیداری در مناطـق کردنشـین بـا سـابقه اي طـولاني تـر از تلویزیـون کولـه بـاري از تجربیـات سـالیان طـولاني و خاطـراتي عمیـق از تاریـخ ایـن مـردم را دارد چـرا کـه در طـول سـالیان بـا لحظـه لحظـه زندگـي مـردم و در لحظـات دشـواري و سـختي و جنـگ و آرامـش و تنـش و... در دوران تاریـخ معـاصر در کنـار آنهـا اسـت. ارزش و اهمیـت رادیوهـای کُـردی و جایـگاه آنهـا در گسـترش زبـان، فرهنـگ و ادب کُـردی، قابـل تامـل اسـت. در ایـن نوشـتار بنـا داریـم بـه تعـدادی از ایـن رادیوهـا اشـاره ایـی داشـته باشـیم.

رادیـو هـای کـردی را مـی تـوان بـه دو دسـته تقسـیم کـرد: رادیوهـای کـردی ایـران و رادیوهـای کـردی در سـایر کشـورهای جهـان.

**الف) رادیوهای کردی در ایران**

۱. رادیو کردی تهران

٤ آذرمـاه ۱۳۲۵ رادیـو کـردی در تهـران تاسـیس شـد و از آن زمـان در میـان کردهـای منطقـه بـه نـام «رادیـو کـوردی تـاران» شـهرت یافـت. رادیـو کـردی تهـران ابتـدا خـود را بـه مخاطبـان داخلـی و کردهـای کشـورهای همجـوار شناسـاند و به‌تدریـج سـاعات پخـش آن افزایـش یافـت. محـل اسـتقرار رادیـو بـه مـدت ١٤ سـال در تهـران بـود و سـپس بـه مرکـز کرمانشـاه منتقـل شـد. دوره پررونـق رادیـو کـردی قبـل از انقـلاب را بایـد پـس از انتقـال کادر آن از تهـران بـه کرمانشـاه در سـال ۱۳٤۱ دانسـت. تقویـت فرسـتنده‌های رادیـو کـردی در کرمانشـاه و قصرشـیرین، سـبب شـد تـا ایـن رادیـو بـرای کردهـای عـراق، ترکیـه و سـوریه بـه رادیویـی نام‌آشـنا تبدیـل شـود. از طـرف دیگـر، پخـش برنامه‌هـای فولکلوریـک کـردی و توجـه ویـژه رادیـو کرماشـان بـه موسـیقی کـردی، سـبب جـذب موسـیقیدان‌های مشـهوری شـد کـه در آن زمـان شـهرت زیـادی در میـان کردهـا داشـتند. البتـه ۲ عامـل وضعیـت سیاسـی و اجتماعـی کردهـای عـراق بـه دلیـل تقابـل آنهـا بـا حکومـت بعـث و تشـدید سیاسـت‌های کردسـتیز در ترکیـه نقـش قابل‌توجهـی در تمرکـز نـگاه کردهـا بـه رادیـو کـردی ایـران (تهـران ـ کرمانشـاه) داشـت. ضمـن این‌کـه نبـود رسـانه کـردی، موقعیـت منحصربـه فـردی را بـرای رادیـو کـردی ایـران فراهـم سـاخت و بـه مـوازات آن افزایـش سـاعات پخـش برنامه‌هـا بـه ۱۲ سـاعت و در پـاره‌ای مواقـع بیشـتر ازآن، باعـث دگرگونـی در کنداکتـور برنامه‌هـا شـد و ایـن رادیـو تقریبـا توانسـته بـود توجـه جامعـه روسـتایی و حتـی شـهری کردنشـین را بـه خـود جلـب کنـد.

پـس از پیـروزی انقـلاب اسـلامی، رویکردهـای برنامه‌سـازی رادیـو کـردی نیـز دچـار تحـول شـد. در ایـن شـرایط رادیـو کـردی تهـران بـه شـکل جدیـدی احیـا شـد و در قالـب برنامه‌هـای برون‌مـرزی فعالیـت خـود را از سرگرفـت، پخـش ۸ سـاعته رادیـو کـردی بـه ۲ گویـش سـورانی و کرمانجـی پاسـخی بـه نیازهـای کردهـای منطقـه بـود کـه اعتمـاد کافـی بـه رادیـو کـردی برون‌مـرزی تهـران داشـتند. ضمـن آن کـه برنامه‌هـای هـر دو بخـش سـورانی و کرمانجـی از تنـوع در زمینه‌هـای سیاسـی، خبـری، مذهبـی، ادبـی، فرهنگـی و فولکلوریـک برخـوردار بـود. نمایشـنامه‌های رادیویـی در ایـن دوره جایـگاه ویـژه‌ای نـزد مخاطبـان رادیـو داشـت.

در حـال حـاضر مدیریـت ایـن رادیـو بـا اقـای سـیامک کاکایـی بـوده و تعـدادی از کارکنـان ایـن رادیـو از گذشـته تـا کنـون عبارتنـد ازآقایـان و خانمهـا: رسـول شـیخ کانلـو، حسـین قربـان پـور، جمشـید معینـی فرد(جمـوی معـروف) سـالینا سـروش، مهتـاب زیـرک، کریـم اکبـرزاده، عمـر ولدبیگـی، سـعادت رحیمـی، پرویـز حبیبـی، دادخـواه، مصطفـی شرفکنـدی، سـید نظـام نظامـی، سـید جـلال نظامـی، امیـر اصـلان شـیخ کانلـو، محمـد کمانگـر، مرحـوم حـاج خسـرو شـیخ کانلـو، دینـو محمـودزاده و...

**مهمترین برنامه های رادیو کردی تهران:**

سـەیرانگەها ئەیینیێ، ل سـەر هێـلا ئێڤـارێ، ئـەم و گوهـدار، گزینگـی بەیانـی، گوڤـاری ئێڤـاران، راویـژ، اخبـارو تحلیلهـای خبـری و سیاسـی.

۲. رادیو کردی کرمانشاه

رادیـو کـردی کرمانشـاه، در سـال ۱۳۳۹ خورشـیدی در سـاختمانی در خیابـان شـاه بختـی (معلـم کنونـی) در شـهر کرمانشـاه کـه امـروزه بـا نـام خانـه خدیـوی در فهرسـت آثـار ملـی ایـران ثبـت شده‌اسـت، آغـاز بـه کار کـرد. پخـش برنامه‌هـای رادیـو کـردی کرمانشـاه بـه ماننـد رادیـوی فارسـی کرمانشـاه از آغـاز از یـک فرسـتندهٔ بی‌سـیم یـک کیلـو واتـی متعلّـق بـه ارتـش صـورت می‌گرفـت. از سـال ۱۳۵۳ بـا افتتـاح

ساختمان جدید رادیو و تلویزیون کرمانشاه در میدان نفت این شهر، مکان رادیو نیز به ساختمان جدید منتقل شد.

